# ئایین و دەوڵەت
# و
# جێبەجێ کردنی شەریعەت

نووسینی: د.محەممەد عابد ئەلجابری
بەکوردیی کردنی: ئیبراهیم میکە عەلی

# <u>ناساندنی کتێب</u>


- ✍ ناوی کتێب ئایین و دەوڵەت و جێبەجێ کردنی شەریعەت
- ✍ نووسینی د.محەممەد عابد ئەلجابریی
- ✍ وەرگێڕانی ئیبراهیم میکە عەلی
- ✍ بابەت پەیوەندیی نێوان ئایین و دەوڵەت و شەریعەتەوە
- ✍ تیراژ ٥٠٠ دانە
- ✍ چاپخانەی حەمدی
- ✍ تایپ و دیزایین وەرگێڕ
- ✍ دیزاینی بەرگ ڕەوشت محەممەد
- ✍ ژ. سپاردن لەبەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان/هەرێمی کوردستان ژمارە سپاردنی (١٠١٧) ی ساڵی ٢٠٢٠ پێدراوە.

# پێڕست


بەرایی...................................................... (٥)
بەشی یەکەم ........................................ (٥٧)
١. ئایین و دەوڵەت... لە مەرجەعییەتی کەلەپووریدا............... (٥٩)
أ. پرسی ڕاپەڕاندنی حوکمەکان.................................. (٥٩)
ب. جێنشینیی. الخِلَافَة... هاوسەنگیی هێزەکان.................. (٦٧)
ج - جێنشینایەتیی (الخِلَافَة) و چەن کەلێنێکی دەستووریی........ (٧٥)
د- ئایدیۆلۆجیای سوڵتانیی و ڕەوشتی ئیسلامیی..................... (٨٥)
٢. ئایین و دەوڵەت... لە مەرجەعییەتی بوژانەوەدا................. (٩٥)
أ. پێویستە کێشەی وڵاتەکان نەگشتێنرێن .......................... (٩٥)
ب. تایفییەت و دابەشبوونی ئایینیی و دیموکراتییەت.............. (١٠٣)
ج. لەباتیی (عەلمانییەت): دیموکراتییەت و ژیریگەرایی .............(١١١)
٣. ئایین و سیاسەت... و جەنگی ناوخۆیی........................ (١١٩)
بەشی دووەم: پرسی جێبەجێ کردنی شەریعەت.......................... (١٢٩)
١. بێداریی... و نوێکردنەوە........................................ (١٣١)
٢- سەلەفییەت .. یان ئەزموونی مێژوویی ئوممەی ئیسلامیی؟........... (١٣٩)
٣. پەڕگیریی... بەڕاست و چەپدا................................. (١٤٧)
٤. پەڕگیریی و توندڕەویی لەنێوان بیروباوەڕ و شەریعەتدا.......... (١٥٣)
٥. لەپێناو ئیجتیهاد و لێکۆڵینەوەیەکی هاوشان لەگەڵ سەردەمدا.. (١٥٩)
٦. پەسەند بوونی حوکمە شەرعییەکان لەڕووی فام و ژیرییەوە....... (١٦٧)
٧. حوکمەکان... گەڕان و هاتن و چوونیان........................ (١٧٧)
٨. هەموو سەردەمێك خواستە گرنگەکانی خۆی هەیە................. (١٨٥)
٩. بە شوبهە و ناڕوونییەکان سنوورەکان لادەن...................... (١٩٣)
١٠. لەبارەی (جێبەجێ کردنی تەواوەتیی شەریعەتەوە).............. (٢٠١)

## بەرایی

گرنگیی و بایەخی بوونی بنەوان و مەرجەعییەتێکی کراوە - المَرجَعيَّة المُنْفَتِحَة.

.١.

لەم ساڵانەی دواییدا قسە زۆرکرا لەبارەی بابەتی: (ئایین و دەوڵەت و جێبەجێ کردنی شەریعەت) ە وە لە ئیسلامدا.
سەرنجی ئەوەشمان داوە زۆربەی ئەو نووسراو و گوتراوانەی کە لە گۆشەنیگای جیاوازەوە، باس لەم بابەتە دەکەن، ئیتر پاڵنەرەکەیان هەر شتێك بێت، هەموویان بەڕاشکاویی، یان بە ئاماژە و هێما، سیمای ڕکابەریی و کێبەرکێ و دەمەدەمێیان پێوە دیارە.
ئاشکراشە کە گوتاری ڕکابەریی، گوتارێکە، پێش هەموو شتێك حەزی پوچەڵ کردنەوەی بۆچوونی ڕکابەرەکەی، ئاراستەی دەکات.
بەواتایەکی تر بڵێین: گوتاری دەمەقاڵە و بەرپەرچدانەوەی یەکترە، هیچ مەعریفە و زانینێکی لێ ناکەوێتەوە و دەستی کەسیش ناگرێت بەرەو ڕاستیی.
لەم بوارەدا هەندێ نووسەریش هەن لە هەوڵدان، ڕکابەرایەتیی ڕاستەوخۆ و ڕووبەڕوو، تێپەڕێنن و هەنگاو هەڵگرن بەرەو چەشنێك لە لێکۆڵینەوە لە (دیدگایەکی تازە)، یان (خوێندنەوەیەکی هاوچەرخ). ئەم بەڕێزانەش زۆربەی کات لەم کارەیاندا لەوەوە هەنگاو هەڵدەگرن و پشت دەبەستن یان بە چەند گریمانەیەك کە بەزۆر دایان دەتاشن، بەبێ ئەوەی نە هیچ دەقێکی ئایینیی، یان نموونەیەك لە ئەزموونی مێژوویی عەرەبیی و ئیسلامیی پشتگیریی بۆچوونەکەیان بکات. یانیش لە لێکدانەوە و تەئویلێکەوە بۆ هەندێ لە دەقەکان هەنگاو هەڵدەگرن، کە گوشار دەخاتە سەر وشە و ڕەواڵ و سیاقەکان و زیاد لە توانای خۆیان زۆریان لێ دەکات.

ئەم چەشـــنە ڕکابەریی و خوێندنەوانەش زۆربەی کات (هەندێکیشـــیان بەمەبەســـتەوە)، ئەو جیاکارییە پشـــتگوێ دەخەن لە نێوان ئەم هەوڵانەدا کە ئاخۆ: کامەیان مەعریفیی و کامەشـیان ئایدیۆلۆجییە، یان کامانەیان ڕاسـتیی مێژوویین و کامانەشیان تەنها خواستی خۆیی و تاکەکەسین، ئیتر جیاوازیی نییە، نووســـەر و لێکۆڵەرەکە لەنووســـراو و گوتراوەکانی خۆیدا ئەمە بڵێت، یان لەو گوتارانەدا کە قســـەیان لەبارەوە دەکات یان کاریان تێدا دەکات یان ئەو گوتارانەی کە لە دەورویشتیدان، وەك گوتاری دەستە و پێڕەکانی سەربە کەســـە قســـەڕۆیشـــتوو و موجتەهیدەکان، بەکۆن و نوێیانەوە. ئەمەش لەدیدی ئێمەوە هەڵەیەکی میتۆدیی مەترسیـــدارە، چوونکە بابەتی: (ئایین و دەوڵـەت) و (جێبەجێ کردنی شـــەریعەت)، لـەو بابـەتانـەن کە دەکـەونە ژێر کاریگەریی سـیاسـەت و لەژێر باری پێداویسـتیی و لۆژیکی سـیاسـەتدان، لـەوەش زیاتر دەکرێت بڵێین: زۆربـەی ئـەو مـەرجـەعانـەی کـە لێکۆڵـەر و توێژەرانی هـاوچـەرخ دەگـەڕێنـەوە بۆلایـان و پشـــتیـان پێ دەبـەســـتن، بەشـێوەیەك لەشـێوەکان ئەوانیش لەژێرکاریگەریی هەلومەرجی سـیاسـیی ســـەردەمەکەی خۆیاندا بوون و لەوێوە ئاراســـتەیان وەرگرتووە، ئەگەر لێکۆڵەری هاوچەرخ خۆی خاوەنی هەواداریی و دونیابینییەکی ســـیاســـیی بێت و بیەوێت بیســـەپێنێت و بیکاتە باو، ئەوا بەدڵنیاییەوە حەقیقەت و ڕاسـتیی، لەنێوان خەیاڵپلاوەکانی سـیاسـەتی ڕابوردوو و دۆڵ و نشـێوەکانی سیاسەتی ئێستادا، گوم دەبێت و تیادەچێت. ئەوەی کە دەمانەوێ لەڕێگەی ئەو چەند تێبینیە خێرایەمانەوە بیخەینە ڕوو، بریتییە لە: پێداگریی کردنمان لەســـەر پێویســـتیی بونیاد نانی مەرجەعیەتێکی ئەوتۆ کە پێشـــکەوتوو تر و زیـاتر متمـانـەپێکراوتر بێـت لـە مـەرجـەعیـەتـە مـەزهەبیـەکانی ڕابوردوو، بەدیاریکراویی مەبەســـتم ئەو مەرجەعیەتانەیە  کە لە بنەڕەتەوە وەك باری سـەرنجی کەسێك بوون و بەمەبەستی پشتیوانیی هەڵوێستێکی سیاسیی دیاریکراو هاتوونەتە گۆڕێ.

ئەو مەرجەعەش کە لە ئەزموون و مێژووی عەرەبیی و ئیسلامیدا، بنەڕەتیی و پێشتر و بەرتر لە هەموانە، بریتییە لە کردار و ڕەفتاری هاوەڵان لە سەردەمی جێنشینانی ڕاشدیندا، ئەویش لەبەر ئەوەی کە لە دەقەکانی پەڕاو و سوننەتەوە تەشریع و یاسازیی نەدەکرد بۆ کاروباری حوکم و سیاسەت، هەروەها دەقەکانیش بەهەمان ئەو وردەکاریی و ڕوونییەوە کە باسی پرسەکانی تری وەك پرسی میرات و هاوسەرگیرییان کردووە، قسەیان نەدەکرد لە پەیوەندیی نێوان دین و دەوڵەتدا، چوونکە بەدڵنیاییەوە بنەوانی بنەڕەتیی (ئەگەر نەڵێین تاکە بنەوان و مەرجەع)، لە بواری پەیوەندیی نێوان ئایین و دەوڵەت و جێبەجێ کردنی شەریعەتدا، بریتییە لە کردەوە و ڕەفتاری هاوەڵان.

چوونکە هەر ئەوان بوون سیاسەتیان دەکرد و قەڵای دەوڵەتیشیان درووست کرد و شەریعەتیشیان لەسەر بنەمای تێگەیشتنێکی ڕەسەن بۆ ڕۆحی ئیسلام جێبەجێ کرد، تێگەیشتنێك پێش لە هەموو ئەو تێگەیشتنانەی ترەوە بوو کە لە چوارچێوەی ناکۆکیی و کێشمەکێشە ئاشکراکانی سەردەمی عەلی و موعاویەوە هاتنە کایەوە.

لەوانەیە بگوترێت: سەردەمی جێنشینانی ڕاشدینیش ناکۆکیی سیاسیی و جیاوازیی دید و بۆچوونی بەخۆیەوە دیوە، ئەمە ڕاستە، ناکۆکییەکانیان و جیاوازیەکانیشیان لە دید و بۆچوونکەکانیاندا و لە شێوازی چارەسەریاندا بۆ ئەو ناکۆکیی و جیاوازیانەیان و تێپەڕاندنی ئەو ناکۆکیانەیان، ڕەگەزێکی بنەڕەتیی ئەو شتەیە کە پێی دەڵێین: کرداری هاوەڵان (عَمَلُ الصَّحَابَة)، چوونکە هیچ کردەوەیەك نییە بە بێ ناکۆکیی و ڕاجیاوازیی.

پشت بەستن بە کرداری هاوەڵانیش لەسەردەمی جێنشینانی ڕاشدیندا وەك بنەوانێکی بنەڕەتیی - ئەگەر پێویستیش بکات وەك تاکە مەرجەع - مانای ئەوە نییە حوکم و بڕیاری هەڵەبوون و لەڕێلادانی هەموو ئەو مەرجەع و بنەوانانەی تر بدەین کەلەسەر دەستی ئەو پێشەوا تێکۆشەرانە دامەزراون کە هەریەکەیان لە ئاستێکی بەرزی مەعریفیی و پاکیی و بابەتیی بووندا

بوون. نەخێر، هەموو ئەوەی لەم پرسەدا هەیە ئەوەیە: پێویستە بەو چاوەوە بڕوانینە ئەو پێشەوا تێکۆشەرانە کە: ئەوان کەسانێکی لێهاتوو و لێوەشاوەبوون و توانیویانە چەند مەرجەعییەتێك دابمەزرێنن بۆ سەردەمەکانی خۆیان و تێبکۆشن بۆ ئەوەی بتوانن، لەلایەکەوە وەڵامی خواست و پێشهاتەکانی سەردەمەکەی خۆیان بدەنەوە و، لەلایەکی تریشەوە بواری ئیجتهاد و بەدواداچوون ڕێك بخەن و چەند بنەمایەکی بۆ دابنێن.

بەو پێیەش کە ئەم سەردەمەی ئێمە جیاوازییەکی گەورە و تەواوی هەیە لە سەردەم و سەدەکانی ڕابوردوو و چەندین پرس و پێشهاتی ئەوتۆمان بۆ هاتووەتە پێش کە بە ڕاگوزەریش نەهاتووە بەخەیاڵی ئەو موجتەهیدە بەڕێزانەدا کە بنەڕەت و بنەماکانی ئیجتهاد و بەرهەمهێنانی زانین و مەعریفەی فیقهییان دارشتووە، بۆیە پێویستی سەردەمەکە وا دەخوازێت ئێمەش جارێکی تر بگەڕێینەوە بۆ بناغە بنەڕەتییەکە، وەك چۆن خۆی پێش سەرهەڵدانی پێڕە جۆراوجۆرەکان و مەزەب و بۆچوونە جیاوازەکان، کراوە بوو و دانەڕێژرابوو لە چوارچێوەی یاساکاندا (پێش سەرهەڵدانی ناکۆکیی و ڕاجیاییەکان)، واتە: وەك سەردەمی جێنشینانی ڕاشدین چۆن بوو، ئاوا.

چوونکە ئەو بنەما و بنەڕەتانەی کە موجتەهدە تێکۆشەرەکان بۆ ڕێکخستنی لێکۆڵینەوە و ئیجتیهاد لەسەردەمەکەی خۆیاندا دایان ڕشتن، ئامرازگەلێکی بەسوود بوون، بەڵکو پێویستیش بوون بۆ، **یەکەم**: بەرهەم هێنانی زانین و مەعریفەی فیقهیی (چ تێگەیشتنی ئایینیی بێت یان سیاسیی)، **دووەمیش**: بۆ ئەوەی ئەو زانین و مەعرفەیە پەرژینکراو بێت بەچەند ڕێکخەرێك تا لە پاشاگەردانیی و هەوا و هەوەس بیپارێزن.

بەڵام ئایا پێویستە ئێمەش دەسبگرین بەهەمان ئەو بنەمایانەوە، بەوپێیەی گوایا پێویست و بەسوودن بۆ هەموو سەردەمێك؟ بەدڵنیاییەوە بنەما و بنەڕەتە ڕێکخەرەکانی زانین و مەعریفەش وەك هەموو بنەماکانی تر بەگشتیی، تەنها ئامرازگەلێکن و هیچی تر.

ئەم ئامرازانەش گەر بێت و لەگەڵ گەشـــەی زانین و زانیاریدا ئەمانیش گەشـــەیان پێنەدرێت و نەگەیەنرێنە ئاســـتی ئەو گەشـــەســـەندنەی کە بوارەکەی خۆیان پێی گەشتووە، ئەوا لەبری ئەوەی هۆکاربن بۆ پێشکەوتن، دەبنە کۆســـپ و تەگەرە و هۆکار بۆ چەقین و چەقبەســـتنی زانین و، لەو بوارەدا و لەئاســـتێکی دیاریکراودا ڕای دەگرن و گیانی چاولێکەریی و تەقلید و خۆڕادەس کردن دەچەســـپێنن و گیانی داهێنان و ئیجتهاد و بەدواداچوونیش دەکوژن.

با وەك نموونە دوو دانە لەو بنەمایانە وەرگرین کە لەم ســەردەمەدا لەســـەر زمانی خەڵکەوە زۆر گوێمان لێیان دەبێت: ئەو بنەمایەی کە دەڵێت: پەند لە کۆی گوتەکەدایە نەك تایبەتمەندیی هۆکارەکە - العِبْرَةُ بِعُمُومِ اَللَفْظِ لَا بِخْصُوصِ السَّبَبِ -، هەروەها ئەو بنەمایەش کە دانی بەوەدا ناوە: حوکمەکان لەگەڵ عیللەت و هۆکارەکانیاندا دەگەڕێن و دەگۆڕێن، نەك لەگەڵ دانایی و حکمەتەکانیان (ألأحكامُ تَدُورُ مَعَ عِلَلِهَا وَلَيسَ مَعَ حِكَمِها).

ئەمە دوو بنەمای میتۆدیی و دەسکردی فەقیهو موجتـــەهیدەکانن و ئەوان دایانڕشـــتوون، ئێمەش ســـەراپا ڕەخنەیان لێ ناگرین، بەڵام دەمانەوێت وەك خۆیان بیان ناسێنین و بەو چاوەوە سەیر و مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین، واتە: بەشێکن لەو ڕەویە و میتۆدەی کە موجتەهیدەکە دایناوە بۆ خۆی و بەشێك نین لە دین. ئاشـــکرایە کە ڕەویە و میتۆدی کارکردنیش، نەخشـــە ڕێگا و ڕێکارێکە، هەر توێژەر و لێکۆڵەرێك بۆ خۆی دایدەڕێژێت و کاری لەســـەر دەکات. چەندین لێکۆڵەر و موجتەهدی واش هەن بۆ بەرهەمهێنانی زانینی فیقهیی، میتۆد و ڕێکارێکی وایان بۆ خۆیان دارشتووە کە دان نانێت بەم دوو بنەمایەدا. هاوەڵانیش پابەندی ئەم چەشـــنە بنەمایانە نەبوون، نەك هەرئەوە، بەڵکو لەبنەڕەتەوە ئەم چەشـــنە بنەما و چەمك و دەســـتەواژانە لەسەردەمی ئەواندا هەر نەناسراو بوون و نەبوون. بۆ نموونە: تێگەیشتن و چەمکی: تایبەت و گشـــتیی و جیاوازیی نێوان هۆکار و حکمەت و... تاد. ئەمانە تێگەیشتن و چەمك و دەستەواژەگەلێکی لۆژیکیی بوون، کە کەلتوور

و ڕۆشـــنبیریی ئیســـلامیی، هەر ناویشـــی نەدەزانین، تا بەهۆ و لەڕێگەی سەردەمی نووسینەوەوە، کە دەکاتە سەردەمی یەکەمی عەباسیەکان، پێیان ئاشنا بوو. ڕاستە لێکۆڵەر و توێژەر دەتوانێت بەدواداچوون بکات و سەرنج بدات لە (کرداری هاوەڵان) و لە ڕەفتار و کردەوەکانیاندا ئەوە بدۆزێتەوە کە ئاماژەبێت بەم دوو بنەمایە و ڕێك بێتەوە لەتەکیاندا، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە هاوەڵان پابەندی هیچکام لەم بنەمایانە نەبوون، بەڵکو ئەو بنەمایەی کە ئەوان هەمیشـــە دەیان پاراســـت و مەبەســـتیان بوو ڕەچاوی بکەن، بریتیی بوو لە بەرژەوەندیی (المَصْلَحَة)، نەك هیچی تر. بۆیە دەبینین هەمیشـــە ئەوەیان کردووە کە بەرژەوەندیی خواســـتوویەتی، ئەگەر هەلومەرجە تایبەتییەکە خواستبێی، چاوپۆشـیشـیان کردووە لە دەقەکان تەنانەت ئەگەر ڕاشـــکاو و یەکلاکەرەوەش بووبن، وەك دواتر ڕوونی دەکەینەوە. ئەم سەردەمەی ئەمڕۆشمان چەنـد خواست و پێداویستییەکی هەیە، جیاواز لەو خواســـتانەی کە لە ســـەردەمی فەقیهو موجتەهدە دێرینەکاندا هەبوون و ناچاری کردوون تا بیر لەو بنەما و بنەڕەتانە و میتۆدی کارکردنانە بکەنەوە کە دایان ڕشـتوون. خواســـت و ســـەرقاڵیی و گرفتەکانی ئەم ســـەردەمەشـــمان دەخوازێت ئەو کۆت و بەندانە تێپەڕێنین کە لە ڕابوردوودا زانینی ئـایینیـان پێ کۆتوبەنـد کرابوو، مـەبـەســـتم ئـەوەیـە بەنەرموونیانییەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکرێت و لەو گۆشـەنیگایەشـەوە ســـەیریان بکـەین کە هـەولکی ڕێژەیی و مێژوویی بوون. ئێمە لێرەوە کە بانگەواز بۆ ئەوەدەکەین، بۆچوون و ئیجتیهادە پێشـــووەکان بخەینە نێوان دوو کەوانەوە و ڕاســـتەوخۆ بگەڕێینەوە بۆلای (کرداری هاوەڵان)، چوونکە ئەو بابەتەی کە ئێمە لەبیری چارەسەریداین لەلایەکەوە بابەتێکی ئایینییە و بابەتی ئایینیش سروشتی وایە دەبێ بگەڕێیتەوە ســـەر بنەڕەت و بناغە ســـەرەکییەکەی، لەلایەکی تریشـــەوە (کرداری هاوەڵان)، لەو ڕووەوە کە ئێمە قسـەی لەبارەوە دەکەین ســروشــتی وایە کە بوارێکی ڕێژەیی و تیۆریی و مێژووییە، ئەمەش وادەکات کردەوە و کردارەکەیان کراوە و ئیلهام بەخش بێت و دەرگای لێکۆڵینەوە و نوێگەرییش تیایدا هەمیشە کراوە بێت، وەك لەمەو دوا لە نموونەکاندا ئەم تایبەتمەندییە زیاتر ڕوون دەبێتەوە.

## .٢.

باسمان لە گرنگیی وبایەخی سەرلەنوێ دارشتن و بونیاد نانەوەی بنەوان و مەرجەعێکی فیقهیی بە پشت بەستن بە کرداری هاوەڵان کرد، پێش لە هەڵگرتنی هەر هەنگاوێك لەم ئاراستەیەدا، پێویستە ئەوە ڕوون بکەینەوە مەبەستمان لە (کرداری هاوەڵان)، کۆی کردار و پیادەکردنە سیاسیی و یاساسازیی و تەشریعییەکانیانە، چ بە کردار بێت یان بە گفتار.
ئاشکرایە کە ئەم پرسەش پەیوەستە بە ئەزموونێکی مێژووییەوە، کە ئەمیش وەك هاوشێوەکانی تری، بە پێدراوە سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابوریی و کەلتورییەکان دەورە دراوە کە بەهەموویانەوە بونەتە ڕاگری مێژوو و کۆمەڵگەکەیان لەو سەردەمەدا.
کەواتە با بە دەرخستن و خستنەڕووی ئەو پێدراوانە دەسپێ بکەین، واتە: ئەو ڕاستییە مێژوویی و کۆمەڵایەتییانەی کە دەبوونە چوارچێوە بۆ بابەتی (ئایین و دەوڵەت) لەو سەردەمەدا، دوای ئەوەش دەگەڕێینەوە سەر بابەتی (جێبەجێ کردنی شەریعەت).
**ڕاستیی یەکەم** : عەرەب لە سەردەمی سەرهەڵدانی پێغەمبەرایەتیدا، پاشا و دەوڵەتیان نەبووە. سیستەمی سیاسیی وکۆمەڵایەتیی لە مەککە و یەسرب (مَدینَة) دا، سیستەمێکی کۆمکاریی خێڵایەتیی بوو و نەدەگەشتە ئاستی (دەوڵەت)، کە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی دەوڵەت بریتین لە: سەرزەمینێك کەسنوور و تخوبەکانی دیاریکراوبن، کۆمەڵێك خەڵك کە نیشتەجێی ئەو خاك و سەرزەمینەبن، دەسەڵاتێکی ناوەندیی کە نوێنەرایەتیی خەڵکەکە بکات لەڕاپەڕاندنی کاروبارە گشتییەکانیاندا، بەپێی چەند یاسا و دابونەریتێك کەتایبەتی خۆیان بن و بەکارهێنانی توندوتۆڵیی لەهەر شوێنێدا کە پێویست بکات: توندوتۆڵییەك کە بەناوی هەموانەوە و لەبەرژەوەندیی هەمواندا بێت...، عەرەبەکانی دورگە چ لە گوندەکان و چ لەدەرەوەی گوندەکانیشدا، پێش ئیسلام دەوڵەتێکی لەم چەشنەیان بەخۆیانەوە نەبینیوە، ئەمەش

واتای ئەو (نەفامیەتەیە) کەئیسـلام پێناسـەی ژیانی عەرەبی لەپێش بە پێغەمبەربوونی محەممەدەوە پێ کرد، ئەم ناو و ناسـناوەش تەنها ئەوە ناگەیەنێت کە زانیارییان نەبووە، بەڵکو ئەو هەلومەرجەش دەگرێتەوە کە هاوشـانی ئەو نەزانینە باڵی کێشـابوو بەسـەر ژیانیاندا، بەتایبەت ئەوەی کە پابەندی یاسـا و سـیسـتەمی حوکمڕانیی نەدەبوون و ئەو تێگەیشـتنەش لەناویاندا نەبوو کە بەرژەوەندیی گشتیی لەسەرووی هەمووشێکی ترەوەیە.

**راسـتیی دووەم:** لەگەڵ بەپێغەمبەر بوونی محەممەددا موسـڵمانان ئایینە تازەکەیان پیادە دەکرد، نەك تەنها وەك هەڵوێستێکی تاکە کەسیی لەئاست پەروەردگاری پەرستروودا، بەڵکو وەك ڕەفتارێکی گشتیی ڕێکخراو.

ئەم ڕفتارە گشـتییە بەرەبەرە دەسـتی کرد بە بڵاوبوونەوە و ڕۆژبەڕۆژ زیاتر ڕێك دەخرا و لەگەڵ گەشـەی بانگەوازی محەممەدیدا، ئەمیش گەشـەی دەکرد، تا کاتی کۆچکردن بەرەو مەدینە، گەشتە چلەپۆپە.

هەرچەندە پەیامهێن (سڵاوی لەسەر)، بـەکردار سەرۆك و فەرماندە و ڕابەری کۆمەڵە ئیسـلامییەکە بوو، بەڵام چەندین جار و بەشـێوەی ڕوون و ئاشـکرا ئەوەی ڕەد دەکردەوە کە پێی بگوترێت پاشـا، یان وەك سـەرۆکی دەوڵەت مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. بەڵکو خۆی و موسـڵمانانیش، وەك قورئان پەسـنی دەکرد، تەنها وەك پێغەمبەرێکی پەیامهێن سـەیر و مامەڵە و هەڵسـوکەوتیان لەگەڵ دەکرد. چەندین جەنگی کرد، سـەرکردایەتیی چەندین هێرشـی کرد، کاروباری کۆمەڵەکەی ڕێك خسـت و شـەونخوونیی کێشا بەدیار یەکڕیزیی کۆمەڵەکەیەوە، چەندین نێردراو و شاندی ڕێکخسن و ڕەوانەی کردن و چەندین کاربەدەس و فەرمانڕەوای دانا... تاد. بەڵام کە هەموو ئەمانەی دەکرد نەك وەك ڕابەرێکی سـیاسـیی یان فەرماندەیەکی سەربازیی، بەڵکو وەك خاوەنی بانگەوازێك و بڵاوەپێکەری ئایینێکی تازە.

جیاوازیی نێوان ئەو دوو ناسناو و پێگەیـەش، ئەوەیە کە: ڕابەری سیاسیی و پلەداری سـەربازیی، گرنگی دانەکانیان تەنها لە بواری دونیا و کاروباری حوکمڕانیی و سـیاسـەت و ئەوشـتانەدایە کە پەیوەندییان بەمانەوە هەیە

لەکاروباری ئابوریی وکۆمەڵایەتیی و کەلتووریی، هەموو گرنگی پێدانێکیشیان پەیوەستە بە بوونی مرۆڤەوە لەم جیهانەدا.
بەڵام پێغەمبەری پەیامهێن، هەموو گرنگیی پێدانەکانی و بانگەوازەکەشی چڕ دەکردەوە لە سەر چارەنووسی دوای دونیا، لەبارەی کاروباری دوارِۆژەوە. لە دوای ئەمانەوە، واتە: هەرچی گەشەی بانگەواز بۆلای خواوەند و کارکردن لە پێناو دوارِۆژدا و رێك خستنی ژیانی دونیا بیخوازێت و بیسەپێنێت، ئیتر جیاوازیی نییە لە بارەی پەرستشەکانەوە بێت یان لەبارەی رەفتار و هەڵسوکەوتەکانەوە، یان خەبات و تێکۆشان یان پەیوەندیی لەگەڵ ئایین و پەیرِەوانی شەریعەتەکانی تردا بێت، هەموو ئەمانە و کارکردن تیایاندا، خۆیان لەخۆیاندا مەبەست نین، بەڵکو هەموویان لەپێناو ئایین و بڵاوکردنەوەی ئایین و بەرەڤانی کردندان لە ئایینەکە.
**راستیی سێیەم**: ئەوەی کە گەشەی بانگەوازە محەممەدییەکە دەیخواست لە رێکخستنی کاروباری دونیا، دونیای پەیامهێن و هاوەڵەکانی، لەگەڵ کۆتایی پەیامەکەدا گەشتە ئاستێك لە فراوان بوون و قایمکردنی پێگە و دامەزراوەیی بوون، تاوای لێهات پەیامهێن خۆی و هاوەڵانی و کەسە نزیکەکانیشی، هەستیان دەکرد کە نەمانی پەیامهێن بۆشاییەکی دامەزراوەیی لێ دەکەوێتەوە.
دواجار بانگەواز، دامەزراندنی دەوڵەت یان دامەزراوەیەکی شێوە دەوڵەتی لێ کەوتەوە. ئەگەر ئایین بریتیی بێت لەوەحیی و نیگایەکی ئاسمانیی و نەکرێت وەك میرات لەپەیامهێنەوە بۆ کەس بمێنێتەوە، یان نەکرێت کەس جێگەی بگرێتەوە، ئەوا ئەو رێکخستنە سیاسییە کۆمەڵایەتییەی کە بە گەشەی بانگەوازەکە و بڵاو بوونەوەی، ئەمیش گەشەی کرد، دوای کۆچی دوایی پەیامهێن، پێویستی بە کەسێکە چاودێریی و سەرپەرشتیی بکات و بەرِێوەی ببات و شەونخوونیی بکێشێت بە دیار رێرِۆیشتنیەوە بەباشیی.
ئەم رێکخستنە سیاسییە کۆمەڵایەتییە ناو و ناونیشانێکی سیاسیی هەڵ نەگرتبوو، پەیامهێنیش رازیی نەدەبوو پێی بگوترێت پاشا، یان بەو ناوەوە

ناو ببرێت، لە فەرهەنگی زمانی عەرەبیی ئەوکاتەشدا بێجگە لە پاشا، ناسناو و ناوێکی تر بوونی نەبوو بۆ سەرۆکایەتیی سیاسیی، بەو پێیەش کە پاشای تاقانە، تەنها خواوەندە، ئەم ناسناو و دەستەواژەیەش بەلای ئیسلامەوە پەرچ دەدرایەوە و سەرەکۆنە دەکرا.
بۆیە هاوەڵان وشە و دەستەواژەیەکی تریان داهێنا کە بریتیی بوو لە دەستەواژەی فەرماندار (الأمیر).
تا وایلێهات هەرکەس ئەو ئەرکەی لە ئەستۆ بگرتایە، یان بخرایەتە ئەستۆی هەرکەسەوە، پێی دەگوترا: فەرماندار و ئەمیر، وەك چۆن ئێستە هەرکەس ئەرکی سەرۆکایەتی دەوڵەت بگرێتە دەست پێی دەڵێین: سەرۆك، لەو سەردەمەشدا کە دەگوترا: لەو پرسەدا هیچ بەشێکی نییە (لَيْسَ لَهُ مِنَ الأمْرِ شَيء)، لەو ڕەواڵ و سیاقەدا ئەم ڕستەیە واتای ئەوە بوو کە: ئەو کەسە هیچ مافێکی لەسەرۆکایەتیی و گرتنە دەستی دەسەڵاتدا نییە. ڕوونیشە کە ئەم ناولێنانە لە خانەی ناولێنانی کەسێکە بە پێی ئەو ئەرکەی کەدەخرێتە ئەستۆیەوە، بۆ نموونە: ئەرکی سەرۆکایەتیی دەوڵەت، بریتییە لە دەرکردنی فەرمان .الأمر. بۆیە بەسەرۆکی دامەزراوەکەیان دەگوت:فەرماندار .ألأمیر .
گوتمان پێش کۆچی دوایی پەیامهێن، هەستێکی گشتیی لەناو هاوەڵاندا هەبوو، بریتیی بوو لەوەی کە دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر(سڵاوی لەسەر)، کێ ئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگرێت؟ نموونەی ئەم هەستە ئەوەیە کە مێژوونووسان دەگێڕنەوە: کاتێك پێغەمبەر نەخۆش کەوتووە و گومانیان بۆ درووس بووە کە نەخۆشیی کۆتاییەتی، عەباسی مامی پێغەمبەر بابەتەکەی لەگەڵ عەلی کوڕی ئەبوتالبدا وروژاندووە و تاوتوێیان کردووە و عەباس بە عەلی گوتووە: (بڕۆرە ژوورەوە بۆلای پێغەمبەر و لێی بپرسە و پێی بڵێ: ئەگەر پرس و فەرمانەکە هی ئێمەیە، بۆ خەڵکی ڕوون بکەرەوە و ئەگەر هی خەڵکی تریشە ڕێنمایی و ئامۆژگاریی چاکەمان بکە). گێڕانەوەکە دەڵێت: عەلی خۆگریی کردوە و ترسی هەبووە لەوەی ئەگەر ئەم پرسیارە بکات لە پێغەمبەر بەخراپ بشکێتەوە و

وەڵامەكە بەزیانی خۆیان تەواو ببێت و تا دونیایە هاشــــمییەكان بێبەش بكرێن لە گرتنە دەسی دەسەڵات.

ئەم ڕووداوە ئاماژەیەكی ئاشـــكرایە بۆ ئەوەی كە هاوەڵان هەســـتیان بەوە دەكرد بانگەوازە محەممەدییەكە گەشـــەی كردووە و گەشـــتوەتە ئاســـتی دەوڵەت.

**ڕاســـتیی چوارەم**: قورئان لە چەندین جێگەدا بەڕوونیی باسـی ئوممە (الأُمَّة) ی كردووە، ئوممەی ئیســـلام و موســـڵمانان [كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ](١) بەڵام لای گرتووە لە باسی ئەو سیستەمە سیاسییــە كۆمەڵایەتییە ئابوورییەدا كە وا خەریكە ئەم ئوممەتە لە چوارچێوەی دەوڵەتێكدا ڕێك دەخات.

هەروایشــە، قورئـــان چەن ســـنوور و تەشـــریعێكی بڕیارداوە و حەڵاڵ و حەرامی دیاریی كردووە و چەن ســـرووتێكیشـــی فەرز كردوون، لەو ســـرووتە فەرز كراوانە، هەیانە تاكەكەسیین و هەشـیانە دەستەجەمعیین و پێویسـتە بە كۆمكاریی ئەنجام بدرێن، هەشـیانە لە ڕاپەڕاندنیدا پێویسـتی بە كەسێكە سەرپەرشتیی ڕاپەڕاندنی فەرمانەكە بكات.

قورئانیش بەڕوون و ئاشكرا و ڕاشكاو داوا دەكات لە موسڵمانان، گوێڕایەڵیی ئەو كەســـانە بكەن [يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُـــولَ وَأُوْلِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ](٢)، هەروەها قورئان ســـەرەكۆنە و ســـەرزەنشـــتی ســـتەمگەریی و خۆبەگەورەگرتنی بەسـەر خەڵكدا كرد و لە بەرانبەریشـەوە پەسـن و باشـەی ڕاوێژكردن و چاكەكاریی و دادگەری ڕاگەیان... تاد. بەڵام لە هیچ دەقێكدا نە بڕیاری ئەوەیدا كە پێویســـتە ئوممەی ئیســـلام پڕاوپڕ لەگەڵ (پاشـــایەتیی ئیســـلام، یان (دەوڵەتی) ئیســـلامدا بگونجێت، نە بڕیاری ئەوەشـــیدا كە كەســـێك دەســـنیشـــان بكات تا شـــوێنی پەیامهێن بگرێتەوە لەبەڕێوەبردنی كاروباری ئوممەتدا، تەنانەت ئەوەشی دەسنیشان نەكرد كە پێویست بێت كەسـێك لەم بوارەدا شـوێنی بگرێتەوە، بەڵكو پرسـەكەی بەكراوەیی بەجێ هێشـــت بۆ موســـڵمانان، وەك ئەوەی ئەم بابەتە بەشـــێك بێت لە

مەبەســـتەکانی ناو ئەم قســـە و پەیامەی پێغەمبەر کە دەیگوت: ئێوە شارەزاترن لەکاروباری دونیاکەتاندا.
یەکەم دەسپێشخەریی کە مێژوونووسان باسی دەکەن لەم بوارەدا، ئەوەیە: دەگێڕنەوە عەباســـی مامی پێغەمبەر لەکاتی ســـەرەمەرگی پێغەمبەردا گوتوویەتی بە عەلی کوڕی ئەبوتالیب: (دەســـتت بگرە تا پەیمانت پێ بدەم و خەڵك لەناوخۆیاندا بڵێن: مامی پێغەمبەر پەیمانی بەســـت لەگەڵ کوڕەمامی پێغەمبەردا، پاشـان ئەندامانی ماڵباتەکەشـت پەیمانت دەدەنێ). عەلیش لەوەڵامدا پێی گوتووە: (بێجگە لە خۆمان کێی تر چاوی لەســـەر ئەم پرســـە و گرتنەدەســـتیدا هەیە؟).
گێڕانەوەکە درێژە بەباسـەکە دەدات و دەڵێت: عەباس پرسـیاری کردووە لە ئەبوبەکر و عومەر و لێی پرســـیوون: ئایا پێغەمبەر هیچ ڕاســـپاردە و وەســـیەتێکی نەکردووە؟ ئەوانیش گوتوویانە: نەخێر هیچ وەســـیەت و ڕاسپاردەیەکی نەکردووە.
ئەم گێڕانەوەیە هەرچیی بێت، ڕاس بێت یان نا، لەڕووی مێژوویەوە ئەوە پشتڕاس و یەکلا بووەتەوە کە پشتیوانان (الأنْصَار)، دەسپێشخەریان کردووە و لە کەپرەکەی هۆزی ســـاعیدەدا کۆبوونەتەوە بۆ ئەوەی لەناو خۆیاندا یەکێك هەڵبژێرن بۆ ئەوەی ببێتە فەرماندار و ئەرکی بەڕێوەبردنی قەوارەکە لە ئەستۆ بگرێت، ئەبوبەکر و عومەر و کەسانی تریش لەو پرسەدا یەخەیان گرتوون (نازعوهم في الامر).
- **ڕاســـتیی پێنجەم**: ئەو گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوەیەی کەلەکەپرەکەی هۆزی ســـاعیدەدا گوزەرا، دواجار ئەوەی لێکەوتەوە کە پەیمان بەســـرا لەگەڵ ئەبوبـــەکردا و وەك جێنشینی پەیامهێن دەسنیشان کرا (دەبێتە جێنشیی، واتە: کاروباری موســـڵمانان لە ئەســـتۆ دەگرێت)، ئەم گفتوگۆیە گفتوگۆیەکی تەواو ســیاســیی بوو و تەرازووی نێوان هێزە ســیاســیی و کۆمەڵایەتییەکان (هۆز)، گفتوگۆکەی یەکلایی کردەوە. پێشتر و لـەجێگەیەکی تردا بەدرێژیی باسمان لە وردەکارییەکانی ئەم گفتوگۆیە کردووە و لێرەدا بەپێویســـتی نازانین

دووبارەی بکەینەوە (٣). تەنها ئەو ئاکامە گشـــتییە بیر دەهێنینەوە کە پاش توێژینەوە و بەدواداچوون پێی گەشـــتووین، ئەویش بریتییە لەوەی کە هاوەڵان پرســـی جێنشـــینیی پێغەمبەریان بەشـــێوەیەکی تەواو ســـیاســـیی چارەسەر کرد، بابەتەکەیان وەك بابەتێکی مرۆڤیی و ئیجتیهادیی سەیرکرد، هەر بەو شـێوەیەش مامەڵەیان لەتەکیدا کرد، تەرازووی هێز و هاوسەنگیی ئەو هێزانەیان ڕەچاوکرد، توانا و لێهاتوویی و لێوەشـــاوەیی کەســـەکان و بەرژەوەندیی کۆمەڵگە ئیسلامییە ساواکەشیان لەبەرچاو گرت.

هەموو ئەمانەش لەژێر کاریگەریی لۆژیکی هۆز و خێڵدا ئەنجام دران، مەبەســـتم ڕەچاوکردنی هاوســـەنگییەکانە،هەروەك چۆن لەکۆمەڵگەی خێڵەکییدا وادەکرێت. لەبارەی بیروباوەڕیشـــەوە، کۆچبەران و پشـــتیوانان هەردووکیان لەیەك ئاستدا بوون، ئەو قسـە یەکلاکەرەوەیەی لەو لێدوانەدا کە ئەبووبەکر ڕایگەیاند، ئەوەبوو گوتی: **عەرەب بەم بەشـــەی قورەیش نەبێت مل بەکەسی تر نادات.**

ئەمەش حوکم و بڕیاردانێکی بابەتییە و بڕیاری لەســـەر واقعێك دا، کە لای هەموان ڕوون و ناســـراو بوو، پشـــتیوانان کاتێك هەســـتیان کرد گیانی تەســـکبینیی تیرەگەریی (ناکۆکیی نێوان ئەوس و خەزرەج)، لە ناوخۆی خۆیاندا وا خەریکە دەبزوێت و لەلایەکی تریشـــەوە هەســـتیان کرد، قسـە و لۆژیکی کۆچبەرانیش لە پارســـەنگی بەرژەوەندیی هاوبەشـــیاندا کێش و قورســـایی زیاترە، ڕازیی و ڕادەســـتی ئەو بڕیارە بوون. ئیتر لێرەدا پێویســـت بەوە ناکات لەسەر هەڵوێستی چەند کەسایەتییەکی نزیك لە پێغەمبەرەوە بوەستین کە کاتێت لەئیشـەکە دوودڵ بوون و دواکەوتن لە پەیمان بەستن و بەڵێن دان بە ئەبوبەکر، وەك: عەلی و فاتیمە و عەباس و زوبەیری کوڕی عەوام و هەندێ لەهاوەڵە زەحمەتکێشەکانی تری وەك: میقداد و سەلمان و ئەبوزەڕ و عەمماری کوڕی یاسر و... تاد (٤).

هەروەها پێویســـت ناکات باس لە شـێوازی پەیماندانی هەریەك لە عومەر و عوسمان و عەلیش بکەین، کە دیسان لەویشـدا هەر هاوسەنگیی هێزەکان

ڕەچاوکرا. دڵنیاین تەنها سیاسەت (نەك دین و ئایین)، ئەو گۆڕەپانەبوو کە هەموو گفتوگۆ و ناکۆکییەکانی تێدا تاوتوێ کران و هەر لە چوارچێوەی ئەویشدا بابەتەکە یەکلایی کرایەوە و بڕیاری لەسەر درا.

یەکێك لەو ڕاستییە مێژوویيانەی کە ڕوون و ئاشکرایە، ئەوەیە کە: بابەتی (پەیوەندیی نێوان ئایین و دەوڵەت)، نە لەسەردەمی پێغەمبەر خۆیدا و نە لەسەردەمی جێنشینانی ڕاشدینیشدا، نەخراوەتە بەر باس و گفتوگۆ و قسەی لەبارەوە نەکراوە. لەسەردەمی پێغەمبەردا هەموو هەوڵەکان خرابوونە گەڕ بۆ بڵاو کردنەوەی ئایین و پارێزگاریی لێکردنی، بەهۆی ئەو نیگایەشەوە کە بەردەوام بۆی دەهات و هەروەها بەهۆی هەوڵ ولێکدانەوە و بەدواداچوون و ئیجتیهادە بەردەوامەکانی خۆی و هاوەڵەکانیشیەوە، هەموو فەرمانەکان لەم بارەیەوە لە دەستی خاوەنی پەیامەکە خۆیدا بوون.

هیچکام لەهاوەڵان وەك موڵك و سامان و دەسکەوت، سەیری پرسی فەرمانڕەوایيان نەدەکرد، چوونکە دەستەواژەی (مُلْك)، لەفەرهەنگی ئەواندا بێزراو و ناپەسەند بوو، وەك دەوڵەتیش سەیریان نەدەکرد، هەرچەندە لەو سەردەمەدا دەستەواژەی (دەوڵەت)، ئەو مانایەی نەبوو کە ئێستە هەیەتی، بەڵکو وەك لە کتێبی (لِسَانُ العَرَب) دا هاتووە، دەوڵەت بەهەردوو شێوەی سەرە و بۆرە (الدَولة... بِالفَتْحِ/ الدُولَة... بِالَضّمِ)، واتە: ئاستەنگ لە سامان و لە جەنگدا، واتە: هاتنی گۆڕانکاریی بەسەریاندا لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر.

هەر لەم ڕووەوەیە دەگوترێت: دەساودەس پێکردنی ماڵ و سامان، یان دەسەڵات، یان دەماودەم کردن بە هەواڵێکەوە، هەروەها دەگوترێت: ڕۆژگار وەفای بۆ کەس نییە (الأيامُ دُوَل).

لەقورئاندا لەبارەی ماڵ و سامانەوە هاتووە: [كَي لَا يَكُونَ دُولَةً بَيْنَ الْأَغْنِيَاءِ مِنْكُمْ](٥) هەروەها لەبارەی جەنگیشەوە هاتووە: [وتلك الْأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ الناس](٦) (جارێك ئەم دەستە سەردەکەوێت و جارێکیش دەستەکەی تر).

موسوڵمانان لەو سەردەمەدا واسەیری ئیسلامیان نەدەکرد کە (الدَوْلَة) بێت، بەو مانا و واتایەی کەبریتیی بێت لەو شتەی، پاش دەساودەس پێ کردن و

هێنان و بردنی، لەدەس بچێت و نەمێنێت... تاد. نەخێر، موسـڵمانان بەشـێوەیەك سـەیری ئیسـلامیان دەكرد كە ئایینێكە و كۆتایی بەهاتنی ئایینەكان هێناوە و هەتا ڕۆژی دوایی دەمێنێتەوە، بۆیە پەیوەسـتیان كرد بە ئوممە (ألأُمَّة) وە و ئوممەتەكەشیان دایە پاڵ ئیسـلام و پێغەمبەری ئیسـلام: ئوممەتی ئیسلام، ئوممەتی محەممەد.

ئوممەتیش بەو واتا و مانایە، بریتییە لە: قەوارەیەكی كۆمەڵایەتیی و ڕۆحیی ئەوتۆ كەبوون و مانەوەی پەیوەندیی نییە بە هیچ ڕێكخستنێكی سیاسییەوە. هەر بۆیە ئەگەر ئوممەتە پێشـینەكانی سـەردەمانی زوو، دەوڵەتەكان درووستیان كردبن (مەبەستم ئەو سیستەمە سیاسییە سەربازییانەیە كە جەنگاوەرە ناودارەكان دایاندەڕشـتن)، ئوممەتی ئیسـلام بەلای موسـوڵمانەكانەوە، لەسەردەمی بانگەوازی محەممەدییدا دامەزرا و دواتر وردە خۆی گرت و قەوارەكەی لەسـەر پێی خۆی وەسـتا، پێش ئەوەی ئەو بانگەوازە گەشـە بكات و دواجار بگاتە ئەو ڕێكخسـتنە سـیاسـییەی ئێمە ئەمڕۆ پێی دەڵێین: دەوڵەت.

دەسـتەواژەی دەوڵەتیش وەك دەسـتەواژە و چەمكێكی سـیاسـیی، پێشـتر بوونی نەبوو، تاكاتی شۆڕشی عەباسیەكان و سەركەوتنی شۆڕشەكەیان، لەو كاتەدا دەیانگوت: ئەمە دەوڵەتەكەمانە (هذِهِ دَوْلَتُنا)، یان گوتەیەكی لەو شـێوەیە، وەك ئاماژەیەك بۆ گواسـتنەوەی دەسـەڵات لە ئومەویەكانەوە بۆ ئەمان: ئیتر لەوێوە و لەسەر زاری مێژوونوسەكانەوە دەستەواژەی: دەوڵەتی ئومەویی، دەوڵەتی عەباسـی، دەوڵەتی موعاویە، دەوڵەتی هارونەڕەشـید... تاد.، سەری هەڵدا، هەمووشیـان دەستەواژەگەلێك بوون مەبەست لێیان واتای ئەوەیان دەدا بەدەسـتەوە كە ئیش و ئەرك و دەسـكەوتی بەڕێوەبرد (ألأمر)، لە ماڵباتێكەوە بگوازرێتەوە بۆ ماڵباتێكی تر، یان لە كەسـێكەوە بۆ كەسـێكی تر، واتای بنەڕەتیی ئەم دەسـتەواژانە، لەم ئایەتەدا دەدۆزینەوە: [وَتِلْكَ الْأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ النَّاس].

تێدەگەین بابەتی ئایین و دەوڵەت، هەر بیری لێ نەکراوەتەوە، نە لە سەردەمی پێغەمبەر و نە لە سەردەمی جێنشینانی ڕاشدینیشدا، ئەوەی لە ڕۆژی دوا نەخۆشکەوتنی پێغەمبەرەوە بوویە ناوەندی بیرلێکردنەوە و گرنگیی پێدان، ئەو شتەبوو کەدواتر موتەکەلمین و زانایانی بواری بیروباوەڕ، بەدەستەواژەی ئەمانەت، یان جێنشینی (ألأمانَةُ أو الخِلافَة)، گوزارەیان لێ دەکرد و ناویان دەبرد.
ئەمەش پرسێکی ساسیی ڕووتە و یەکەم بابەتیشە لە ئیسلامدا کە ناکۆکیی گەورە لەبارەیەوە ڕووی داوە. ئەبولحەسەنی ئەشعەریی لە دەسپێکی کتێبی (مَقالاتُ الإسلاميينَ و إختلافُ المُصَلين) دا دەڵێت: (دوای پێغەمبەر، لەزۆر بابەتدا خەڵك ناكۆكییان تێ کەوت، یەکتریان بەسەرلێشێوان تاوانبار دەکرد، چەندین پێڕ و پارچەی پچڕپچڕیان لێ کەوتەوە، بەڵام ئیسلام هەموانی لە ئامێز دەگرت)، دواتر دەڵێت: (یەکەم ناکۆکیی کەوتە نێوان هاوەڵانەوە، دوای کۆچی دوایی پێغەمبەرەکەیان - سڵاوی لەسەر -، ناکۆکیان بوو لەسەر ئیمامەت و پێشەوایەتیی)، پاشان باسی ڕووداوەکانی ناو کەپرەکەی هۆزی ساعیدە دەکات.
هەروەها **شارستانیش**، لە کتێبی (المِلَلْ وَالنِّحَل) دا لیستێکمان دەداتێ لەبارەی ئەو پرس و بابەتانەوە کە هاوەڵان، چ لەسەردەمی پێغەمبەر و چ دوای وەفاتیشی، ناکۆکیی و ڕاجیایی کەوتوەتە نێوانیان لە بارەیانەوە و دەڵێت: (گەورەترین ناکۆکیی موسڵمانان لەبارەی پرسی ئیمامەت و ڕابەرایەتیی و پێشەوایەتییەوە بووە، بەڕادەیەکی ئەوتۆ کە ئەو شمشێر هەڵکێشانەی لەهەموو سەردەمێکدا لەسەر پرسی ڕابەرایەتیی و ئیمامەت هەڵکێشراوە، لەسەر هیچ بنەمایەکی تری ئیسلام بەو توندوتیژییە هەڵنەکێشراوە).
پاشان باس لە ناکۆکیی کۆچبەران و پشتیوانان دەکات لەبارەی دەسنیشانکردنی جێنشینێکەوە بۆ پێغەمبەر، دواتریش باس لە گلەیی و سکاڵای هەندێ لەهاوەڵان دەکات لەسەر دانانی عومەری کوڕی خەتاب لەلایەن ئەبوبەکری سدیقەوە و پێیان گوتووە: کەسێکی توندوتیژت کردوە بە فەنرەوا بەسەرمانەوە، دواتریش باس لە ناکۆکیی ڕاوێژکاران دەکات، ئەو شەش کەسەی کە عومەر دەسنیشانی کردن تا جێنشی دوای خۆی

دەسـنیشـان بکەن، باس لەوە دەکات کە عوسـمانی کوڕی عەفان بەزۆرینە هەڵبژێردراوە نەك بە کۆدەنگیی، پاشـان ناکۆکی خەڵك لە کۆتاییەکانی سـەردەمی عوسـمان، لەسـەر چەند ڕەخنەیەك کە لە عوسـمانیان دەگرتن، هەر ئەو ناکۆکییە پەرەی سـەند تا شـۆڕشـێکی خوێناویی لێ کەوتەوە و دواجار عوسـمان خۆیشـی یەکێك بوو لە قوربانیانیەکان، پاشـان ناکۆکیی تەڵحە و زوبەیر و عایشـە لەگەڵ عەلی کوڕی ئەبوتالیبدا و دواتر هەڵگەڕانەوەیان لێی و بەرپابوونی جەنگیش لە نێوانیاندا، دواتر ناکۆکیی نێوان عەلی و موعاویە و جەنگی نێوانیان و جەنگەکانی عەلی لەگەڵ لەفەرماندەرچوو و خەواریجەکاندا.

ئەم ناکۆکیانە و هەموو لێکەوتەکانیشـیان، بریتیی بوون لە چەن هەڵوێسـتێکی سـیاسـیی و کاتیی کە خزمایەتیی و بەرژەوەندیی هەڵی دەسوڕاندن.

بەڵام ئایین بابەتی ناکۆکیی نەبووە و لایەنێکیش نەبووە لەو ناکۆکییانەدا، هەموو ئەوکەسانەی کە ناکۆك و ڕاجیا و ڕکابەر و شەڕکەری دژبەیەك بوون، هەموویان لەیاران و هاوەڵان بوون، هەموویان ئایین ناس بوون و پەیڕەوییان لەئایین دەکرد و لەڕەفتاری تاکەکەسیشیاندا ئایین پەروەر بوون. بەواتایەکی تر، ئایین هۆکار و مەرجەع نەبووە لەو ناکۆکییانەدا، بەڵکو ناکۆکییەکە ناکۆکیی سیاسیی بووە (بەواتای گشتیی بۆ سیاسەت)، بە کورتیی ناکۆکییەکە نە بەناوی ئایینەوە بووە و نە دژی ئایینیش بووە.

ئەمەی باس دەکرێت پێش یەکلابوونەوەی بارودۆخەکەیە بۆ موعاویە و پێش دامەزراندنی دەوڵەتی ئومەویش بووە.

لەسەردەمی ئەو دەوڵەتەشدا، سیستەمی حوکمڕانیی لە سیستەمێکەوە کە پاش ڕاوێژکردن بە دەسـنیشـان کردن دادەمەزرا، گۆڕدرا بۆ سـیسـتەمێکی پشتاوپشت کە لەیەك ماڵبات تێ نەدەپەڕیی.

هەرچەندە ناکۆکیی چەکداریی هەر بەردەوام بوو، شـۆڕشـەکانی خەوارج و شـیعەکانیش بەدوای یەکدا و بەدرێژایی سـەردەمی ئومەوییەکان، هەر

بەردەوام بوون، هەروەك چۆن دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عەباسییش شۆڕشی شیعەکان هەر بەردەوام بوو، ڕاستەوخۆ لەدوای یەکلابوونەوە و دامرکانی دۆخەکەوە بۆ موعاویە، ناکۆکیی لەبارەی ڕابەرایەتیی و ئیمامەتەوە گەشەی سەند و لە هەڵوێستێکی سیاسیی و خۆجێیی و لۆکاڵی و کاتییەوە، گۆڕدرا بۆ ئاستی تیۆریزەکردن و تەنزیری سیاسیی.
بەو پێیەش کە دەقە ئاینییەکان - مەبەستم قورئان و ئەو برە کەمەیە لە حەدیسەکانی پێغەمبەر کە ئەودەم هێشتا ئاوا قەبە و گەورە و زۆر نەکرابوون - خۆیان نەدەدا لەقەرەی باس و بابەتی حوکمڕانیی، تاکە مەرجەعییەت و سەرچاوە لەم بوارەدا بریتیی بوو لە کرداری هاوەڵان، مەبەستم ئەوەیە کە لەسەردەمی جێنشینە ڕاشدینەکاندا گوزەراوە.
بەو پێیەش کە پرسی سیاسیی لەو سەردەمەدا وەك بینیمان بابەتی ناکۆکییەکی فرە ڕەهەند بووە، بەو هۆیەوە دیدگا و ئاسۆکانی بیرکردنەوەش لەبارەی پرسی ئیمامەت و خلافەتەوە، جیاواز بوون تا ئاستی دژبەیەکیی، چوونکە هەموو خاوەن دیدگا و بۆچوونێك، ئەوەی هەڵدەبژارد (لە سەردەمی ڕاشدیندا) کە بگونجایە و دەسی بدایە بۆ ئەوەی بیکاتە مەرجەع و بنەوایێك بۆ دیدگا و بۆچوونەکەی خۆی، واتە: ئەوەی کە بشێت بۆ ئەوەی هەڵوێستە سیاسییەکەی خۆی پێ بپەڕێنێتەوە و بیکاتە بەڵگە بەدەستیەوە لە سەردەمەکەی خۆیدا.
ئەگەر بێتو سەیری هەموو ئەو بیردۆزە و بۆچوونانە بکەین کە فەقیهەکان و زاناکانی بواری بیروباوەڕ، لەبابەتی ڕابەرایەتیی و ئیمامەتدا لە ڕوانگەی پەیوەندیی نێوان ئایین و دەوڵەتدا دەریان بڕیوە و گوتویانە، دەتوانین لەسێ هەڵوێستدا کۆیان بکەینەوە:
**١- هەڵوێستی یەکەم**: خاوەن و پەیڕەوانی ئەم هەڵوێستە، وای دەبینن کە دانانی پێشەوا و ئیمام و، دواتریش پێك هێنانی دەوڵەت لەکۆمەڵگەی ئیسلامییدا، یەکێکە لە پێداویستتەکانی ئایین و پایەیەکە لەپایەکانی، پێشەوایەتیی و ئیمامەت بەلای ئەم دەستەیەوەکە لەشیعەکانن، {پرسێك

نییە لە بابەتی بەرژەوەندیدا و خەڵکی گشتیی پێی هەستن و لەلایەن ئەوانەوە دەسنیشان و دەسبەکار بکرێت - وەك **شارستانیی** دەڵێت -، بەڵکو پرس و بابەتێکی بنەڕەتییە و بناغەیەکە لە بناغەکانی ئایین و، پێغەمبەران (سڵاویان لەسەر)، بۆیان نییە پشتگوێی بخەن و نادیدەی بگرن و بیسپێرن بە خەڵکی گشتیی و ئاسایی و بەکراوەیی بەجێی بێڵن}، واتە: نابێت بەبێ دەسنیشان کردنی پێشوەخت بیدەنە دەس خەڵك.

**شارستانیی** دیدگا و بۆچوونی شیعەکان زیاتر ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت: (هەموو شیعەکان کۆك و هاوڕان لەسەر ئەوەی کە دەسنیشان کردن و دانانی ئیمام، واجبە و باوەڕیوون بە پاکیی و دووربوونی پێغەمبەران و پێشەوایانیش لە هەڵە و تاوانی گەورە و بچووك، چەسپاو و واجبە).

بینا لەسەر ئەم باوەڕە و لە ڕوانگەی ئەم تێگەیشتنەیانەوە، شیعەکان دەڵێن: (پێغەمبەر بڕیاری داوە کە دوای خۆی عەلی کوڕی ئەبوتالب جێنشین و پێشەوا بێت، هەروەها عەلیش هەم دەسنیشانی کرد و هەم وەسیەتیشی کرد، بەهەمان شێوە پێشەوایان و نەوە و وەچەکانیشی هەر وایان کرد...).

**٢- هەڵوێستی دووەم**: ڕێك پێچەوانەی یەکەم، ئەمان پێیان وایە ئیمامەت و (دەوڵەت) واجب نییە، بەو واتایەی کە ئایین لە هیچ دەقێکدا پێکهێنانی ئیمامەت و دروستکردنی دەوڵەتی بەواجب و ئەرکی سەرشانی کەس دانەناوە، بەهەمان شێوە باسی وازلێهێنانیشی نەکردووە، بەڵکو ئەو پرسەی بەکراوەیی هێشتوەتەوە بۆ موسڵمانان، ئەگەر توانیان بەبێ بەرپاکردنی کوشتوکوشتار و خوێن ڕشتن، پێشەوایەکی دادگەر بهێننە سەرکار، ئەوە باشترین ئیشە، ئەگەر ئەمەشیان نەکرد و هەرکەسەو بەرپرسیاریەتی خۆی و ماڵ وخێزانی خۆی گرتە ئەستۆ و هەستا بە جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی شەریعەت بەو شێوەی کە لە پەڕاوی خواوەند و سوننەتی پەیامهێندا هاتوون، ئەوکارە ڕێگە پێدراوە و، لەوێوە ئەرکی دانان و بوونی پێشەوا و ئیمام لە ئەستۆیان دەکەوێت.

هەندێ لە پێشینانی خەوارج و نەجدات، پەیڕەوانی (نَجْدَةُالحَنَفي) کە سەرکردەی دەستەیەك بوو لە خەوارجەکان، لەسەر ئەم ڕاوبۆچوونە بوون،

هەروەها دەســـتەیەك لە (مُعتَزِلَة) ش لەســـەر ئەم ڕایە بوون، لەســـەروو هەمووشیانەوە: (أبوبكر الاصَّم و هشام بن عُمر الفوطي و عباد بن سلمان...).
**شـــارســـتانیی** ڕاڤەی ڕاوبۆچوونی ئەم دەســـتە و پێڕە دەکات و دەڵێت: {نەجداتەکان کە بەشێکن لە خەوارجەکان و دەستەیەکیش لە قەدەرییەکان (مەبەستی موعتەزیلەیە)، وەك ئەبوبەکری ئەســەم و هشــامی فوتیی، دەڵێن: ئیمامەت و دانانی پێشــەوا، لەشــەرعدا بەو شــێوەیە واجب نییە کە ئەگەر ئوممەتی موسڵمانان نەیکەن، سەرەکۆنە و سەرزەنشت بکرێن و شایستەی سزابن پێی، بەڵکو پرس و بابەتەکە پەیوەندیی بە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری خەڵکەوە هەیە، ئەگەر لەناوخۆی خۆیاندا دادگەر بوون و هاوکاریی و پشـــتیوانیی یەکتریان دەکرد لەســـەر چاکە و پارێزکاریی و هەریەکەیان ســـەرقاڵی ئەرکەکانی ســـەرشـــانی خۆیان دەبوون، ئەوکات پێویســـتیان بە پێشـــەوا و هێنانە ســـەرکاری نابێت، ئەگەر هەموو موجتەهد و توێژەر و تێکۆشەرەکان لە ئاییندارێی و ئیسلامەتیی و زانیاریی و تێکۆشاندا وەك یەك بوون، هەروەها خەڵك وەك دانەکانی شـــانە بوون، وە ئەگەر خەڵك وەك قـافڵـە وشـــترێك وابن و خـەریکـە بڵێین: دانـەیـەکیـان تێـدا نـەبێـت بۆ ســـەرقافڵەیی بشـــێت (مەبەســـت ئەو فەرموودانەیە کە باس لەم بابەتانە دەکەن: واتە: یەکســـان بن و کەم کەســـیان هەڵکەوتوو بن و لەئاســـتیی چاوەڕوانیدا بن، وەك چۆن بەئەستەم وشترێك دەس دەکەوێت کە بەرگەی سەختییەکانی کاروان بگرێت)، گەر موســـڵمانان وابن، ئیتر چۆن گوێڕایەڵیی کەسێکی وەك خۆیان، واجب دەکرێت لەسەر هیچکەس؟}.
**شـارسـتانیی** بەڵگەکانی ئەم کەسـانە دەخاتە ڕوو، کەپوختەی بەڵگەکان بەم شـــێوەیە: {واجب بوونی گوێڕایەڵیی کردنی یەکێك لە پێشـــەوایان (هەر پێشـــەوایەك بێت)، یـان بـەدەقێك دەبێـت لـە پێغـەمبـەرەوە، کـە خۆتـان ســـەلماندتان هیچ کەس دەقێکی بەدەســـتەوە نییە (ئەم قســـەیە ئاراســـتەی پەیڕەوانی ڕای سێیەم دەکات کە دوای ئەمە باسیان دەکەین)، یان بە دەسنیشـان کردن و هەڵبژاردنی یەکێك لە موجتەهد و تێکۆشـــەرەکان، هەڵبژاردنیش

لەلایەن تاکەکانی ئوممەتەوە کۆدەنگییەکی ئەوتۆیە کە ڕاجیایی تێدا ناکرێت و دەس نادات، ئەمەش نە لەڕووی ژیریی و نە لەڕووی واقعەوە وێنا ناکرێت}، واتە: هاوڕابوون و کۆدەنگیی ئوممەت لەسەر یەکێك لە موجتەهید و تێکۆشەرەکان لەڕووی تیۆریی و کرداریشەوە ئەستەمە، ڕووداوەکانی مێژوو دەیسەلمێنن کە ڕوودانی کۆدەنگیی لە هەڵبژاردنی جێنشینانی پێشینیشدا لەسەردەمی هاوەڵاندا نەگونجاوە و ڕووی نەداوە: کۆچبەران و پشتیوانان ناکۆکییان تێکەوت و عومەر بە پەلەپەل و سەرپێیی پەیمانیدا بە ئەبوبەکر، واتە: بەبێ ڕاوێژکردن بەخەڵك، بەهۆی پەلەکردنی پشتیوانانەوە لەبابەتەکەدا، (بۆرۆژیی دواییش کە پەیمانیان پێدابوو، هۆزی ئومەییە و هۆزی هاشم لایان لێگرت) و هەوڵیاندا عەلی هان بدەن، خۆی بپاڵێوێت و داوای پەیمان بەستن بکات لەخەڵك بۆ خۆی، بەوپێیەی نزیکترە لەپێغەمبەر و شایستەترینە بۆ ئەوکارە لە دیدی خۆیانەوە... بۆیە، ئەوانیش دەڵێن: ئەگەر هاوەڵان نەیانتوانیبێت هەموویان یەکدەنگ و کۆك بن لەپرسێکی وادا، ئەوا بەدڵنیاییەوە خەڵکی تریش ناتوانن هەموویان یەکدەنگ و کۆك بن لەسەری.

لەو بەڵگانەی کە بۆ بەهێزکردنی هەڵوێستی خۆیان دەیانهێنایەوە ئەوەبوو کە دەیانگوت: (دانانی پێشەوا و ئیمام بە هەڵبژاردن، لە دوو ڕووەوە پێچەوانە و دژبەیەکە). لەلایەکەوە: ئەگەر خەڵك پێشەوا هەڵبژێرێت، چۆن پێویست دەبێت لەسەریان گوێڕایەڵیی کەسێك بکەن کە خۆیان هەڵیان بژاردبێت و دایان نابێت؟ لەلایەکی تریشەوە، هەریەك لەو موجتەهد و تێکۆشەرانەی کە دەسیان هەبووە لە هەڵبژاردن و دەسنیشانکردنی پێشەواکەدا، ئەگەر لەپرسێکی خیلافیدا (واتە: لەو بابەتانەدا کە ڕای جیاواز هەڵدەگرن)، سەرپێچی پێشەوای کرد، لەوحاڵەتەدا سەرپێچییەکەی ڕێگە پێدراوە، موجتەهیدەکانیش لە هەموو پرسێکدا دەتوانن ڕای جیاوازیان هەبێت لەگەڵ پێشەوادا، ئیتر چۆن وەك پێشەوایەکی گوێڕایەڵیکراو دای بنێین بەڵام بەمەرجی ئەوەی ئەگەر ئاکامی ئیجتیهاد و بەدواچوون ئەوەی

خواســـت گوێڕایـەڵیی بکرێـت؟ نووســـەرانی نـاو پێڕە جۆراوجۆرەکـان بەڵگەگەلی تر دەهێننەوە بۆ پشتیوانی ئەوانەی کە باوارِیان بە واجب بوونی ئیمام و پێشـەوانییە، لەو بەڵگانە ئەوەیە کە دەڵێن: (کەسـێك خۆی بەدەسـتی خۆی کەسێکی تری وەك خۆی بکات بە دەمرِاس بەسەر خۆیەوە بۆئـەوەی پێی بڵێت و بۆی دەسنیشان بکات لەچ شتێکدا رێگەی رِاستی گرتووە و لەچیدا بەهەڵەدا چووە، بەدڵنیاییەوە ئەمە زیان بەخۆگەیاندنە)، بەو مانەیـــەی دەســـنیشـــان کردنی پێشـەوای ئایینی و دروسـکردنی دەوڵەت، بێگومان ئەوەی لێ دەکەوێتەوە کە خەڵك زۆری بۆدێت و پەراوێزی ئازادیی تەســـك دەکاتەوە و ئازادیی تاکەکان ســـنووردار دەکات، ئەمـەش زیانپێگەیانـدنە و رێگەپێنەدراوە، هەروەها دەیانگوت: خەڵك دژی ئەو زۆربۆهێنان و زیان پێگەیاندنەیان، وەدەنگ دێن و شـــۆڕش بەرپا دەکەن (وەك ئەزموون ســـەلماندوویەتی ئەمەش ئاژاوەی لێ دەکەوێتەوە)، هەروەها لەو بەڵگانە ئەوەبوو دەیانگوت: پێشـــەوا لەهەڵەپارێزراو (مَعصـوم) نییە، چوونکە خەسـڵەتی لەهەڵەپارێزراویی تایبەتە بە پێغەمبەرانەوە، بۆیە بۆی هەیە پێشـــەوا کوفر بکات و لەرِێش لابدات، (ئەگەر دوور نەخرێتەوە و لەســـەرکار لانەبرێت، بەکوفرەکەی زیان بە ئوممەت دەگەیەنێت و ئەگەر لەسەرکاریش لاببرێت ئاژاوە بەرپا دەبێت). کەواتە لە بنەرِەتەوە دانەنانی باشترە.

پێویسـتە ئاماژە بەوەش بکەین، ئەوانەی ئەم بەڵگانە دەخەنەڕوو واتای ئەوە نییە ئەمان باوەڕیان وابێت کە دانانی پێشـــەوا کارێکی نەشـــیاو و رێگە پێنەدراوە، بەڵکو ئەمان تەنها داکۆکیی و جەخت لەوە دەکەنەوە کە دانانی پێشـــەوا و دەســـنیشـــانکردنی، واجب نییە. واتای ئەمەش ئەوەیە کە پایەدارکردن و دروســـتکردنی پێشـــەوایەتیی و ئیمامەت (یان جێنشـــینی شەرعیی)، پرس و بابەتێکە ناچێتە بازنەی ئەو شتانەوە کە لەرِووی شەرعەوە واجبن، یـان قـەدەغـەکراون، بـەڵکو لـەو پرس و بـابـەت و بوارانـەیـە کـە بەکراوەیی هێڵراونەتەوە و مرۆڤ دەتوانێت کاریان پێ بکات و دەشـــتوانێت کاریان پێ نەکات و کارپێکردنیان رِابگرێت.

بۆیە دەبینین بەردەوام ئەوە دووپات دەکەنەوە و دەڵێن: ئەگەر داخوازیی لەسەربوو و بەرژەوەندیی خەڵکیی ئەوەی دەخواست کە پێشەوا دابنرێت، ئەوا دادەنرێت، مەرجێکیان هەیە ئەویش ئەوەیە کە دادگەربێت و بەدادگەریی بمێنێتەوە و بەردەوام بێت.

**شارستانیی** ئەم بیرۆکە و دیدگایەیان ڕاڤە دەکات و قەسەیەکیان دەخاتەڕوو کە دەڵێن: بەڵێ ئەگەر خەڵك پێویستیان بەسەرۆکێك هەبوو شکۆی ئیسلام بپارێزێت و خەڵك کۆبکاتەوە و یەکیان بخات و بەهۆی ئەو بیرۆکە باشانەیەوە خەڵك هەڵی بژاد و خستیانە سەر تەختی فەرمانڕەوایی، لەو حاڵەتەدا ڕێگە پێدراو و کارێکی باشە، بەو مەرجەی پێشەواکە بەردەوام بێت لەسەر چاکەکاریی و دادگەرییەکەی، تائەوکاتەی لەپرسێکدا ستەمی لەکەسێك کرد، ئەوکات لەسەرکارلابردن و دوورخستنەوەی واجب و پێویست دەبێت لەسەر خەڵکەکە، وەك چۆن وایان کرد لەگەڵ عوسمان و عەلیدا - خوایان لێ ڕازیی بێت - کاتێك عوسمان ئەوکارانەی کرد کەکردنی، هەوڵیاندا لەسەرکار لای بەرن، کە لانەچوو کوشتیان، عەلیش کاتێك ڕازیی بوو بە ناوبژیوانیی، کەوتنە گومانەوە لە پێشەوایەتییەکەی و لەکاریان خست و کوشتیشیان (٨).

٣- **هەڵوێستی سێیەم**: ئەم هەڵوێستە بەگشتیی بەرپەرچدانەوەی دوو هەڵوێستە پێشووەکەیە، ئەم هەڵوێستە هەڵوێستی ئەهلی سوننەیە بەگشتیی و هەڵوێستی زۆرینەی موعتەزلە و خەوارج و مورجیئەشە، هەمویان لەسەر ئەو قسەیە کۆکن کە ئیمامەت و پێشەوایەتیی لەلایەکەوە واجبە و لەلایەکی تریشەوە بە هەڵبژاردن و دەسنیشان کردنە، نەك بەدەق.

لەم دوو حاڵەدا نەبێ، ناکۆکیی و ڕاجیایی زۆر و گەورە هەیە لەنێوانیاندا: هەیانە وای دەبینێت کە مرۆڤ دەتوانێت لەڕێگەی ژیرییەوە لە ئیمامەت و پێشەوایەتیی تێبگات و پەی پێ ببات، هەشیانە باوەڕی وایە لەڕێگەی شەرعەوە پەی پێ دەبرێت، هەشیانە ئەم دوو دیدگایە پێکەوە کۆ دەکاتەوە. ناکۆکیی و ڕاجیایی ئەم بوارە لەڕاستیدا بۆ ڕیشەی مەزەبەکان دەگەڕێتەوە،

نەك بۆ پرســـەکە خۆی: ئەو موعتەزلانەی کە باوەڕیان وایە عەقڵ و ژیریی خۆی بەتەنها لەتوانایدا هەیە چاکە و خراپە بناسێتەوە و دەسنیشانی بکات، ئەم باوەڕبوونەش یەکێکە لە بناغەکانی مەزەبەکەیان، دەڵێن: عەقڵ و ژیریی وا دەخوازێت، بەرژەوەندیی ئوممەت - بەواتای ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی خەڵك و لادانی زیان لێیان - وادەخوازێت حوکمڕانیەتییەك لەناو خۆیاندا دابمەزرێنن. هەستکردنی هاوەڵانیش بەم ڕاستییە لەڕێگەی ژیریی خۆیانەوە وای لێکردن پەلە بکەن لەهەڵبژاردنی جێنشـــینێکدا بۆ پێغەمبەر، دوای ئەوەی کە دڵنیا بوون کۆچی دوایی کردووە.

ئەهلی ســـوننەش کە نەیاری موعتەزیلەن لەو باوەڕەیاندا کە پێیان وایە: ژیریی مرۆڤ پێش هاتنی شـــەرعیش لەتوانایدا هەیە پەی ببات بە چاکە و خراپەی شـتەکان، ئەهلی سـوننە دان بەوەدا دەنێن کە مەرجەع و لێوەگەڕ لە جیاکردنەوە و ناسینەوەی چاکە و خراپەی شتەکاندا، تەنها ئەو شەرعەیە کە بەهۆیەوە حەڵاڵ و حەرام دەناسینەوە، ئەوانیش - ئەهلی سوننە - دەڵێن: واجب بوونی ئیمامەت و پێشـــەوایەتیی پرســـێکە لەڕێگەی شـــەرعەوە دەناسرێتەوە و دەزانرێت، نەك لەڕێگەی عەقڵ و فامەوە. بەڵگەی شەرعیی و بنەڕەتیشـــیان، ئەگەر نەڵێین: تاکە بەڵگە کە لەم بوارەدا باســـی دەکەن، بریتییە لە کۆدەنگیی (ألإجماع)، کۆدەنگیی هاوەڵان لەســـەر دەســـنیشـــان کردنی جێنشـــینێك بۆ پێغەمبەر. ئاشـــکراشـــە کە کۆدەنگیی یەکێکە لە سـەرچاوە و چاوگەکانی یاسـاسـازیی لەئیسـلامدا، بەلای ئەهلی سـوننەوە بەگشـتیی، بەڵام تاسـەردەمی شـافعیی کەس بەو شـێوەیە باسـی ئیجماعی نەکردووە، ئەو وای وەسف و وێناکرد و دانی بەوەدا نا کە کۆدەنگیی یەکێکە لەسەرچاوەکانی یاسـاسـازیی لە ئیسـلامدا. واتە: سـەدەونیوێك دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر.

ئاشـــکراشـــە کە پەنابردنی ئەهلی ســـوننە بۆ کۆدەنگیی، بۆ ئەوەیە کە کۆدەنگیی بکەنە بەڵگە و پشـــتیوانەیەك بۆ ڕاوبۆچوونەکەی خۆیان لەم بوارەدا، سـەرەڕای ئەوەی کە موجتەهدەکان کۆك نین لەسـەر بەڵگە بوونی

کۆدەنگیی لەکات و چۆنیەتییەکەیدا و...تاد. ئەمە خۆی لەخۆیدا بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەوکەسانەی باسی ئەوە دەکەن کە پێشەوایەتی بە شەرع و بەبەڵگەی شەرعیی چەسپاوە، لەڕاستیدا نە لەپەڕاو و نەلە سوننەتدا بەڵگەیەکیان دەست نەکەوتووە پشتیوانیی بۆچوونەکەیان بکات، بۆیە پەنایان بۆ ئەمە بردووە.
بەواتایەکی تر مەرجەع و لێوەگەڕ لێرەدا بریتییە لە ئەزموونی مێژوویی ئوممەت، نەك دەقی ئایینیی. وەك لە بەڵگەهێنانەوەی واجب بوونی ئیمامەتدا ناکۆك بوون، بەهەمان شێوە لە بابەتی هەڵبژاردنیشدا ناکۆکییان تێ کەوتووە: کێ وەك پێشەوا هەڵدەبژێردرێت؟ چەندە ژمارەی ئەوانەی کە بە بوونیان، دانانی پێشەوا دروست و بەجێ دەبێت؟ لێرەدا پێویست بەباسی ئەو وردەکارییە ناکات، مادام تاکە مەرجەعێك بۆ ئەوەی کە ئەوانەی باوەڕیان بە هەڵبژاردنی پێشەوا هەیە و پشتی پێ دەبەستن بریتییە لە: ئەزموونی مێژوویی ئوممەت، ئەو ئەزموونە مێژووییەش هێندە دەوڵەمەندە، دادی هەموو خاوەن ڕاو بۆچوونەکان دەدات و فریایان دەکەوێت لە پشتیوانی کردنی ئەو دیدو بۆچوونەدا کە هەریەکەیان باوەڕی پێیەتی و کاری لەسەردەکات. باسەیری چۆنیەتیی سوود لێوەرگرتنی موتەکەلمین بکەین لەبواری ئیمامەتدا لەو ئەزموونە.
دەکرێ بەگشتیی چۆنیەتیی سوودلێ وەرگرتن و بەکارهێنانی موتەکەلمین بۆ ئەو ئەزموونە مێژووییە پۆلێن بکەین بۆ سێ پۆل:
**١- سوود لێوەرگرتن و بەکارهێنان، بەمەبەستی بیانووهێنانەوە بۆ ڕووداو و بڕاردەگەلێك کە لە ڕابوردوودا ڕوویانداوە،** بەتایبەت ئەوەی کە پەیوەستە بە بڕگە مێژوویە مەرجەعیەکەوە، واتە: سەردەمی جێنشینە ڕاشدەکان، هەندێ لە دەستە و پێڕە شیعە و خەوارخەکان، گومانیان خستوەتە سەر ڕەوایەتیی ئەو شێوازەی کە جێنشینە ڕاشدەکانی پێ دەسنیشان کراوە و پرس و بابەتی شایستەبوونیان لەو بوارەدا وروژاندووە.

هەندێکیان وای دەبینن کە عەلی کوڕی ئەبوتالب باشتر و شایستەتر بووە لە ئەبوبەکر و عومەر و عەسمان، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئەوان پێش ئەو کراونەتە جێنشین و دانراون، ئەو کارەش هەڵبژاردنی باشە بەسەر باشتردا، ئەم بنەمایەش یەکێك لە پێشەوایانی شیعەکان پەسەندی کردووە، کە ئەویش زەیدی کوڕی عەلی بووە و زەیدیەکانی ناوشیعە کە بە میانڕەویی ناسراون، بەپەیڕەوی ئەم ئیمامە دادەنرێن، بەشی زۆری شیعەکانیش دژی ئەم بنەمایە وەستانەوە و ڕەدیان کردەوە و (ڕەفز) یان کرد، لەوێوە ناونران: (رافِضَة)، کە بریتین لە شیعە ئیمامییەکان... ڕاوبۆچوونی موتەکەلیمە سونییەکان لەبارەی پێشەوایەتیی و ئیمامەتەوە، ئامانجی بنەڕەتیی ئەوەیە بەرپەرچی ئەو گومانانە و بەتایبەت ئەو تانە و توانجانە بداتەوە کە شیعەکان لەم بارەوە گوتویانە، دواجار ئەو تانانە تیۆریزە کراون و تێزی ئەوتۆی سیاسییان لێ بەرهەم هێنراوە کە پاساو بۆ ڕووداوەکان دەهێننەوە، نەك بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە پێویستی بەڕوونکردنەوە هەیە.

**٢.بەکارهێنان بۆ پاساو هێنانەوە بۆ دۆخی ئێستا و کێشانی پەردەی ڕەوایەتیی بەسەریدا**، ئەمەش بەدانان و سوود لێ وەرگرتنی هەندێ ڕووداوی ڕابوردوو و کردنیان بە بناغە و بنەما و پێوانەکردنی ڕووداوەکانی ئێستا پێیان، بەمەبەستی پەڕاندنەوە و پاساوهێنانەوە بۆیان.

هەڵوێستەکەی عومەر لە کۆبوونەوەی کەپرەکەی هۆزی ساعیدەدا، کە پەلەی کرد لەپەیماندان بە ئەبووبەکر، دەکەنە بنەمایەك بۆ ئەوەی، گوایا ئیمامەت و پێشەوایەتی بە پەیماندانی تاقەکەسێکیش دادەمەزرێت، ئەمەش بۆ تێپەڕاندنی نەبوونی ڕاوێژ لە سەردەمەکەی خۆیان و سەردەمانی پێشووشدا. هەروەك چۆن ئەو دەربڕینەی ئەبوبەکریشیان کردە بنەما، کاتێك لە کۆبوونەوەی کەپرەکەدا ناکۆکیەکەی بەو قسەیە یەکلایی کردەوە کە گوتی: (عەرەب بەم بەشەی قوڕەیش نەبێت مل بەکەسی تر نادات)، لەدوای سەردەمی ڕاشدینەوە کردیانە بنەمایەك بۆ ڕەوایەتیدان بە دەسبەسەراگرتنی دەسەڵات لەلایەن کەسانی بەتوانا و درەوە، بەو بیانوەی کە خەڵك تەنها

مل بەکەســانی بەهێز و زاڵ و جەربەزە دەدەن، تادواجار ئەم لێکدانەوەیە بەرەو ئەوەی بردن کە بەناوبنەمای (درێی و زاڵبوون - الغَلَبَة والشَــوَكَة) بچەســپێنن و بێدەنگە و چاوپۆشــیی بکەن لەئاســت پرۆســەی ڕاوێژ و ڕاوێژکردندا و تا دواتر هەر بەیەکجاریی لەکاریان خســت، کاتێك ئەو بنەمایەیان دارشــت کە دەڵێت: (هەرکەس دەســەڵاتی بەهێز بوو پێویســتە گوێڕایەڵیی لێ بکرێت - من إشتدَّ وطأتَهُ وجَبتْ طَاعَتُهُ).

**٣- بەکارهێنان لە پێناو بەباشــزانینی دۆخی (بوونی دەوڵەت)**، - هەرچەندە ئەو دەوڵەتە دووریش بێت لە بەها باڵاکانی ئیســلامەوە - باشــترە لە بێدەوڵەتیی، ئەوەش بەزەق کردنەوەی ئەو هەڵانەی کە لەکاتی بەرپابوونی ئاژاوە و دەرچوون لە فەرمانی (پێشەوا) دا دەبنە هەڕەشە لەسەر ئوممە و ئایین، لەم ڕوانگەیەوە وادەکەن لە ناکۆکیی نێوان عەلی و موعاویە و بەتایبەتیش جەنگی ســەفەین، تا بیانکەنە نموونەیەك بۆ هەلومەرجی دەرچوون لەفەرمانی (ئیمام و پێشەوا).

پاشــان پەیمان بەســتنی حەســەنی کوڕی عەلی لەگەڵ موعاویەدا و ڕادەســکردنی فەرمانڕەوایەتیی بەو، دەکەنە بنەمایەك و هەوڵدەدەن لە ســۆنگەی ئەو بنەمایەوە گرنگیی و بایەخی کۆدەنگیی ســیاســیی و باشــتربوونی، زەق بکەنەوە بەســەر هەموو ناکۆکییەکدا، تەنانەت ئەگەر نەیارەکە خاوەن مافیش بێت و ڕاســتیشــی لەلابێت. دەســتەواژە و چەمکی (أهلُ الجَماعَة)، کەدواتر پەیوەست کرابە (أهلُ السُّنَة) وە و بوو بە: (أهلُ السُّنَةِ و الجَمَاعَة)، ڕیشەی مێژوویی سەرهەڵدانی ئەم ناو و چەمکە بەدیاریکراویی بۆ ئەم ڕووداوە دەگەڕێتەوە.

ئەو شــڵەژان و دژبەرییەش کە خوازیاران و بانگەشــەکارانی ئیمامەت و پێشــەوایەتیی لە پەیڕەوانی ئەهلی ســوننەت تێی کەوتن: کە لەلایەکەوە کۆدەنگ و هاوڕان لەسەر ئەوەی جێنشینایەتیی و خلافەت لەسەردەستی موعاویەوە گۆڕدراوە بۆ دەســەڵاتێکی ســتەمگەر، لەلایەکی تریشــەوە پێیان وایە ملدانی حەسەن و پەیمان پێدانی بەموعاویە و بەو هۆیەشەوە زۆربەی

ئەو هاوەڵانەی کە مابوونەوە و شـــوێن کەوتوانیشـــیان پەیوەندیان کرد بەو پەیمان بەســـتنەی حەســـەن و موعاویەوە، ئەمە دەکەنە نموونەیەکی بنەڕەتیی بۆ کۆدەنگیی ســـیاسـیی، تەنانەت ئەو ســـاڵەشـیان ناونا ســـاڵی کۆدنگیی و یەکڕیزیی (عَامُ الجَمَاعَة).
ئاشـکراشـە کە پەیوەسـت کردنی ئەم دوو ڕووەی ڕووداوەکە، کە لەڕووی سـیاسـیی و مێژوویشـەوە خۆیان پەیوەسـتن بەیەکترەوە، وادەکات بڵێین: پرۆسـەی گۆڕینی سـیسـتەمی جێنشـینی بە سـیسـتەمی پاشـایەتیی، بە ڕەزامەندیی و کۆدەنگیی سیاسیی لەساڵی یەکڕیزیی (عَامُ الجَمَاعَة) دا ئەنجام دراوە.
بۆ کەمکردنەوەی ناسۆرەکانی ئەم ئاکامەی کە لەو پرۆسەی یەکگرتنەوەیەوە کەوتەوە، هاتن بەرەویاندا بەگێڕانەوەیەك دا گوایا قسەی پێغەمبەرە (سڵاوی لەسەر)، کە تیایدا هاتووە: (جێنشینایەتیی لە ئوممەتی مندا سیوسێ ساڵە و دوای ئەوە دەبێتە دەســـەڵاتی پاشـــایەیی)، ماوەی ســـی ســـاڵەکە ســـەردەمی چوار جێنشـــینە ڕاشـــدەکەیە. گێڕانەوەیەکی تر هەیە ئاماژەکانی زیاترن لەمەی پێشـوو،کە بەم شـێوازە دەیانگێڕایەوە: (پێغەمبەر - سڵاوی لەسەر- گوتویەتی: ئەم ئیشـە بە پێغەمبەرایەتیی و سـۆز و بەزەیی و جێنشـینایەتیی دەستی پێکرد، دواتر دەبێتە دەسـەڵاتێکی سـتەمگەریی و دواتر سـەردەمی تاریکیی و چەوسـاندنەوە و گەندەڵیی لەناو ئوممەتدا).
ئەو گێڕانەوانەی لەم چەشـــنەن، مەبەســـتم ئەوەیە ئەو گێڕانەوانەی کە ســـیمایەکی ســـیاســـییان هەیە و حزمەت بە دیدگا و دونیابینیی لایەنێکی دیاریکراو دەکەن - لەو حاڵەتەدا ئەو گێڕانەوەی پێشـــتر باســـمان کرد خزمەت بە پرســـی ئومەوییەکان دەکات - گێڕانەوەگەلێکی گوماناوین و زۆربەیان دەسهەڵبەسن.
ئەگەر لەلایەکەوە گونجاوبێت ئەو گێڕانەوەیە بەو بارەدا لێك بدەینەوە کە ڕەخنە لەو هەلومەرجە بگرێت کە بەرەوپێدەرانی گێڕانەوەکە تیایدا ژیاون، ئەوا لەلایەکی ترەوە واتای چەسپاندنی ڕاشکاوی لێوەردەگیرێت بۆ پرۆسەی

(گۆڕینی جێنشینایەتیی بە دەسەڵاتێکی ستەمگەر) و وا وێنا و پەسن بکرێت کە کردە و پرۆسەیەکە پێغەمبەر هەواڵی داوە لەبارەیەوە. واتای سیاسیش بۆ ئەم بەکاربردن و بەکارهێنانەی مێژوو و فەرموودە و گێڕانەوەکان پێکەوە، چەسپاندنی دانپێدانانە بۆ ئەو بنەمایەی کە دەڵێت: هیچ لەوە باشتر ناکرێت کەکراوە و بووە. ئەم چەشنە بەکارهێنانەی ئەزموونی مێژوویی ئوممەت لە فیقهی سیاسیی سوننیدا وادەکات لە پەیوەندی نێوان ئایین و دەوڵەت کە پەیوەندییەکی ئاڵۆز و لێکئاڵاو و ناڕوون بێت. نەبوونی چەند دەقێکی ڕوون و ڕاشکاویش لەقورئان و سوننەت، کە کاروبار و ڕێکاری حوکمڕانیی و دەوڵەت ڕێك بخەن، ئەوە ناگەیەنێت کە ئیسلام گرنگیی نادات بە پرسی حوکمڕانیی، چوونکە ئەزموونی مێژوویی ئوممەت، بۆچوونێکی وا پوچەڵ دەکاتەوە: هەر لەسەردەمی خۆیدا بانگەوازەکەی محەممەد گەشەی کرد و گەشتە ئاستی دەوڵەت و دەوڵەتداریی و موسڵمانانیش بەشێوەیەك لە شێوەکان پارێزگارییان کرد لەو دەوڵەتە، بەو پێیەی کە بوون و مانەوەی ئەو دەوڵەتە پێویستە بۆ پاراستنی ئایین و پارێزگاریی لە قەڵەمڕەو و سنوورەکانی (سەرزەمینی ئیسلام). ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە قورئان و حەدیس ئەوەندە ئاماژەیان لەخۆ گرتووە کە لانیکەم وەك چەن بنەمایەك بۆ ڕەوشتی حوکمڕانیی لەئیسلامدا سەیر بکرێن، وەك پیاهەڵگوتنی ڕاوێژ کردن و هاندانی باوەڕداران بۆ پابەند بوون پێیەوە و پەیڕەویی لێکردنی، هەروەها باگەواز کردن بۆ پایەدار کردنی دادگەریی و بەدەمەوەبوونی هەژاران و نەداران و کەسانی تری هاوشێوە... تاد.بۆ بەرجەستەکردن و پیادەکردنی ئەم بنەما و ڕێسا ڕەوشتیانەش لەدەوڵەتدا، پێویستە حوکمڕانەکان زانابن لەبواری ئاییندا و دڵسۆزبن بۆ ئایین و بەئەرکەکانی ئاییندارِیش هەستن. پەیوەندیی نێوان ئایین و دەوڵەت نابێتە پەیوەندییەکی پەیوەست، تا پێشەوا و پێشەنگەکەی پەیوەندیی نێوان ئایین و دەوڵەت بەرجەستە نەکات، بەو پێیەی کە ئەو نوێنەری ئوممەتە و بەناوی ئوممەتەوە کارەکانی ڕادەپەڕێنت. زانیاریی ئایینیش تەنها

شـــارەزابوون نییە بە حوكم و فەرمانەكانی، بەڵكو لەوەش گرنگتر ئەوەیە كە توانای لێكدانەوە و بەراورد و شـیكاری ببێت، لێكدانەوە و بەراوردێكی ئەوتۆ كـە وابكـات حوكم و فـەرمـانـەكـانی ئـایین بتوانن وەڵامی گـەشـــە و گۆڕانكارییەكانی ژیان بدەنەوە و لەهەموو سەردەمێكدا بەرژەوەندیی گشتیی ڕەچاو بكەن و حســابی بۆ بكەن. بۆیە زانا پێشــینەكان زانیارییان بەمەرج گرتووە لەسەر ئەوكەسەی دەبێتە پێشەوا و پێشەنگی كۆمەڵگە.كۆكردنەوەی ئایین و دەوڵەت بەم شـێوەیە لەكەســایەتی پێشــەوا و ئیمامدا، ئەگەر لەسەردەمی جێنشینانی ڕاشدینیشدا ڕووی دابێت، بەدڵنیاییـــــەوە دوای ئەوان ئاستەنگی تێ كەوتووە و بەتێپەڕبوونی ڕۆژگاریش تا هاتووە كاڵ و كاڵتر بووەتەوە. بەڕادەیەك گەشـــتووە، كە گەورە زانایانی ئیســلام ئەم حاڵەتی زانابوون یان نەبوونەی حوكمڕانیان وەك قەزا و قەدەرێكی خوایی ســەیر كردووە، كە ڕەدكردنەوەی بۆ نەبووە. لەم بارەیەوە ئەبوبەكر ئیبنولعەرەبیی، فیقهزانی ئەشعەریی ئەندەلوسیی ناسراو، دەڵێت: (لەسەرەتای ئیسلامەوە حوكمڕانەكان زاناش بوون، ڕەعیەتیش سەرباز بوون، بەڕێوەبردن لەسەر ئەم شێوازە درێژەی كێشا تا كارگەشتە ئەوەی خەڵكی ڕەشۆكیی، پێرێك بوون و حوكمڕانەكانیش پێرێكی تر، تادواتر خواوەند بەتوانای خۆی، ئیشــەكانی جیاكردنەوە و پرســەكەی یەكلایی كردەوە و زانایان بوونە دەســتەیەك و حوكمڕانـەكـانیش دەســـتـەیـەكی تر، ڕەعیـەت بوونـە پۆلێكی دیـاریكراو و سەربازیش پۆلێكی تر، كارەكان لێكئاڵان و ژیانی خەڵك ڕێك نەدەخرا، خەڵك ڕژانە سـەر ڕێگەكان و بەحسـابی خۆیان داوای ڕێكخستن و ڕاسكردنەوەیان دەكرد و دەســتیشــیان نەكەوت، تا دونیاش دونیانیە دەســتیان ناكەوێت، چوونكە ئەستەمە كەسێك كە لەڕێگەی گەیشتن بەمەبەستەكەی لایدابێت و بیەوێت پێی بگات). هـەرچـەنـدە ئیبنولعـەرەبیی پێی وایە جیابوونـەوە و لێكدابڕانی زانایان و حوكمڕانەكان دوای جێنشینە ڕاشدەكان قەزاوقەدەرێكی خواییە و هیچ هیوایەك لەئارادا نییە بۆگەڕانەوە بۆســەر ئەوحاڵەتەی كە لەسەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامەوە ئوممە لەسەری بووە، لەبەرانبەریشەوە

بەپێویســـتی دەزانێت ڕاوێژ بکرێت بە زانایان و کار بکرێت بە فەتوا و ڕێنومایییەکانیان.
لەڕاڤەی ئەم ئایەتەدا: [يَاأَيُّهَا الذينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُـولَ وَأُوْلِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ] دەڵێـت: بڕگـەی [وَأُوْلِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ]، دوو قســـه و بۆچوون هـەیـە لەبارەیەوە :
**یەکەمیان پێی وایە:** مەبەســـت لەم دەســـتەیە، فەرماندەی یەکینە ســـەربازییەکانە، واتە: فەرماندە ســـەربازییەکان ئەوانەی کە پێغەمبەر داینان لەسـەر یەکینە سـەربازییەکانی سـوپاکەی، ئەمە دێرین ترینی ئەو دوو قسـەو بۆچوونەیە.
**قســـەی دووەمیش پێی وایە:** مەبەســـت لەم دەســـتەیە (زانایانن)، ئەمەش ڕاوبۆچوونی شوێنکەوتوان و پێشەواکانی ئەم دواییەن. پاشان ئیبنولعەرەبیی قســـەلەســـەر ئەمە دەکات و دەڵێت: (قســـەی ڕاســـت بەلای منەوە ئەوەیە کە هەردووکیـانن، هەم فەرماندە و حوکمڕانەکان و هەم زانایانیش. سەبارەت بە فەرماندە و حوکمڕانەکان چوونکە ئیشـەکە ئیشـی خۆیانە و بەدەسـتی خۆیانە. زانایانیش، لەبەر ئەوەی پرســـیارلێکردنیان واجب و ئەرکە لەئەســـتۆی خەڵکدا و جێبەجێ کردنی وەڵامەکانیشـــیان پێویســـتە، گوێڕایەڵیی فەتواکانیشـــیان واجبە). پرســـیاری گرنگ ئەمەیە کە ئایا کێ حوکمڕان و فەرماندەکان وادار دەکات تا پرســـیار لەزانایان بکەن و کار بە فەتواکانیان بکەن؟ ئەمە پرســـیارێکی هەڵپەســـێردراوە، ئایا بەس بە ئامۆژگاریی کردن وادار و ناچار دەکرێن تا پرســـیار بکەن، ئەزموون ســـەلماندوویەتی، تەنها ئامۆژگاریی ســـوودی نییە؟ یان پێویســـتە لەڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە ناچار بکرێن بەو کارە، ئەویش بەڕێکخســـتن و هاندانی خەڵکیی دژیان (ئەمە تاکە هێزە کە زانایان دەتوانن کاری تێدا بکەن و بەکاری بهێنن)، لەم حاڵەتەدا کێ دەســـتەبەری ئەوە دەکات، ئەم کارە ســـەر نەکێشـــێت بۆ ئاژاوە و بشـێویی، زانایان لەهەمووکەس زیاتر دەزانن زیانی بشـێویی و ئاژاوە چەندە و لەهەمووکەســـیش زیاتر مەبەســـیانە کۆمەڵگەی لێ بپارێزن؟ **ئەم پرسیارانە ڕاستەوخۆ دەستمان دەگرن بەرەو بەشی دواتر لەم لێکۆڵینەوەیەدا، مەبەستم ئەوەیە دەسماندەگرن بەرەو باسی جێبەجێ کردنی شەریعەت.**

- ٣ -

ئەگەر پەیوەندیی نێوان ئایین و دەوڵەت لە ئیسلامدا، گرفتی ئەوەی هەبێت کە چەن دەقێك لەقورئان و سوننەدا نییە ڕوونی بکەنەوە کە ئایا دانان و دەسنیشان کردنی ئیمام و پێشەوا و (دامەزراندنی دەوڵەت)، واجبە یان نا، وە باسی چۆنییەتی هەڵبژاردنی و دەسەڵاتەکانی دەسنیشان بکەن... تاد.

ئەوا لەحاڵەتی واجب بوونیدا ڕاستییەکی حەشاهەڵنەگر هەیە، ئەویش بریتییە لەوەی کە ئیسلام لە عەقیدە و شەریعەت پێك هاتووە، ئەگەر عەقیدە و بیروباوەڕ تایبەت بێت بە باوەڕبوون بەخواوەند و فریشتەکانی و پەیامەکانی و پەیامهێنەکانی و ڕۆژی دوایی، کە دەکرێت ئەم بەشە تایبەت بکرێت بەپەیوەندیی نێوان مرۆڤ و پەروەردگاریەوە، شەریعەتیش بێجگە لە سرووت و دروشمە پەرستشییەکان کە ئەمانیش دەچنە هەمان خانەی پەیوەندیی نێوان خواوەند و بەندەکانیەوە، بێجگە لەمانیش چەند حوکم و فەرمانێك لەخۆدەگرێت کەسروشتێکی کۆمەڵایەتیان هەیە و پەیوەندییەکانی خەڵك ڕێك دەخەن لەنێوان خۆیاندا، ئەمەش پێویستی بە دەسەڵاتێکە تا ئەو حوکمانە جێبەجێ بکات، وەك سنوورەکان و سزاکان... تاد.

بێجگە لەوەش، ئەرکی پاراستنی قەڵەمڕەوی ئسلام و سەنگەرەکانی پێشەوەی پارێزگاریی، کە دەچێتە خانەی تێکۆشان و جیهادەوە و یەکێکە لە فەرزکراوەکانی ئایین، سەرەڕای ڕاجیایی فەقیهەکان لەبارەی چەشنی فەرز بوونەکەیەوە، ئایا فەرزی کیفایەیە یان فەرزی عەینە، واتە: ئایا بەئەنجامدانی لەلایەن چەند کەسێکەوە لەئەستۆی ئەوانیتر دەکەوێت، یان پێویستە هەرکەسە و خۆی پێی هەستێت؟ لەهەردوو حاڵەتەکەدا پێویستی بە سەرکردایەتیی و فەرماندەیەك هەیە تا هەستێت بە ئەرکی کۆکردنەوە و ڕێکخستنی سەربازەکان و ڕەوانەکرن و هێنان و بردنیان و

کێشـانی نەخشـەی سـەربازیی و دارشـتنی پلانی کورتخایەن و درێژخایەن بۆیان و... تاد.
دەتوانین بڵێین: دەوڵەت بەشـێوەیەکی گشـتیی لەسـەردەمی پێغەمبەرەوە سـەری هەڵداوە و دواتر هێواش هێواش خۆی گرتووە و بەهێز بووە تا لەسـەردەمی جێنشـینانی راشـدیندا لەم دوو رێگەیەوە رووبەرەکەی فراوان بوو: لەلایەکەوە لەرێگەی جێبەجێ کردنی حوکمە شـەرعییەکانەوە و لەلایەکی تریشـەوە لەرێگەی تێکۆشـان و جیهاد کردن و دەسـبەسـەرا گرتنی شوێنەکانەوە.
بەهەمان شـێوە باوەرمان ببێت بەوەی کە بوون و دانانی پێشـەوا و دامەزراندنی دەوڵەت واجبە، یان بەواجبی نەزانین لەرووی ئایینییەوە، لەهەردوو حاڵەتەکەدا چەن حوکمێك هەن جێبەجێ کردنیان پێویسـتی بە دەسەڵات و دەوڵەتە.
پرسـیار لێرەدا ئەمەیە: ئایا حوکمە شـەرعییەکان چۆن جێبەجێ کراون لە ماوەی ئەو ئەزموونە مێژووییەی ئوممەی ئیسلامیدا، بەبێ گوێدانە شێوەی ئەو دەسـەڵاتەی کە سـەرپەرشـتیی جێبەجێ کردنەکەی کردووە؟ (دەوڵەت و دەزگا قەزاییەکەی بووە، وەك ئەوەی کە لەو وڵاتە ئیسـلامیانەدا هەیە کە خاوەنی دەوڵەتن، یان مەرجەعییەتێکی رۆحیی یان فیقهیی بووە، وەك ئەوەی لەو وڵاتانەدا هەیە کە خەڵکەکەیان هەواداری ئیسـلام نین و موسـڵمانان کەمینەیەك پێك دەهێنن تیایاندا).
لەوانەیە یەکەم شتێك کە پێویستە لێیەوە دەست پێبکەین و هەنگاوی لێوە هەڵگرین، ئەوەبێت کەشـەریعەت بەیەك جار و بەیەك گوژم نەهاتووە بۆ پێغەمبەر، بەڵکو بەدوای یەکدا و بە پلەبەندیی، واتە: هەنگاو بەهەنگاو و قۆناغ بەقۆناغ هاتووە.
هەنگاو بەهەنگاو بۆ ئەوەی هاوشـان لەگەڵ گەشـەی کۆمەڵە ئیسلامیەکەدا بروات و رەچاوی گۆرانی هەلومەرجە گشـتییە کۆمەڵایەتیی و ئابوریی و سیاسییەکەش بکات و... تاد.

قۆناغ بەقۆناغ و پلەبەندییش بۆئەوەی هاوشـــان لەگەڵ قوڵبوونەوە و ڕۆچوونی عەقیدە و بیروباوەڕکە لە دەروونەکاندا و ڕادەی تێربوونی خەڵك بەبیروباوەڕەکە و هەســتکردن و تێگەیشــتن لە مەبەســت و ئامانجەکانی و دەرك کردن بە ڕەچاوکردنی بەرژوەندیی تیایدا، ئەمیش لەگەڵیدا بچێتە ناو دەروونەکانەوە.

لێرەوە دەرگای ناســـخ و مەنســـوخ، واتە: گۆڕینی حوکمێك بەحوکمێکی تر لەڕێگەی لەکارخســتنی کارکردی هەندێ ئایەتەوە و دابەزینی چەند ئایەتێکی تر لەجێگەیاندا، زۆرێك لە حوکمەکان، قورئان لەچەند ئایەتێکدا بڕیاری لەســـەردان و دواتر گۆڕدران بە چەند حوکمێکی تر لە چەند ئایەتێکی تردا، کە دواتر هاتوون.

نەك هەر ئەمەندە، بەڵکو هەموو ئەو حوکمانەی کە لەقورئاندان بەهۆی بۆنەی ڕووداوگەلێکەوە یان پێشهاتێکەوە کە بۆ کەسێك پێشهاتووە، یان لە وەڵامی پرسیارێکدا کە لەپێغەمبەریان کردووە، هاتوون.

لێرەوەیە کە نزیکەی هەموو حوکمەکان پەیوەســـت بوونێکیان هەیە بەیەکەوە و ئەو پەیوەســت بوونەش ناونراوە: هۆکارەکانی دابەزین - أســبابُ النزول - واتە: پەیوەست بوونی ئەو هۆکارانەی کە پەیوەندییان هەیە بەهاتنی یەکەم جاری حوکمەکەوە.

لێرەدا پێویســتە ئەوە بڵێین: کۆی حوکمە شــەرعییەکان لە ئیســلامدا، یەك بنەما ڕێکیان دەخات، کە ئەویش بریتییە لە: بەرژەوەندیی گشـــتیی، کەئەمیش یان بۆ دابین کردنی بەرژەوەندییەکە، یان بۆ لادانی زیان و مەترسییەك. بەرژەوەندیش کرۆك و مەبەستی شــەریعەتە، کەواتە: حوکمە شــەرعییەکان لەئیســلامدا سێ پایە ڕێکیان دەخات: لەکار خســتن و گۆڕین، هۆکارەکانی دابەزین، ئامانج و مەبەستەکان (النَّسِخ، أسبَابُ النزُول، المَقاصِد).

ئەم پەیوەندییە بەتین و مکۆمە لەنێوان حوکمە شـــەرعییەکان و ژیان و گەشەسەندنی ژیاندا، کە ئەو سێ پێدراوەی باسمان کردن بەرجەستەی ئەم ڕاســتییە دەکەن (النَّسـخ، و أســبابُ النزُول، و مقاصِــدُ الشــرع - المَصَــالِح) و

بەڕوونیش ئەو پەیوەندییە، لەو ڕۆڵەدا دەرکەوت کە هاوەڵان پێی هەستان لەپرۆسەی یاساسازیی و تەشریعدا لەسەردەمی پێغەمبەرخۆیدا: زۆرن ئەو ڕووداو و پێشهاتانەی کە دەخرانە بەردەم پێغەمبەر(سڵاوی لەسەر) بەبێ ئەوەی نیگا و وەحییەك بێت و وەڵامیان بداتەوە، پێغەمبەر خۆی ڕاوێژی دەکرد بە هاوەڵەکانی و ئەوانیش هەریەکەیان بەپێی ئەزموونی خۆیان و ڕووداو و پێشهاتەکەی بەردەمیان و بەرچاوکردنی بەرژەوەندیی، ڕاوسەرنجی خۆیان دەردەبڕیی، پێغەمبەریش کامیانی پێ باش بوایە هەڵی دەبژارد و دەبووە بڕیار و یاسا. زۆرجار دواتریش، یان هەر لەوکاتەدا، نیگا دەهات، بۆئەوەی بڕیار لەسەر بۆچوونەکانی هاوەڵان بدات.

لەم بوارەدا عومەری کوڕی خەتاب ناوبانگی دەرکردبوو و لەناو هاوەڵاندا دەرکەوتبوو، زۆربەی بۆچوون و بڕیارەکانی ڕێك و ڕاست دەهاتنەوە لەگەڵ ئەو نیگایەدا کە لەوبارەیەوە دەهات، ئەو حاڵەتە وای کردبوو هەندێك پێیان دەگوت: ڕێك دەرچوونەکانی عومەر - موافَقاتُ عُمَر - و کتێبێکیان لەبارەیەوە نووسیوە و چەند گێڕانەوەیەکیان لە پێغەمبەرەوە گێڕاوەتەوە کە ئاماژەن بە ڕاستیی ئەم بابەتە، وەك ئەوەی کە لە کوڕی عومەرەوە دەگێڕرێتەوە کە پێغەمبەر (سڵاوی لەسەر)، گوتوویەتی: خواوەند حەق و ڕاستیی خستوەتە سەر زمان و ناودڵی عومەرەوە، هەروەها لە کوڕی عومەرەوە دەگێڕرێتەوە کە گوتوویەتی: (هەر شتێك پێشهاتبێت بۆ خەڵك و قسەی هەڵگرتبێت و خەڵك قسەی تێدا کردبێت و عومەریش قسەی تێدا کردبێت، دواجار نیگا و وەحیی بەباری قسە و بۆچوونەکەی عومەردا هاتووە).

لەم بارەیەوە باس دەکرێت کە عومەری کوڕی خەتاب خۆیشی ئاگای لەم حاڵەتە هەبووە و هەستی پێ کردووە و بەدڵنیاییەوە شانازیی پێوە کردووە و گوتووشیەتی: (لە سێ جێگەدا بۆچوونەکانم لەگەڵ بڕیارەکانی پەروەردگارمدا ڕێك هاتوونەتەوە، گوتم: ئەی پەیامهێنی خواوەند ئەگەر پێگەکەی ئیبراهیم بکەینە جێگەی نوێژکردن باشە، ئەم ئایەتە دابەزیی: [وَاتَّخِذوا مِنْ مَقَامِ إِبْرَاهِيمَ مُصَلّى] (٩)، هەروەها گوتم: ئەی پەیامهێنی

خواوەند، هاوژینەکانت خەڵکی چاکەکار و نالەباریش هاتوچۆیان دەکات، فەرمانیان پێ بکە با پەردە بگێڕن بۆ حەرەمسەراکانیان و خۆشیا داپۆشن، ئایەتی حیجاب و خۆداپۆشین دابەزیی. هاوسەرەکانی پێغەمبەر لەسەر غیرە لەیەکترکردن لێی کۆبوونە و پێم گوتن: وریابن نەکا خواوەند فەرمانی پێ بکات ئێوە تەڵاق بدات و چەند ژنێکی لە ئێوە باشتری بداتێ، دیسانیش وادەرچوو) و ئەو ئایەتە دابەزیی کە باس لەم بابەتە دەکات.

گێڕانەوەیەکی تریش دەگێڕنەوە کە دانی بەڕاستیی بۆچوونەکەی عومەردا ناوە ئەویش لەبارەی دیلەکانی جەنگی بەدرەوەیە کەدواتر لەبارەیەوە ئایەت دابەزیی، هەروەها باسی چەندین ئایەتی تریش دەکەن کە بە هەمان ئەو شێوە دارشتنە هاتوون کە پێش دابەزینیان عومەر گوتوونی و دەری بریون، بەو ئایەتانەشیان گوتووە: ئەو برە لەقورئان کە لەسەر زمان و زاری عومەرەوە دابەزیوە (١٠)

ئەم موافەقات و رێك دەرچوونانەی عومەر، ئەگەر بەڵگەبن لەسەر شتێك، بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە شەریعەتی ئیسلامیی بەپێی خواستی هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکەی ئەو دەمە دابەزیوە، مەبەستم لایەنی رەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانە تیایدا.

خۆ عومەر وەحیی و نیگای بۆ دانەدەبەزیی، بەڵکو ئەزموون و لێهاتنە کۆمەڵایەتییەکەی و هەستی یاساپارێزییەکەی و سووربوونی لەسەر ئەوەی لە پرس و پێشهاتەکاندا بەدوای بەرژەوەندییدا بگەرێت، ئەمانە بوون وایان کردبوو ئاراستەی بیرکردنەوەکانی یەکیان دەگرتەوە و راس دەهاتنەوە لەگەڵ مەبەستەکانی شەریعەتدا و لەیەك خاڵی بنەرەتیدا یەکیان دەگرتەوە کە ئەویش بریتی بوو لە بەرژەوەندیی گشتیی.

لەم روانگەیەوەیە کە ئیجتیهاد و بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە، یەکێکە لە سەرچاوەکانی یاسازیی ئیسلامیدا، لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونیش دواجار پێبەپێ لەدووی لایەنی بەرژەوەندیەوەیە و لە یەکەم و کۆتاییەوە شوێن پێی هەڵدەگرێت.

**لەیەکەمەوە**، چوونکە پێویســـتە لێکۆڵەر هەنگاو لەوەوە هەڵبگرێت کە لە ناخی خۆیدا هەست بەبوونی پاڵنەرێکی ڕاسگۆیانە بکات کەمەبەستی بێت بەدوای لایەنی بەرژەوەندیدا بگەڕێت لەو بابەتەدا کە لێکۆڵینەوەی تێدا دەکات.
**لەکۆتاییشـــەوە**، چوونکە ئەو ئاکامەی کە پێی دەگات، مەبەســـتم ئەو حوکمەیە کە بەباشـــی دەزانێت، دەبێت حســـابی بۆ بەرژەوەندیی کردبێت و ڕەچاویشی کردبێت (یان لادانی زەرەر و زیانێك).
ئەم بنەمایە، بنەمای بەرژەوەندیی، ئەو پشتیوانەیە بوو کە هاوەڵان پشتیان پێدەبەســـت و جەختیشـــیان دەکردەوە لەســـەری لەجێبەجێ کردنیاندا بۆ شـەریعەت، هیچ جیاوازیی نەبوو لەوەدا کە ئایا دەقێك هەیە لەبارەی پرسە پەیوەندیدارەکەوە یان نییە.
ئەم نموونانەی خوارەوەش کە مشـــتێکن لەخەرمانێك، وێنەیەکی ڕوون و بەرچاومان دەدەنێ لەبارەی چۆنییەتیی پیادەکردنی هاوەڵانەوە بۆ پرۆســـەی جێبـەجێ کردنی شـــەریعـەت، بـەو پێیـەی ئێمـە دەیبینین، پیـادەکردنێکی ئیجتیهادییە و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی، پێگەی یەکەمی دەســـپێکردن و هەنگاوهەڵگرتنیەتی، ئەگەر لەیەکێك لە حاڵەتەکاندا بەرژەوەندیش دژ وەســـتابێتەوە لەگەڵ دەقێکدا، دەبینین بەرژەوەندییەکەیان لەبەرچاو گرتوە و ئیشـــیان پێکردوە و ئیشـــکردن و جێبەجێ کردنی گوزارەی دەقەکەیان دواخستووە، نموونەی ئەم چەشنە حاڵەتانە:
١- پێغەمبەر (ســـڵاوی لەســـەر) لەپەیوەندییەکانیدا لەگەڵ بەشـــەکانی تری دورگەی عەرەبییدا کەهاتبوونە ناو ئیسلامەوە و خەریکە بڵێین: پێش کۆچی دوایی خۆی، هەمووشیان هاتنە ناویەوە ، ئەوەی پەیڕەو و پیادە کردووە کە لەم سەردەمەدا پێی دەڵێین: ئۆتۆنۆمیی - ناناوەندییەتیی-.
ئەو شـوێنانەش کە خەڵکەکەی لەڕێگەی دەسبەسـەراگرتنی خاکەکەیانەوە، موســـڵمان دەبوون، وەك حیجاز و نەجد، پێغەمبەر کاربەدەســـتەکانی خۆی بەســـەریانەوە دادەنا، بەڵام شـــوێنەکانی تر هەر بەوەی ڕایان دەگەیاند

هاتوونەتە ناو ئیسلامەوە، ڕاستەوخۆ دانی دەنایەوە بە سەرۆك و حوکمڕانەکانیاندا و لەجێگەی خۆیاندا جێگیری دەکردنەوە.

بەو پێیەش کە زەکات تاکە ئەرکی فەرزکراوە کە دەکرێت بکرێتە پێوەرێکی کۆمەڵایەتیی سیاسیی بۆئەوەی بڕیاری مانەوەی ئەو کەسانە بدرێت و بزانرێت پابەندن بەئیسلامەوە یان نا، پێغەمبەر مەرجی دانی زەکات بەخۆی، لەسەر دانان. دانی زەکات لەم بوارەدا بێجگە لە واتا ئاییینی و کۆمەڵایەتییەکەی، هێمایەکیش بوو بۆ هەواداریی و پابەندیی سیاسیی.

بەو پێیەش کە زەکات هێمایەك بوو بۆ لایەنگریی و پابەندیی، زۆرێك لە سەرۆك و پیاوانی هۆزەکان، دانی زەکاتیان وەك (باجێك) سەیر دەکرد کە بەشێوەی تاکەکەسیی دەیدەن بە پێغەمبەر، وەك سەرۆکێك کە ئەمان ملکەچن بۆی، بۆیە کاتێك ئەبوبەکر بوو بە جێنشین، زۆربەیان ملیان پێ نەدا و ئامادەنەبوون زەکاتەکەی بدەنێ و بەڕوونیی ڕایان گەیاند کە ئەوان بەپێی گرێبەستێك لەنێوان خۆیان و پێغەمبەردا (سڵاوی لەسەر)، زەکاتیان پێداوە.

بەوپێیەی ئەم کەس و هۆزانە، هەرچەندە زەکاتیان نەدەدا بە ئەبوبەکر، بەڵام پابەندیی و بەردەوامبوونی خۆیان و باوەڕبوونیان بە ئیسلام ڕادەگەیاند، بەو هۆیەوە هەڵوێستەکەیان لەلایەن هاوەڵانەوە پرسیاری لەسەر درووست بوو: ئایا وەك هۆزەکانی تر کە بەسەرۆکایەتی سەرۆك هۆزەکانیان و لافلێدەرەکانی پێغەمبەرایەتیی، هەڵگەڕانەوە و پاشگەز بوونەوەی خۆیان ڕاگەیاندووە، ئەم هۆزانەی تریش کە تەنها زەکات نادەن بە ئەبوبەکر بە هەڵگەڕاوە دابنێن، یان حسابی جیاوازیان بۆ بکەن، بەو پێیەی کە بەردەوام پابەندبوونی خۆیان بە ئیسلامەوە ڕادەگەیاند؟

دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر ئەم بابەتە ڕاستەوخۆ یەکەم پرس و ئاستەنگ بوو لە بواری جێبەجێکردنی شەریعەتدا ڕوبەڕووی هاوەڵان بوویەوە. هەیانبوو دەیگوت: وەك کافرە هەڵگەڕاوەکان، جەنگیان لەگەڵدا ناکەین،

لەهەمان کاتدا هەشـــیانبوون دەیگوت: دەبێ جەنگیان لەگەڵدا بکەین و دەجەنگێین لەتەکیاندا.
عومەری کوڕی خەتاب لەوانەبوو کە نەجەنگانی لەگەڵیان بەباش دەزانیی، کەچی ئەبوبەکر لەگەڵ ڕاوبۆچوونەکەی تردا بوو. سـەرچاوەکان دەگێڕنەوە کە تاوتوێکردن و گفتوگۆ و بگرەوبەردەیەکی قوڵ و چڕیان پێکەوە کردووە لەبارەی ئەو بابەتەوە.
عومەری کوڕی خەتاب بەتوندیی هەوڵی داوە ڕێگە بگرێت لەبەرپاکردنی جەنگ دژیان و دەیگوت: (چۆن دەبێت بجەنگێین لەگەڵیاندا، لەکاتێکدا پێغەمبەر - ســـڵاوی لەســـەر - دەیگوت: فەرمانم پێ کراوە لەگەڵ ئەو خەڵکەدا بجەنگێم تا بڵێن: بێجگە لە خواوەند هیچ خوایەك شـــایســـتەی پەرســـتن نییە، ئەگەر ئەوەیان گوت، ئیتر خوێن و ماڵ و ســـامانیان پارێزراو دەبێت لەلایەن منەوە؟).
سـەرچاوەکان ئەوەش دەگێڕنەوە کە ئەبوبەکر بەرپەرچی عومەری داوەتەوە و گوتوویەتی: (ئایا پێغەمبەر لەدوای ئەوەشەوە نەی گوتووە: بەماف و حەقیی خۆی نەبێت، دەشـــزانین کە بەشـــێك لەو مافە، کردنی نوێژو و دانی زەکاتە)، پاشـــان گوتوویەتی: (سـوێند بەخوا ئەگەر سـەرەگوریسـێکیان دابێت بە پێغەمبەر و ئێسـتە نەیدەن بەمن، دەجەنگێم لەگەڵیاندا لەسەری). هەرواشی کرد.
بەو شـێوەیە دەبینین هاوەڵان لەئاسـتـ ئەم پرسـە تەواو مەترسـیدارەدا، خۆیان لەبەردەم دوو هەڵوێســتی جیاوازی تا ئاســتی دژبەیەك بوون، بینییەوە، هەریەك لەو دوو هەڵوێستەش بەڵگە و بیانووی خۆیان بەدەستەوە بوو:
**هەڵوێســتی یەکەم** تەنها لەگۆشـەنیگای ئایینەوە سـەیری پێشـهاتەکەی دەکرد: خەڵکەکە پابەندبوون و پەیوەسـت بوونی خۆیان بە ئیسـلامەوە ڕادەگەیاند، دەقی ڕوونیش هەیە لەم بارەیەوە و ئەو واتایە دەگەیەنێت کە: کوشتاریان ڕێگەپێدراو نییە.

**هەڵوێســـتی دووەمیش** تەنها لەگۆشـــەنیگای دەوڵەت و دەوڵەتدارییەوە دەیڕوانیە پرســـەکەوە: زەکات تەنها فەرزکراوێکی ئایینیی نەبوو کە مرۆڤ بتوانێت خۆی بیدات بە کەســـانی شـــایســـتەی ئەو بوارە کە قورئان دەســـنیشـــانی کردوون، بەڵکو زەکات بێجگە لەوەش، هێمایەك بوو بۆ پابەندیی و ملکەچیی ســـیاســـیی، بۆیە پێدانی ئەو زەکاتە بە ئەبوبەکر واتە: بەردەوامیی دانپێدانان بە ســـەرۆکی کۆمەڵە ئیســـلامییەکە (واتە: دەوڵەت)، لەکاتێکدا کە نەدانی زەکات واتای دانپێدانەنان و مل پێ نەدانی دەگەیاند.
سوربوونی ئەبوبەکر لەسەر ڕاوبۆچوونەکەی و ملدانی عومەریش بۆ بڕیاری خەلیفە و جێنشـــینی یەکەم، جەنگ لەگەڵ هەڵگەڕاوەکانی لێکەوتەوە، **بەوانەشەوە کە زەکاتیان نەدەدا بەئەبوبەکر. ئەبوبەکر سەرکەوت و یەکڕیزیی گێڕایەوە بۆ موسڵمانان و شکۆ و دەسەڵاتیشی گێڕایەوە بۆ دەوڵەت.**
عومەری کوڕی خەتاب بەدرێژایی سـەردەمی ئەبوبەکر، هەر سـەیری دەکرد و لەدەروونی خۆیدا بەراوردی دەکرد و دەیزانی هەر ئەوە ڕاس بوو کە ئەو بۆی چووبوو و شـــەڕکردن لەگەڵ زەکاتنەدەرەکاندا هەڵەبوو، واتە: جەنگان لەگەڵیاندا واجب و پێویســـت نەبوو. بۆیە دوای کۆچی دوایی ئەبوبەکر، کە دەســـەڵاتی گرتە دەســـت، خێرا دەســـتی کرد بە گێڕانەوەی شـــکۆ و پێگەی ئەوکەسانەی کە زەکاتیان نەدەدا و لەگەڵ ئەوەشدا پابەندی ئیسلام بوون، عومەر بڕیاری دا: (کچ و ژنە فڕێنراوەکانیان و ماڵ وسامانی تالانکراویان بۆ بگێڕێتەوە و زیندانیکراوەکانیان ئازاد بکات و دیلەکانشیان بەر بدات).
بەم شـــێوەیە جێنشـــینی دووەم عومەری کوڕی خەتاب، لەجێبەجێ کردنی شـــەریعەتدا گەڕایەوە ســـەر ئەو ئاراســـتەیەی کە لێکدانەوەکانی خۆی بۆی دەڕۆیشـــت و خۆی پێی باش و پەســـەند بوو، تەنانەت دوای ئەوەش، کە پێشـــتر ئەبوبەکر بەدیوەکەی تردا مامەڵەی لەگەڵ پرس و پێشـــهاتەکەدا کردبوو و دیدگاکـەی خۆی و هاوڕاکانی جێبەجێ کردبوو، کەچی نە هاوەڵان و نە کەســـی تریش هیچ دژوارییەکیان نەبینی لەو جیاوازییەدا لەبارەی جێبەجێ کردنی شەریعەتەوە لە بوار و پرسێکی دیاریکراویشدا.

چوونکە لەبابەتەکە باش تێگەشـــتبوون: ئەبوبەکر بەرژەوەندیی دەوڵەتی هەڵبژارد و زاڵکرد، کاتێك دەوڵەت هەڕەشـــەی لەســـەر بوو، بۆیە لەگەڵ زەکاتنەدەرەکاندا بەشەڕهات.
عومەریش کاتێك دەســـەڵاتی گرتە دەســـت، پایەکانی دەوڵەت جوان داکوترابوون و مەترســـیی لەســـەر نەمابوو، بۆیە وای بەباش زانیی و بەرژەوەندیی لەوەدا بینی کە شکۆی شکاوی هۆزەکان بگێڕێتەوە و بابەتەکە کۆتایی پێ بهێنێت و پەڕاوی ڕووداوەکە بەتەواویی دابخات، ئەوەش سازگار و گونجاو و چەشـــنێك لە ئاشـــت بوونەوە و دەســـلەملانکردن بوو لەگەڵ ئایینداو، واتە: ســـازگار کردنی هەلومەرجەکە لەگەڵ ئەو حەدیس و گێڕانەوەیەدا کە پێشـــتر بەڵگەی دەســـتی عومەر بوو لە بگرەوبەردە و گوفتوگۆکاندا لەبارەی جەنگ نەکردنەوە لەگەڵ زەکاتنەدەرەکاندا.
دەبینین لێرەدا جێبەجێ کردنی شـــەریعەت گەڕاوە و گۆڕاوە لەگەڵ گۆڕانی بەرژەوەندیدا. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە پێویســـت بێت شـــەریعەت بگۆڕێت لەگەڵ گۆڕانی بەرژەوەندییەکاندا، نەخێر.
شـــەریعەت چەسپاو و ڕەهایە، چوونکە لەخواوەندەوەیە، بەڵام بەو پێیەی مەبەستی یاساساز کە خواوەند خۆیەتی، برتییە لە دابینکردنی بەرژەوەندیی و لادانی زیانەکان، هەروەها بەو پێیەش کە بەرژەوەندیی و زیانەکانیش ڕێژەیین و بەپێی گۆڕانی هەلومەرجەکان ئەمانیش دەگۆڕێن، کەواتە: بابەتەکە واتای لەکارخســـتنی دەق ناگەیەنێت، بەڵکو تەنها دواخســـتنی جێبەجێکردنیەتی بەمەبەســـتی دەســـخســـتن و پەیبردن بە دیوێکی تری تێگەیشتن و لێکدانەوەی دەقەکە.
٢- لەو ڕێوشـــوێنانەش کە عومەری کوڕی خەتاب گرتنیەبەر و بەرژەوەندیی سەرخست بەسەر گۆکراوی دەقەکاندا، بریتیی بوو لەو بڕیارەی کە ڕێگەی گرت لەدابەش کردنی زەوییە کشتوکاڵییەکانی عێراق بەسەر جەنگاوەرەکاندا، لەجێی ئەوەدا باجی لەسەر دانان.

لێرەدا دەبینین جارێكی تر عومەری كوڕی خەتاب بەرژەوەندیی پێش دەخات بەسەر دەقدا، مەبەست بەرژەوەندیی موسڵمانانە لەداهاتوودا، بەسەر بەرژەوەندی چەندكەسێكدا لەئێستادا.
قورئان بە دەقێكی ڕوون ڕای گەیاندووە كە دەستكەوتەكانی جەنگ دابەش دەكرێت بەسەر ئەو سەربازانەدا كە لەپرۆسە سەربازییەكەدا بەشدار دەبن، ئیتر جیاوازیی نییە دەستكەوتەكان گوازراوەبن یان نەگوازراوە و جێگیر، وەك زەویی وزار و هەرچیی تر.
كاتێك موسڵمانەكان دەستیانگرت بەسەر زەویە بەپیتەكانی عێراقدا، بگرەوبەردەیەك لەناو هاوەڵاندا سەری هەڵدا لەوبارەیەوە، دەستەیەكیان وایان بەباش دەزانی بەپێی دەقە قورئانییەكە، شەریعەتی تێدا جێبەجێ بكەن، گەر بەوشێوەیەش بكرایە دەبوو زەویەكان دابەش بكرێن بەسەر جەنگاوەرە بەشدارەكان لەپرۆسەكەدا. بەڵام عومەری كوڕی خەتاب بەرژەوەندیی داهاتوو و نەوەكانی تریشی لەپێش چاوگرت و بە پرسیارێك ڕەخنەی لەو بۆچوونە گرت و گوتی: باشە ئەو موسڵمانانەی دواتر دێن كە دەبینن زەویەكان دابەشكراون و لەباوانەوە ماونەتەوە بۆ نەوەكان، ئەی ئەوان چیی بكەن؟ ئەم ڕاوبۆچوونە بەباش نازانم. عەبدوڕەحمانی كوڕی عەوف پێی گوت: ئەو ڕاوبۆچوونە چییەتی؟ مەگەر زەویی و بەراوەكان خواوەند نەیخستوونەتە بەردەستیان؟ عومەریش گوتی: (وایە كەتۆ دەیڵێیت، بەڵام من وای نابینم دابەشكردنیان باش بێت. سوێند بەخوا لەدوای منەوە وڵاتێك ناگیرێت كە ڕووبارێكی گەورەی تێدا بێت و بەپیت بێت، بەڵكو لەوانەیە دەستیش بەسەر هەرچیدا بگیرێت، ببێتە بار بەسەر موسڵمانانەوە. ئەگەر زەویی عێراق و شام بەدۆڵ و نشێو و هەموو ئەو شتانەشەوە كە تیایاندایە دابەش بكەم، ئیتر بەچیی سەنگەرەكان بپارێزرێت؟ هەروەها لەم وڵاتەدا و وڵاتانی تری وەك عێراق و شامدا، چیی دەمێنێتەوە بۆ منداڵان و بێوەژن و كەسە بێنەواكان؟).

قســـەو بگرە و بەردە، لەنێوان عومەر و ئەوانەدا کە داوای دابەشـــکردنی زەویەکانیان دەکرد و خۆیان بەخاوەن بەش دەزانی، تادەهات تینی دەسەند، عومەر ڕاوێژی بە هاوەڵان کرد، بەشێك لەوەی پێی گوتن ئەوەبوو کە گوتی: (ئەو ڕاوبۆچوونەم بۆ هاتووە کە دەسبگرم بەسەر زەویەکاندا و باجیان لەسەر دابنێم)، ئەو ڕووەی بەرژەوەندییەکە ڕۆشـن دەکاتەوە بەو شـێوەی کەخۆی بەباشـی دەزانێت، دواتر گوتی: (ئایا دەزانن ئەم سـەنگەرانە پێویسـتیان بە کەسانێك دەبێت بیانپارێزێت؟ خەڵکی ئەم شـــارە گەورانەی وەك شـــام و جەزیرە و کوفە و بەسـرە و میسـر پێویسـتە بەردەوام ئەم سـەنگەرانە و ئەم شـارانە بە پیاو پڕبکەنەوە و خۆراکیشـــیان بۆ دابین بکەن، گەر وانەکەین لە هێرشـــی پێچەوانەدا هەوادارانی کوفر دەگەڕێنەوە بۆ شارەکانیان. بۆیە ئەو هاوەڵانەی کە ڕاوێژی پێدەکردن گوتیان: ئێســـتا مەســـەلەکە ڕۆشـــن بوویەوە. بۆیە عومەر فەرمانی دەرکرد کە باج لەسەر زەویەکان دابنرێت) (١١) .

٣- قورئان لەنێوان ئەو چین و توێژانەدا کە شـــایســـتـەی زەکاتن، ناوی ئـەوانـەشـــی هێـناوە کـە دڵـنـەوایـیـان پێویســـتــە، [الْمُؤَلَّفَـه قُلُوبُهُمْ] (١٢). پێغەمبەریش (سڵاوی لەسـەر)، لەداهاتی زەکات، بەشـی هەندێك لەو گەورە پیاوانەی قورەشی دەدا کە تازە موسڵمان ببوون، تەنانەت برێك لەوکەسانە هێشـــتا باوەڕی تەواویان بە بنەماکانی ئیســـلام نەهێنابووء بەڵام بەمەســـتی سەرنج ڕاکێشان و دەسخستنی هەوادارییان یارمەتیی دەدان.

دەگێڕنەوە گوتوویەتی: (ئەگەر بەشـی ئەو پیاوە و خەڵکی تریش بدەم، بۆئەوەیە دڵی ڕاگرم و سەرنجی ڕاکێشم).

کاتێکیش ئەبووبەکر جێنشـینیی گرتەدەس، شـوێن پێی پێغەمبەری هەڵگرت و وەڵامی داخوازیی دوو پیاو لەو کەســـانەی دایەوە کە پێویســـتە دڵنەوایی بکرێن و پارچە زەوییەکی بۆ جیاکردنەوە و پێی بەخشـین. کە عومەر بەمەی زانیی هـەڵچوونێکی خراپ هـەڵچوو و پێی گوتن:(کاتێك پێغـەمبەر - سـڵاوی لەسەر-، دڵنەوایی ئێوەی دەکرد ئیسلام کەم و لاواز بوو، خواوەند ئیسلامی بێنیاز کرد،

بڕۆن هەوڵی خۆتان بدەن، خوا دەسـبەباڵتانەوە نەگرێت گەر دەسـت پان بکەنەوە لە خەڵك).
دەبینین ئەبوبەکر لەم پێشهاتەدا بۆ جێبەجێ کردنی شەریعەت، بەپێی دەقە قورئانیەکە و ڕەویە و شـێوازی پێغەمبەر کاری کردووە، بەڵام عومەر وای بۆ چووە ئـەو دۆخ و هـەلومەرجـەی کـە وای دەخواسـت بـەو شـێوەیـە هەڵسـوکەوت بکرێت لەگەڵ ئەو کەسـانەدا، هەلومەرجەکە گۆڕاوە بە بارێکی تردا، چوونکە ئیسـلام بەهێز بووە و پێویسـتی بە مەرایی و دڵنەوایی کەس نەماوە.
نابێت ئەم کار و لێکدانەوەیەی عومەر والێك بدرێتەوە گوایا دەقی لەکار خسـتووە، بەڵکو پێویسـتە لەم پرسـەدا وا سـەیری کار و لێکدانەوەکەی بکرێت، کە گەڕاوەتەوە بۆ سـەر ئەو بنەمایەی، دەکرێت بە: (بەرژەوەندیی، بنەڕەتی هەموو شـێکە) ناوی ببەین، کە دواجار دەبێتە یارمەتیدەر بۆ کەم کرنـەوەی نـاسـۆرەکانی دەسـکورت و هـەژاران، بـەرژەوەنـدیی لاوەکیش پشـتگوێ خراوە، مـەبـەسـم دڵنـەوایی کـەسـانێکی دیـاریکراوە، کـە بەرژەوەندییەکی کاتیی بوو و ئێستا کاریگەریی نەماوە.
٤- لەو پرس و بابەتانەش کە هاوەڵان لە جێبەجێکردنی شـەریعەتدا، بەپێی ڕەچاو کردنی هەلومەرج و خۆقەتیس نەکردن لە دەقدا، بەمەبەسـتەوە ڕوویان تێ دەکرد، پرس و بابەتی بڕینی دەستی دز بوو .
نموونەی ئەم کارانەش ئەو کار و بڕیارە بەناوبانگەی عومەری کوڕی خەتابە لەو ساڵەدا کە بە (ساڵی برسییەتیی) ناسراوە، بڕیاریدا بەهۆی برسییەتییەوە دەستی دز نەبڕرێت.
دەگێڕنەوە چەن نەوجەوانێك وشـتری پیاوێك دەدزن، پیاوەکەش لەلای عومەر شـکاتیان لێ دەکات، عومەریش گەورە و سـەرپەرشـتیاری نەوجەوانەکان بانگ دەکات و پێی دەڵێت: (واهەسـت دەکەم منداڵەکانت باش بەخێو ناکەیت و برسییان دەکەیت). پاشان پرسیاری کرد لە خاوەنی وشترەکە:

نرخی وشـــترەکەت چەندە؟ فەرمانی کرد بەگەورەی نەوجەوانەکان تا ئەو نرخە بدات بە خاوەنی وشترەکە و وازی لە نەوجەوانەکان هێنا.
پاشـــان بەســـەرپەرشـــتی نەوجەوانەکانی گوت: ئەگەر نەمزانیبا تۆ کاریان پێدەکەیت و برسیشـیان دەکەیت تا ناچاربن دەس بۆ حەرام ببەن، وازم لێ نەدەهێنان و بەســزای خۆیانم دەگەیاندن. بەڵام ســوێند بەخوایەتیی خواوەند گەر هەروا پشــتگوێیان بخەیت، ســزایەکت دەدەم ئێش بە دڵت بگەیەنێت.
هەرلەم بارەیەوە دەگێڕنەوە، ئیبنوعەباســیش هەمان شــتی کردووە، کاتێك کۆیلەیەکیان بردووەتە بەردەســتی کە گوێدرێژێکی دزیوە و ســەری بڕیوە، کۆیلەکە گوتوویەتی: (هێندەم برسیم بوو، ترسم لێ نیشت لەبرساندا بمرم)، بەبێ هیچ ســزایەك وازی لە کۆیلەکە هێناوە و فەرمانی کردووە بە خاوەنەکەی نرخی گوێدرێژەکە بدات.
هەروەها گێڕاویانەتەوە کە عومەری کوڕی خەتاب لەبارەی پیاوێکەوە کە دزیی لە بەیتولماڵ و خەزێنەی گشتیی کردووە، گوتوویەتی: (دەستی نابڕرێت، چوونکە بەشــی ئەویشــی تێدایە)، هەروەها لەبارەی کۆیلەیەکەوە کە ئاوێنەی ژنی خــاوەنــەکــەی خۆی دزیوە، عومـەر گوتوویـەتی: (دەســـتی نـابڕدرێت، خزمەتکاری خۆتانە و شتێکی لێ دزیون).
٥ــ هەر لەم بابەتە لە پێغەمبەرەوە گێڕراوەتەوە گوتوویەتی: (لەکاتی سەفەر و کاروانیکردندا دەستی دزەکان نابڕێت)، گوتراوە: (لەکاتی جەنگیشدا).
لەزەیدی کوڕی ســـابتەوە گێڕراوەتەوە گوتوویەتی: (لە گۆڕەپانی جنگەکاندا ســزاکان جێبەجێ ناکرێن، چوونکە مەترســیی ئەوە هەیە کەســە تاوانکارەکان ڕابکەنە بەرەی دوژمنەوە).
لـەحوزەیفـەشـــەوە گێڕراوەتـەوە، ڕێگریی کردووە لـەوەی ســـزای مـەی خواردنەوە جێبەجێ بکرێت بەســـەر هیچ فەرماندەیەك لە فەرماندەکانی ســـوپادا، لەبەر مەترســـیی ئەوەی نەوەك دوژمن ئەو حاڵەتە لەبەرژەوەندیی خۆی بقۆزێتەوە و بەکاری بێنێت. ئەمە ئەو شـــتەیە کە فیقهزانەکان ناویان

ناوە: (دواخستنی سزا بەهۆی پێشهاتێکەوە). نموونەی ئەم چەشنە دواخستنانە: دواخستنی سزای ئافرەتی دووگیان و ئافرەتی شیردەر و لەکاتی نەخۆشیی و گەرما و ســەرمادا، چوونکە جێبەجێ کردنی شــەریعەت بە ڕاپەڕاندنی ئەم سزایانە، لەو چەشنە هەلومەرجەدا (مەبەستمان هەلومەرجی دووگیانیی و شیردان و نەخۆشیی و گەرما و سەرمایە)، دەبێتە هۆی زەحمەتدانی کەسە تاوانکارەکە بەزەحمەتێك کە لەدەرەوەی ئەســڵی ســزاکەیدایە. ئەســڵ و بناغەش لێرەدا: ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی تاوانکارەکایە.

بەم شــێوەیە دەبینین لە جێبەجێ کردنی شــەریعەتدا، پێویســتە هەمیشــە بەرژەوەندیی و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی، ئامادەییان هەبێت و بەپلەی یەکەم حسابیان بۆبکرێت.

٦- سەبارەت بە کەسێکیش کە مەی دەخواتەوە، سزا و سنوور و حەددێکی دیاریکراوی لەبارەوە دانەبەزیوە، کاتێك مەیخۆرێکیان هێنایە لای و پێغەمبەر و گوتی بەو کەسانەی کە لەگەڵ مەیخۆرەکەدا بوون: لێی بدەن، هەیان بوو بەدەســتیی و هەشــیانبوو بە پۆشــاکەکەی بەری و نەعلەکانی پێی لێی دەدا. کەکابرای مەیخۆر ڕۆشـــت، هەندێ لەئامادەبووان هاواریان لێ دەکرد و دەیانگوت: (خوا ســەرشــۆڕت کات)، پێغەمبەر (ســڵاوی لەســەر)، بەرپەرچی دانەوە و گوتی: (وامەڵێن، هان و یارمەتیی شەیتان مەدەن بەسەریدا).

پرســی ســزادانی مەیخۆر لە جێبەجێکردنی شــەریعەتدا، هەربەو شــێوەیە دەڕۆیشــت، مەبەســتم ئەوەیە هەر ئەو ســەرزەنشــت و لێدانە بوو، بەبێ دەســنیشــان کردنی ژمارەی لێدانەکان، تا لە ســەردەمی عومەری کوڕی خەتابدا ڕووداوێك ڕوویدا، خالیدی کوڕی وەلید فەرماندەیەکی ســەربازیی ناردە لای خەلیفە عومەر و ســکاڵای ئەوەی لا کرد کەخەڵك ســەریان کردووەتە مەی خواردنەوە و گاڵتەشیان بەو سزایەدێت (واتە: تەنها لێدانەکە)، عومەریش ڕاوێژی بەهاوەڵان کرد، عەلی کوڕی ئەبوتالب گوتی: (پیاو کەسەرخۆش و مەست بوو، قسەی بێسەروبەر دەکات، کە قسەی بێسەروبەریشی

کرد بوختانیش بۆ خەڵك دەکات و درۆش دەکات، کەسی بوختانچیی و درۆهەڵبەسیش سزای هەشتا قامچیە).
عومەریش گوتی: (کەواتە وەك کەسی بوختانچیی هەشتا قامچیی لێ دەدرێت).
ئیتر بەو شێوەیە کاتێك خواردنەوەی مەی بەربڵاو نەبوو، بڕی سزاکەشی کەم بوو، بەڵام کاتێك پەرەی سەند و خەریك بوو هەڕەشەی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکرد و ڕۆژبەڕۆژ ئاژاوە زیادی دەکرد، ئەوانیش سزاکەیان زیاتر کرد. چوونکە لادانی زەرەروزیان وای دەخواست.
٧- هەر لەو نموونانە پرس و بابەتی خواستنی کچانی پەیڕەوانی کتێبە ئاسمانییەکان (زواج بنات أهل الكتاب)، لەجوولەکە و گاورەکان، ئەمە کارێکە قورئان ڕێگەی پێداوە و بەڕەوای بینیوە. بەڵام چەند ڕووداوێك وایان کرد عومەری کوڕی خەتاب هەستێت بە قەدەغەکردنی (نەك حەرام کردنی) .
دەگێڕنەوە حوزەیفە، کچە جولەکەیەکی خواستووە، کە عومەری جێنشین بەمە دەزانێت، نامەی دەکاتەسەر و داوای لێ دەکات وازی لێ بێنێت.
حوزەیفەش پرسیاری لەعومەر کرد، بۆچی وازی لێ بێنێت لەکاتێکدا بەدەقی قورئان ئەوکارە ڕێگە پێدراوە، عومەر پێی دەڵێت: (ترسی ئەوەم هەیە سەربکەنە ئافرەتە خراپەکارنیشیان). لەگێڕانەوەیەکی تریشدا هاتووە، گوتوویەتی: (ترسی ئەوەم هەیە موسڵمانان چاوت لێ بکەن و لەبەر جوانییان تەنها کچانی - أهلُ الذِّمَة - بخوازن، هەر ئەمە بەسە بۆ سەرلێشێواندنی ژنانی موسڵمان).
عومەر لەم پرسەدا خۆی بواردووە لەجێبەجێ کردنی وشك و بێرۆحی دەقەکان و گرنگی بە بناغەی بابەتەکە داوە، کەبریتیی بووە لە لادانی زەرەر و زیان. لەکاتێکدا لەم بوارەدا هێشتا زیانەکە نەکەوتووە و ڕووی نەداوە، واتە: پێشبینیی کردووە ڕوو بدات، بەڵام نزیکیی ڕوودانی مەترسیەکە بەس بووە بۆ ئەوەی بڕیار بدات بۆ پێشگیریی لە ڕوودانی، بەتایبەت ئەو سەردەمە، سەردەمی ئەوەبوو، زۆربەی پیاو و پێگەیشتووان لەبەرەکانی جەنگ و ئاراستەکانی دەسبەسەراگرتنی وڵاتاندا بوون.

کاتێك هەلومەرجەکە گۆڕا، موسـڵمانان گەڕانەوە سـەر دۆخی ئاسـایی و مەترسـیی زیانی خواسـتنیی ژنان و کچانی پەیڕەوانی پەڕاوەکانی تر کەم و لاواز بوو، جارێکی تر ئاوڕیان دایەوە بەلای دەقەکەدا.

ئەمانە چەند نموونەیەك بوون (لە جێبەجێ کردنی شـەریعەت)، لەسـەردەمی هاوەڵاندا، هەمووشـیان بەڵگەن لەسـەر ئەوەی کە هاوەڵان لە گۆشـەنیگای لێکەوتەکانی بەرژەوەندیی و زەرەروزیان. المَصْلَحَة و المَضَرَّة. ەوە ڕوانیویانەتە پرسی جێبەجێ کردنەوە.

**جوەینیی** پێشـەوای دوو مەزارگە کە (کەعبە و مزگەوتی پێگەمبەر)، دەڵێت: (ئەگەر لاپەڕەی ڕووداوەکانی سـەردەمی هاوەڵان - خوا لێیان ڕازی بێت - هەڵدەینەوە، کە ئەوان پێشـەنگ و ڕابەر بوون لە دەربڕینی ڕاوسـەرنجدا، نابینین یەکێکیان لە کۆنیشـتەکانی ڕاوێژکردن و ڕاگۆڕینەوەدا ڕێخۆشـکەریی کردبێت بۆ بنەمایەك و بەدوای واتایەکدا گەڕابێت و دواتر پێشـهاتەکەی بەردەسـتی لەسـەر ئەوە بونیاد نابێت - وەك ئەوەی کە فیقهزانەکان دەیکەن لە بەراوردکارییەکەیاندا -، بەڵکو دەبینین چوونەتە قوڵایی ڕاوبۆچوونەکانەوە، بەبێ ئاوڕدانەوە بەلای بنەما و بناغەکاندا، ئیتر لەو دەمەدا بنەما، بووبن یان نەبووبن)، مەبەسـتی لە بنەماو بناغە، ئەو بنەمایانەیە کە فیقهزانەکان دایانڕشتن بۆ مەزەب و بۆچوونەکانیان.

هەروەها دەڵێت: (هاوەڵانی پەیامهێن - سـڵاوی لەسـەر -، لەدەسـنیشـان کردنی بنەمایەکدا و گرنگیدان بە هەڵێنجانی حوکمێك لەو بنەمایەدا، وەك شێوازی ئەوانەیان نەدەکرد کە درێژەیان دەدا بەقسـە و دەمەدەمێ و بێنەوبەرە، وەك لەو سـەردەمەدا کەسانی وا هەبوون، یان وەك ئەوەی لەدابونەریتی هۆزێکدا باو بوو و دەبوو پەیڕەویی لێ بکرێت، بەڵکو لە کۆنیشتەکانی ڕاگۆڕینەوە و ڕاوێژیاندا حوکمەکانیان دەبەستەوە بە بەرژەوەندییە سەرەکییەکانەوە).

**بەرژەوەندییە گشـتییەکان** تاکە بنەمابوو هاوەڵان پشـتیان پێدەبەسـتن و لەجێبەجێ کردنی شـەریعەتدا ڕەچاویان دەکردن. کاتێك فیقهیش لەڕووی تیۆرییەوە گەشـەی کرد تا وای لێهات لەسـەرخۆ ڕووداوە واقعیەکانی جێدەهێشـت و قسـەی لە شـتانێك دەکرد کە ئەگەری ڕوودانیان چاوەڕوان

کراو بوو، واتە: گەشەی کرد بەرەو بواری ئەگەرەکان و دانانی گریمانە و ئەو شتانەی کە دەکرێت لەڕووی خەیاڵاتەوە بیریان لێ بکرێتەوە، فیقهزانەکان بەمەبەستەوە ڕوویان لەدانانی چەن بنەمایەك کرد، بۆئەوەی لەڕێگەیانەوە دەست بگرن بەسەر بۆچوونە فیقهییەکاندا و لقەکانیش بەدەوری ئەو بنەمایانەدا ڕێك بخەن، واتە: وردەکارییەکان، چ وردەکاریی واقعیی و بەرجەستە بن، یان ئەوانەی کە لە جیهانی خەیاڵ و زەیندان.
پاشان پرۆسەکە گەشەی کرد، تاوای لێهات هەندێ لەو لق و وردەکاریانە بوونە بنەما بۆ چەن لق و وردەکارییەکی تر و هەروەها... ئەمەش هەمووی . مەبەستم واقعیی و خەیاڵاتەکەیە - لەژێر کاریگەریی و هەژموونی ئەو هەلومەرجەدا بوون کە لەو سەردەمەدا زاڵ و باو بوو، هەموو هەلومەرجەکانیش لەیەك نزیك و لێکچوو بوون.
بەڵام ئەمڕۆ، هەلومەرجە ئابوریی و کۆمەڵایەتییەکان گەشەیان کردووە، گەشەکردنێك، وایان کردووە لە ژیانی ئەم سەردەمە، بەتەواوەتی جیاواز بێت لەژیانی ڕابوردوو، بۆیە جێبەجێ کردنی شەریعەت لەم سەردەمەدا پێویستی بەوەیە جارێکی تر بنەماکان ببەینەوە سەر بنەوانە بنەڕەتییەکان، بەرەچاوکردن و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە گشتییەکە، وەك چۆن هاوەڵان وایان دەکرد. بەواتایەکی تر، جێبەجێ کردنی شەریعەت، جێبەجێ کردنێك کە گونجاو و شیاو بێت لەگەڵ سەردەم و هەلومەرج و گەشەسەندنەکانیدا، دەخوازێت جارێکی تر سەرلەنوێ مەرجەعیەتی جێبەجێ کردنی شەریعەت دارێژینەوە، تاکە مەرجەعیەتیش کە پێویستە لەسەرووی هەموو مەرجەعیەتەکانەوە بێت، بریتییە لە کرداری هاوەڵان.
کرداری هاوەڵانیش تاکە مەرجەعییەتە کە دەتوانێت هەموو موسڵمانان کۆبکاتەوە لەسەر یەك ڕاوبۆچوون، چوونکە پێش دامەزراندنی هەموو مەزەب و ئاینزاکان و پێش سەرهەڵدانی هەموو ناکۆکییەکانیش بووە و گونجاویشە بۆ هەموو سەردەم و سەرزەمینێك، چوونکە لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە سەرەکییەکە بونیات نراوە .

## پەراوێزەکانی پێشەکیی

(١) قورئانی پیرۆز، سورەتی آل عمران ئایەتی ١١٠.
(٢) هەمان سەرچاوە سورەتی النساء ئایەتی ٥٩.
(٣) سەیری: (محمد عابد الجابري، **العقل السياسي العربي**: محدداته وتجلياته، نقد العقل العربي: بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية، ١٩٩٠، القسم ١: محددات، الفصل ٤: من الرِّدة إلى الفتنة: القبيلة) بکە.
(٤) سەیری هەمان سەرچاوە بکە، دەروازەی ١، بەشی ٤، برگەی٣.
(٥) قورئانی پیرۆز، سورەتی الحشر، ئایەتی ٧.
(٦) هەمان سەرچاوە، سورەتی آل عمران، ئایەتی ١٤٠.
(٧) سەیری درێژەی ئەم بابەتە بکە لە: أبوالفتح محمد بن عبدالكريم الشهرستانى، **نهايةُ الإقدام فى علم الكلام**، وأبوالفضل عبدالرحمن بن أحمد عضدالدين الإيجى، المواقف.
(٨) هەمان سەرچاوە.
(٩) قورئانی پیرۆز، سورەتی البقرة، ئایەتی ١٢٥.
(١٠) سەیری درێژەی ئەم بابەتە بکە لە: جلال الدين عبدالرحمن بن أبي بكر السيوطي، **ألإتقان في علوم القرآن**.
(١١) سەیری: يعقوب بن إبراهيم أبو يوسف، **كتاب الخَراج، لاپەرە ١٤**، بکە.
(١٢) قورئانی پیرۆز، سورەتی التوبة، ئایەتی ٦٠.

# بەشی یەکەم
## پرسی ئایین و دەوڵەت

## ١. ئایین و دەوڵەت... لە مەرجەعیيەتی کەلەپووریيدا

### أ. پرسی ڕاپەڕاندنی حوکمەکان

**...ڕاســتە لەوانەیە بتوانیت قەناعەت بە کەســێك بکەیت کە تەنها لەناو مەرجەعیيەتە کەلەپوریيەکەدا بیر دەکاتەوە، ڕازیی بکەیت کە ئەم پرسە، نە پەیوەندیی بەدامەزراندنی دەوڵەتێکی بێباوەڕەوە هەیە و، نە مۆرکی ئیسلامیی بوونیش لـە کۆمـەڵگە دادەماڵێت، دەکرێت قورســترین ســوێندی بۆ بخۆیت مەبەســتت نەئەمەیە و نەئەوەشــە، تەنها ئەوەندەیە بڵێیت: (خوا زاناترە) و بێدەنگ دەبێت.**

**بەڵام هەرگیز ناتوانی قەناعەتی پێ بکەیت کە (جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت)، مانای دوورخستنەوە و بێبەش کردنی ئیسلام نییە لە (دەسەڵات)، دەسەڵاتێك کە پێویستە ڕاپەڕاندنی حوکمەکانی لەدەستدا بێت.**

**کەواتە: پێویســتە لەوەوە دەس پێ بکەین، جیاوازیی نێوان: دەســەڵاتی ڕاپەڕێنەر و جێبەجێکاری حوکمە شـەرعیەکان و، ئەو دەستە کۆمەڵایەتییەی کە پێی دەگوترێت: (دەوڵەت)، ڕوون بکەینەوە...**

هیچ شـتێك وەك پرسـیارە بێ بنەما و سـاختەکان، بەرچاوی مرۆڤ تەڵخ ناکات و سـەرگەردانیی و سـەرلێ شـێوانی هزریی و فیکریی بۆ درووسـت ناکات.

پرســیاری بێبنەما و ســاختەش ئەوانەن: وەك پرســیارەکانی منداڵان، پرسیارگەلێك کە چەند گرفت و دژوارییەکی بێ بنەما و ساختە دەوروژێنن، گوایا گرفت و دژواریی ڕاستیی و حەقیقین.

مەترســیی پرســیاری ســاختە لەوەدایە کە بەدوای وەڵامێکی ســاختەدا دەگـەڕێـت تـا لـەوێوە دژوارییـەك یـان چـەن دژواریی و گرفتێکی تری پێ بوروژێنێت.

چوونکە هـەموو پرسـیارێك کـە دەکرێـت، لـەگـەڵ خۆیـدا پرۆژەوەڵامێك هەڵدەگرێت. کاتێك پرســیارەکەش لە داڕشــتەیەکی دووانەیی بەرانبەر بەیەکدا دەخرێتە ڕوو، وەك: (ئایا ئیســلام ئایینە یان دەوڵەتە؟)، ئەوکات

پرسیارلێکراوەکە و لەوێشەوە بیر و پرۆسەی بیرکردنەوەش، دەخاتە بەردەم دابەش بوونێکی لۆژیکیی دوانەیی گەمارۆ دراوی ئەوتۆوە، کە یەکێك لەم دوو بژاردەیە دەسەپێنێت، یان: (ئیسلام ئایینێکە بەبێ دەوڵەت)، یان: (ئیسلام ئایین و دەوڵەتیشە). بەڵام گریمانەی سێەم کە بریتییە لە: (ئیسلام دەوڵەتە نەك ئایین)، لەئارادا نییە، چوونکە ئیسلام بەوپێیەی کەناسێنراوە، ئایینە.

هەروەها پرسیاری ساختە ئەو پرسیارانەن کە زۆربەی کات دژواریی و گرفتەکەیان لە واقع و هەلومەرجی ئێستەی ژیانەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو لە بیرێکی خەیاڵپلاویەوە یان بیرێکی پاکتاوکراوی سەرووی دونیای مادییەوە، سەرچاوە دەگرن و تەعبیر لەو دەکەن، یان لەبوارێکی دیاریکراودا گرفتێك دەخەنە ڕوو، کە ناواخنی گرفت و پرسیارەکەی لە هەلومەرجێکی ترەوە هەڵگۆزیوە.

ئەو دوالیزمەیەش کە ئێمە بەدوایەوەین و دەمانەوێت باسی لێوە بکەین، بریتییە لە دوالیزمەی: ئایین و دەوڵەت لەبیری عەرەبیی نوێدا، کە ئەویش لەم چەشنەی کۆتایی گرفتەکانە. چوونکە پرسیاری: (ئایا ئیسلام ئایینە یان دەوڵەت)، پرسیارێکە هەرگیز لەسەردەمی کۆندا و تا سەرەتای سەدەی ڕابوردووش، نەکراوە و لە کەس نەبیسراوە، بەڵکو یەکەم جار لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابوردووەوە بە ناوەڕۆکێکەوە کە پەیوەست نەبوو بە کەلەپووری ئیسلامییەوە، کرا و خرایەڕوو، ناوەڕۆکێکی بووژێنەرەوەی - نَهْضَوي - ئەوتۆ کە ڕەگوریشە و لەقوپۆپەکەشی لەنموونە ژیارییە ئەورووپیەکەوە بوون، ئەو ژیارەی کە تائێستاش عەرەبەکان بەئاواتەوەن لە وڵاتەکانیاندا بیهێننەدیی و بەرپای بکەن، بەتایبەت ئەو بەشەی کە پەیوەندیی هەیە بە پێشکەوتن و بووژانەوە و ژیانەوەوە.

گرفت و دژوارییەکان ناگوێزرێنەوە و گواسنەوە پەسەند ناکەن، مەگەر تەنها لە حاڵەتێکدا کە ئەو شوێنەی گرفتەکەی بۆ دەگوێزێتەوە چەشنێك لە ئامادەیی ئەوتۆی تێدابێت، ڕێگەخۆشکەر بێت بۆ گواستنەوەی گرفتەکە، بەو واتایەی کە هەوڵ و جێکەوتە دەرەکییەکان کاریگەرییەکی ئەوتۆیان

نابێت ئەگەر ئامەدەییەکی ناوخۆیی پێشـــوەخت لە ئارادا نەبێت. لەگەڵ ئەوەشـدا و لەم حاڵەتەشـدا، ئەگەر زەمینەسـازییەکی تەواوی بۆ نەکرابێت، دژوارییە گوازراوەکە بەنامۆیی دەمێنێتەوە و دەبێتە هۆی ســـەرهەڵدانی چەندین ڕوبەڕوو بوونەوە و پێکداپژان لەناوخۆی ئەو شـــوێنەدا کە بۆی گوێزراوەتەوە.

گرفتی پەیوەندیی ئایین و دەوڵەتیش وەك ئەوەی کە لە سـەدەی ڕابوردوو و ســـەرەتای ئەم ســـەدەیەوە گوازرایەوە بۆ بوارە عەرەبییەکە، ئەویش هەر زەمینەســـازیی پێویســـتی بۆ نەکرا لە هەلومەرج و بواری هزریی و ژیاریی کۆمەڵە عەرەبییەکاندا، تا گواستنەوەکە بە کرداریی بتوانێت وەڵامدەرەوەی خواســـت و ئاواتەکانی بێت، نەك ئاوێنەی باڵانمای خواســـت و ئاواتەکانی هەلومەرجە ئەوروپیەکە بێت کە لێیەوە گوازراوەتەوە.

کەواتە لەمەودوا هەوڵ دەدەین لە تەڵە و داوەکانی پرســـیاری ســـاختە و بێبنەما خۆمان لابدەین، ئەویش بەوەی بیخەینەوە جێگەی شـــیاوی خۆی لە بواری پرســـیارکردندا، تا ئەگەر لە ڕەگەزەکانی ســـاختەبوون دامانماڵیی، ئەوکات دەتوانین بەشـــێوەیەك بیخەینەڕوو و بیپرســـین کە بتوانێت باس و تەعبیر لە هەلومەرجی ژیان و واقعە عەرەبییەکە بکات: باس لە پێدراو و بەخششەکانی ڕابوردووی و خواست و ئاواتەکانی ئێستە و داهاتووی بکات.

لەپێناو ئەم مەبەستەدا، بابەتەکە لەڕێگەی چوار قۆناغەوە تاوتوێ دەکەین، لە هەریەك لەو قۆناغانەشـــدا ئاســـتێك لە ئاســـتەکانی دژوارییەکە، وەك ئـەوەی کـە لـە بیری عـەرەبیی هـاوچـەرخـدا خراوەتـەڕوو و دەخرێتـەڕوو، دەخـەینەڕوو: **یەکەم جار** ســـەرنج دەدەین لەوەی کەپێویســـتە لە ناو مەرجەعیەتە کەلەپووریەکەدا، بابەت و پرسەکە چۆن بخەینەڕوو، تا بشێت لەهەمان ئەو مەرجەعییەت و بنەوانەوە وەڵامێکی هەبێت، **دووەم** دەست دەکەین بەشـــیکاری ئەو ڕەگەزانەی کە دەکرێت بەهۆیانەوە ئەو وەڵامە دیاریی بکەین کە مەرجەعیەتەکە دەماندات.

**جاری سـێیەمیش** سـەیری چۆنیەتیی خسـتنەڕووی دژواریی و گرفتەکە دەکەین لە مەرجەعیەتی بووژانەوەی - النَهْضَوي - عەرەبیی تازە و هاوچەرخەوە، **دواجار** قسـە لەسـەر پەیوەندیی پرسـەکە دەکەین بە هەلومەرجی ژیانی ئێستا و ئاسۆکانی داهاتووی کۆمەڵگە عەرەبییەکانەوە.

**دەست پێدەکەین بە خستنەڕووی پرسەکە لەسەر ئاستی یەکەم**

ئاشـکرایە کە لێرەدا نامانەوێت شـیکارێکی ئەکادیمی ئەنجام بدەین، بەڵکو ئامانجمان تەنها دانانی چوارچێوەیەکە ڕێگەمان پێ بدات بە دابینکردنی لانیکەمی تێگەیشتن و تێگەیاندن و لەیەك تێگەیشتن، چوونکە قەناعەتمان وایە گرنگترین کۆسـپ و ئاسـتەنگەکانی بەردەم لێك نزیك بوونەوە و لەیەك تێگەیشـتنی نێوان تەوژمەکانی بیری عەرەبیی هاوچەرخ، داخران و قەتیسـمانی توند و دەسـپێوەگرتنی ڕەهای هەریەکەیانە لەناو مەرجەعیەتەکەیدا و نکوڵیی کردن و دان پێدانەنانی هەریەکەیانە بەغەیری خۆیاندا، بە نەزانین یان بە خۆگێل کردن، یان بەوەی کە بە پۆلێنکردینێکی ئایدیۆلۆجیی، پۆلێنی یەکتر دەکەن، بەو واتایەی کە ئایدیۆلۆجیا بریتییە لە (بۆچوونەکانی ڕکابەرەکەم).

مەرجەعیەتی کەلەپووریی لە بابەتی (ئایین و دەوڵەت) دا، لە مێژووی ئیسلامیی سیاسیی فیکریی، بەتایبەت بەشە فەرمییەکەی، هەرلەسەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامەوە تا سەرەتاکانی سەدەی ڕابوردوو پێك دێت، ئەو کاتەی کە ئیسـلام تیایدا جیهانێکی ژیاریی ئەوتۆ بوو کەخۆی بەخۆی ڕادەگەیشـت، هیچ گرفتێکی نەبوو بێجگە لەو گرفتانەی کە لەناوخۆی خۆیدا هەیبوون و هەر لەناوخۆی خۆشـیدا چەن چارەسـەرێکی بۆیان دەدۆزییەوە.

ئەم جیهانە (داخراوە) سـەربەخۆیە، هێندە پانوبەرینە، هەموو گرفت و کێشـەکانی لەخۆدەگرێت و بەهۆی بەخشـشـەکانیشـیەوە بەشـێکی زۆر لە ڕۆشـنبیرانی نیشـتیمانی عەرەبیی لەناوخۆیەوە بیردەکەنەوە، نەك هەر مەلا و زاناکان بەتەنها، بەڵکو لاوان و ڕۆشنبیرانیش.

بنەڕەتی دامەزرێنەر و كاریگەر بەسەر ئاراستەكردنی ئەو مەرجەعییەتەوە ئەوە بوو كە: هەرچی لەبەرانبەر ئیسلامەوە دانرا و قنج كرایەوە دژی، ئەوە ئەو شتە لەئیسلام نییە.
سەبارەت بەو دوالیزمەیەش كە لێرەدا مەبەستمانە، دوانەیی ئایین و دەوڵەت، ئەگەر بەواتا و مەبەستە بنەڕەتیە ئەوروپیەكەی خۆی بخرێتەڕوو، كە مەبەستی جیاكردنەوە و دابڕینی ئایینە لە دەوڵەت، ئەگەر بەم واتایەوە لەناو ئەو مەرجەعیەتە كەلەپوریەماندا بخرێتەڕوو، ئەوكات ئەو خستنەڕووە والێك دەدرێتەوە كە (دژایەتی كردن و دەسدرێژیی كردنە بۆسەر ئیسلام) و هەوڵێكی ئاشكرایە بۆ (لەناوبردنی) ئیسلام.
**بۆچی؟**
بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە بە وەڵامێكی بەرهەمدار، پێویستە خۆمان بەدوور بگرین لەو تۆمەتە ئامادەكراو و خۆڕاییانەی وەك: تۆمەتباركردن بە دەمارگیریی و بیرتەسكیی... تاد.، كە زیانیان لە سوودیان زۆرترە، بێجگە لەوەی كە سەرچاوە لە تێنەگەشتنەوە یان لانی كەم لە حاڵیی نەبوونەوە دەگرن، لەو ڕێكارانەی كە دیاریی كراون بۆ بیركردنەوەی ئەو كەسەی كە لەمەرجەعییەتە كەلەپوریەكەوە دەردەچێت.
كەواتە: با سەیری چۆنیەتی ئەو تێگەیشتنە بكەین كە لە چوارچێوەی مەرجەعیەتی كەلەپووریەوە بۆ دەستەواژەی (جیاكردنەوەی ئایین لە دەوڵەت)، وەرگیراوە، ئەو مەرجەعییەتەی كە ئەم دوانەییە (ئایین/دەوڵەت)، لەخۆ ناگرێت، چوونكە لەدرێژایی مێژووی ئیسلامیدا بەگشتی، ئایینێكی جیا لەدەوڵە، یان ئایینێك كە جیاكردنەوە و دابڕكردنی لە دەوڵەتی پێ پەسەند بكرێت، نابینیت، هەروەك چۆن (دەوڵەت) ێكیش نەبووە، ڕازیی بێت ئایینی لێ جیابكرێتەوە.
ڕاستە هەندێ حوكمڕان تاوانبار كراون بەوەی كە كەمتەرخەمیی و كارئاسانییان كردووە لە یەكێك لە ئەرك و پرسەكانی ئایيندا، وەك تێكۆشان و بەرەنگاربوونەوەی بیدعە و... تاد.، بەڵام لەمێژووی ئیسلامیدا ڕووی

نەداوە یەکێك لە حوکمڕانەکان، بێنیازیی خۆی نیشـــاندابێت یان توانیبێتی بێنیاز بێت لەبەرانبەر پابەندبوونیەوە بە ئایینەوە، چوونکە هیچکام لەو حوکمڕانانە لەڕێگەی ئایین و خزمەتکردن بەئایین و بەرزکردنەوەی شـــکۆی ئایینەوە نەبوایە، نەیاندەتوانی ڕەوایەتیی دەســـبخەن بۆ حوکمڕانییەکەیان. ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی تریشـــەوە لە مێژووی ئیســـلامیدا بە هەموو قۆناغەکانییەوە، دامەزراوەیەکی تایبەت بە ئایینەوە و جیا لە دەوڵەت نەبووە، فیقهزانەکان دامەزراوە و دەزگای تایبەتیان دانەدەمەزراند و خۆشیان دامەزراوەیەك نەبوون، بەڵکو هەوڵی تاکەکەسیی بوون و لەو پرس و بابەت و پێشـــهاتانەدا کە لەئاکامی گەشـــەی کۆمەڵگەکەیانەوە ســـەریان هەڵدەدا و پرسیاریان لێ دەکرا، ڕاوبۆچوونی خۆیانیان دەخستەڕوو.

کەواتە دەستەواژەی (جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت) یان (جیاکردنەوەی دەوڵەت لە ئایین)، لەناو مەرجەعییەتە کەلەپوورییەکەدا، یەکێك لەم دوو واتایە یان هـەردووکیـانی پێکـەوە هـەبوو: یـان دامـەزرانـدنی دەوڵـەتێکی بێبـاوەڕی نائیسـلامیی، یان بێبەش کردن و دوورخســـتنەوەی ئیسـلام لە (دەســـەڵات)، دەســـەڵاتێك کە پێویســـتە ســـەرپەرشـــتیی ڕاپەڕاندنی حوکم و فەرمانەکان لەئەستۆ بگرێت.

ڕاســـتە لەوانەیە بتوانیت قەناعەت بە کەســـێك بکەیت کە تەنها لەناو مەرجەعییەتە کەلەپورییەکەدا بیر دەکاتەوە، ڕازیی بکەیت ئەم پرســـە، نە پـەیوەنـدیی بـەدامـەزرانـدنی دەوڵـەتێکی بێبـاوەڕەوە هـەیـە و، نـە مۆرکی ئیسلامیی بوونیش لە کۆمەڵگە دادەماڵێت، دەکرێت قورسترین سوێندی بۆ بخۆیت مەبەســـتت نەئەمەیە و نەئەوەشـــە، تەنها ئەوەندەیە بڵێیت: (خوا زاناترە) و بێدەنگ دەبێت.

بەڵام هەرگیز ناتوانی قەناعەتی پێ بکەیت (جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت)، مـانـای دوورخســـتنەوە و بێبـەش کردنی ئیســـلام نییـە لـە (دەســـەڵات)، دەسەڵاتێك کە پێویستە ڕاپەڕاندنی حوکمەکانی لەدەستدا بێت.

کەواتە: پێویستە لەووە دەس پێ بکەین، جیاوازیی نێوان: دەسەڵاتی ڕاپەڕێنەر و جێبەجێکاری حوکمە شەرعیەکان و، ئەو دەستە کۆمەڵایەتییەی کە پێی دەگوترێت: (دەوڵەت)، ڕوون بکەینەوە.

**بۆچی؟**

چوونکە ئایین لە دید و دونیا بینیی ئەو کەسەدا ئەو حوکمانەش دەگرێتەوە کە پێویستە جێبەجێ بکرێن، دەوڵەتیش ئەو (دەسەڵات) ە یە کە پێویستە سەرپەرشتیی ئەو ڕاپەڕاندنە بکات.

کەواتە ئەو پرسیارەی کە لێیەوە دەسمان پێکرد و بریتیی بوو لە پرسیاری: (ئایا ئیسلام ئایین و دەوڵەتە؟) واتا ئیسلامییەکەی پەیدا ناکات، واتە: شیاوبێت بۆ ئەوەی لە ناوخۆی ئەزموونی ژیاری ئیسلامییدا وەڵام بدرێتەوە، تا جارێکی تر داینەڕێژینەوە و وشەی (حوکمەکان)، نەخەینە جێگەی (ئایین)، هەروەها وشەی (دەسەڵات) یش نەخەینە شوێنی (دەوڵەت) ە وە. ئەوجا دەپرسین چۆن لە دارشتە تازەکەی ئەو پرسیارە تێدەگەین؟

**ب . جێنشینیی . الخِلافَة... هاوسەنگیی هێزەکان**

**...تاکە شـــتێکی جێگیر کە مەرجەعییەتی کەلەپووریی پێمان ڕادەگەیەنێت بریتییە لەوەی: چەند حوکمێك هەن بەدەقی قورئان چەسپاون و پێویستیان بە کاربەدەست - وَلِيُّ الأمر - هەیە تا لەبری کۆمەڵی ئیسلامیی و بەنوێنەرایەتی ئەو، ڕاپەڕاندنی ئەو حوکمانە لەئەستۆ بگرێت.**

**چەمکی (وليُّ الأمْر) یش چەمکێکی بەرفراوانە، چوونکە دەچەسپێت بەسەر: سـەرۆکی خێزان، سـەرۆکی هۆز، هەروەها بەسـەر زانایان و فیقهزانەکاندا و بەسـەر حوکمڕانی موسـڵمانیشـدا لە - دارُ الإسـلَام - دا، جیاوازیی نییە والیی بێت یان ئەمیر یان خەلیفە...**

لەمەرجەعییەتی کەلەپووریپیدا پەیوەندیی نێوان ئایین و دەوڵەت، لە چوارچێوەی ئەم ڕاســـتییە مێژووییەی خوارەوەدا دیاریی دەکرێت: ئەویش ئەوەیە کە ئیســـلام لە کۆمەڵگەیەکدا ســـەری هەڵدا کە دەوڵەتی تێدا نەبوو. دەوڵەتی عەرەبیی ئیسـلامییش، بەشـێوەیەکی پلەبەندیی دامەزرا و گەشـەی کرد، بەڵام بەچەن بەستەر - وَتَائِر - ێکی خێراو تیژڕەو، لەڕێگە بڵاوبوونەوەی بانگەوازی ئیســـلامیی و ســـەرکەوتنەکانی پێغەمبەرەوە لە جەنگەکانیدا و بەتایبەتیش لە گرتنەدەســـتی مەککەدا، ئەمە هۆکاری یەکەم بوو، دووەمیش لەڕێگەی دەســـبەســـەراگرتن و - فتُوحَات - ەکان و ســـەرکەوتنی عەرەبەوە و دەرکەوتنیەوە وەك هێزێکی جیهانیی، لەوێشـــەوە بۆ چوونە ناو پەیوەندییە جیهانییە بەربڵاوەکان. ئەمە ڕاســـتییەکی مێژوویە و قســـەو بێنەوبەرە و لێکدانەوە هەڵناگرێت، ئەمە بێجگە ئەوەی کە لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی ئەو ڕاســـتییە مێژووییە، بەشـــێواز و لێکدانەوەیەك کە بمانگەیەنێت بە یەك چەشـن ئاکامی یاسـاسـازیی و تەشـریعیی، کارێکی ئاسـان نییە، چوونکە ئەو بەڵگانـەی کـە دەکرێت باری ســـەرنج و ڕاوبۆچوونێکی دیاریکراویان پێ بچەسپێنی، هاوشان لەگەڵ ئەو بەڵگانەدا، بەڵگەی تریش هەن کە دەتوانین باری سەرنج و لێکدانەوەیەکی تری دژی ئەوی تریان پێ بسەلمێنین.

بەم شێوەیە و لەڕووی:

- ناتوانین بەشـــێوەی دڵنیابەخش و یەکلاکەرەوە شـــتێك بڵێین لەبارەی ئەوەوە کەئاخۆ پێغەمبەر (ســـڵاوی لەســـەر) لەڕیزی ئەو ئامانجانەدا کە لەســـەرەتای بانگەوازەکەیەوە دای نابوون، ئایا دامەزراندنی دەوڵەتیشـــی لە ڕیزی ئەو ئامانجانەدا دانابوو؟. نە لە فەرموودەکانیدا و نە لەو گێڕانەوانەشدا کە لەهاوەڵانەوە گێڕراونەتەوە، شـــتێك بەدیی ناکەین ئەو پرس و بابەتە بچەسپێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەواڵ و گێڕانەوەیەکی ـ مُتَواتِر ـ هەیە ئەوە پشـــتڕاس دەکاتەوە کە پێغەمبەر لەســـەرەتای بانگەوازەکەیەوە، بەتوندیی و ڕەهایی ئەو داوایەی خەڵکی مەککەی ڕەد کردەوە، کە پێشـــنیاریان بۆ کرد لەبەرانبەر وازهێنانیەوە لە بانگەوازکردن بۆ ئایینە تازەکەی، بیکەنە سەرۆکی خۆیان، ئەمەش بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوەیە لەســـەر ئەوەی کە ئامانجی پێغەمبەر - لانیکەم لەســـەرەتاوە -، بریتیی بووە لە بڵاوکردنەوەی ئایینە تازەکە، نەك پێکهێنانی دەوڵەت و دەسخستنی ڕابەرایەتیی.

- هەروەك لە قورئانیشـــدا شـــتێك نییە بەشـــێوەیەکی ڕوون و ئاشـــکرا واتای ئەوە بدات بەدەســـتەوە کە بانگەوازی ئیســـلامیی بانگەوازە بۆ دامەزراندنی دەوڵەت، یان شانشینێك یان ئیمپراتوریەتێك... تاد.

لەلایەکی تریشـــەوە، لەبەرانبەرەوە دوو ڕاســـتیی هەن کە قســـەو بێنەوبەرە هەڵناگرن:

- **ڕاســـتیی یەکەم** بریتییە لەوەی قورئان چەن حوکمێك لەخۆ دەگرێت کە فەرمانی کردووە بە موســـڵمانان کاریان پێ بکەن، لەناو ئەو حوکمانەشـــدا حوکمی وایان تێدایە پێویســـتی بە بوونی دەســـەڵاتێکە تا بە نوێنەرایەتیی کۆمەڵ حوکمەکە جێبەجێ بکات، وەك سنوور وسزای دزیی کردن.

- **ڕاستیی دووەمیش** بریتییە لەوەی ڕاپەڕاندنی حوکمەکانی وەك: بەرپاکردنی تێکۆشـــان و جیهاد و دەســـبەســـەراگرتن... تاد. ســـەری کێشـــا بۆ ئەوەی کە بانگەوازیی ئیســـلامیی گەشـــەی کرد بەرەو بەدەوڵەت بوون، دەوڵەتێکی ڕێکخراوی خـاوەن دەزگا و دامـەزراوە کە لـەگـەڵ گـەشـــە و فراوان بوونی

جیهـانی ئیسـلامیـدا چ لـەڕووی جوگرافییـەوە یـان لـەڕووی ژیـاریی و فیکرییەوە، دەزگا و دامەزراوەکانیش گەشەیان کرد و فراوان بوون.

بەتەنیشت ئەم ڕاستیانەشەوە، کە ئاکامێکی دڵنیاکەر نابەخشن لەبابەتەکەدا، ئەزموونی مێژوویی ئیسلامیی و فیکریی و فیقهییش هەبوون کە بانگەشەیان بۆ ئەو ڕاستییانە دەکرد.

لەڕووی مێژووییشەوە زانراوە کە یەکەم و مەترسیدارترین ناکۆکیی کە لەناو موسڵماناندا، ڕاستەوخۆ دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر سەری هەڵداوە، ئەوە بووە کە کێ جێگەی بگرێتەوە. ناکۆکییەکەش لەنێوان کۆچبەران و پشتیواناندا بووە، هەریەکەیان پێی وابوو ئەو شایستەترە تا لەناو هاوەڵاندا ببێتە جێنشینی پەیامهێن.

بەپێی ئەوەی کە کتێبەکانی مێژوو باسی دەکەن، وادیارە بەڵگە زەینیی و شەرعییەکانی هەریەك لە دەستەکان کە خستویاننە ڕوو، هاوتا و هاوشانی یەك بوون، ئەوەش کە دواجار بابەتەکەی خست بەلایەکدا، بیرخستنەوەی کۆچبەران بوو بۆ برا پشتیوانەکانیان کە (عەرەب بەم بەشەی قورەیش نەبێت مل بەکەسی تر نادات)، بەو واتایەی تاکە هۆزێك کە شایستەیی ئەوەی تێدایە دەسەڵات و ڕابەرایەتیی بگرێتە دەست، تەنها هۆزی قورەیشە، لەوێشەوە هاوسەنگیی هێزەکان ئەو فاکتەرە بوو کە پرسەکەی یەکلایی کردەوە، ئاکامەکەش ئەوەبوو بیرۆکەی (فەرماندەیەك لەئێمە و فەرماندەیەك لەئێوە) کەنار خرا، کە بیرۆکە و پێشنیاری پشتیوانان بوو، بە پەیماندان بە ئەبوبەکر کە ببێتە جێنشینیی پێغەمبەرو، بەڕاگەیاندنەکەشی کە ڕووبە پشتیوانان گوتی: (ئێمە فەرماندەین و ئێوەش یارمەتیدەر)، هەموو ئیشەکە بۆ کۆچبەران مایەوە.

ئەم ڕووداوە، ڕووداوی کۆبوونەوەی کۆچبەران و پشتیوانان لە کەپرەکەی هۆزی ساعیدەدا لەشاری مەدینە بۆ هەڵبژاردنی جێنشین، ئەو چوارچێوە بنەڕەتیە بوو کە فیقهزانەکان لەدامەزراندنی بیردۆزەکەیاندا لەبارەی خیلافەت و جێنشینییەوە پشتیان پێ بەست.

سەرەڕای ئەو ڕەوایەتییە ئیسلامیەی کەفەقیهەکان دەیانکرد بەبەر هەموو ئەو حوکمڕانانەی ناو مێژووی ئیسلامیدا، لەگەڵ ئەمەشدا حوکمڕانەکان هەر بەتووندیی دەسیان دەگرت بە ڕووداوەکانی کۆبوونەوەی کەپرەکەی هۆزی ساعیدەوە، پێیان وابوو ئەوەی کەگوزەراوە و ئەو ئاکامانەی کە لەو کۆبوونەوەیە کەوتوونەتەوە، پێشهاتی مێژوویی گرنگن و هێزی یاسایی خۆیانیان هەیە، بەگوتەی خۆیان: بنەمایەکە و ڕووداوی تری پێ بەراورد دەکرێت. ئەو بنەمایەش لە سێ ڕەگەزی سەرەکیی پێك دێت:

- **ڕەگەزی یەکەم** لەوەدا خۆی دەنوێنێت کە هەموو پرس و بابەتەکە قەتیس دەکات لەوەدا کە (کێ جێگەی پێغەمبەر دەگرێتەوە)، واتە: لەهەڵبژاردنی ئەو کەسەدا کە دەبێتە کاربەدەستی موسڵمانان. لێرەوە تێ دەگەین کە بیرۆکە و پرسی جێنشینیی بەلای سوننەکانەوە باس لەدەوڵەت ناکات وەك دامەزراوەیەك، بەڵکو تەنها گرنگیی بەو کەسە دەدات کە پەیمانی لەگەڵ دەبەسرێت تا بەپێی پەڕاو و سوننەتی پەیامهێن، حوکمڕانیی خەڵك بکات، بۆکاتێکی دیاریی نەکراو و بەبێ بوونی هیچ چەشنە مەرجێکی تایبەت بۆ ئەو دەزگا و دامەزراوانەی کە ئەو دەسەڵاتە ڕەهایە پیادە دەکەن کە بەخەلیفە سپێراوە. چوونکە کۆمەڵی ئیسلامیی بەشێوەیەکی گشتیی، هەموو ئەوشتانە دەسپێرێت بە جێنشین تا خۆی هەستێت بە ئەنجامدانیان لە: ئامرازەکانی ڕاپەڕاندن و دامەزراندنی دەزگاکانی دەوڵەت و هەڵبژاردنی یاریدەر و سەرپەرشیاران و... تاد.، هەروەها کۆمەڵی ئیسلامیی مافی چاودێریی حوکمڕانیش لەدەستی خۆیدا ناهێڵێتەوە، چوونکە تەنها بە پێدان و بەستنی پەیمان لەگەڵیدا، حوکمڕان بەرپرسە لەبەردەم خواوەنددا، نەك لەبەردەم ئەو خەڵکەدا کە بەڵێن و پەیمانی پێداون و پەیمانیان پێداوە. بۆیە ئەو خەڵکە بێجگە لە گوێڕایەڵیی کردن هیچی تریان لەسەر نییە، تا ئەوکاتەی کە هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانی ئەو بنەمایە دەیانگرێتەوە کە دەڵێت: (هیچ درووسکراوێك مافی گوێڕایەڵیی کردنی نییە لەئاست سەرپێچیی بەدیهێنەردا).

- **ڕەگەزی دووەمیش** لە بیردۆزەی جێنشـینیی سـوننیدا، بریتییە لە تاقانەیی خەلیفە و جێنشـین، بەو واتایەی کە جێنشـین و خەلیفە لەهەموو وڵاتانی ئیسلامدا دەبێ تەنها یەك کەس بێت.

ڕاستە ئەم جێنشینە بۆی هەیە کەسێك لە وەزیر و والییەکانی ڕاسپێرێت تا بەناوی ئەوەوە حوکمڕانیی بکەن و بۆی هەیە بەپێی خواستی هەلومەرجەکە بەشـێك لەدەسـەڵاتەکانی بەوان بسـپێرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا لەڕووی زەینیی و فیقهییەوە،خەلیفە و جێنشـــینی موســـڵمانان هەر بە تاقانەیی دەمێنێتەوە و ڕێگە نادرێت و نادرووســـتە دان بەڕەوایەتیی زیاد لەیەك خەلیفەدا بنرێت. کاتێکیش بەتەنیشـت خەلافەتی عەباسـییەوە لە بەغداد، خەلافەتی ئومەویی لە ئەندەلوس و خەلافەتی فاتمیی لەقاهرە بەرپا بوون، هەریەك لەم خەلافەتانە، خۆیان و لایەنگرانیان خۆیان بە خەلافەتی ڕاستیی دادەنا. ئەمە لەڕووی زەینیی و فیقهییەوە، بەڵام لەڕووی واقیی و زەمینەی ژیانەوە، وڵاتانی موســـڵمان لەیەك ســـەردەمدا چەندین دەوڵەتی ڕکابەر و لەهەندێ حاڵەتدا دژبەیەکیشـــیان بەخۆیانەوە بینیوە. هەمووشـــیان، ئەوسایش و ئێستاش، دەوڵەتی ئیسلامیی بوون و هەن.

- **ڕەگەزی سێیەم** جێنشینیی و خەلافەتە، بەپێی بۆچوونی ئەهلی سوننەت، خەلیفە بە (هەڵبژاردن) دێتە دەسـنیشـان کردن، نەك لەڕێگەی (دەق) ە وە، (ئەم بنەمایەش بە ئاراستەی دژایەتیی کردنی شیعەکان دارێژراوە).

چوونکە مادام پاش کۆچی دوایی پێغەمبەر هاوەڵان پرسی دەسنیشانکردنی جێنشـــینیان تاوتوێ کرد و بەو هۆیەشـــەوە ناکۆکیی کەوتە نێوانیانەوە و دواتریش پێك هاتن و پەیمانیان بەســـت لەگەڵ ئەبوبەکردا، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە پەیامهێن جێنشـــینیی خۆی، دوای مردنی، بە کەســـێك نەسپاردووە. ئەمە بێجگە ئەوەی کە (هەڵبژاردن) یش، لە بیردۆزەی خلافەت بەلای سوننەوە، لە دانپێدانان زیاتر تێناپەڕێت:

چوونکە پێغەمبەر کەســـی دەســـنیشـــان نەکرد لەدوای خۆیەوە. بەڵام چۆنیەتیی (هەڵبژاردنی جێنشـــین)، بابەتێکە هاوســـەنگیی هێزەکان بڕیاری

لەســـەر دەدات و یەکلایی دەکاتەوە: هەرکەس ڕاســـبوویەوە و داوای جێنیشـــینایەتی کرد بۆخۆی و بەهۆی هێز و توانایەوە ســـەرکەوت و توانیی خەڵك لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە (گرنگ نییە خەڵکەکە پێی ڕازیی بن یان بەناچاریی ملی پێ بدەن) ئەوکەسە خەلیفەیە و باسەکە کۆتایی دێت.

ڕاستە لە سەردەمە ئیسلامییە سەرەتاکانەوە، زۆرینە بەمەرجیان گرتبوو کە دەبێت خەلیفە و جێنشـــین لە قورەیش بێت، بەڵام ئەم مەرجە لەلایەن چەند پێڕ و دەستەیەکی ترەوە ناکۆکیی و ڕاجیایی تێکەوت، چوونکە پشت ئەسوور نەبوو بە بنەڕەتێکی شەرعیی ڕوون و ڕەوانەوە.

**بابەتەکە هەرچۆنێك بێت، دەسـەڵاتی یەکلاکردنەوە بەلای هێزەوەیە، نەك ڕەچەڵەك، ڕێك وەك ئەوەی کە دەگوترێت لەدوای ســـەرکەوتنیەوە پەیمان بەوکەســـە دەدرێت کەخوازیار و داواکاری خەلافەتە. پەیماندانیش لەڕووی کردارییەوە چەشـنێکە لە خۆڕادەسـکردن بە هەلومەرجی پیادەکراو - الأمرُ الواقِع -.** کەواتە: بیردۆزەی جێنشـینایەتیی بەلای ئەهلی سوننەوە دەکرێت بڵێین: بەگشـــتیی هەوڵێکە بۆ بەیاســـا کردنی هەلومەرجی پیادەکراو. لەو ســـۆنگەیەشـــەوە لە بابەتی جێنشـــینییدا، جیاوازییەکی زۆر نییە لە نێوان بۆچوون و بیردۆزەی فەقیهەکاندا لەنێوان نموونە و وێنەیەك و، وێنە و واقعیەکانی تردا کە حوکمڕانیی ئیسلامیان لەسەر بووە. تاکە شتێکی جێگیر کە مەرجەعییەتی کەلەپووریی پێمان ڕادەگەیەنێت بریتییە لەوەی کە: چەند حوکمێك هەن بەدەقی قورئان چەسپاون و پێویستیان بە کاربەدەست - وَليُّ الأمر - هەیە تا لەبری کۆمەڵی ئیسـلامیی و بەنوێنەرایەتی ئەو، ڕاپەڕاندنی ئەو حوکمانە لەئەستۆ بگرێت. چەمکی (وَليُّ الأمر) یش چەمکێکی بەرفراوانە، چوونکە دەچەسپێت بەسەر: سەرۆکی خێزان، سەرۆکی هۆز، هەروەها بەسەر زانایان و فیقهزانەکاندا و بەسەر حوکمڕانی موسڵمانیشدا لە - دارُ الإسلام - دا، جیاوازیی نییە والیی بێت یان ئەمیر یان خەلیفە. ئەوەی پێویســـتە و دەخوازێت لە بارەیەوە ســـەرنجی بدەین، ئەوەیە کە قورئان دەســـتەواژە و دارِشـــتەی (أولي الأَمْر) ی بەتاك و بەکۆ لەو ئایەتە

بنەڕەتییەدا لە پرسی حوکمڕانیدا بەکار هێناوە، کە دەفەرموویت: [يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُوْلِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ] (١).
ئەمەش واتای ئەوەیە:لەڕووی شەرعەوە مەرج نییە کاربەدەست - وليُّ الأمر - لەڕووی ژمارەوە تەنها یەك کەس بێت.
**پوختەی بابەتەکە ئەوەیە کە کاتێك پێغەمبەر پرسەکەی بەجێ هێشت بۆ هاوەڵەکانی تا دوای خۆی بەلایەکیدا بخەن، کەواتە هاوەڵان هەرچییان بڕیاردابێت و جێنشینان هەرچییان کردبێت و فیقهزانەکانیش هەرچییان گوتبێت لەبارەی جێنشینایەتیی و خلافەتەوە، هەمووی لە خانەی ئیجتیهاد و بنکۆڵکردن و لێکۆڵینەوەدایە، لێکۆڵینەوەش لەبابەتێکدا کە ئیش لەسەرکردنی جێهێڵرابێت بۆ موسڵمانان، بەدڵنیاییەوە بە گۆڕانی هەلومەرج و سەردەمەکان، ئەو لێکۆڵینەوە و ئیجتیهادەش دەگۆڕێت**، تاکە شتێکی جێگیر لەڕووی شەرعەوە، وەك گوتمان: ئەوەیە کە چەن حوکمێکی شەرعیی هەن ڕاپەڕاندنیان پێویستی بە کاربەدەست (وليُّ الأمر) هەیە، **دەوڵەتی ئیسلامییش، پرس و بابەتێکە هەر لەکاتی کۆبوونەوەی کەپرەکەی هۆزی ساعیدەوە، بەپێی خواستی هاوسەنگیی نێوان هێزەکان، چ هێزی ماددیی بن یان هێزی ناماددیی و مەعنەویی، موسڵمانان بڕیار لەبارەیەوە دەدەن، یان لانی کەم بەو شێوەیە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکەن کە هەلومەرجەکە بیخوازێت، هەروەها پرسی پەیوەندیی دەوڵەتیش بە ئایینەوە لەو سەردەمانەدا، نەلەئارادا بووە و نەگونجاویش بووە بێتە ئاراوە.**
ئەم پرسە لەوپرسانە بوو کە نەدەگونجا بیری لێ بکرێتەوە،چوونکە هەموو شتێك لەکۆمەڵگەی ئیسلامیدا هەر تەنها ئیسلام خۆی بوو، بێجگە لە شتێك کە خواوەند بە دەقێکی قورئان حەرامی کردبێت یان لەسەر زاری پەیامهێنەکەیەوە ڕێگیریی و نەهیی لێ کردبێت.
هیچ دەقێکی لەم چەشنەش نییە کە موسڵمانان ناچار بکات بە چەشنێکی دیار لە حوکمڕانی، هەروەك چۆن هیچ دەقێکیش بوونی نییە کە ڕێگرییان لێ بکات لە چەشن و نموونەیەکی دیاریکراو لە حوکمڕانیی، ئەمەش وای

کرد هەندێك كەس لە پێرِ و دەســـتە ئیســـلامییەكان، لەبارەی ئەوەوە قسەبكەن كە ئایا هەر لەبنەڕەتەوە خەلیفە و جێنشین پێویستە یان نا، دواتر لەبارەی دەوڵەتیشـــەوە، ئەگەر لەڕووی ئایینیەوە هەر تاكێك لەموســـڵمانان بەئەركی ســـەرشـــانی خۆی هەســـتا و مافەكانی خۆیانیان دەســـخســـت، ئیتر خواستی بوونی حوكمڕان دەكەوێت و خواستێكی لەسەر نامێنێت.

## ج . جێنشینایەتیی (الخِلافە) و چەن کەلێنێکی دەستووریی

**...سیستەمێکی حوکمڕانیمان نییە کە ئیسلام یاسا و شەریعەتی بۆ دانابێت، بەڵکو لەگەڵ گەشەسەندنی بانگەوازە محەممەدییەکەدا دەسەڵاتێکی حوکمڕانیش دامەزرا و لەسەرەتاوە پەیڕەوکرا و پشتی پێبەسرا، پاش کۆچی دوایی پێغەمبەریش، نموونەی: (فەرماندەی جەنگ و فەرماندەی سەربازیی) پەیڕەو کرا، ئەمە شتێك بوو کە خواستی ئەو ڕۆژانە و لەژێر زەبری هەلومەرجەکانی ئەو سەردەمەدا بوو.**

**کاتێکیش دەوڵەتی عەرەبیی ئیسلامیی لەگەڵ دەسبەسەراگرتنەکانی وڵاتان و دەسکەوتە زۆرەکان و بڵاوبوونەوەی ئیسلامدا گەشەی کرد، ئیتر نموونەی (فەرماندەی جەنگ) لەتوانایدا نەما ئەو گەشەسەندنانەی کە ڕوویان دابوو لەخۆ بگرێت، بۆیە بۆشاییەکی دەستووریی سەری هەڵدا...**

یەکێك لەو پرسانەی سەرنجی مرۆڤ ڕادەکێشێت ئەوەیە کە نووسەرەکانی بواری (فیکری ئیسلامیی هاوچەرخ)، بە میانڕەو و توندئاژوویانەوە، خۆیان لادەدەن لەوەی بەوردیی بچنە سەر باسی ئەو بابەتەی کە بنەڕەتیی و بناغەییە بۆ داخوازییەکانی ئەم سەردەمەمان، خۆیان سەرقاڵ دەکەن بە شتانێکی کەم بایەخترەوە بە بەراورد لەگەڵ ئەو ئاڵنگارییی - التَحَدِّیَات - انەی کە ئەمڕۆ ڕووبەڕوومان دەبنەوە.

دروشمێك هەیە ئەو کەسانە بەرزی دەکەنەوە لەسەر ئەو تەوژمە دێنە ئەژمار کە پێی دەگوترێت: (تەوژمی ئیسلامیی)، ئەویش دروشمی (ئیسلام چارەسەرەکەیە - الإسلام هو الحل). کاتێك ئەم دروشمە بەڕووی موسڵماناندا بەرز دەکرێتەوە، پرسێکی بێ جێ دەخاتەڕوو (چوونکە چۆن دەبێت کەسێك موسڵمان بێت بەبێ ئەوەی باوەڕی بەوە ببێت کە ئیسلام بۆ هەموو کات و جێگەیەك گونجاوە و هەردەم هەر ئەو چارەسەرە، ئەمە بۆ کریستیانێکیش لە کریستیان بوونەکەیدا و بۆ جوولەکەیەکیش لە جوولەکە بوونەکەیدا و بۆ بووزییەکیش لە بووزیی بوونەکەیدا هەر ڕاستە...)، ئەوانەی ئەم دروشمە بەرز دەکەنەوە مەبەستیان بەکارهێنانیەتی **وەك دروشمێکی سیاسیی ئایدیۆلۆجیی**

**لەبەرانبەر دروشمەکانی نەیارەکانیاندا،** لەم حاڵەتەشدا پێویستە گفتووگۆکان لەدەوری ئەو واتا یاخود واتایانەدا خڕ بکرێنەوە کە لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا و لە بەرانبەر پرسێکی دیاریکراوەوە دەدرێن بەم دروشمە.

کەواتە ئەو پرسیارەی خۆی دەسەپێنێت لێرەدا ئەمەیە: ئەو واتا یاخود واتایانەی لەلایەن هەوادارانی ئەم دروشمەوە دەدرێن بەم دروشمە سیاسییە (ئیسلام چارەسەرەکەیە)، چین و کامانەن؟ لێرەدا پرسیارکار و توێژەر و هەرکەسێکی تریش کە بەشێوەیەك لەشێوەکان ئەم دروشمەی بەلاوە گرنگ بێت، خۆی لەبەردەم بۆشاییدا دەبینێتەوە: **ئەو سیستەمە کامەیە کە ئامادەیە وەك سیستەمێکی (ئیسلامیی) بناسرێت و باس بکرێت، لەهەمان کاتیشدا گونجاو و لەبار بێت لەگەڵ هەلومەرجەکانی سەردەمەکەماندا و وەڵامی پێداویستییەکانی و ئاراستەی گەشەسەندنەکانی مێژووش بداتەوە.**

تەنها ئەوە بەس نیە بگوترێت: حوکمڕانیی لەئیسلامدا لەسەر (ڕاوێژ کردن و دادپەروەریی و برایەتیی و... تاد.) دارێژراوە، هەموو ئایین و ئایینزا و مەزهەبەکان و هەموو دەستە و کۆمەڵە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان، چەن دروشمێکی لەم چەشنە بەرز دەکەنەوە بە هۆکارێکی سادە، ئەویش ئەوەیە کە دروشمەکان تەعبیر لە بەها مرۆییە نەمرەکان و چەن بەهایەکی باڵا دەکەن کە لەهەموو سەردەمێکدا مرۆڤایەتیی ئاوات دەخوازێت بۆ جێبەجێ بوونیان.

بەوپێیەی نەلەقورئان و نەلەسوننەتدا دەقێکی تەشریعیی نیە بۆ ڕێکخستنی کاروباری حوکمڕانیی، هەروەها بەوپێیەش کە پێغەمبەر (سڵاوی لەسەر) کۆچی دوایی کرد و نەکەسی دەسنیشان کرد تا دوای خۆی جێنشینی بێت و نەڕێکار و ڕێنماییەکیشی دیاریکرد تا بەهۆیەوە کەس دەسنیشان بکرێت و نە تایبەتمەندییەکانی ئەوکەسە و نە ماوەی مانەوەشی دیاریی کرد لەسەر کورسی حوکمڕانیی، **پرسەکە بەگشتیی بەوشێوەیە مایەوە و چووە خانەی ئەو پرس و بابەتانەوە کە ئەو قسەیەی پێغەمبەر دەیانگرێتەوە کە دەیگوت:**

**(ئێوە شارەزاترن لە کاروباری دونیاکەتان)**، کەواتە ئەم پرسە جێهێڵراوە بۆ (سەلیقە و لێکۆڵینەوە . الدرایە والإجتهاد).

کەواتە دروشمی (ئیسلام چارەسەکەیە)، کاتێك وەك دروشمێکی سیاسیی بەرز دەکرێتەوە، بەبۆشیی و بێواتایی دەمێنێتەوە ئەگەر هەوادار و هەڵگرەکانی مژدەی کۆمەڵێك ئیجتیهاد و لێکدانەوەی دیاریکراو و ڕوون و ئاشکرامان نەدەنێ لەبارەی پرسە سیاسییەکانەوە بەگشتیی و پرسی دەسەڵات و حوکمڕانییەوە بەتایبەتیی.

ئیجتیهاد و لێکۆڵینەوە لەئیسلامیشدا وەك هەموو ئایین و ئایینزاکانی تر، لەبۆشاییەوە یاخود لە هیچەوە هەنگاو هەڵناگرێت، چوونکە هیچ شتێك بێ بنەما و بنەڕەت نییە. ئیجتیهادیش لە ئیسلامدا، یان لەو پرس و بابەتانەدایە کە دەقێکی شەرعیی هەیە لەبارەیانەوە، یان لەو پرس و بابەتانەدایە کە دەقێك نییە لەبارەیانەوە. **لە حاڵەتی دووەمدا ئەو بەرژەوەندیە گشتییەی کە هەلومەرجی سەردەمەکە دەیخوازێت، دەبێتە مەرجەع و بنەڕەت و بنەوانی ئاراستەکار و کارلەسەرکراو، ئەزموونی مێژوویی ئوممەتیش مایە و جێگەی پەندلێوەرگتنە.**

بابەم لایەنەی دوایی دەس پێبکەین و بپرسین: ئەو وانە و پەندە بنەڕەتیە چییە کە ئەزموونی مێژوویی ئوممەی عەرەبیی پێمان دەبەخشێت لە پرسی دەسەڵاتدا؟ ئەو وەڵامەی کە ڕەنگە هیچ دووکەسێك لەبارەیەوە ناکۆك نەبن، ئەوەیە کە دەکرێت بەم شێوەیە دایڕێژین:

**ڕووداوی سیاسیی و سەرەکیی لەمێژووی عەرەبیی ئیسلامیدا، بریتییە لە (کودەتا و گۆڕینی جێنشینایەتیی و خلافەت بۆ پاشایەتیی).**

دواتر ئەم پرسیارە گرنگەی خوارەوە دێتە پێشەوە: (بۆچی جێنشینایەتیی گۆڕدرا بە پاشایەتیی)؟ بۆچی ئەو قەیرانە سیاسییەی کە لەکۆتایی سەردەمی عوسماندا ڕوویدا، بەچارەسەرێکی سیاسیی دەستوریی وا چارەسەر نەکرا کە بکرێتە سنوورێك بۆ ڕێگە گرتن لە دارمانی زیاتری دۆخەکە و پاراستنی ئوممەت لەم ئاکامە خراپانەی کە پێی گەشت لە ئاژاوە و جەنگی

ماڵوێرانکەر، تا دواجار گۆڕینی حوکمڕانیی لە (جێنشـینایەتییەوە بۆ پاشـایەتیی) لێکەوتەوە.
ئەگەر ئێمە بمانەوێت لە ڕووداوەکانی (ئاژاوە گەورەکە) و (ڕووداوەکانی شەش ساڵی کۆتایی سەردەمی عوسمان) ە وە چەند وانەیەکی سیاسیی دەسبخەین، پێویستە بڵێین: **(ئەوەی کە ڕوویدا بریتیی بوو لە خستنەڕووی بۆشاییەکی دەستووریی گەورە لەو سیستەمی حوکمڕانیەدا کە لەدوای کۆچی دوایی پێغەمبەرەوە پێك هێنرا)**، ئێمەی نەوەکانی سەدەی بیست و (بیستویەك)، ئەمڕۆ بەڕوونی هەست بەو بۆشاییە دەکەین و لەم سێ پرسە سەرەکییەی خوارەوەدا بۆمان دەردەکەوێت:
**١- بڕیارنەدان لەسەر یەك ڕێگە و شێوازی یاسایی بۆ دەسنیشانکردنی جێنشین و خەلیفە.** ئەبوبەکر لە هەلومەرجێکی سەرپێیی تایبەتدا دەسنیشان کرا، بەشێوازێك کە دەسنیشان کردنەکەی وەك عومەری کوڕی خەتاب دەڵێت: لەدەسدەرچوون و فرتەکردنێك بوو، مەبەستی ئەوەیە پەیماندان بە ئەبوبەکر لەهەلومەرجێکدا ئەنجامدرا کە هیچ ئامادەکارییەکی پێشوەختی بۆ نەکرابوو، دەسپێشخەریی پشتیوانانیش بۆ کۆبوونەوە لە کەپرەکەی هۆزی ساعیدەدا بۆ هەڵبژاردنی یەکێکیان بە جێنشین، وای کرد کە ڕووداوەکان بەو ئاراستەیەدا بڕۆن کە پێیدا تێپەڕین و بگرەوبەردە و بێنەوبەرە و جیاوازیی بۆچوونەکانیش زیاتر تینیان سەند، ئەگەر عومەر پەلەی نەکردایە لە پەیمان بەستن لەگەڵ ئەبوبەکردا، ناکۆکییەکان پەرەیان دەسەند و مەترسیی شتی خراپیشیان لێ دەکرا، بەڵام ئەو پەیمانی پێدا و کۆچبەران و پشتیوانانیش شوێنی کەوتن... دواجار ئاکەمەکە باش شکایەوە، بەڵام ئەگەر لەبنەڕەتەوە پەلەی تێدا نەکرایە باشتر لەوەشی لێ دەکەوتەوە، چوونکە ئەبوبەکر لە هەموو هاوەڵان زیاتر بەخت یاری بوو لەوەدا کەڕەزامەندیی خەڵك بەدەس بێنێت... ئەبوبەکر نەیویست ئەو لەدەسدەرچوون و فرتەکردنەی کە بەهۆی پەلەکردنەوە لە هەڵبژاردنی خۆیدا ڕوویدا، دوبارە بکاتەوە، بۆیە پاش ڕاوێژ لەگەڵ خەڵکی پەیوەندیداردا

و دەســخســتنی ڕەزامەندییان، عومەری کوڕی خەتابی دەســنیشــان کرد تادوای خۆی جێنشــین بێت، عومەریش بەهەمان شــێوە ئەو مەترســیەی تێپەڕاند و شــەش کەســی دەســنیشــان کرد تا لەنێوان خۆیاندا یەکێکیان بپاڵێون، تا دواجار عوسمان هەڵبژێردرا.

**کەواتە ڕێکار و شێوازێکی دیاریکراو نەبووە بۆ دەسنیشانکردنی (جێنشین) و، دەرگاکە بەکراوەیی هێڵراوەتەوە لەبەردەم هەموو لێکدانەوە و ئیجتیهادەکاندا و هەروەها لەبەردەم هەموو ئەگەرەکانیشدا.**

ئەگەر بگونجایە بگەڕاینایەتەوە بە ڕەگوڕیشەی ئەو شۆڕشەدا کە کرا بەسەر عوسماندا و لەوێشەوە بۆ ئەو ململانێیانەی کە ڕۆژانی (ڕاوێژکردن)، لەنێوان لایەنگرانی عوســمان و هەوادارانی عەلی کوڕی ئەبوتالبدا ڕوویاندا، واتە: لەڕوانگەی ئەو تاوتوێکردن و گفتوگۆیانەوە کە دەســنیشــان کردنی عوســمانیان وەك خەلیفە و جێنشــین لێ کەوتەوە، تێدەگەین ئەو ڕووداوانەی ڕوویاندا لە سازشی سیاسیی و ئاژاوەی خوێناویی و دواجار کوشتنی عوسمانیشی لێکەوتەوە، ئەگەر بۆشاییەکی دەسووریی نەبوایە، بەوشێوەیە ڕوویان نەدەدا کە ڕوویاندا، بۆشاییەك بێجگە لەوەی کە باس کرا، لەم دوو پرسەشدا نمایان دەبێت:

**٢- دەســنیشــان نەکردنی ماوەی مانەوەی (جێنشــین) لەســەر کورســیی دەســەڵات.** ئەگەر بمانەوێت لەم بابەتە تێبگەین دەبێت لەزەینی خۆماندا ئەوە بێنینەوە یاد کە ئەرکی بنەڕەتیی (جێنشــین)، لەوکاتەدا، بریتیی بوو لەوەی کە فەرماندە و (أمیر) ی موسڵمانان بێت و ڕابەرایەتیی و فەرماندەیی کردە ســەربازیی و تێکۆشــانەکانیان بکات، ســەرەتا لە جەنگەکانی دژبە هەڵگەڕاوەکاندا (الرِّدَة) و، دواتریش لە هەڵمەت و جەنگەکانی دەسبەسەراگرتندا (الفُتوحَات). فەرماندە و (ألأمیر) یش لە تێگەیشتنی کۆنی عەرەبەکاندا بریتیبوو لەفەرماندەی ســوپا لەجەنگەکاندا. لەبەر ئەوەی کە کەس نەیدەزانی جەنگەکە چەند دەخایەنێت و چەندی کات دەوێت، لەوێشــەوە شــیاو نەبوو کاتی فەرمانڕەوایی فەرماندە و (أمیر) ەکەش

دەسـنیشـان بكرێت: تا جەنگەكە درێژەی بكێشـایە، فەرمانڕەوایەتییەكەی فەرماندەش درێژ دەكرایەوە، مەگەر لەلایەن سـەرووی خۆیەوە لەكار بخرایە، یان بكوژرایە، لەو حاڵەتەشـدا كەسـێك لەجێگەیدا دەسـنیشـان دەكرا.

**بەڵام بەدڵنیاییەوە بەكۆتایی هاتنی جەنگەكە بەرپرسیارییەتیی فەرماندەكەش كۆتایی دەهات و ناسناوی (فەرماندە) شی لەدەس دەدا و دەگەڕایەوە جێگەی ئاسایی خۆی وەك خەڵكی تر.**

بەوپێیەش كە دەقێكی یاسـایی و تەشـریعیی نە لەقورئان و نە لەسـوننەتدا لەئارادا نەبووە تا پرسـی حوكمڕانیی ڕێك بخات، هەروەها بەوپێیەش كە عەرەبەكان ڕێكار و نەریتێكی ڕیشـەداكوتاویان نەبووە لەبواری حوكم و دەوڵەتدارییدا، بۆیە ئەو نموونە میرایەتیی و فەرماندەییەتیەی كە لەدوای كۆچی پێغەمبەرەوە لەخەیاڵدانی موسـڵمانەكاندا ئامادەیی هەبوو، بریتیی بوو لە فەرماندە و ئەمیری سـوپا، ئەم نموونەیە زاڵ بوو بەسـەر عەقڵی سیاسیی عەرەبیی لەوسەردەمەدا.

بۆیە كاتێك هاوەڵان پەیمانیاندا بە ئەبوبەكر وەك جێنشـینێك بۆ پێغەمبەر (سـڵاوی لەسـەر)، پەیمانیان پێدا تا شـوێنپێی ئەو هەڵبگرێت لە بەڕێوەبردنی كاروباری دەوڵەتە تازەدامەزراوەكەدا، لەڕیزی پێشـەوەی ئەو ئەرك و كاروبارانەشدا و لەسەرووی هەموویانەوە: جەنگان و بەشەڕهاتن بوو لەگەڵ هەڵگەڕاوەكاندا (المُرتدِّین). كەواتە وەك فەرماندەی گشـتیی سـوپای موسـڵمانان پەیمانیان پێدا، بۆیـە ئەوە بەخەیاڵیاندا نەهات ماوەی حوكمڕانیی و دەسەڵاتەكەی دیاریی و دەسنیشان بكەن.

كاتێكیش تەنها دوای دووسـاڵ لە دانانی وەك جێنشـین، ئەبوبەكر كۆچی دوایی كرد و خەڵك پەیمانی دا بە عومەری كوڕی خەتاب و بە (جێنشـینی جێنشـینەكەی پێغەمبەر) یش ناویان دەبرد و بانگیان دەكر، ئەم ناوهێنانە قورس بوو لەسـەر زمانیان و ئەو دەسـتەواژەیەیان بەباش زانی كە لەلایەن یەكێكیانەوە بەكار هێنرا و بریتیی بوو لە (فەرماندە و پێشـەوای باوەڕداران -

أميرالمؤمنين)، خۆیشی بەباشی زانی، چوونکە گوزارەی لەکرۆکی ئەرکەکەی ئەو دەکرد، کە بریتیی بوو لە پێشەوایەتی کردنی سوپای موسڵمانان لەو شەڕانەدا کە دژی هەڵگەڕاوەکان دەیانکردن، پاشان دژی فارسەکان لە عێراق و دژی ڕۆمەکانیش لە شام.
عومەر فەرماندە و پێشەوای گشتیی بوو بۆ سوپاکانی موسڵمانان، فەرماندەی هەموو فەرماندەکان بوو، کارێکی ژیرانە نەبوو لەوکاتەدا کە موسڵمانان سەرقاڵی جەنگ و فتوحات و دەسبەسەراگرتنە گەورەکان بوون، قسە لەسەر دەسنیشانکردنی ماوەی دەسەڵات و میرایەتیی و پێشەوایەتیی عومەری فەرماندەی هەموو فەرماندەکان بکرێت.
عومەر هێرشی کرایەسەر و جەنگەکانیش لەگەرمەیاندا بوون، عوسمان کرایە جێنشینی تا جێگەی بگرێتەوە و بەهەمان ئەرك هەستێت، بەهەمان شێوە و بەهۆی هەمان هۆکارەوە دیسان ژیریی ڕێگەی نەدەدا و کارێکی شیاو نەبوو ماوەی فەرماندەیی و مانەوەی ئەمیش دەسنیشان بکەن.
ئەو شتە تازەیەی کە لە سەردەمی عوسماندا ڕوویدا، ئەوەبوو، مانەوەکەی درێژەی کێشا تا (خەڵك لێی وەڕس بوون)، چوونکە خۆی پیاوێکی بەتەمەن بوو و لەتەمەنی حەفتا ساڵیشدا پەیمانیان پێدابوو. لەساڵەکانی کۆتایی دەسەڵاتەکەیدا کێشە و گرفتەکان کەڵەکە بوون و کەوتن بەسەر یەکدا و ناکۆکییەکان گەرمتر بوون و زیاتر تینیان سەند، کێشەیەکی دەستووریش هاتە سەر کێشەکانی تر، جێنشین چووەتە ساڵەوە و پیر بووە، کۆمەڵێك خزم و کەسانی بەرژەوەندخوازیش لەدەوری کۆبوونەتەوە و بڕیار بەناوی ئەوەوە دەردەکەن و خراپ هەڵسوکەوت دەکەن.
تازە ئامۆژگاریی سوودی نەمابوو لە چاك کردنی هەلومەرجەکەدا، چوونکە (دەستەی فشار) و (بڕیاربەدەستەکان)، ئەوانەی دەوری خەلیفەیان تەنیی بوو، دەیانزانی چۆن ناچاری دەکەن لە پەشیمان بوونەوە لەو بەڵێنانەی کە لەبارەی چاکسازییەوە دابوونی بەخەڵك، بەم شێوەیە هیچ بوار و بژاردەیەك لەبەردەم شۆڕشگێڕەکاندا نەمابوویەوە، ئەوەنەبێت، داوای دەسەلەکار

کێشانەوەی لێ بکەن. بەڵام چۆن؟ دوای ئەوکێ دەسەڵات بگرێتە دەس؟ بە چ یاسا و نەریتێکی پێشین داوای دەسلەکارکێشانەوەی لێ بکەن؟ ئاستەنگ و قەیرانێکی دەستووریی ئەوتۆ بووکە خوێن ڕشتن نەبێت، هیچ چارەسەرێکی تری نەبوو، چوونکە هەرکات یاسا نەبوو، یان ڕۆڵی نەما، ئەوجا قسە دەبێتە قسەی شمشێر و ئەو ڕۆڵ دەبینێت.

**٣- دەسنیشان نەکردنی دەسەڵات و تایبتمەندیەکانی کاری (جێنشین)،**
نەلەکاتی پەیماندان بە ئەبوبەکر و نەلەکاتی پەیماندان بە عومەر و نەلەکاتی پەیماندان بە عوسمانیشدا ئەم کارە نەکرا، هۆکارەکەشی ئەوەبوو ئەو نموونەیەی کە زاڵبوو بەسەر ژیریی و بیرکردنەوەی سیاسیی عەرەبدا لەو کاتەدا، بریتیی بوو لە نموونەی (فەرماندەی سوپا)، ئەو نموونەیەش ڕێگەی بەباسکرنی پرسی تایبەتمەندیی و دەسەڵاتەکان نەدەدا. پرسی دەسەڵات و پسپۆڕییەکان لەو سەردەمەدا هەر لە بنەڕەتەوە بیری لێ نەدەکرایەوە، چوونکە سەردەمی فراوانکردنی دەسەڵات و دەسبەسەراگرتنی وڵاتان و زیادکردنی دەسکەوتەکان و بڵاوبوونەوە بوو بە سەرزەوییدا.

بەڵام کاتێك دەسکەوتەکان زۆر بوون و هەلومەرجی ژیانی خەڵك گۆڕا و چەند دیاردەیەك سەریان هەڵدا کە پێشتر مایەی ڕەخنە و گازندەی خەڵك بوون، کاتێك هەموو ئەمانە هاتنە کایەوە، پرسی دەسەڵات و پسپۆڕییەکانیش خۆی خستە ناوەوە. لەڕێگەی ئەو ڕەخنانەوە کە شۆڕشگێڕەکان لە عوسمانیان گرت، بەتوندیی پرسی سنووری دەسەڵات و پسپۆڕییش هاتەکایەوە و کورت کرایەوە لەوەدا کە، عوسمان سنووری دەسەڵاتی خۆی تێپەڕاندووە و پێشێلی کردووە: خزمەکانی بەکاربەدەست داناوە و لە پێنجیەکی دەسکەوتەکانیشدا دەستی وەرداوە و خراپ بەکاری هێناوە... تاد.

کاتێکیش شۆڕش دژی بەرپاکرا، گوتارێکی بۆ خەڵك دا و لەناو گوتارەکەیدا ئەوە هاتبوو کە: باشە چ مافێکتان خوراوە؟ سوێند بەخوا کەمتەرخەمیم نەکردووە لەوەدا ئەوەبکەم کە کەسی پێش من کردوویەتی، ئێوە ناکۆکیی و

ڕاجیاییتان نەبوو لەگەڵ ئەودا (عومەری کوڕی خەتاب)، زیادەی ماڵ و سامانی کۆکردبوویەوە، ئایا من بۆم نییە لەو ماڵە زیادەیەدا چۆنم بوویت وابکەم؟ ئایا من پێشەوا نیم؟.
کاتێکیش شۆڕشگێڕەکان گەمارۆیاندا و پێیان گوت: (کاربەدەستە لەڕێ لادەرەکانت لەسەرمان لابە و کاربەدەستی تر دەسنیشان بکە، کە تۆمەتیبار نەبن بەخوێن ڕشتن و خواردنی ماڵ و سامانمان، ئەو ماڵوسامانەشمان بۆ بگێڕەرەوە کە بەستەم دەستگیراوە بەسەریدا). عوسمانیش گوتی: (ئەگەر ئەوەی ئێوە دەتانەوێت بیکەمە کاربەدەست و ئەوەش ئێوە نەتانەوێت لای ببەم و لەکاری بخەم، ئیتر من چیم بەدەستە، کەواتە ئێوە فەرماندار و کاربەدەستن نەك من).
بەم شێوەیە و لەسەر زمانی خەلیفە خۆیەوە، کەلێنی دەستووریی سێیەم، پەردەی لەسەر بوونی خۆی لادا، جێنشینی سێیەم ڕەخنە و داخوازییەکانی شۆڕشگێڕانی ڕەد کردەوە، چوونکە پێی وابوو یەکێك لە دەسەڵاتەکانی ئەو، ئەوەیە کە چۆنی بوێت وا مامەڵە بکات لەگەڵ (گەنجینە پاشەکەوتکراوەکاندا)، هەروەها پێی وابوو تەنها لە دەسەڵات و تایبەتمەندیی و پسپۆڕیی خۆیەتی، کاربەدەست و حوکمڕانی ولایەتەکان هەڵبژێرێت و دەسنیشانیان بکات و دایان بنێت، پێشی وابوو ئیشەکە (واتە: حوکمڕانیی و دەسەڵات)، واتا و مانای خۆی لەدەس دەدات ئەگەر ئەم دەسەڵاتانەی لێ دابماڵرێت.
شۆڕشگێڕەکانیش کە گەورەهاوەڵانی وەك عەمماری کوڕی یاسریان لەگەڵدابوون و تەڵحە و زوبەیر و عەلی کوڕی ئەبوتالبیش پشتیوانییان دەکردن، وەڵامیان بۆ ئەم چەشنە تێگەیشتنە لە ئەرکەکانی (جێنشین و خەلیفە)، تێگەیشتنێك کە پێی وابێت دەسەڵات و تایبەتمەندییەکانی خەلیفە مەرج و سنووریان بۆ نییە، بەم شێوەیە بوو: (گوتیان: سوێند بەخوا یان ئەوە دەکەی کە ئێمە دەمانەوێت، یان لەسەرکار لادەبرێیت، یان دەکوژرێیت، سەیری حاڵی خۆت بکە و بەراوردێکی دڵی خۆت بکە و بڕیار بدە).
کاتێك عوسمان ئامادە نەبوو وەڵامی داخوازییەکانیان بداتەوە و سوور بوو لەسەر مانەوەی لەدەسەڵاتدا و گوتی: (ئامادە نیم کراسێك دابکەنم کە خواوەند لەبەری کردووم)، چل شەو گەمارۆیاندا، پاشان کار بەڕادەیەك گەشت،

دەســـتەیەك کە محەممەدی کوڕی ئەبوبەکر ڕابەرایەتیی دەکردن، هەڵزنان بەدیواری ماڵەکەیدا و عوســـمان کوژرا و قورئانێك لەدەســـتیدا بوو لێی دەخوێندەوە.
دواجار ڕوون بوویەوە، سـیسـتەمێکی حوکمڕانیمان نییە کە ئیسـلام یاسـا و شـــەریعەتی بۆ دانابێت، بەڵکو لەگەڵ گەشـــەســـەندنی بانگەوازە محەممەدییەکەدا دەســـەڵاتێکی حوکمڕانیش دامەزرا و لەســـەرەتاوە پەیڕەو کرا و پشتی پێبەسرا، پاش کۆچی دوایی پێغەمبەریش، نموونەی: (فەرماندەی جەنگ و فەرماندەی سەربازیی) پەیڕەو کرا، ئەمە ئەو شتەبوو کە خواستی ئەو ڕۆژانە و لەژێر زەبری هەلومەرجەکانی ئەو سەردەمەدا بوو.
کاتێکیش دەوڵەتی عەرەبیی ئیسلامیی لەگەڵ دەسبەسەراگرتنەکانی وڵاتان و دەســـکەوتە زۆرەکان و بڵاوبوونەوەی ئیســـلامدا گەشـــەی کرد، ئیتر نموونەی (فەرماندەی جەنگ) لەتوانایدا نەما ئەو گەشـــەســـەندنانەی کە ڕوویان دابوو لەخۆ بگرێت، بۆیە بۆشـــاییەکی دەســـتووریی ســـەری هەڵدا، لەڕێگەی ئەو سێ کەلێنەوە کە باسمان لێوەکردن و ڕوونمان کردنەوە.
بەو پێیەش کە پرسەکە بە چارەسەرێکی درووستی فیقهیی چارەسەر نەکرا، قسـەی یەکلاکەرەوە بۆ شـمشـێر مایەوە و لەو ڕێگەیەوە (جێنشـینیی گۆڕدرا بۆ پاشایەتیی).

### د. ئایدیۆلۆجیای سوڵتانیی... و ڕەوشتی ئیسلامیی

**...دەسنیشان کردنی شێوازی پیادەکردنی ڕاوێژ و ڕاوێژپێکردن (الشُورى)، لەڕێگەی هەڵبژاردنی ئازادەوە، هەروەها دیاریکردنی ماوەی مانەوەی سەرۆکی دەوڵەت لەسەر کورسیی حوکمڕانیی لە حاڵەتی سیستەمی کۆمارییدا، لەگەڵ سپاردنی ئەرکەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکار بەحکومەتێك کە بەرپرسیار بێت لەبەردەم پەرلەماندا، لەحاڵەتی سیستەمی پاشایەتیی و کۆمارییشدا پێکەوە، دیاریی و دەسنیشان کردنی دەسەڵات و تایبەتمەندییەکانی هەریەك لە سەرۆکی دەوڵەت و حکومەت و پەرلەمان، بەشێوەیەك ئەمەی کۆتایی، والیێ بکات تەنها خۆی سەرچاوەی دەسەڵات بێت، ئەمانە بنەماگەلێکن بەبێ دانپێدانان و کارپێکردنیان ناتوانرێت و ناکرێت لەم سەردەمەی ئێستەماندا ڕاوێژ و ڕاوێژ پێکردن (الشُورى)، پیادە و پەیڕەو بکرێت...**

ئەو بۆشایی و کەلێنە دەستوورییانەی کە لەساڵەکانی کۆتایی سەردەمی عوسماندا دەرکەوتن و هۆکاربوون لەپشت گۆڕینی (جێنشینایەتییەوە بۆ پاشایەتیی)، تەنها ئەو وانە سیاسییانە نین کە دەکرێت لە ئەزموونی مێژوویی ئوممەی ئیسلامییەوە وەریان بگرین (سەیری لێکۆڵینەوەی پێشتر بکە). بەڵکو چەندین لایەنی تر هەن پێویستە بخرێنەڕوو و ئاشکرا بکرێن، بەتایبەت ئەو چۆنایەتییەی کە حوکمڕانەکان پشتیان پێ دەبەست لە پێدانی ڕەوایەتیی بە حوکمڕانییەکەیان، لە (مُعَاوِيَة) وە وەك یەکەم (پاشا) لەئیسلامدا.

موعاویە خۆی باش دەیزانی حوکمڕانییەکەی بە زەبری شمشێر گرتووەتە دەس و ئەو ڕەوایەتییەی کە حوکمڕانیی ئیسلامیی لەسەردەمی ئەبوبەکرەوە تا پێش خۆی لەسەر دامەزراوە، ئەم لەدەستیداوە، کە بریتییە لە ڕەوایەتیی ڕاوێژ و ڕاوێژ پێکردن، بۆیە هەوڵی دەسخستنی ڕەوایەتیی دەدا، لە لایەکەوە لە ڕێگەی بابەتی (قەزاوقەدەر) ە وە و لەلایەکی تریشەوە، بەکردەوە، واتە: هەوڵی ڕازیی کردنی خەڵکی دەدا تا لەدەسەڵاتەکەی ڕازیی بن و بە ئاماژە

تێی دەگەیاندن کە لەبەروبوومی دەسەڵاتەکەی بەشیان دەدات، بەتایبەت لەڕووی ماددیەوە.
بۆیە دەبینین لەلایەکەوە لەگوتارەکانیدا ئەوە دووبارە دەکاتەوە، کە ئەوەی ڕوویداوە لەنێوان خۆی و عەلی کوڕی ئەبوتالبدا و سەرکەوتنەکانی و گرتنە دەسی دەسەڵات، هەمووی بە قەزاوقەدەری خوایی بووە، کەوایە هەرچی ڕوویداوە، بڕیار و زانستی پێشوەختی خواوەند بووە، کە ئومەویەکان حوکم بگرنە دەست، چوونکە شیاون بۆ ئەوکارە و لەهەمووکەس باشتری لێدەزانن.
کاربەدەستەکانیشی هەمان بیرۆکەیان دووبارە دەکردەوە، لەوانەش (زیاد بِنُ أبِیِهِ) لەگوتارە بەناوبانگەکەیدا لە (البَتْرَاء) کەتیایدا گوتی: (ئەی خەڵکینە، ئێمە بووینە کاربەرێکەر و سیاسەتوانی ئێوە و پارێزگاریکار لەئێوە، بەو دەسەڵات و سوڵتانەی خواوەند کەپێی بەخشیوین بەڕێوەتان دەبەین و بەو دەسکەوتەشی کە سەرپشکی کردووین تیایدا، بەرگریتان لێ دەکەین و دەتانپارێزین...).
موعاویەش لەبەردەم نەیارانی دەسەڵات پێدانی یەزیدی کوڕیدا گوتارێکی داو تیایدا گوتی: (پرسی سپاردنی دەسەڵات بە یەزید، بڕیار و قەزایەکی خوایی بوو و بەندەکانی خوا ڕۆڵ و بژاردەی تریان لەبەردەستا نەبوو).
ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە، موعاوییە سیاسەتێکی واقعبینانەی گرتەبەر، هەوڵیدا خەڵك ناچار بکات بەچاوێکی واقع بینانەی ئەوتۆوە بڕوانن بۆ پرسی حوکمڕانیی کە خۆیان بدەنە دەست کەسی باڵادەس.
لەساڵی کۆدەنگیی (عَامُ الجَمَاعَة) دا و پاش تەواو بوونی پەیماندان پێی، موعاویە لەمەدینە گوتارێکی دا و گوتی: (بزانن کە من ئەم حوکمڕانییەم بەخۆشەویستیی ئێوە و دڵخۆش بوونتانەوە بەوەی کە ببمە کاربەدەستان دەس نەخستووە، بەڵکو من بەم شمشێرەم کێبەرکێم لەگەڵ کردن و گرتمە دەست)، پاشان گوتیشی: هەوڵی داوە دەرونی خۆی ڕابێنێت لەسەر ڕەویە و شێوازی کارکردنی ئەبوبەکر یان عومەر یان عوسمان، بەڵام دەروونی نەیکردووە و پێی نەکراوە، دواتریش گوتوویەتی: (پاشان دەرونی خۆمم ڕاهێنا تا ڕێگەیەك بگرێت کە بەرژەوەندیی خۆیشم و ئێوەشی تێدا بێت: خوانێکی باش و خواردنەوەیەکی

جوان، ئەگەر بە باشــترینی خۆشــتانم نەزانن، ئەوا من لەخۆتان باشــتر کارەکانتان بۆ بەڕێوە دەبەم و حوکمڕانیتان دەکەم...).
دوای خۆی جێنشـینە ئومەویيەکان هەموويان لەسـەر ئەم ڕێڕەوە ڕۆشـتن و **پشـتیان بە ناچارکردن - الجَبْر - بەسـت وەك ئایدیۆلۆجیا، بەخشـینیش وەك پەیڕەوکردنی سـیاسـیی، ئەم دووشـتە بناغەی ئەو ڕەوایەتیە بوون کە حوکمڕانییەکەیانیان لەسەر بونیاد نابوو.**
کاتێك شۆڕشی عەباسیەکانیش سەرکەوتوو بوو لەبونیادنانی دەوڵەتەکەیدا، نەدەگونجا و دەستی نەدەدا بۆ پیاوەکانی شـۆڕش و دەوڵەتەکەش دان بنێن بە ئایدیۆلۆجیای سـەپاندن - الجَبْر - ی ئومەویەکاندا و پشـتی پێ ببەسـن، چوونکە لەناو ڕیزەکانیاندا چەندین سـەرکردە هەبوون کە پێشـتر نەیاریی ئومەویەکانیان کردبوو و جەنگابوون لەگەڵیاندا و دروشـمی پێچەوانەیان دژی ئەوان بەرز کردبوويەوە، لەڕیزی پێشەوەی ئەو دروشمانەشدا دروشمی قەدەر بوو، واتە: مرۆڤ لەبژاردە و هەڵبژاردنەکانیدا ئازادە، بۆیە بەرپرسـە لە کردەوەکانی خۆی کە دەیانکات.
بۆیـە کـەوتنـە هـەوڵی دەسـخسـتنی ڕەوایـەتیی و شـەرعیـەت بۆ حوکمڕانیەتیەکەیان، نەك لەقەزاوقەدەرەوە، وەك ئومەویەکان کردیان، بەڵکو (لە ویسـت و قەزا و خواسـتی خواوەندەوە)، گوتیان: خواوەند ویسـتی وابووە ئێمە حوکمڕانی خەڵك بین، بۆیە ئێمەش بەویسـتی خوا حوکمڕانیی دەکەین و، بە خواستی ئەویش هەڵسوکەوت دەکەین.
ئەبوجەعفەری مەنسـور دامەزرێنەری ڕاسـتەقنەی دەوڵەتی عەباسـیی، گوتارێکی داو گوتی: (ئەی خەڵکینە من سوڵتان و فەرمانڕەوای خوام لەسەر زەویدا، بەپشتیوانیی و هاوکاریی و دەسخۆشانەی ئەو سەروکاریی و بەڕێوەبەرایەتیتان دەکەم، هەروەها لەلایەن ئەووە ئەرکی پاسـەوانیی ماڵ و سـامانم پێ سـپێردراوە و دەسکراوەشـی کردووم تا بە ویست و خواستی خۆی بەکاری بێنم... ) بەم شێوەیە خۆی کردە خەلیفە و جێنشینی پێغەمبەر و جێنشینی جێنشینانی ڕاشدین، بەڵکو من دەڵێم: خەلیفەی عەباسـیی بووبە (جێنشـین و خەلیفەی خوا) و (سوڵتان و دەسەڵاتی خوا لەسەرزەویدا)، ئەمەش بووبە بناغەی ڕەوایەتیی بۆی.

ئەم بناغەیەی کە زۆر دوور بوو لەئیســـلامەوە، هەوڵی چەســـپاندنی درا، بەوەی کە وەك ئیبنولموقەففەع لە نووســـەرانی ســـوڵتانەکانەوە چەند قســـەیەك دەگێڕێتەوە لە ئایدیۆلۆجییەتی ســـوڵتانیی فارســـەکان و خەڵکی تریشـــەوە کە لەســـەر بنەمای هاوشـــێوەبوونی نێوان حوکمڕانی ســـتەمگەر و یـاخیی و خواوەنـددا بونیـاد نراون... هـەنـدێ جـاریش پڕاوپڕ خواوەنـد و حوکمڕان بەیەکتر بەراورد دەکەن و حوکمڕانەکە دەکەنە خوا.

(فیقهی ســیاســەت) یش تا ئەم دواییانە دەرنەکەوت، بەتایبەتیی تا ســەردەمی ماوەردیی ئەوجا خۆی نواند. پێش ئەمە (قسەکردنێك بوو لە بارەی پێشەوایەتیی و ئیمامەتەوە) و چالاکوانەکانی ئەهلی ســـوننە بەرپەرچی ڕاوبۆچوونەکانی شـــیعـە و بـەتـایبـەتیش ڕەوافیزەکانیانی پێ دەدایـەوە: ئـەو ڕافزانـەی کـە جێنشـینایەتی ئەبوبەکر و عومەر و عوسـمانیان ڕەد دەکردەوە و دەیانگوت: پێغەمبەر ڕاســـپاردەی کردبوو کە دوای خۆی عەلی کوڕی ئەبوتالب ببێتە جێنشـــینی، بۆیە چالاکوانەکانی بواری بیروباوەڕ - المُتَكَلِمِين - لـە ئـەهلی ســـوننەت هەســـتان بە بەرپەرچدانەوەی ئەم بۆچوونە و چەســـپاندنی درووستیی و ڕەوایەتیی جێنشینی هەریەك لە ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان و عەلی و لەم کارەشـیاندا پشـتیان بە ڕووداوە مێژووییەکان دەبەسـت، دواتر لەسـەر بناغەی ئەم پشـت بەسـتنە شـتێکیان داهێنا کە بەچەند مەرجێکیان دادەنا لە بواری پێشـــەوایەتیی و شـــێوازی دەســـنیشـــان کردنی پێشـــەوا و ئیمامدا... تاد.

ئەو چالاکوانانەی بواری بیروباوەڕ بەم کارەیان هەوڵی بەرزکردنەوەی ئەو چۆنایەتییەیان دەدا کە لەسەردەمی جێنشینانی ڕاشدیندا کارەکانی پێ بەڕێوە براوە، تابەرزی بکەنەوە بۆ ئاســتی پێشــینەی تەشــریعیی و یاســاســازیی - السَّـــوَابِقُ التَّشْـــرِيعِيَّة -، هەموو ئەمەش بەمەبەســـتیی ڕووبەڕوو بوونەوە بوو لەگەڵ پێڕەکانی (باتنیی و ڕافیزە) لەشیعەکان، **فیقهیی سیاسیش لە ڕاستیی و کرۆکیدا، یاســاســازییە بۆ پێشــینە و ڕابوردووی حوکمڕانیی لە ئیســلامدا، بەتایبەتیش سەردەمی جێنشینە ڕاشدەکان، بۆیە فیقهی سیاسیی یاساسازیی**

**و تەشـریع نەبووە، نەبۆ ئێسـتە و نەبۆ داهاتووی بواری حوکمڕانیی**. ڕاسـتە ماوەردیی هەوڵی ئەوەیدا کە لەسـەر ئاسـتی (حوکمە سـوڵتانییەکان - ألأحكامُ السُـلطَانِيَة)، چەشـنێك ڕەوایەتیی بکات بەبەر سـیسـتەمی حوکمڕانیی سـەردەمەکەی خۆیدا، واتە: ئەرکە کارگێڕییەکان و ئەرکە ئایینیەکانی وەك بواری دادبینیی و دادگاکان.
بەڵام یاسـازیی و تەشـریعەکەی ئەویش بێجگە لە وێنا و پەسـن کردنی ئەو دونیایەی کەخۆی تێیدا ژیاوە و هەوڵدان بۆ بەبەراکردنی چەشنێك لە بەرگی ڕەوایەتیی فیقهیی بەبەریدا، هیچیتر نەبوو.
(فیقهیی سیاسەت) یش دوای ماوەردیی لەڕێگەی زنجیرەیەك سازشکاریی و دەسـهەڵگرتن لەهەندێ لەمەرجەکانەوە گەشـەی کرد، تاگەشـتە ئەوەی کە **دان بنێت بەوەدا کە گرتنەدەسـی دەسـەڵات و حوکمڕانیی لەڕێگەی هێز و لەلایەن کەسی درەوە دەبێت** (غەزالیی و ئەوانەی لەدوای ئەوەوە هاتن)، پاشان دواتر فیقهزانەکان بەوەگەشـتن کە (بنەمایەکی گشـتیی) ان دانا و بەهۆیەوە بۆیەکجارەکی (فیقهی سـیاسـیی) ان پێ هەڵوەشـاندەوە، بنەمایەك دەڵێت: **هەرکەس هێزی زیاتری بەدەسـت بوو گوێڕایەڵیکردنی پێویسـتە**، خەڵکی ئاسایی لە ناوچەکانی ڕۆژئاوا بەم دەستەواژەیە گوزارەیان لەو بنەمایە دەکرد: (خواوەند ئەوکەسە سەردەخات کە زاڵ دەبێت).
ئەمە ئەو وانە و پـەندە سیاسییانـــەن کـــە ئەزموونی مێژوویی ئوممەی عەرەبیی ئیسـلامیی پێشـکەشـیان دەکات پێمان، چەند پەند و وانەیەك کە لـەسیاسەتی جێبەجێ کراوەوە هەڵگۆزراون، سەرەتـــا کەمێك پێش گۆڕینی (جێنشینایەتیی بە پاشایەتیی) (ئەوکەلێنە دەستورییانەی کە لەکۆتاییەکانی سەردەمی عوسـماندا دەرکەوتن - سـەیری لێکۆڵینەوەی پێشـتر بکە)، دواتریش پاش گۆڕانی ئەو سـیاسـەتە بۆ سـیسـتەمێکی حوکمڕانیی کە لە هەوڵی دەسـخسـتنی ڕەوایەتیدابوو بۆ خۆی لەڕێگە چەواشـەکردنی ئایدیۆلۆجیی و بەخشـینی سـیاسـییەوە، پێش ئەمە و لەدواشـیەوە: لەڕێگەی نواندنی هێز و خۆزاڵ کردنەوە.

بەڵام ئەزموونی مێژوویی ئوممەی عەرەبیی ئیسلامیی تەنها سیاسەتی جێبەجێکراو و پیادەکراو نییە، بەڵکو ئەوەشە کە ئێمە لەم نووسینەماندا بە (ڕێسای ڕەوشتی ئیسلامیی لە حوکمڕانیدا - الخُلُقيَّة الإسلَاميَّة) ناوی دەبەین و گوزارەی لێ دەکەین، ئەو ڕێسا ڕەوشتییەی کە بەردەوام ئیلهام بەخشە بۆ بیری ئازاد و هیوا و ئاواتەکانی چاکسازیی و گۆڕانکاریی دەبوژێنێتەوە. ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی ئەم ڕێسا ڕەوشتییەش کە پێویستە لەسەردەمی پێغەمبەرایەتییەوە وەریان بگرین، بریتیین لە:

١- **ڕاوێژ و ڕاوێژ پێکردن - الشُورى** . قورئان ڕاوێژکردنی وەك ئاکارێك لەئاکارە پەسەند و دڵخوازەکان ناساندووە، شان بەشان لەگەڵ باوەڕبوون بە خواوەند و پشت بەستن پێی و دووركەوتنەوە لە گوناهە گەورەکان و نوێژکردندا، باسی کردووە و ناوی هێناوە... وەك فەرموویەتی: [فَمَا أُوتِيتُمْ مِنْ شَيءٍ فَمَتَاعُ الْحَيَاة الدُّنْيَا وَمَا عِنْدَ اللَّهِ خَيْرٌ وَأَبْقَى لِلَّذينَ آمَنُوا وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ * وَالَّذِينَ يَجْتَنِبُونَ كَبَائِرَ الْإِثْمِ وَالْفَوَاحِشَ وَإِذا مَا غَضِبُوا هُمْ يَغْفِرُونَ * وَالَّذِينَ اسْتَجَابُوا لِرَبِّهِمْ وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنْفِقُونَ * وَالَّذِينَ إِذَا أَصَابَهُمْ الْبَغْيُ هُمْ يَنْتَصِرُونَ] (٢)، قورئانی پیرۆز خۆی بە ئاراستەکردنی گوتار بەرەورووی پێغەمبەر (سڵاوی لەسەر) ئەم مانایە پشتڕاست دەکاتەوە تا ڕاوێژکردن بکاتە یەکێك لەو ئاکارە پەسەندانە و ڕایگەیەنێت کە پێویستە پێغەمبەر پەیوەندیی خۆی لەگەڵ هاوەڵەکانیدا لەسەر بونیاد بنێت، بۆیە پێی گوت: [فَبِمَا رَحْمَةٍ مِنْ اللَّهِ لِنْتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنْتَ فَظاً غَلِيظَ الْقَلْبِ لَانْفَضُّوا مِنْ حَوْلِكَ فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ] (٣).

٢- **بەرپرسیارییەتیی** و دابەشکردنی لەجەستەی کۆمەڵگەدا. بیری سیاسیی لەشارستانییەتە دێرینەکانی ڕۆژهەڵاتدا، بەفرعەونیی و بابلیی و عبرانیی و فارسییەوە، لەسەر نموونەی (شوان) دامەزرابوون و بەڕێوەش دەبران، ئەو شێواز و نموونەیەی کە (شوان) تیایدا ڕانەمەڕێك بەخێو دەکات. واتە: حوکمڕان (شوانە) و ئەوانی تریش (ڕانەکەن)، ئەم نوونەیە لەسەر ئەوە بونیاد نراوە کە پراوپڕ بێت لەنێوان: (بەخێوکەری گەردوون) دا کە خواوەندە و، بەخێوکەری خەڵکدا کە کاربەدەستەکەیانە.

بەڵام لە ئیسلامدا - ئیسلامی سەردەمی پێغەمبەرایەتیی، نەك ئیسلامی سەردەمی ئایدیۆلۆجیای سوڵتانیی - ئەوەی کە وشەی (شوان) لەخۆی دەگرت، واتایەکی تری وەرگرت، ئەویش لەڕێگە ئەو قسەی پێغەمبەرەوە کە ڕایگەیاند و گوتی:
(بزانن هەمووتان شوانن و هەریەکەشتان بەرپرسە لە ژێردەسەکانی: ئەو پێشەوایەی کە بەسەر خەڵکەوە شوانە بەرپرسیارە لەوەی کە لەبەردەستیدایە، واتە: بەرپرسە لە ڕەعیەتەکەی، پیاو شوانی ماڵ و خێزانیەتی و بەرپرسە لێیان، ژنیش شوانی کڵفەت و خێزانەکەی و پیاوەکەی و منداڵەکانیەتی، کەواتە بەرپرسە لێیان، کۆیلەی کەسێك، شوانە بەسەر ماڵی ئاغاکەیەوە، کەواتە بەرپرسە لێی، بزانن هەمووتان شوانن و هەمووشتان بەرپرسن لەوەی لەژێردەستاندایە)، ڕوونە کە مەبەس لە شوانییەتیی، لێرەدا ئەوەیە کە ئەو کەسە ڕاسپاردەکان بپارێزرێن و بەرپرسیارییەتیی لەئەستۆ بگرێت، **ئەمەش لە تایبەت مەندیی و بەرپرسیارییەتی تاقە کەسێك نییە، بەڵکو ئەم ئەرك و بەرپرسیارییەتیە دابەشکراوە بەسەر جەستەی کۆمەڵگەدا لەسەرەوە تا خوارەوە. ئەوگرنگیی و بایەخە سیاسییەی کە ئەم بنەمایە لەخۆی دەگرێت، ئەوەیە کە بڕیار لەسەر دابەشکردنی بەرپرسیارییەتیی دەدات لە دەقێکی گرنگدا کە نە خاتروخۆتری تێدایە و نە ستەمگەرییش.**
٣- ڕەگەزی سێیەمیش لەڕەگەزە بنەڕەتییەکانی ڕەوشتی ئیسلامیی لە بواری حوکمڕانیی و سیاسەت و بوارەکانی تری ژیاندا کە هیچ دەقێکی لەبارەوە نییە، بریتییە لەو قسەی پێغەمبەر کە دەیگوت: **(ئێوە شارەزاترن لە کاروباری دونیاکەتاندا)**. ڕۆژێك بەلای چەند کەسێدا تێپەڕیی سەرقاڵی پیتاندن و تۆوکردنی دارخورماکانیان بوون، پرسیاری لێ کردن لەبارەی ئیشەکەیانەوە، گوتیان: تۆویان دەکەین تا بەر بگرن، گوتی: ئەی ناکرێت نەیکەن؟.
وازیان لێهێنا و دارخورماکانیان بەری نەگرت و بەرهەمی نەدا، هەواڵیان دابە پێغەمبەر کە ئەمساڵ دارخورماکان بەریان نەگرتووە، ئەویش پێی گوتن:
(ئێوە شارەزاترن لە کاروباری دونیاکەتاندا).
بەوپێیەش کە خۆی کۆچی دوایی کرد و نە کەسی لەجێی خۆی دانا و نە باسیشی لەوە کرد کە چۆن کەسێك دەسنیشان بکەن و نە باسی چەشنی

دەسەڵاتەکانی ئەو کەسە و نەباسی هیچ شتێکیشی کرد لەبارەی حوکمڕانیی و سیاسەتەوە، بۆیە هیچ بیانووێك نییە بۆ خۆلادان لەو ڕاستییەی کە ئەم چەشنە ئیشانەش دەچنە خانەی ئەو قسەیەوە کە گوتی: (ئێوە شارەزاترن لە کاروباری دونیاکەتاندا).

ئەبوبەکریش جەختی لەسەر ئەم ڕاستییە کردەوە و لەکاتی پەیمان پێدانەکەیدا لەگوتارێکدا گوتی: (ئەی خەڵکینە، من کراومەتە کاربەدەستی ئێوە و لەئێوە باشتر نیم، ئەگەر بینیتان لەسەر ڕاستیی دەڕۆم، پشتیوانیم بکەن و ئەگەریش بینیتان لەسەر خراپە دەڕۆم ڕێگەم مەدەن و ڕاستم بکەنەوە...).

ئەمە لەدیدی ئێمەوە ئەو بناغانەن کە ڕەوشتی ئیسلامیی لەسەر بونیاد دەنرێت لەکاروباری حوکمڕانیی و سیاسەتدا. ئێمە کە لێرەدا **وشەی (ئاکاری ڕەوشتیی - الخُلُقيَّه) بەکار دەهێنین، هۆکەی ئەوەیە ئەو دەقانەی کە باس لەم بنەمایانە دەکەن و دانیان پێدا دەنێن، دەقگەلێکی تەشریعیی نین، یان لانی کەم پێشتر بە تەشریعیی دانرابن یان وادابنرێن، واتە: ناتوانرێت یاسایەکیان لێوە بەرهەم بهێنرێت. ئەمەش وادەکات کە بواری ئیجتیهاد و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون زیاتر فران بێت و، بەسنووری ئەو بەها باڵایانە نەبێت کەئیسلام بڕیاری لەسەر داوون، بەهیچی تر سنووردار نەکرێت... لەم ڕوانگەیەوە بەجوانیی ڕوون دەبێتەوە کە سەرلەنوێ بونیاد نانەوەی بیری سیاسیی ئیسلامیی لە ئیسلامدا پێویستە هەنگاوی بۆ هەڵبگیرێت، نەك بەگەڕانەوە بۆ ڕاوبۆچوونەکانی ماوەردیی و ئەوانی تر، چوونکە ناچار نین ئەو ڕاوبۆچوونانە پەیڕەو بکەین و ئەوانیش بەڵگە نین بەسەر ئێمەوە، بەڵکو ئەوان تەنها دەرهاویشتەی سەردەمەکەی خۆیانن و هیچی تر، بۆیە پێویستە پرۆسەی داڕشتنی بیری سیاسیی ئیسلامیی هاوچەرخ، سەرلەنوێ لە بردنەوە سەر بناغەی ئەو سێ بنەمایەوە دەست پێ بکات کە پێشتر ئاماژەمان بۆکردن**، بەشێوەیەك پرۆسەکە بتوانێت وەڵامی خواست و پێداویستییەکانی سەردەمەکەمان بداتەوە: **دەسنیشان کردنی شێوازی پیادەکردنی ڕاوێژ و ڕاوێژ پێکردن (الشُورى)، لەڕێگەی هەڵبژاردنی ئازادەوە، هەروەها دیاریکردنی**

**ماوەی مانەوەی سەرۆکی دەوڵەت لەسەر کورسیی حوکمڕانیی لە حاڵەتی سیستەمی کۆمارییدا، لەگەڵ سپاردنی ئەرکەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکار بە حکومەتێك کە بەرپرسیار بێت لەبەردەم پەرلەماندا، لەحاڵەتی سیستەمی پاشایەتیی و کۆمارییشدا پێکەوە، دیاریی و دەسنیشانکردنی دەسەڵات و تایبەتمەندییەکانی هەریەك لە سەرۆکی دەوڵەت و حکومەت و پەرلەمان،** بەشێوەیەك ئەمەی کۆتایی والێبکات خۆی سەرچاوەی دەسەڵات بێت، ئەمانە بنەماگەلێکن بەبێ دانپێدانان و کارپێکردنیان ناتوانرێت و ناکرێت لەم سەردەمەی ئێستەماندا ڕاوێژ و ڕاوێژ پێکردن (الشُّورى)، پیادە و پەیڕەو بکرێت.

ئەمە ئەو بنەمایانەن کە تەنها بەهۆی ئەمان و لەڕێگەی ئەمانەوە دەکرێت ئەو سێ کەلێنە دەستوورییە پڕ بکەینەوە کە لەکۆتاییەکانی سەردەمی عوسماندا دەرکەوتن و بوونە هۆی (گۆڕینی جێنشینیی بۆ پاشایەتییەکی پشتاوپشت) (لێکۆڵینەوەی پێشتر).

لەکۆتاییدا پێویستە بڵێین: لە دیدی ئێمەوە هیچ بیانوێك نییە بۆ ئەو دوودڵیەی هەندێ لە بزووتنەوە سیاسییە (ئیسلامییەکان) لەدیموکراتییەتی هاوچەرخ. بیانووهێنانەوە بۆ ئەو دوودڵیی و ڕازیی نەبوونە بەوەی گوایا خەلیفە لەئیسلامدا دەکرێت بە پەیمان پێدانی تاکەکەسێك یان چەند کەسێکی دیاریکراویش دەسنیشان بکرێت و دابنرێت، ماوەی مانەوەشی لەسەر دەسەڵات دیاریی ناکرێت بەو بیانووەی گوایا پەیمان پێدانی وەك پەیمان و گرێبەستی کڕین و فرۆشتن وایە و کەس بۆی نییە پەشیمان ببێتەوە تیایدا، هەر پەیمان پێدانەکە خۆی، ئەوە دەخوازێت کە هەموو ئیشوکارێکی پێ بسپێریت و ناکرێت سنوور دابنرێت بۆ دەسەڵاتی و پسپۆڕیەتیەکانی دیاریی بکرێت.

ئەم بیانووبۆهێنانەوانە هیچ بنەمایەکیان نییە، نە لەدەقە گوازراوەکاندا و نە لەبواری ژیرییشدا، تەنها ئەوەندە هەیە کە ڕاوبۆچوونی فەقیهە سیاسیاکانی وەك ماوەردیی و ئەوانی تر دەهێننەوە کایە و هیچی تر، ئەو فەقیهانەی کە

ئێمە لەبارەیانەوە گوتمان: ئەوان هەچ ڕاوبۆچوونێکیان بووبێت وەك وەڵامدانەوەی ئەو پێداویستییانە بووە کە هەلومەرجی سەردەمەکەیان سەپاندوویەتی بەسەریاندا: یان وەك بەرپەرچدانەوەی شیعە ڕافزەکان بووە، یان بۆ چەسپاندنی ئەو هەلومەرجە بووە کە یەکێك لە حوکمڕانەکان بەزەبری هێز سەپاندوویەتی بەسەر خەڵکی سەردەمەکەدا.

## ٢- ئایین و دەوڵەت... لە مەرجەعییەتی گەشەسەندن و بوژانەوەدا . النَّهْضَة

### أ. پێویستە کێشەی وڵاتەکان نەگشتێنرێن

**... نیشتیمانی عەرەبیی ئێستە نەیەك وڵاتە و نەیەك کۆمەڵگەشە، بەڵکو چەند وڵات و چەند کۆمەڵگەیەکە - دەمانەوێت بیکەینە یەك وڵات و یەك کۆمەڵگە و لەو پێناوەشدا کار دەکەین - وڵاتانی عەرەبیی لەم هەلومەرجەدان کە ئێستە تیایدا دەژین، بەردەوام هەریەکەیان بەناوی چەند تایبەتمەندییەکی بەهێزی خۆیەوە ناو دەبرێت کە چەند پرسێکی تایبەت بە خۆیان لەخۆدەگرن، وەك پرسی پەیوەندیی ئایین بەدەوڵەتەوە.**

**کەواتە پێویستە لەبەر رۆشنایی هەلومەرجی ژیان لە هەردەوڵەتێکی عەرەبییەوە بەجیا، بروانینە ئەم پرسەوە.**

**پێویستە خۆمان بەدوور بگرین لە گشتاندن و بڵاوەپێکردنی کێشە و دژوارییەکانی هەر وڵاتێك، گشتاندنێك کە دژواریی و کێشەکانی ئەو وڵاتە بکاتە دژواریی و کێشەی نەتەوەیی...**

تائەوکاتەی رۆڵەکانی نەتەوەکەمان جیاکاریی نەکەن، لەلایەکەوە لەنێوان ئەو بابەتە ئایینیانەدا کەپێویستە هەبن لەنێوان بەندە و بەدیهێنەریدا و، لەلاکەی تریشەوە لەنێوان ئەو بابەتە شارستانیانەدا کە لەنێوان مرۆڤەکان و هاووڵاتیانی یەك نیشتیمان، یان لەنێوان ئەمان و حکومەتەکەیاندا هەن، جیاکارییەك کە بوونی پێکهاتەی دەستە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندییە سیاسییەکانی لەسەر هەڵ بچنرێت، تاوایان لێ نەیەت پەرژینێکی جیاکەرەوە دابنێن لە نێوان ئەم دوو بنەما و دەسپێکە لێك جیایەدا کە خۆیان لەبنەڕەتەوە چ لەڕووی سروشت و چ لەڕووی ئایینیشەوە لێك جیاوازن، وەك دەردەکەوێت هیچ هیوایەك نییە و چاوەڕێش ناکرێت سەرکەوتووبن نەلەهیچکام لەو دوو بوارەدا بەجیا و نەلە هەردووکیشیاندا پێکەوە. لێرەوە: (پێویستە سنوورێکی جیاکەرەوە دابنێنین

لە نێوان: ڕابەرایەتیی و سیاسەتدا، کە یەکەمیان: واتای دەسەڵاتی ڕۆحیی و، دووەمیان: واتای دەسەڵاتی دونیاییان هەیە. چوونکە ڕابەرایەتیی چ لەڕووی خودیی و چ لەڕووی سروشتیشیەوە پەیوەستە بە چەن بابەتێکی ناوخۆیی جێگیر و چەسپاوەوە کە بەگۆڕانی: کات و شوێن، ناگۆڕێن، بەپێچەوانەی سیاسەتەوە کە پەیوەستە بە چەند بابەتێکی دەرەکیی ناجێگیر و گۆڕاوەوە کە هەڵدەگرێت گۆڕانکاریی و چاکسازییان بەپێی شوێن و کات و هەلومەرجەکان، تێدا بکرێت. بۆیە تێکەڵ کردنی ئەم دوو دەسەڵاتەی کە خۆیان بەسروشتی خۆیان لێکجیاوازن و دژبەیەکن لەو بابەت و پرسانەدا کە پەیوەندییان بەمانەوە هەیە، ئەو تێکەڵ کردنە بۆی هەیە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکییەك لەنێوانیاندا و چەندین زیانیش بگەیەنێت بە حوکمەکانیش و بە بابەتە ڕۆحیی و ئایینییەکانیش، بەشێوەیەك کە زیادەڕۆیی نابێت ئەگەر بڵێین: لەگەڵ ئەوتێکەڵ کردنەدا، ژیانی شارستانیی وگەشەکردن ئەستەم دەبێت).

- ئەوەی سەرەوە ئەو نووسینەیە کە **بوتروس ئەلبوستانیی** لەڕۆژنامەی (التَّفيِر)ی سوریدا (کە ئەوکات خۆی ڕۆژنامەکەی دەردەکرد)، لەدرێژەی سەرنجیدا لەبارەی ئەو ئاژاوە تایفییەوە نووسیویەتی کە ئاگرەکەی لە ساڵی ١٨٦٠ ز لە لوبنان و سوریادا هەڵگیرسا، ئەم دەقەش وەك زۆرێك لە دەقەکانی تر، لەڕێگەی دەربڕینەکەی و هەلومەرجی ژیانی نووسەرەکەی و ئەو بۆنەیەوە کە تیایدا نووسراوە، قسەیەك دەگوێزێتەوە لەبارەی هەریەك لەو سێ لایەنەوە، دەبینین ئەمانیش هەمان ئەو ڕەگەزانەن کە پرسی (ئایین و دەوڵەتیان) پێ دەسنیشان دەکرێت لە مەرجەعییەتی ژیانەوە و بوژانەوەی عەرەبیی هاوچەرخدا (المَرْجَعيَّةُ النَّهْضَويَة الحَديثَةَ).

- **دەربڕینی دەقەکە** ڕوون و ئاشکرایە: بانگەوازێکی بێ پەردەیە بۆ جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت، هەروەها بانگەوازە بۆ دانانی سنوورێکی جیاکەرەوە لەنێوان بابەتە ئایینیەکان و بابەتە شارستانییەکاندا (وَضْعُ حَدٍّ فَاصِلٍ بَينَ الأَديَانِ وَ المَدَنيَّاتِ).

بانگەوازە بۆ پێویستیی دانانی ڕێوشوێکی جیاکەرەوە لەنێوان دەسەڵاتی ڕۆحیی و دەسەڵاتی شارستانییدا: یان بەپێی ئەو دەستەواژە باوەی کە دەڵێت: ئەوەی هی خواوەندە بدرێتەوە دەستی خواوەند و ئەوەش هی قەیسەرە بدرێتەوە دەستی قەیسەر. ئەمە مەرجی پێشکەوتن و بووژانەوە و هەستانەوەیە.

- ڕوونیشە کە ئەم بانگەوازە، سەبارەت بە بیرێك کە جیاکاریی بکات لەنێوان خواوەند و قەیسەردا، واتایەکی دەبێت و لە گەنجینەی وێنەکانی ناو ئاوەزیدا کە چوارچێوە بۆ هەڵسوکەوتی دەکێشن و ئاراستەی دەکەن، لەناو ئەو وێنانەدا وێنەیەك یان چەند وێنەیەك پەیدا دەکات کە خواوەند لەلایەکەوە وەستاوە و قەیسەریش لەلاکەی ترەوە وەستاوە: وەك دوو دژبەر و ڕکابەر یان وەك دوو هاوپەیمان. ئەم ڕێکار و جیاکاریە لە چەند وێنە و نموونەیەکدا لە ئەوروپادا بەدیی دەکەین، لەوانەیە گرنگترینی ئەو وێنە و نموونانە ئەم سێ دانەیەیان بن: **وێنەی یەکەم** ئەوەیە کە مەسیحییەت لەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە ناسیویەتی: لەو وێنەیەدا دەبینین بەتەنیشت دەوڵەتێکەوە، کە قەیسەرێك سەرۆکایەتیی دەکات و ئیمپراتۆری ڕۆمانییە و دەوڵەتەکەش وەك دەوڵەت، پابەند و قەتیس نییە لە ئایینێکی دەسنیشان کراودا، هەر لەم وێنەیەدا بەڵام لەلاکەی تریەوە مەسیحی کوڕی مەریەمیش هەیە و لەدوایشیەوە باوکەکان (الآباء) وەستاون کە ئەرکی بڵاوکردنەوەی مەسیحییەتیان لەسەرانسەری ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیدا لەئەستۆ گرتووە.

پەیوەندیی ئایین و دەوڵەت لەم وێنەیەدا پەیوەندیی دوژمنایەتیی و ڕکابەرایەتییە. دەوڵەت دژایەتیی و جەنگی کرد لەگەڵ مەسیحییەتدا و چەوساندیەوە و بە چالاکیی و بزاوێکی تێکدەرانەشی لەقەڵەمدا... تاد.

**وێنەی دووەمیش** لەگەڵ قەیسەری قوستەنتینی یەکەم یان قوستەنتینی گەورەدا دەسپێدەکەین، کە دوای سەرکەتنی لە یەکێك لە جەنگەکانیدا لەساڵی ٣١٢ ز بڕیاریدا دان بنێت بەمەسیحیەتدا وەك ئایینی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیی، بڕیارێك کە دەرگای خستە سەرپشت بۆ کڵێسای

کاسۆلۆکیی تا ببێتە دەوڵەتێك لەناو دەوڵەتدا، بەڵکو بۆماوەیەکی درێژخایەنیش لەمێژووی ئەوروپادا ببێتە دامەزراوەیەك لەسەرووی دەوڵەتیشەوە: باڵادەست بوو بەسەر باری دەروونیی و ژیانی ڕۆحییدا و هەژموونیشی هەبوو بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیی و ئابوریی و سیاسیشدا.

**وێنەی سێیەمیش** ئەوەبوو کە پەیوەندیی هەبوو بە گەشەسەندن و هەستانەوە و بووژانەوەی ئەورووپا و هەلومەرجەکانیەوە، کە دواجار جیاکردنەوەی ئایینی لەدەوڵەت لێکەوتەوە، واتە: بەرەو عەلمانییەت. عەلمانییەتیش واتای دژایەتیی و نەیاریی کردنی ئایین ناگەیەنێت، بەڵکو واتای جیاکردنەوەی بابەتە دونیاییەکان دەگەیەنێت لە بابەتە پەیوەستەکان بە دواڕۆژەوە، ئەویش بەوە دەبێت دەسەڵاتی سیاسیی و دامەزراوەکانی فێرکاریی و هەموو ناوەندە گشتییەکان لەدەستی کەسانێکدا بن کە لەڕووی ئایینییەوە بێ لایەن بن، هەروەها دوورخستنەوەی هەموو کەشیش و ڕابەرە ئایینیەکان و هەرکەسێك کە نوێنەرایەتی کڵێسا بکات، لەو دامەزراوە و بوارانە.

ئەوە گوزارە و دەربڕی ئەو دەقەیە کە باسمان کرد. نووسینەکە ئەزموون دەکاتە مەرجەعییەت و بنەوان بۆ خۆی، ئەو ئەزموونانەی کە ئەوروپا لەسەر ئاستی پەیوەندیی ئایین و دەوڵەتەوە بەخۆیەوە بینیونی.

**سەبارەت بە خاوەنی دەقەکەش، بوتروس ئەلبوستانیی**، مەسیحییەکی عەرەبی لوبنانییە و یەکێکە لەڕابەرانی گەشەسەندن و هەستانەوە و بووژانەوەی عەرەبیی هاوچەرخ، لەسەدەی ڕابوردوودا ژیاوە، واتە: لە سەردەمێکدا کە لوبنانیش وەك تەواوی وڵاتە عەرەبییەکانی تر، هەرێمێکی عوسمانی بووە، وەك زانراوییشە، ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بەناوی خلافەت و جێنشینایەتییەوە حوکمڕانیی دەکرد و بەناوی ئیسلامیشەوە تاکڕەویی و ستەمگەریی و کاری ناڕەوای پیادە دەکرد لەگەڵ عەرەبدا بەمسڵمان و مەسیحییانەوە.

لەو ڕوانگەیەوە، گەشـەسـەندن و بووژانەوە لە زەین و بیرکردنەوەی بوترس ئەلبوسـتانیی و چەندین بیریاری عەرەبی تردا، بەتایبەت مەسـیحیەکانیان، پەیوەست بوو بە جیاکردنەوەی ئاین و دەوڵەتەوە لەیەکتر. **یەکەم** چوونکە ئەو نمونەیە لە گەشـەسـەندن و بوژانەوە، کە ئەوان لەڕوانگەی ئەووەوە بیریان دەکردەوە، نموونە ئەورووپییەکە بوو، **دووەم** چوونکە سـتەمگەریی و تاکڕەویی تورکیی و ئەو خلافەتەی کە تورکەکان بەناویەوە حوکمڕانییان دەکرد و پێشینە و ڕابوردوشیان لەگەڵ عەرەبدا، هەموو ئەمانە وایان کردبوو کە لەدید و دونیابینی ئەمانەوە تورکەکان و دەسـەڵاتەکەیان، سـەرچاوەی هەموو دواکەوتن و پاشـکۆیەتییەك بێت، بەواتای ئەوەی بەبێ وەرگرتنی سـەربەخۆیی لەوان، پێشـکەوتن ڕوونادات، لەهەمان کاتدا بەواتای جیابوونەوە لە (خِلافَة) شـی دەگەیاند، دواتریش جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت.

**دەمێنێتەوە بۆنەی نوسـینی دەقەکە،** ئەو ئاژاوەیەی کە لەسـاڵی ١٨٦٠ لە لوبنان و لەنێوان مەسـیحییەکان و دروزەکاندا بەرپا بوو. ئەو گرفت و قینە ئاینیەی کە ئاژاوەکە بە دوای خۆیدا هێنای، وای کرد لە بوتروس ئەلبوسـتانی بەرەو ئەو ئاراسـتەیە بڕوات کە چارەسـەری کێشـە و گرفتی تائیفییەت و دابەشبوونی ئـاینی لە لوبناندا بریتییە لە جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت.

پاش ئەمەی ڕابورد ڕوون دەبێتەوە ئەو هۆکارە سـەرەکیانەی کە دوانەیی ئاین و دەوڵەت دەسـنیشـان دەکەن لەمەرجەعییەتی گەشـەسـەندن و بووژانەوەی عەرەبیدا، ئەم سێ هۆکارە سـەرەکییەن: **ئیلهام وەرگرتن لە ئەزموونی ئایینی ئەوروپا، گرفتی تائیفییەت و دابەشـبوونی ئایینی، بەسـتنەوەی گەشـەسـەندن و بوژانەوە بە جیاکرنەوەی ئاین و دەوڵەت لەیەکتر، واتە: سوود وەرگرتن لە گەشەسەندن و بووژانەوەی ئەوروپا.**

ئەم سێ هۆکارەش بەگشتیی جیاوازن لەو هۆکارانەی کە پەیوەندیی ئاین و دەوڵەت دەسنیشـان دەکەن لە مەرجەعییەتی کەلەپورگەرای ئیسـلامییدا.

ئەمەیە كە تێگەیشــتن لە بابەتەكە قورس دەكات، ئەگەر نەڵێین دەیكاتە ئەســتەم، لەنێوان كەســێكدا كە لەناو ئەم مەرجەعییەتەدا بیر بكاتەوە و كەسێكی تردا كە لەناو مەرجەعییەتێكی هەستانەوە و بووژانەوەی ئەوتۆدا بیربكاتەوە، كە لەرێگەی ئەو هۆكارانەوە دەســنیشــان بكرێت كە باســمان كردن، بەتایبەت ئەگەر هەســتانەوە و بووژانەوەكە پەیوەســت بێت بەجیاكردنەوەی ئایینەوە لە دەوڵەت. لێرەدا ئەوكەســەی كە لەناو مەرجەعییەتی كەلەپووریدا بیردەكاتەوە دەبینێت بابەتەكە رێك پێچەوانەی ئەوەیە كە ئەوكەســە دەیڵێت كە بەئاراســتەی عەلمانییەتدا بیر دەكاتەوە، چوونكە ئەزموونی مێژوویی عەرەبیی ئیســلامیی، بە ڕاســتیەكی مێژوویی ئەوتۆ پشــتیوانیی بۆچوونەكەی دەكات، كە قســە هەڵناگرێت لەبارەیەوە بكرێت، ئەو ڕاستییە مێژووییەش ئەوەیە: عەرەبەكان بەهۆی ئەو ئیسلامەوە هەســتانەوە، كە كردنیە حوكمڕان، یان با بڵێین كە بەهۆیەوە بوونە حوكمڕان و دەوڵەتیان پێك هێنا و چەندین میرنشینیان دروستكرد و شارستانییەتیان پێك هێنا... تاد.، ئەمەش وادەكات لەو وێنەیەی كە لەزەینی هاوڕێكەماندا پێك هاتووە، وێنەیەكی جێگیری ئەوتۆ بێت كە بەهیچ شــتێك نەژاكێت و نەلەرزێت، وێنەیەك كە پابەندبوون بەئایین و هەســتانەوە و بووژانەوەوە، پێكەوە گرێدەدات، بەســتنەوەی كارێك بە هۆكارەكەیەوە و مەرجێك بە مەرجگیراوەكەیەوە، رێك وەك ئەو پێكەوە گرێدانەی كە بیریاری عەرەبیی و بانگەشــەكاری عەلمانییەت دەیكات لەنێوان جیاكردنەوەی ئایین و دەوڵەت و گەشــەســەندندا، بەهەمان شــێوە بەســتنەوەی كارێك بە هۆكارەكەیەوە و مەرجێك بە مەرجگیراوەكەیەوە.

ســاختە بوونی ئەم دووانەییەتیە لێرەدا خۆی حەشــار داوە، واتە: دوانەیی ئایین و دەوڵەت لە بیری عەرەبیی هاوچەرخدا، **لەوەدا بەرجەستە دەبێت كە هەریەك لەلایەنەكان بەتوندیی دەس بەوەوە دەگرێت كە مەرجەعیەتەكەی پێی دەدات و بەتاكە ڕاستیی نەمری دادەنێت.**

ئەمە لەکاتێکدایە کە مەرجەکانی گەشەسەندن و هەستانەوە یەك دانە نین، بەڵکو چەندین مەرجی لێك ئاڵاون و بەپێی گۆڕانی هەلومەرجەکانی ژیان و سەردەمەکان، ئەوانیش دەگۆڕێن، دەگونجێت ڕەگەزێك لە ئەزموونێکی مێژوویی دیاریکراودا مەرجی بوژانەوە و هەستانەوە بێت، دەشگونجێت بە پێچەوانەی ئەمەوە بێت، یان ڕەگەزێکی بێ لایەن بێت، یان ڕەگەزێك بێت ئاستەنگ درووست بکات لەبەردەم پرۆسەی گەشەسەندن و بوژانەوەدا.

**دوانەیی ئایین و دەوڵەت لەبیری عەرەبیی هاوچەرخیشدا گرفت و دژوارییەکی ساختە و بێ بنەمایە، چوونکە گرفتەکانی ئێستامان دادەپۆشێت و باز دەدات بەسەریاندا و لەجێی ئەواندا چەند گرفتێکی تر دەخاتە ڕوو و چارەسەرکردنیان دەکاتە مەرج بۆ بوژانەوە و گەشەکردن و پێداویستیی و خواستی داهاتوو.**

ئێمە باوەڕمان وایە ڕزگاربوون لەم ساختەگەرییەتیەی کە دوانەیی ئایین و دەوڵەت دەیخاتە ڕوو، سەرەتا و پێش هەموو شتێك، دەبێت لە جیاکردنەوەی: (دژواریی پەیوەندیی ئایین و دەوڵەت) لەگەڵ (دژواریی گەشەسەندن و پێشکەوتن) ە وە، دەست پێ بکات، پاشان سەیرکردنی هەریەکەیان وەك دژواریی و گرفتێکی سەربەخۆ، کە ملکەچی گۆڕانکاریی هەمەچەشن بێت، لەوانە: ئەگەر نەڵێین: لەسەرووی هەموویانەوە، چەشنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی و چەشنی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیی و ئابوورییانەی کە باون و چەشنی دەسەڵاتی سیاسیی و سروشتی ئەو دەسەڵاتە... تاد. بەکورتیی، پێویستە پرسی پەیوەندیی نێوان ئایین و دەسەڵات، لەهەر وڵاتێکدا، بەڕەچاوکردنی دەرهاویشتەکانی هەلومەرجی تایبەت بەو وڵاتە، چارەسەر بکرێت.

کەواتە پێویستە لە هەلومەرجی ڕاستیی و دۆخی باو و باڵادەستەوە هەنگاو هەڵگرین، ئەوەش بریتییە لەوەی کە نیشتیمانی عەرەبیی ئێستە نە یەك وڵاتە و نە یەك کۆمەڵگەشە، بەڵکو چەند وڵات و چەند کۆمەڵگەیەکە - دەمانەوێت بیکەینە یەك وڵات و یەك کۆمەڵگە و لەو پێناوەشدا کار دەکەین

- وڵاتانی عەرەبیی لەم هەلومەرجەدان کە ئێســـتە تیایدا دەژین، بەردەوام هەریەکەیان بەناوی چەند تایبەتمەندییەکی بەهێزی خۆیەوە ناو دەبرێت کە چەند پرســێکی تایبەت بە خۆیان لەخۆدەگرن، وەك پرســی پەیوەندیی ئایین بە دەوڵەتەوە.
کەواتە پێویســـتە لەبەر ڕۆشـــنایی هەلومەرجی ژیان لە هەردەوڵەتێکی عەرەبییەوە بەجیا، بڕوانینە ئەم پرسەوە.
پێویســـتە خۆمان بەدوور بگرین لە گشـــتاندن و بڵاوەپێکردنی کێشـــە و دژوارییەکانی هەر وڵاتێك، گشـتاندنێك کە دژواریی و کێشـەکانی ئەو وڵاتە بکاتە دژواریی و کێشـــەی نەتەوەیی و بانگەوازی یەکگرتنیش بکاتە بانگەواز و بانگەشـــەیەك بۆ گواســـتنەوەی گرفت و دژوارییەکان لەچواچێوەی تایبەتەوە بۆ بواری گشتیی.
گرفتی پەیوەندیی نێوان ئایین و دەوڵەت لە نیشـتیمانی عەرەبییدا، گرفتێکی نەتەوەیی نییە، بەڵکو گرفتێکی خۆجێیی وڵاتەکانە... پێویســتە بەشـێوەیەك چارەسەری بکەین، کە خزمەت بە پرسی نەتەوایەتیی بکات.

## ب . تایفییەت و دابەشبوونی ئایینیی و دیموکراتییەت

**...دوانەیی ئایین و دەوڵەت لەبیری عەرەبیی هاوچەرخدا، دوانەییەکی ساختە و بێبنەمایە. ساختەیە چوونکە کێشەیەکی تری ڕاستەقینەی ڕێژەیی پەردەپۆش دەکات، ئەو کێشە و گرفتەش بریتییە لەکێشەی دابەشبوونی ئایینیی لەهەندێك لەوڵاتە عەرەبییەکاندا، ئەم کێشەیە تەنها ڕەنگدانەوەی ڕاستییەکی ڕێژەییە، چوونکە هەموو نیشتیمانی عەرەبیی ناگرێتەوە، بەڵکو مەبەست پێی ڕاستییەکی گشتییە کەئەویش بریتییە لە: نەبوون و بزر بوونی دیموکراتییەت لە هەموو نیشتیمانی عەرەبیدا، هەر لەکەنداوەوە تا دەریا، چ لەڕووی سیاسیی و چ لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە...**

لەلێکۆڵینەوەکانی ڕابوردوودا لەبارەی شێکاری دوانەیی ئایین و دەوڵەتەوە لەبیری عەرەبیی تازە و هاوچەرخدا، گەشتینە ئەم ئاکامەی خوارەوە: ئەو مەرجەعییەتە کەلەپوورییەی کەزۆرێك لەڕابەران و پیر و لاوان لەنیشتیمانی عەرەبییدا لەچوارچێوە و لەڕوانگەیەوە بیر دەکەنەوە، لەئاستی ئەو دوانەیەدا نییە و بۆی ناشێت، بەو واتایەی کە کێشەی پەیوەندیی نێوان ئایین و دەوڵەت، چ باسەکە پەیوەندیی ببێت بە داخوازیی پەیوەست کردنیان پێکەوە، یان جیاکردنەوەی یەکێکیان لەوی تریان، دژواریی و کێشەیەکە دوور و بزرە لەمەرجەعییەتی کەلەپوورییەوە، لەوێشەوە دوور و بزرە لەبیری ئەوکەسەوە کە لەناو ئەو مەرجەعییەتەوە بیری لێدەکاتەوە.

بەڵام کاتێك کێشە و دژوارییەکە لەمەرجەعییەتی بووژانەوە و هەستانەوەی عەرەبیی هاوچەرخەوە خۆی دەنوێنێت و دێتە ئاراوە، ئەوکات لەڕاستییدا ڕەنگدانەوەی کێشە و دژوارییەکی نەتەوەیی نییە کە هەموو نیشتیمانی عەرەبیی بگرێتەوە، بەڵکو تەنها ڕەنگدانەوەی هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتیی و سیاسییە و تایبەتە بە چەند وڵاتێکی عەرەبیی دیاریکراوەوە، بەچەند وێنە و ئاستێکی جیاوازەوە، هەلومەرێك کە بە دابەشبوونی ئایینیی گوزارەی لێکراوە.

بەهەمان شـێوە بەم ئاکامە گشـتییەش گەیشـتین کە بریتییە لەوەی: پرسـی پەیوەندیی نێوان ئایین و دەوڵەت، پێویسـتە لە ڕێگەی دەسـنیشـانکردن و لەبەر ڕۆشـنایی پێدراوەکانی هەروڵاتێك، لەو وڵاتەدا چارەسـەر بکرێت و، پێویسـتە خۆمان بەدوور بگرین لەگشـتاندنی کێشـە و گرفتەکانی وڵاتێك بەسەر وڵاتانی تردا و ببێتە هۆی سەرهەڵدانی کێشە و گرفتی نەتەوەیی.

کەواتە: چۆن لەسـەر ئاسـتی هەر وڵاتێك پرسـەکە چارەسـەر بکەین بەشێوەیەك کە خزمەت بکات بەبەرژەوەندیی نەتەوەییمان؟

لەوانەیە ئەم لێکدانەوانەی خوارەوە ڕێگەخۆشکەربن لەبەردەم بیرکردنەوەی بنەڕەتییدا لەبارەی پرسەکەوە.

ئەگەر بەشـێوەیەکی گشـتیی و سـەرپێیی و خێرا سـەیرێکی وڵاتانی عەرەبیی بکەین لەو هەلومەرجەدا کە ئێستە تیایدا دەژین، دەبینین، پرسی پەیوەندیی نێوان ئایین و دەوڵەت، وەك گرفتێك لەئارادا نییە، نە لەبواری بیر و نە لەبواری کۆمەڵایەتیی و نە لەدەسـەڵاتیشـدا، لەو وڵاتانەدا نەبێت کە دابەشـبوونی ئایینیی وەك پێکهێنەرێکی بنەڕەتیی لەپێکهاتەی کۆمەڵگەکانیاندا بوونی هەیە. بەدەسنیشـان کراویش ئەو وڵاتانە بریتیین لە: لوبنان و سوریا و میسر و سودان.

وڵاتەکانی تری نیشتیمانی عەرەبیی، مەبەستم مەغریب و مۆریتانیا و جەزائر و تونس و لیبیا و ئەردەن و سـعودیە و یەمەن و وڵاتانی کەنداو و عێراقە، ئەمان بەهیچ شـێوەیەك گیرۆدەی کێشـەی دابەشـبوونی ئایینیی نین، یان کەمینە ئایینیەکان تیایاندا بەڕێژەیەك نین دابەشـبوونی ئایینیی بکەنە کێشەیەکی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی. *

---

* دیارە لەو سەردەمەدا کە نووسەر ئەم هەڵسەنگاندنەی کردووە پێکهاتەی دانیشتووان و دامەزراوەی حوکمڕانیی لە عێراقدا بەم شێوەیە نەبووە کە ئێستا و لەسەدەی بیستویەکدا هەیە، بۆیە عێراقی نەخستووەتە ڕیزی ئەو وڵاتانەوە کە کێشەی ئیتنیکیی و ئایینیی و مەزهەبییان هەیە. (وەرگێڕ)

ئەو وڵاتە عەرەبيانەش کە بەدەس کێشەی تايفيی و دابەش بوونی ئايينييەوە دەناڵێنن، ئەم کێشەيە تياياندا لەسەر يەك شێوە و ئاست و قورسايی نييە.
بۆنموونە: لە لوبنان کێشەکە شتێکە و لە سورياش شتێکی ترە.
لە ميسر، پرسەکە تايبەتمەندييەکی مێژوويی هەيە و وای کردوە پرسی دابەشبوونی ئايينيی ڕەهەندێکی فرەيی وەربگرێت لەناو يەکيەتييەکدا، يەکێتييەکە بريتييە لە نيشتمان، لەوەش زياتر، يەکێتی هەستی نيشتيمانيی بوونی هەيە. بەڵام لە سودان دۆخەکە جياوازە، لەوێ کێشەکە لەسەر ئاستی ئايين و زمان و لەسەر ئاستی پێکهاتەی ئيتنيش دەخرێتە ڕوو. (ئەم نووسينە پێش ڕوخانی ڕژێمی بەعس لەعێراق و دابەش بوونی سودان نوسراوە - وەرگێڕ)
ئەمەش پێمان دەڵێت: ئەو چارەسەرەی کە لەلوبنان گونجاوە بۆ دژواريی و کێشەکە، ناگونجێت بۆ هەريەك لە وڵاتانی ميسر و سوريا و سودان، بەڵکو دژوارييەکە چەشنە چارەسەرێکی تايبەتی پێويستە کە لەوانەيە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر، کەم و زۆر جياوازبێت لەيەکتر.
کە مەسەلەکە وابێت، واتە: يەك چارەسەر نەگونجێت بۆ کێشەکە لە هەموو ئەو وڵاتانەدا کەناومان بردن، ئەوا چارەسەری پێويست و گونجاو ئەو چارەسەرەيە کە خەڵکی وڵاتەکە خۆيان بگەڕێن بەدوای چارەسەری گونجاودا بۆ کێشەکە لە وڵاتەکەياندا، لەدەرەوە هيچ چارەسەرێك نەسەپێنرێت بەسەر دانيشتوانی هيچ وڵاتێکدا.
ئێمە و هيچ بيريارێکی عەرەبيی تريش مافی ئەوەمان نييە و لەپسپۆڕيی و دەسەڵاتی ئێمەش نييە، خۆمان بکەينە بريکار و نوێنەری ڕۆڵەکانی هيچ وڵاتێك لە وڵاتانی عەرەبيی و لەباتی ئەوان بير لە کێشە و دژوارييە تايبەتەکانی وڵاتەکەيان بکەينەوە. ئەم هەڵوێستەش ڕاکردن نييە لە بەرپرسيارييەتيی، بەڵکو هەڵوێستێکی بابەتيی و زانسييە و بەرژەوەنديی نەتەوايەتی دەيسەپێنێت بەسەرماندا.

چوونكه هەر بیریارێكی عەرەبیی، توانای لێكۆڵینەوە و بەراورد و بەدوادا چوونیشی هەرچەندە ببێت و ڕادەی دڵسۆزیشی لە هەر ئاستێكدا بێت، هەڵەیەكی گەورە دەكات گەر خۆی بكاتە نوێنەر و بریكاری بیریارانی وڵاتێكی تر لەدەرەوەی وڵاتەكەی خۆیەوە و لەبری ئەوان دەست بداتە بیركردنەوە لەكێشەیەك كە تەنها ڕیشەی ئەوانی گرتووە لە ناو وڵاتەكەیاندا و بڕیار و چارەسەریان بۆ ڕەوانە بكات. لەوانەیە ئەو هەڵەیەی كە ئەم بیریارە دەیكات، لەڕووی مەعریفیی و لەئاستی مەعریفیدا و لەسەر ئاستی هەڵە بوون و ڕاست بوونیشدا، هەڵە نەبێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە لەسەر ئاستی بەرژەوەندیی نەتەوەییدا هەڵە دەردەچێت.

چوونكه زۆرجار كاتێك بیریارێكی عەرەبیی، بیر لە كێشە و دژوارییەك دەكاتەوە كە تایبەتە بەوڵاتێكی ترەوە جیا لە وڵاتەكەی ئەو، لەڕوانگەیەكی نەتەوەییەوە بیری لێ دەكاتەوە و لەوێشەوە دەكەوێتە داوی مەترسیی گشتاندنەوە، بۆ نموونە: لەڕوانگەی دژوارییەكی تایبەتەوە كەتایبەتە بەدۆخی لوبنانەوە یان بەدۆخی سوریاوە یان بەدۆخی میسرەوە... تاد، ئەو دێت لەڕوانگەی ئەو كێشە تایبەتەوە، كە كێشەی وڵاتێكی دیاریكراوە، بیر لە نیشتیمانی عەرەبیی دەكاتەوە بەگشتیی.

بۆنموونە: وەك چەندین جار ڕوویداوە، كەسێك هاوار و هانا بەرز دەكاتەوە و دەڵێت: (بێجگە لە پەیڕەو كردنی عەلمانییەت هیچ چارەسەرێك نییە بۆ كێشەكانی نیشتیمانی عەرەبیی). بێگومان لوبنانییەك ئەم هاوار و دروشمەی لا پەسەندە و بەڕاستی دەزانێت و دەیكاتە دروشمێكی پێشكەوتن خوازیی و خەباتگێڕی بۆ خۆی.

بەڵام مەغریبییەك، یان موریتانییەك، یان جەزائیرییەك، یان تونسییەك، یان لیبیاییەك، یان ئەردەنییەك، یان سعودییەك... گومانی تێدا نییە كە پەرچەكرداریان بۆ ئەم هانا و هاوارە، لەڕێگەی ئەم چەشنە پرسیارانەی خوارەوەدا دەبێت: (عەلمانییەت) چییە؟ یان بۆچی (عەلمانییەت)؟ ئەمانە و

چەندین پرســیاری تریش ئەوە دەردەخەن، کە ئەو دژوارییە لە بنەڕەتەوە کێشەی ئەوان نییە و زۆر گرنگ نییە بۆیان.
ئەمەی کەڕابورد هەمووی لەبارەی لایەنێکی (تایبەتەوە) بوو لە پرســەکەدا. بەڵام (تایبەت) ی پاڵفتە و ڕەها، بوونی نییە: هەمیشە لە (تایبەت) دا، شتێك لە (گشتیی بوون) هەیە، هەروەك چۆن (گشتیی) هیچ نییە بێجگە لە پوختەی پێکهاتەی هاوبەشی ڕەگەزەکانی هەر بەشێك لە بەشەکانی (تایبەت).
کەواتە پێویســتە ئەو لایەنەی (گشــتیی)، نادیدە نەگرین کە لەپشــت ئەو (تایبەت) ە وە خۆی حەشــارداوە کە پرســی دابەش بوونی ئایینیی پێکی دەهێنێت لە هەر وڵاتێکی عەرەبییدا.
ئێستە ئەگەر لە گۆشە نیگای (گشتیی) ە وە بڕوانینە دژواریی دابەش بوونی ئایینیی - الطَائِفيَّة - ە وە لەنیشــتیمانی عەرەبییدا، بێگومان دەبینین بوونێکی کۆمەڵایەتیی و مێژوویە.
بەڵام ئەو بوونە تایفییە خۆی وەك دژواریی و کێشــەیەك ناخاتەڕوو، کاتێك نەبێت کە کۆمەڵگە بەگشتیی بەدەس کێشەیەکی گشتییەوە بناڵێنێت.
ئەو کێشــە گشــتییەش کە بوون و واقعی عەرەبیی لە دەریاوە بۆ کەندا و بەگشــتیی بەدەســیەوە دەناڵێنێت، بریتییە لە دژواریی دیمکراتیی بەهەردوو ڕەهەنــدە ســیاســیی و کۆمەڵایەتییەکەیەوە، ئــەگەر حسابمان بۆ ئەو دژواریی و کێشــەیەش کرد، وەك ئاکامێك لە ئاکامەکانی ئـــەو حســاب بۆ کردنە، دژواریی و کێشەی دابەشبوونی ئایینیی و دژواریی پەیوەندیی نێوان ئایین و دەوڵەتمان لێ ڕاس دەبێتەوە.
با وڵاتی لوبنان وەك نموونە وەرگرین، لەوێ لە ساڵەکانی چلەکانی سەدەی ڕابوردووەوە پەیوەندیی نێوان دابەشــبوونی ئایینیی و ســیاســەت ڕێکخراوە، ڕێکخســتنێکی ئەوتۆ کە لەســەرەتاوە تارادەیەکی باش ڕەنگدانەوەی هەلومەرجی ژیان بوو لەو وڵاتەدا.
ئەوسا هاوســەنگیی هێزەکان، تایفیی و لەبەرژەوەندی پێکهاتەی مارۆنییدا بوو، چوونکە زیاتر لە هەموان گەشــەســەندوو تربوو و ڕۆچووبوو بەناو

جەســـتەی کۆمەڵگەی هـاوچـەرخی لوبـنانییدا، ئـەویش بـەهۆی چـەنـد هۆکارێکی مێژووییەوە کە لای هەموان ئاشکران.
شـــتێکی ئاســـاییی بوو پەیوەندییە (دیموکراتییەکان) لەســـەر بناغەی ئەم هەلومەرجە ڕێك بخرێن، پێکهاتەی مارۆنیش پشـــکی شـــێری بەرکەوت لە دەســـەڵاتی ســـیاســـییدا، ئەمەش ڕەنگدانەوەی بەهێزیی ئەو پێکهاتەیە بوو (بەهێزی ڕەوا و ناڕەوایەوە کە لێرەدا دەرفەتی باسکردنی ئەو پرســەمان نییە)، هێزیی کرداریی و ڕاستەقینە، یان لانیکەم هێزی ڕواڵەتیی لەنێوان پێکهاتەکاندا.
ســەرەڕای ئەو هەموو نادادییەی کە بەرۆکی پێکهاتە و پێرە ئایینییەکانی تری گرت، بەڵام لوبنان هەر بە وڵاتێکی دیموکراتیی مایەوە، گەرچی بەڕێژەییش بێت، یان لانیکەم لەسەر ئاستی سیاسیی و هزریی و ڕۆژنامەوانیدا بێت.
ئـەمـە بێجگـە لـەوەی کـە (دیموکراتییـەتی) لوبنـانیی، لـەبری ئـەوەی لـەگـەڵ گەشـــەســـەندنی هەلومەرجی ژیان لەلوبناندا، ئەمیش گەشـــە بکات، بەکۆتوبەند کراویی مایەوە لەو ڕێکخســـتن و دارشـــتنەدا کەلەســـەرەتاوە لەسەری دارێژرابوو.
پێکهاتەی مارۆنیی لەڕووی ســـیاســـیی و ئابوورییەوە بەباڵادەســـتی مایەوە، نەك هەر ئەوە، بەڵکو لەسایەی (دیموکراتییەتی) لوبنانی خۆیەوە، باڵادەستیی و هـەژموونی زیـادی کرد، لـەهـەمـان کـاتـدا پێکهـاتـەکـانی تریش لـەڕووی دیموگرافیی و ڕێژەی پەیڕەوان و ژمارەی هاووڵاتیانەوە و لەڕووی سیاسیی و هزریی و ئابووریشەوە گەشەیان کرد، تاوای لێهات جیاوازیی نێوان مارۆنیی لەلایەك و لوبنان بەگشـتیی لەلاکەی ترەوە، نزیك بوو لە صـفرەوە، لانیکەم لەسەر ئاستی ئاگایی و هۆشیارییدا.
ئەوجا (دیمکراتییەتی) لوبنانی دەســـتی دایە چەســـپاندنی ســـتەمگەرییەکی دەمامکدار لەڕووی سـیاسیی و ئابوورییەوە و لە کەشوهەوایەکی عەلمانیدا و لەکەشوهەوای ئازادیی فیکریی و ئازادیی ڕادەربڕیندا. شتێکی سروشتیشە کـە عـەلمـانیـیـەت و ئـازادیی فیکریی و ئـازادیی ڕادەربڕین، قـەرەبووی جیاوازییەکان ناکاتـەوە کە لـەبوارەکانی تردا ڕوویانـدابوو، هـەروەك چۆن

هەرگیز ناتوانن ئەوسـتـەمە سـووك بكەن كە بەهۆی نادادیی كردنەوە لە دابەشـكردنی پشـكەكاندا ڕوویدا و بەشـی زۆری دەسـەڵاتی سـیاسـیی و ئابوریی تەرخانكرا بۆ پێكهاتەیەكی دیاریكراو لەسـەر حسـابی پێكهاتەكانی تر.

جەسـتەی لوبنان گەشـەی كرد و لەو كراسـە (دیموكراتییە) دا جێگەی نەدەبوویەوە كە لەچلەكانی سـەدەی بیسـدا لەبەری كردبوو، بۆیە پێویسـت بوو ئەو كراسـە بدڕێنرێت بۆ ئەوەی جەسـتەكە وەك ئەوەی كە هەیە دەربكەوێت، جـەسـتـەیەكی نەخۆش و دەردەدار بەدەردی پێرگەرایی و دابەشـبوونی ئایینییەوە، دابەش بوونێك كەلێرەدا واتایەكی تایبەتیی هەیە و بریتییە لە خراپ بەكارهێنانی پێكهاتە و پێڕێكی دیاریكراو بۆ پێكهاتەكانی تر، خراپ بەكارهێنانێكی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ.

تا ئەوكاتەی كە لوبنانییەكان پێك دێن لەسـەر دووریی كراسـێكی دیموكراتی تازەی ئەوتۆ كە بتوانێت ئەوگەشـەسـەندنە لەخۆ بگرێت كە پێكهاتە هەمەچەشـنەكان بەخۆیانەوە بینیوە، تا ئەوكاتە جەنگی ئەهلیی و ناوخۆیی هەر بەردەوام دەبێت(٤).

نموونەی لوبنان ئەو نموونە تایفییە عەرەبییەیە كە بەردەوام بەبەكار هێنانی دەنگی تۆپ و جبەخانەكان، هاواری نەبوون و بزربوونی دیمكراتییەت دەكات. لەنیشـتیمانی عەرەبیدا چەند دەنگێكی تر هەن كە گوزارە لە هەمان دیاردە دەكەن، بەڵام بەشـێواز و ڕێكاری تر، یان بەهەمان ئامرازەوە، بەڵام لەوێنە و ڕوكارێكی جیاوازدا، وەك لەسودانلدا دەیبینین.

لەوڵاتە عەرەبییەكانی تریشـدا كە بەدەس دابەش بوون و تایفییەتی ئایینییەوە دەناڵێنن و، ڕۆڵەكانیشیان بەبەرز كردنەوەی دروشمی جۆراوجۆر باس لەخواسـت و پێداویسـتیی كۆمەڵگەكانیان دەكەن بۆ دیموكراتییەت و دادگەریی كۆمەڵایەتیی: هەیانە دروشـمی دیموكراتیی بەرز دەكاتەوە و، هەشـیانە دروشـمی جێبەجێ كردنی شـەریعەت بەرز دەكاتەوە، هەشـن

دروشـمی مافی کەمینەکان بەرز دەکەنەوە، هەشـیانە دروشـمی بەرپاکردنی شۆڕش دژی دەرەبەگەکان بەرز دەکاتەوە... تاد.

دوانەیی ئایین و دەوڵەت لەبیری عەرەبیی هاوچەرخدا، دوانەییەکی ساختە و بێبنەمایە. ســاختەیە چوونکە کێشــەیەکی تری ڕاســتەقینەی ڕێژەیی، پەردەپۆش دەکات، ئەو کێشــە و گرفتەش بریتییە لە کێشــەی دابەشــبوونی ئایینیی لە هەندێك لە وڵاتە عەرەبییەکاندا، ئەم کێشەیە تەنها ڕەنگدانەوەی ڕاسـتییەکی ڕێژەییە، چوونکە هەموو نیشـتیمانی عەرەبیی ناگرێتەوە، **بەڵکو مەبەست پێی ڕاستییەکی گشتییە کە ئەویش بریتییە لە: نەبوون و بزر بوونی دیموکراتییەت لە هەموو نیشـتیمانی عەرەبیدا هەرلە کەنداوەوە تا دەریا، چ لەڕووی سیاسیی و چ لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە.**

**ج . لەباتیی (عەلمانییەت): دیموکراتییەت و ژیریگەرایی . العَقْلانیَّة .**

**...بۆچوونم وایە پێویستە دروشمی (عەلمانییەت) دووربخرێتەوە لە فەرهەنگی بیری نەتەوەیی عەرەبیدا و لەجێگەیدا دروشمەکانی (دیموکراتییەت و ژیریگەرایی) بەکار بهێنرێت، چوونکە ئەم دوو چەمکە بەتەواویی و پڕاوپڕ گوزارە دەکەن لەخواستەکانی کۆمەڵگەی عەرەبیی...**

دەتوانین بەگشتیی بڵێین: هەموو دروشمەکانی بیری عەرەبیی هاوچەرخ لە ڕابوردوودا و ئێستەشی لەگەڵدا بێت، هەموویان هۆکار بوون بۆ نارِوونیی و لێکدانەوەی هەڵە، وەك دروشمی (عەلمانییەت). وشەکە وەرگێڕانێکی نارێکە بۆ وشەی (laicite - لایکت) ی فەرەنسیی، چوونکە وشەی (لاییك) بەهیچ شێوە دارِشتنێکەوە پەیوەست نابێتەوە بە وشەی (العِلْم) ە وە.

ڕیشەی وشەکە یۆنانییە: (لایکۆس) واتای ئەو شتەیە کە هەواداری گەلە و وابەستەیە بە گەلەوە، واتە: ئەوەی پەیوەستە بە گشتییەوە، ئەمەش پێچەوانەی وشەی (کریلوس) ە، واتە: کەهەنووت و پیاوانی ئایین دەگرێتەوە کە دەستە و پێرێکی تایبەت بوون (لە مەسیحییەتدا، پیاوانی کڵێسا دەگرێتەوە).

کەواتە: لایکیی ئەو کەسەیە کە کەهەنووتیی و سەربە کڵێسا نەبێت.

ئەمە واتای ڕاستەقینەی وشەکەیە: دواتر هەندێ ستەم و ناحەقیی کراوە لە بەکار هێنانی وشەکە لە زمانی فەرەنسییدا و بەکار هێنراوە بۆ دژایەتیی ئایین و پیاوانی ئایینیی.

بەو پێیەش کە فێرکردنی ئایین لە تایبەتمەندیی و پسپۆڕیی کڵێسا بووە و لەپەرستگەکاندا گوتراوەتەوە، ئەو فێرکردنە گشتییەش کە دەوڵەت خستیەڕێ و بەڕێوەی دەبرد، بەزۆریی زانستەکانی ماتماتیك و سروشت زانیی و مرۆڤ ناسیی و زانستە مرۆییەکانی دەگرتەوە.

لەم ڕێگەیەوە و بەم هۆیەوە لایکییەت لەفەرەنسادا پەیوەست بوو بە پرۆسەی خوێندن و فێرکردنەوە، تاوایلێهات واتای وشەی لایکیی بووبە: (فێربوونی زانست لەخوێندنگەدا و وتنەوەی پەروەردەی ئایینیش لەکڵێساکاندا)، وەك جان لاکروا - jean Lacroix دەڵێت: بیرۆکەی لایکییەت ڕکابەر و

دژبەری بیرۆکەی ئایین نەبوو، بەڵکو لانیکەم ئەوەی دەخواست جیاکارییەك بکرێت لەنێوان بابەتە دونیایی و بابەتە بەپیرۆز زانراوەکاندا. بیرۆکەی لایکییەت پێی وابوو دەبێت لانی کەم لایەنێك لە ژیانی مرۆڤایەتی ملکەچ و لەژێر هەژموون و چەپۆکی ڕێنماییە ئایینیەکاندا نەبێت، یان لانیکەم لەدەرەوەی دەسەڵاتی پیاوانی ئاییندا بێت.

لێرەوە ڕێچکەی لایکیی بوو بەو ڕێچکەیەی خوازیاری ئەوە بوو و داوای ئەوەی دەکرد کە ژیانی گشـــتیی ملکەچ و ژێرباری دەســـەڵات و هەژموونی ئایین و پیاوە ئایینییەکان نەبێت (لێرەدا تێگەیشتن لە ئایین، ڕێنماییەکانی کڵێسایە بەو پێیەی کڵێسا دامەزراوەیەکە کێبەرکێ و ڕکابەرایەتی دەوڵەت دەکات لە گرتنەدەسی دەسەڵات بەسەر خەڵکدا: جەستەیان هی دەوڵەتە و ڕۆحیشیان هی کڵێسایە).

لێرەوە ڕوون دەبێتەوە کە (لایکییەت) بیرۆکەیەکە لەبنەڕەتەوە پەیوەســـتە بە بارودۆخێکی تایبەتەوە، بارودۆخی کۆمەڵگەیەك کە دەســـەڵاتی ڕۆحیی تیایدا لەدەس کڵێســـەدا بێت: کۆمەڵگەیەك ئایین تیایدا لەســـەر پەیوەندیی ڕاســـتەوخۆی نێوان مرۆڤ و خواند دانەمەزرێت، بەڵکو لەڕێگەی (پیاوێکی ئـاییـنیـیـەوە) دادەمـەزرێـت کـە وەك نێوانگیر ڕۆڵ بگێڕێـت لـەنێوان خواو بەندەکانیدا، ئەو پیاوە ئایینییەی کە کاری ئایینی دەکاتە پیشـــە و ئەرکێکی کارگێڕیی بۆخۆی و، لـەڕووی ئۆرگانیشـــەوە پـەیوەســـت دەبێت بـە دامـەزراوەیـەکی بـاڵای ئـاییـنییـەوە کـە ئـەو دامـەزراوەیـە خۆی بـە تـاکـە یاســـادارێژەر دادەنێت لەبواری ژیانی ڕۆحییدا... لەوەش ڕوونتر ئەوەیە کە ئەم بیرۆکەیە تەواو نامۆیە لەگەڵ ئیســـلام و پەیڕەوانیدا: ئایینی ئیســـلام لەســـەر پەیوەندیی ڕاســـتەوخۆی نێوان مرۆڤ و خواوەند دامەزراوە و، دان بەبوونی هیچ نێوەندگیرێکدا نانێت لەو نێوانەدا، هـەروەها دەســـەڵاتی ڕۆحییشـــی تێدا نییە کە تایبەتمەندیی و پســـپۆڕیی دەســـتەیەك بێت و، دەســـەڵاتێکی ســـەردەمیش لەپســـپۆڕیی دەســـتەیەکی تربێت. بەکورتیی بـەرزکردنـەوە و خســـتنـەڕووی دروشـــمی لایکییـەت، واتـە: ئـەوەی کـە

لەوەرگێڕاند کراوە بە (عەلمانیەت)، لەکۆمەڵگەیەکدا کە خەڵکەکەی باوەڕی بە ئیسلام هەیە، خستنەڕوێکی بێمانا و نارەوایە.
ئەی کەوایە ئەم دروشـــمە بۆ لە نیشـــتیمانی عەرەبییدا خرایەڕوو و بەرز کرایەوە؟ ئەو پێداویستییانە چیی بوون کە دەویسترا لە ڕێی بەرزکردنەوەی ئەو دروشمەوە دابین بکرێن؟
دروشمی عەلمانییەت بۆ یەکەمجار لە نیشتیمانی عەرەبییدا خرایە ڕوو، لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابوردوودا بوو، ئەوکەسانەش کە خستیانە ڕوو چەند بیریارێکی مەسیحیی بوون لەشام، شامیش لەو ڕۆژەدا، وەك تەواوی وڵاتە عەرەبییەکانی تری ڕۆژهەڵات، لەژێر باری دەســـەلاتی دەوڵەتی تورکیی عوســـمانییدا بوو، ئەو دەوڵەتەش ڕاســـتەوخۆ یان ناڕاســـتەوخۆ بەناوی (جێنشـینیی و خلافەتی ئیسـلامیی) ە وە، حوکمڕانیی ئیمپراتۆرییەتێکی گەورەی دەکرد.
ئەو مەســـیحییە عەرەبانەش کە لەو ڕۆژانەدا داوای عەلمانییەتیان دەکرد، دەیانویســـت بە شـــێوەیەکی ئارام و شـــەرمنانە، ئەوە بڵێن کە بیریارە عەرەبەکان بە ڕاشـــکاوانە و بە بوێرییەوە دەیانخســـتە ڕوو و دروشـــمی سەربەخۆییان لە تووركیا و تورکەکان بەرز دەکردەوە.
دواتر ئەوە ڕوویدا کە هەردوو دروشـــمەکە یان هەردوو تەوژمەکە، بەیەك گەیشتن و یەك دروشم یان یەك تەوژمیان لێ پێکهات، کەدواتر بە تەوژمی عەرەبگەرایی و عەرەبچییەتیی و لەقۆناغی دواتریشـــدا بە نەتەوە پەروەریی عەرەبیی، ناوی دەرکرد.
کەواتە: دروشمی (عەلمانییەت)، لە نیشتیمانی عەرەبیدا، هاوپەیوەند لەگەڵ دروشـمی (سـەربەخۆیی لە تورك)، خرایە ڕوو. بەو پێیەش کە (سـەربەخۆیی لە تورك)، لەهەمان کاتدا ئەوەی دەگەیاند کە دەوڵەتێکی عەرەبیی یەکپارچە دابمەزرێت (لانیکەم لە ڕۆژهەڵاتدا، واتە: لە ویلایەتە عوسمانییە عەرەبەکاندا)، **ئەو سێ چەمکەش (عەلمانییەت و سەربەخۆیی و یەکێتیی و یەکگرتن)، تەنها لەڕووی ئۆرگانییەوە پەیوەندییان هەبوو لەگەڵ یەکتردا، بۆئەوەی پێکەوە یەك شت**

**بڵێن، ئەویش بریتیی بوو لە: دامەزراندنی دەوڵەتێکی عەرەبیی لە ڕۆژهەڵاتدا و لەژێر هەژموونی دەسەڵاتی عوسمانییدا نەبێت.**

لەم ڕوانگەیەوە بوو کە بیری نەتەوایەتیی عەرەبیی دانی پێدانرا وەك دروشمی ئەو عەلمانییەتەی کە ئاماژە و واتاکەی تەمومژاویی بوو بە ناواخنی دروشمی سەربەخۆیی و یەکێتیی. کاتێکیش بزووتنەوەیەکی ڕکابەر سەری هەڵدا و دروشمی (کۆمکاری ئیسلامیی) خستەڕوو، بەزۆریی ئەوەش چەشنێك لەنەیاریی کردن بوو بۆ خواستی سەربەخۆیی وڵاتە عەرەبییەکان لەتورك و بەهاندان و ڕاسپاردەی دەسەڵاتی عوسمانیی بوو، کاتێك ئەوە ڕوویدا، نەیارییەکە شێوەی وەرگرت لە نێوان دوو تەوژم و ئاراستەدا، ئاراستەیەك بانگەوازی دەکرد بۆ دامەزراندنی کۆمکاری ئیسلامیی بەڕابەرایەتیی تورکەکان، ئاراستەیەکی تریش بانگەوازی دەکرد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێك یان یەکێتییەکی عەرەبیی.

ئەو بانگەشەکارانەی کە بانگەشەی عەرەبگەراییان دەکرد، مەبەستیان دوور خستنەوەی ئیسلام و ئایین نەبوو. دروشمی (عەرەبگەرایی و عەرەبچییەتیی)، لە بنەڕەتدا وەك ئاشکرایە، دژی سیاسەتی تورکە عوسمانییەکان بەرز کرایەوە.

بەکورتیی ئەمە ئەو چوارچێوەیە بوو کە دروشمی (عەلمانیەت) ی تێدا خرایەڕوو لە وڵاتی شام (سوریای گەورە) دا، دەبێت تێبینیی ئەوە بکەین و لەبەرچاویشی بگرین و بزانین کە ئەم دروشمە هەرگیز نە لەوڵاتانی ڕۆژئاوای عەرەبیی و نە لەوڵاتانی دورگەی عەرەبییشدا نەخراوەتە ڕوو و بەرز نەکراوەتەوە، تەنانەت لەوانەیە بەو توندییە لەوڵاتی میسر یشدا نەخرابێتە ڕوو کە کەمایەتییەکی قیبتیی گرنگ و کاریگەریشی تێدا دەژیی، کاتێکیش وڵاتە عەرەبییەکان سەربەخۆییان وەرگرت و بانگەشە و خستنەڕوو دەستی پێکرد بۆ بیرۆکەی عەرەبگەرایی و (نەتەوەپەروەریی عەرەبیی)، سەرلەنوێ دروشمی (عەلمانییەت) جارێکی تر خرایەوە ڕوو، بەتایبەت لەو وڵاتانەدا کە کەمینەی ئایینیان تێدا بوو (بەتایبەتیی کەمینەی مەسیحیی).

ئەوەی دەبووە پاساو بۆ خستنەڕووی ئەم دروشمە، ئەوەبوو کە ئەو کەمایەتییانە هەستیان بەوە دەکرد کە: ئەو دەوڵەتە عەرەبییە یەکپارچەیەی بانگەشەکارانی نەتەوایەتیی عەرەبیی داوای دەکەن، دواجار زۆرینەی یەکلاکەرەوە تیایدا موسڵمانەکان پێکی دەهێنن، ئەوەش دەبێتە مایەی ئەوەی کە مەترسیی دووبارەبوونەوەی هەمان هەلومەرجی لێ بکرێت کە لەسەردەم و دامێنی دەوڵەتی عوسمانیدا باڵی کێشابوو بەسەر ژیاندا.

**کەواتە: ئاماژەی ڕاستەقینەی دروشمی (عەلمانییەت)، لەم چێوە تازەیەیدا، چێوەی بانگەشە کردن بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی یەکێتی، ڕاستەوخۆ پەیوەندیدار بوو بە پرسی کەمینە و کەمایەتییە ئایینییەکانەوە، بەشێوەیەکی تایبەتییش لەبارەی مافەکانیانەوە کە نەخرێنە ژێرباریی ڕکێفی ئایینی زۆرینەوە، لەم ڕوانگەیەوە (عەلمانییەت) واتای ئەوەبوو کە دەبێت دەوڵەتەکە لەسەر بناغەی دیموکراتییەت و عەقڵگەرایی دابمەزرێت، نەك لەسەر بنەمای سەپاندن و هەژموونی ئایینیی .**

لەگەرمەی گفتوگۆ و بێنەوبەرەی سیاسیی و ئایدیۆلۆجیی نێوان حزب و تەوژمە فیکرییەکاندا، هەندێکیان بە دروشم و دەستەواژەی (جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت)، گوزارەیان لەداواکەیان دەکرد، ئەمەش دەستەواژەیەك بوو لەکۆمەڵگەی ئیسلامییدا هیچ پاساو و بیانوێکی نەبوو، چوونکە لە ئیسلامدا مانایەك نییە بۆ بەرپاکردنی جیاوازیی و ناکۆکیی لەنێوان ئایین و دەوڵەتدا. بەرپاکردنی ئەو ناکۆکیی و جیاوازییە تەنها لە دۆخێدا واتای دەبێت کە دەستەیەکی دیاریکراو پرسی ئایین بگرنە دەست و لافی ئەوە لێ بدەن کە ئەوان مافی ئەوەیان هەیە لەبەرانبەر دەسەڵاتی سەردەمەوە (دەوڵەت)، کە دەستەیەکی سیاسیی بەڕێوەی دەبات، ئەمانیش دەسەڵاتی ڕۆحییان هەبێت بەسەر خەڵکدا.

پرسی عەلمانییەت لە جیهانی عەرەبییدا پرسێکی ساختە و بێبنەمایە، بەو واتایەی کە گوزارە لەچەند پێداویستییەك دەکات، بەڵام بە ناواخنێکەوە کەلەگەڵ پێداویستییەکاندا ڕێك نایەتەوە: پێویستی گەلان بۆ سەربەخۆیی

لە شێوەی شوناسێکی نەتەوەییدا، هەروەها پێویستیی خەڵك بە دیموکراتییەتێك کە مافی کەمینەکان دابین بکات و رێزی لێ بگرێت، هەروەها پێویستیی پیادە و پەیڕەو کردنی سیاسەت بەشێوەیەکی ژیرانە، ئەمانە لەڕاستیدا پێداویستیگەلێکی بابەتین و زۆریش پێویستن لە جیهانی عەرەبیدا، بەڵام کاتێك بەدروشمێکی ساختەی وەك (عەلمانییەت) ە وە داوابکرێن، بۆی هەیە ژیرانەبوون و پێویست بوونەکەشیان و لەوانەیە ڕەوایەتیی بوونەکەشیان لەدەست بدەن.
ئەوەی دەمانەوێت بەپوختەکراویی پێی بگەین و بیڵێین ئەوەیە کە: پێویستە بیری عەرەبیی پێدا چوونەوەیەکی ڕیشەیی بکاتەوە بە چەمك و تێگەیشتنەکانیدا، بە وردەکاریکردن تیایاندا و ڕێکخستنەوە بۆ ناواخن و واتاکانیان بە چەشنە ڕیکخستنێك کە دروشمەکان گونجاو و پڕاوپڕبن و ڕیك بێنەوە لەگەڵ ئەو پێداویستیی و خواستانەدا کە دەخرێنە ڕوو.
بۆچوونم وایە پێویستە دروشمی (عەلمانییەت) دووربخرێتەوە لە فەرهەنگی بیری نەتەوەیی عەرەبیدا و لەجێگەیدا دروشمەکانی (دیموکراتییەت و ژیریگەرایی) بەکار بهێنرێت، چوونکە ئەم دوو چەمکە بەتەواویی و پڕاوپڕ گوزارە دەکەن لەخواستەکانی کۆمەڵگەی عەرەبیی: **دیموکراتییەت واتە: پاراستنی مافەکان: مافەکانی تاکەکان و مافەکانی کۆمەڵەکان، ژیریگەراییش واتای ئەوەیە پیادەکرنی سیاسەت لەژیرییەوە بێت و لە پێوەرە لۆژیکیی و رەوشتیەکانی ژیرییەوە سەرچاوە بگرێت و بەپێی ژیریی هەنگاو هەڵبگرێت، نەك لە هەوەسپەرستیی و دەمارگیریی و هەڵکشان و داکشانەکانی حەزەوە.**
ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە، هیچ دیموکراتییەتێك و ژیریگەراییەکیش بوونیان نییە کە بەشێوەیەك لەشێوەکان واتای کەنارخستن و دوورخستنەوەی ئیسلام بدەن بەدەستەوە، نەخێر شتی وا نییە .

پێدراوە بابەتییەکان تەنها خۆیان خوازیاری ئەوەن لێمان کە بڵێین: ئەگەر عەرەب لەڕاستیدا مادەی خاوی ئیسلام بن، ئەوا ئیسلامیش ڕۆح و گیانی عەرەبە.
لەم ڕوانگەیەوە پێویستە بزانین ئیسلام یەکێکە لە پایە سەرەکییەکانی بوون و مانەوەی عەرەب: ئیسلامی ڕۆحیی سەبارەت بە عەرەبە موسڵمانەکان، ئیسلامی ژیارییش سەبارەت بە عەرەبەکان بەگشتیی بە موسڵمان و ناموسڵمانیانەوە.
سەرلەنوێ دارشتنەوەی بیری نەتەوایەتی عەرەبیی لەسەر بنەمای دیموکراتیی و ژیریگەرایی، لەبری بنەمای عەلمانییەت و، دانانی ئیسلامیش لە جێگەی شایستە بەخۆیدا چ لە بواری تیۆریی و چ لەبواری پراکتیکیی و پیادەکردندا، ئەمە بەشێکن لەو بنەماو بناغانەی کە پێویستە پرۆسەی سەرلەنوێ بونیادنانەوە و دارشتنەوەی بیری نەتەوەیی عەرەبیی هەنگاویان لێوە هەڵگرێت و ڕەچاویان بکات، بیرێك کە دروشمی یەکێتی عەرەب و نیشتیمانی عەرەبیی یەکپارچە لەدەریاوە بۆ کەنداو، بەرز بکاتەوە.

## ٣ . ئايين و سياسەت... و جەنگی ناوخۆيی

**...کورت کردنەوەی هەموو ئیســـلامیش لە (خۆداپۆشـــین و حِجاب) و (برِینی دەستی دز) و ئەوجۆرەشتانەدا. هیچ نییە بێجگە لە دەسەوسانیی و خۆدزینەوە و ڕاکردن لە خستنەڕووی پرسە سیاسییە ڕاستەقینەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئەرکانەی کە ئیسـلام خسـتوونیەتە ڕوو و سـەرەتای پێهەڵخلیسـکان و چوونیشـــە بەرەو دۆخی ئەوانەی کە ئايينەکەيان پارچەپارچە دەکەن و خۆشیان دەبنە دەستەی جۆراوجۆر (الذين فرَّقوا دينهم وكانوا شيَعاً)، و چوونە بەرەو جەنگی پێرگەرایی و تایفییەت و شـــەڕی ناوخۆیی و براکوژیی... بۆیە هۆشـــداریی دەدەم لەوەی کە، ســـیاســـەت، ئايين بکاتە هۆکار و ئامرازی دووبەرەکیی، لـەجێی ئـەوەدا کـە ئـايين خۆی لـەکرۆکی خۆیـدا ڕەگـەزی کۆکردنەوە و يەکخستنە...**

پێش کۆتايی هێنان بەم زنجيرە لێکۆڵینەوانە کە تیایاندا باســـمان کرد لە پرسی ئايين و دەوڵەت لە بيری عەرەبيی هاوچەرخدا، پێویستە لەشیکارێکی کورتیشـــدا بۆ ئەو دياردەيەی کە باڵی کێشـــاوە بەســـەر دۆخ و هەلومەرجی سـیاسـیی عەرەبیدا، باس لەو دياردەيەش بکەين، **دياردەی بەکاربردنی ئايين لە سياسەتدا** و دەرهاويشتەکانی لە شەڕ و جەنگی ناوخۆ و براکوژيی ئاشکرا و نهێنيدا.

بۆ ئـەوەی وابکـەين خوێنـەر بکـەوێتە بيری ئـەوەی کـە ئـەويش لـەئاســـتی بيرکردنەوەی ئێمەدا بير بکاتەوە و لەوێشـــەوە خۆمان لابدەين لەو هەڵە تێگـەيشـــتنـەی کـە لـە ئـاکامی جياکاريی نـەکردنـەوە لـەنێوان ئـاســـتـە جۆراوجۆرەکانی يـەك دياردەدا دەکـەوێتـەوە، جـارێکی تريش بـەپێويســـتی دەزانين ئاماژە بەو ڕاسـتييە بکەينەوە کە ئێمە جياکاريی و جياوازيی دەکەين لەنێوان: عەلمانييەت لەلايەکەوە بەواتای جياکردنەوەی ئايين لەدەوڵەت و لەلايەکی تريشـەوە لەنێوان ئامادەيی ئیسـلام وەك شـەريعەت و ڕێسـايەکی ڕەوشـتيی لە کۆمەڵگەيەکدا کە زۆربەی زۆری دانيشـتوان و پێکهێنەرەکانی لە موسڵمانن.

عەلمانییەت، بەواتای جیاكردنەوەی ئایین لە دەوڵەت، دروشمێكە ناتوانێت لەسەرپێی خۆی ڕاوەستێت، نەلەگەڵ دۆخەكەدا ڕێك دێتەوە و نە ئەركێكی ئەرێنیش ڕادەپەڕێنێت، مەگەر كاتێك بوونی پێویست بێت كە دامەزراوەیەك هەبێت نوێنەرایەتیی ئایین بكات و بەناویەوە قسەبكات و لەهەمان كاتدا ڕكابەرایەتیی دەوڵەتیش بكات لە دەسەڵاتیدا وەك دەوڵەت، ئەمەش لەئاكامدا ئەوەی لێ دەكەوێتەوە كە لەناوخۆی وڵاتەكەدا، دەوڵەتێك پێكدێت دژی دەوڵەت، یان دەوڵەتێك لەناو دەوڵەتدا، لەیەك كۆمەڵگەدا.

ئاشكرایە لە دۆخێكی لەم چەشنەدا، چارەسەر تەنها جیاكردنەوەیانە لەیەكتر و دیاریی كردنی تایبەتمەندیی بواری پسپۆڕیی هەریەكەیان، دیاریكردنێكی ئەوتۆ كە وابكات هەریەكەیان كاری خۆی بكات بەبێ ئەوەی پێكداپڕان و تێگیران لەگەڵ ئەوی تردا ڕووبدا. لەئەوروپا ئەم جیاكردنەوەیە ڕوویدا و یەكێكیانی كردە تایبەتمەندی دەسەڵاتی ڕۆحیی (كڵێسا) و ئەویشیانی كردە تایبەتمەندی دەسەڵاتی سەردەم (سیاسەتمەدار. دەوڵەت).

ئەوەی پێویستیی كۆمەڵگەیەك نییە كە خەڵكەكەی پەیڕەوی ئیسلامە و بەهۆی ئایینەكە خۆیەوە ئەو پێداویستییە لە ئایینەكەدا نییە، بریتییە لە دامەزراوەی ئایینیی، چوونكە ئایین لە ئیسلامدا ئیشی تەنها تاكەكەسە، چوونكە پەیوەندی نێوان تاك و خواوەند پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆیە و پێویستی بە نێوەندگیر نییە، ئەوەی پێویستە لەم چەشنە كۆمەڵگەیەدا بریتییە لە **جیاكردنەوەی ئایین لە سیاسەت**، بەو واتایەی كە ئایین بپارێزرێت لەوەی كە بۆ مەرامی سیاسیی بەكار ببرێت، بەوپێیەی كە ئایین ڕەها و جێگیرە، بەڵام سیاسەت ڕێژەییە و بەردەوام گۆڕانی بەسەردادێت: **سیاسەت بەرژەوەندییە دەستەیی و تاكەكەسیەكان دەیجوڵنن و بەرزونزمی پێدەكەن، بەڵام ئایین ئەگەر نەپارێزرێت لەو شتانە، كرۆك و ڕۆحەكەی لەدەست دەدات.**

**کرۆکی ئایین ئەوەیە کە یەکگرتن دروســت دەکات و دووبەرەکیی نانێتەوە،** ئایینی ئیســلامیش ئایینی (یەکتایی) و یەکانگیرییە بەڕەهایی: یەکتایی لەئاســتی بیروباوەڕدا (یەك پەرســتراو)، لەئاســتی کۆمەڵگەش (یەك ئوممەت)، لەســەر ئاســتی تێگەیشــتن لە ئایین و پیادەکردنیشــدا **[إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا لَّسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ]** (٥). **بەڵام کرۆك و ڕۆحی سیاسەت بریتییە لە نانەوەی دوبەرەکیی،** لەهەر جێگەیەك ناکۆکیی هەبێت یان دەســبدات بۆ نانەوەی ناکۆکیی سیاسەتیش لەو جێگەیە بنە دادەکوتێت، بۆیە سیاسەت لەهەر شــتێکی تر زیاتر، نزیکە **(بریتیی بێت لە: هونەری بەڕێوەبردنی ناکۆکیی).** بەڕێوە بردن و ڕامهێنانیش لێرەدا واتای ئەوەیە: یان بەڕێوەبردنی ناکۆکییەك کە خۆی هەیە، یان کارکردن بۆ خولقاندنی ناکۆکییەکی تری تازە. لێرەوەیە کە پەیوەســت کردنی ئایین بە ســیاســەتەوە - ئیتر ئەو پەیوەســتکرنە و ڕێژە و ڕادەکەشــی هەرچەن بێت - بەدڵنیاییەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە کرمۆکەی دووبەرەکیی بخرێتە ناو ئایینەکەوە.
**ناکۆکییش لەئاییندا ئەگەر بناغەکەی ســیاســیی بێت، ئەوا تایفییەت و پێرگەرایی لێ دەکەوێتەوە و لەوێشــەوە بۆ شــەڕ و جەنگی ناوخۆیی و براکوژیی...** مێژووش بە ئێستا و ڕابوردووشیەوە گــەواهی ئــەم ڕاستییەیە: هەر لەسەردەمی عوسمانەوە، واتە: لەوکاتەوە کە لەکۆمەڵگەی ئیسلامییدا بەکاربردنی ئایین لە پرۆســەی ســیاســیدا دەســتی پێکرد و ناکۆکییش لە ناوخۆی کۆمەڵگەکەدا بوونی هەبوو، ئیتر جەنگ و شــەڕی ئەهلیی و ناوخۆیی لەم کۆمەڵگەیەدا بەرپابوو و بەردەوامیش دەبێت، ئەو شــەڕە هێور نابێتەوە، تاوەکو ئەو کۆمەڵگەیە ســەرلەنوێ و بەشــێوەیەك لەشــێوەکان هەڵنەسێتەوە، بەڵام هەردەم بە بەکاربردنی ئایین لە سیاسەتدا بەچەشنێك لەچەشنەکانی بەکاربردن، ئەو شەڕە هەر بەردەوام دەبێت.
بەکاربردنی ئایین لەسیاسەتدا چۆن دەبێتە هۆی بەرپابوونی شەڕی ناوخۆ و جەنگی براکوژیی؟

پرسیارێکی بنەڕەتییە و دەبێت بکرێت، لەکاتی وەڵامدانەوەشیدا پێویستە بە ڕوونیی و ڕاشـــکاویی وەڵامی بدرێتەوە، چوونکە ئەو قســـەیەی کەدەڵێت: بەکاربردنی ئایین لەســـیاســـەتدا شـــەڕی ناوخۆ و جەنگی براکوژیی لێ دەکـەوێتـەوە، وادەردەکـەوێـت قســـەیـەکـە لـەگـەڵ کرۆکی ئـاییـنـدا دژدەوەستێتەوە، مەبەستم سروشتە یەکتایی و تەوحیدیەکەی ئایینە.

لۆژیك - المَنْطِق - وادەخوازێت ئایین بەو پێیەی کە یەکتایی و تەوحیدییە، ببێتە هۆی یەکانگیریی و یەکبوون لەسیاسەتدا، یەکانگیرییەك کە لانی کەم ڕێگر بێت لەسەرهەڵدانی ناکۆکیی و هەڵخلیسکان بەرەو جەنگی ناوخۆیی.

بەڵام واقع و هـەلومـەرجی ژیان پێچـەوانـەی ئـەوەیـە. **ئـەوەی ڕوودەدات ئەوەیە کە بەکاربردنی ئایین لەسیاسەتدا، پرۆسەیەکە کاتێك (عەقڵی سیاسیی کۆمـەڵ و دەســـتـەیـەك، تێ دەگـات کـە دەربڕین و ڕاگـەیـانـدنی پرســـە (کۆمەڵایەتیی/ئابووریی) ەکـەی بـەشـــێوەیـەکی ســـیاســـیی ڕوون و ڕەهـا لـەبـەرژەوەنـدیی خـۆیـدا نـابـێـت، دێـت و پـەنـا بـۆ بـەکـاربردنی ئـایـیـن دەبـات، چوونکە گەر بەپەردەی ئایین داینەپۆشـێت و پرسـەکە وەك ئەوەی کەهەیە بخاتە ڕوو، ئەوکارە دەبێتە هۆی پەردەلادان لەســـەر ســـروشـــتە مادییە هەڵخەڵتێنەرەکەی خۆی و پرســـەکەی، یان کاتێك کۆمەڵەیەك بەهۆی لاوازیی ئاستی ئاگایی خۆیەوە و نەگەیشتنیەوە بەئاستێکی گەشەسەندووی ئـەوتـۆ کـە بتوانێـت بـەشـــێوەیـەکی ئـاشـــکرا و بێ پـەردە پرســـە (کۆمەڵایەتیی/ئابووریی) ەکەی بخاتەڕوو، ئەوجا دێت و ئایین بەکار دەهێنێت.**

لەهەردوو حاڵەتەکەشـــدا بەکاربردنەکەی ئایین لەســـیاســـەتدا، بەرگێکی پێرگەرایی و تایفی و مەزەبیی دەکرێت بەبەردا و دەبێتە هۆی هێنانەوەکایەی نـاکۆکییـەکی کۆن و، هێما و نـاواخنـە ئـایـدیۆلۆجیـەکـانی ئـەو نـاکۆکییـە دەبوژێنێتـەوە و زینـدوویان دەکاتـەوە، ئـەمـەش ئـەوشـــتـەیـە کـە دەبێت ڕووبدات، بۆئەوەی کۆمەڵە ســـیاســـییەکە بکاتە (هێزێکی ڕۆحیی)، (ئەمەش شـتێکی پێویسـت و گرنگە، چوونکە هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵەکە، بەتەنها ناتوانن ببنە ئاستی توێژ و دەستەیەکی کۆمەڵایەتیی).

ئەوەی کە لە لوبنان ڕوودەدات باشـــترین نموونەی تێدایە بۆ ئەم بابەتە: کۆمەڵی مارۆنیی ئایین بەکاردەبات لە ســـیاســـەتدا، واتە: بەتوندیی دەس دەگرێت بە تایفیەت و پێرگەراییەوە و دەسبەرداری نابێت (ئەو تایفییەتەی کە واتای دابەشکردنی پلە و پۆستە حوکومییەکان دەگەیەنێت، لەوێشەوە دابەشکردنی بەرژەوەندییە مادییەکانی لێ دەکەوێتەوە، لەسەر هەمان بناغەی تایفیی کە دادگەریی تێدا نییە و هەر لەســـەرەتاشـــەوە دەوڵەتی لوبنانیی لەســـەر ئەو بناغەیە دامەزراوە)، چوونکە خستنەڕووی پرسەکەی بەشێوەیەکی سیاسیی ڕوون و وەك خۆی و وەك ئەوەی کەهەیە و بریتییە لە پارێزگاریکردن لە دەســـکەوت و تایبەتمەندییە داراییەکانی، لەبەرژەوەندیی خۆیدا نابێت. بەوپێیەش کە ســـیاســـەت (دەســـەڵات) بەرپرســـە لەپاراســـتنی ئەو بەرژەوەندییانە، بۆیە کۆمەڵەی مارۆنیی، پەنا دەباتە بەر پاراســـتنی ئەو دەســـەڵاتە، بۆئەوەی ئەم ســـیاســـەتە بکاتە دۆخێکی پارێزراو و کەس بۆی نەبێت بیگۆڕێت، هەوڵ دەدات ئایین ببەســـتێتەوە بە پرســـەکەوە و وابکات کە **مافی جیاوازبوون لەئایین پەروەرییدا والێ بکات ناکۆکییە ســـیاســـییەکان بگرێتە خۆی و دایان پۆشـێت (واتە: جیاوازییە چینایەتییەکان داپۆشـێت).** ئەمە لەم لایەوە، لەلایەکی تریشـــەوە، دەبینین خەڵکی هەژار لەلوبناندا، کە زەرەرمەندی یەکەمن لە قۆرخکردنی دەســـەڵاتی ســـیاســـیی و ئابووریدا لەلایەن مارۆنییەکانەوە، دەبینین ناتوانن ئەو زیان لێکەوتنەیان بەشێوەیەکی سیاسیی ڕوون و ئاشکرا و ڕاســـتەوخۆ بخەنەڕوو، چوونکە هەلومەرج و دۆخی کۆمەڵایەتیی و ئابووریی ئەو خەڵکە هەژارە نەگەشتووەتە ئەو ئاستەی وایان لێبکات بتوانن وەك چین و توێژێکی کۆمەڵایەتیی پرس و داوا و خواســـتەکانیان بخەنە ڕوو. ئەگەر ئەوەشی بخەینەسەر کە ڕکابەرە سیاسییەکەیان (دەسەڵاتی سیاسیی و ئابوریی خراپ بەکاردەهێنێت: مارۆنییەکان)، خۆی وەك پێرێکی ئایینی دەناسێنێت نەك وەك توێژێکی کۆمەڵایەتیی، ئەوجا تێدەگەین و دەزانین کە بەئاگابوونی هەژار و بەشخوراو و ستەم لێکراوەکانی لوبنان، لە پیلانی خراپ بەکارهێنانی ســـیاســـەت و دەســـەڵات، دەبێتە هۆی درووســـبوون و

ســـەرهەڵدانی شـــێوە و قەوارەی تایفیی جۆراوجۆر (شـــیعەکان، دروزەکان، جەماوەری ئەهلی سـوننەت). لێرەوە و دواتر بە ئاسـانیی ململانێکان لە ڕێڕەوی خۆیان دەترازێن و شـــەڕی ناوخۆیی و جەنگی براکوژییان لێ دەکەوێتەوە، هەرچەندە لەسەرەتاوە ململانێکان بەرگێکی چینایەتیشیان پێوە دیاربێت.
**ئەوەی لەلوبنان دەگوزەرێت، هیچ نییە بێجگە لە نموونەیەك کە دەشـــێت لەهەر وڵاتێکی تریشدا ڕووبدات کە تیایدا بەکاربردنی ئایین لەسیاسەتدا وەك یەکێك لە پێداویســـتییەکانی ســـیاســـەت کردن ســـەیر بکرێت.** وڵاتە عەرەبییەکان بەگشـــتیی لەم بارەیەوە ئامادەییان تێدایە بۆ ئەوەی ئەم بەکارهێنانی ئایینە لە ســـیاســـەتدا ڕووبدات لەناویاندا، چوونکە هەموویان هەریەکەو بەشـــێوەیەك، بەدەســـت ئەم (پێداویســـتیی) ە وە دەناڵێنن، بۆیە بەرپرســـیارییەتیی ئەوەی کە ئەمڕۆ پێی دەگوترێت (ئاراســـتەی ئیسـلامیی) یان (بناژوگەرایی - الأصُولیَة) یان (ئیسـلامی سیاسـیی)، **بەرپرسیاریەتییەکی گەورە و گرنگ و گرانە. چوونکە هیچ لەوە ئاسانتر نییە کە بانگەوازێکی ئایینیی ببێتە بانگەوازی دووبەرەکیی و کەرتوپەرت کردن، بەوهۆیەشـــەوە ئایین لەباتی ئەوەی ببێتە ڕەگەز و هۆکاری یەکپارچەیی و ئارامیی، بکرێتە ڕەگەز و هۆکاری ناکۆکیی و لێك دابڕان و پارچەپارچەبوون، ئەوەی کە دەبێتە پاساو بۆ هەبوون و مانەوەی ئیســـلامی ســـیاســـیی لەم ســـەردەمەدا، مەبەســـتم هەبوونە مێژووییەکەیەتی، بریتییە لە تاکڕەویی و ستەمگەریی، کەهەردووکیان مۆرکی ڕەفتاری دەوڵەت و تاقمی دەســـەڵات بەدەس دیاریی دەکەن، ئەو دوو خەسـڵەتە خراپەی کە جەماوەری بێ دەسـەڵات و هەژار و سـەرکردایەتییە ڕۆحییەکەشیان لەشار و دەرەوەی شارەکانیشدا چ لەڕووی دەروونیی و چ لەڕووی ماددیشەوە بەدەستیانەوە دەناڵێنێت، تاکڕەویی و ستەمگەریی ئەو دوو خەسـڵەتە خراپەن کە تەوژمە ئایدیۆلۆجیە هاوچەرخەکان سـەرکەوتوو نەبوون لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵیاندا و خســـتنەڕووی جێگرەوەیەکی دیموکراتیی لەجێگەیاندا.**

ئەگەر لەم گۆشەنیگایەوە سەیری پرسەکە بکەین، دەبینین (ئیسلامی سیاسیی) نوێنەرایەتیی ململانێی (تایفە و پێڕێك) دەکات، دژبە (تایفە و پێڕێك): لانیکەم لەڕووی تیۆرییەوە خۆشی (تایفە و پێڕێکە)، زۆرینەی زۆری گەل بەگشتیی لە چەوساوەکانن، پێڕ و دەستەی حوکمڕانیش چ لەڕووی زەینیی و چ لەڕووی کردەییشەوە ئەو کۆمەڵە حوکمڕانە و **ئەو کەسانەن کە لەسایەی ئەمانەوە سوودمەند دەبن.**

(پێڕی) یەکەم ئەو کەسانەن کە لە بنەڕەتەوە خۆیان **تایفیی و پێڕگەرا نین،** چوونکە لەڕووی بابەتییەوە نوێنەرایەتیی **زۆرینەی خەڵك** دەکەن، لەگەڵ ئەمەشدا هەمووکات مەترسیی ئەوەی هەیە ببێتە گۆڕەپانێکی بەپیت بۆ ململانێی پێڕگەرایی و تایفییەت: **چوونکە لەسیاسەتدا هەرگیز ناگونجێت خۆت لە ناکۆکیی و ڕاجیایی لابدەیت،** ئەو ناکۆکییەی کە دەربڕی ناکۆکیی بەرژەوەندییەکان و ناودژبوونیان یان ناکۆکیی و جیاوازیی ڕاوبۆچوونەکانە لەبارەی چۆنیەتیی ڕوبەڕووبوونەوەی نەیارەکانەوە... تاد. لێرەوەیە هەست بەو نەخۆشییە درێژخایەنە دەکەین کە تووشی ئەو کۆمەڵانە دەبێت کە ئایین بەکاردەهێنن لەسیاسەتدا، **نەخۆشیی دابەشبوون بۆ دەستە و تاقمی وا کەیەکتر کافر دەکەن،** ئەو نەخۆشییەی کە ڕکابەر و نەیارە ڕاستەقینەکە لەبیری کەسەکە دەباتەوە و پشتی لێهەڵدەکات و سەرقاڵ دەبێت بە دابەشبوونی ناوخۆییەوە.

**کەواتە (ئیسلامی سیاسیی) سەرکەوتوو نابێت لە بەدەسهێنانی ئەو ئامانجە مێژووییانەیدا کە مانەوە و پاساوی ئەو مانەوەیەشیان پێ بەخشیوە، تا خۆی بەرز نەکاتەوە بۆ ئاستی ئەو ئامانجانە و پرسی تاکڕەویی و ستەمگەریی و هەرچیش پەیوەندیی هەیە بەوانەوە و لەسێبەری ئەواندا کاردەکات لەپرسە سیاسیی و ئابوریی و کۆمەڵایەتییەکان، بەشێوەیەکی سیاسیی ڕوون و بەگوتارێکی سیاسیی ڕەوان نەخاتە ڕوو و کاریان لەسەر نەکات** و لەدەرگای فەرمیی و هاوچەرخ و بەرینی سیاسەتەوە نەچێتە ناو سیاسەتەوە.

کورت کردنەوەی هەموو ئیسلامیش لە (خۆداپۆشین و حِجاب) و (بڕینی دەستی دز) و ئەوجۆرەشتانەدا. هیچ نییە بێجگە لە دەسەوسانیی و خۆدزینەوە و ڕاکردن لە خستنەڕووی پرسە سیاسییە ڕاستەقینەکان و ڕوبەڕووبوونەوەی ئەو ئەرکانەی کە ئیسلام خستوونیەتە ڕوو، سەرەتای پێهەڵخلیسکان و چوونیشە بەرەو دۆخی ئەوانەی کە ئایینەکەیان پارچەپارچە دەکەن و خۆشیان دەبنە دەستەی جۆراوجۆر (الذين فرَّقوا دينَهم وكانوا شِيَعاً)، و چوونە بەرەو جەنگی پێڕگەرایی و تایفییەت و شەڕی ناوخۆیی و براکوژیی... بۆیە هۆشداریی دەدەم لەوەی کە، سیاسەت، ئایین بکاتە هۆکار و ئامرازی دووبەرەکیی، لەجێی ئەوەدا کە ئایین خۆی لەکرۆکی خۆیدا ڕەگەزی کۆکردنەوە و یەکخستنە.

**پەراوێزەكانی بەشی يەكەم...**

(١)قورئانی پيرۆز، سورەتی النساو، ئايەتی ٥٩.

(٢)هەمان سەرچاوە، سورەتی الشوری، ئايەتی ٣٦ . ٣٩.

(٣)هەمان سەرچاوە، سورەتی ئاڵ عمران، ئايەتی ١٥٩.

(٤)بيری خوێنەر دەخەينەوە كە ئەم دەقە پێشتر و لەساڵی ١٩٨٥ دا نووسراوە و بڵاو كراوەتەوە.

(٥)قورئانی پيرۆز، سورەتی الأنعام، ئايەتی ١٥٩.

# بەشی دووەم
# پرسی جێبەجێ كردنی شەریعەت

## ١. بێداریی... و نوێکردنەوە

**...ئەو کەسەی کە شەو دەخەوێت بۆئەوەی بەیانی لەخەو هەستێت، دەتوانێت بەشێوەیەکی ئاسایی درێژە بەکاروانی ژیانی بدات... بەڵام هاوەڵانی ئەشکەوتەکە و هەرکەسانێکی تریش لە پێگە و هەلومەرجی ئەواندا یان وەك ئەوان بن، تەنها بێداربوونەوە و لەخەوهەستان بەس نییە بۆیان تا بتوانن درێژە بەکاروانی ژیانیان بدەن... بەڵکو سەرەتا پێویستیان بە نوێکردنەوەی ژیریی و عەقڵیان هەیە، تا بتوانن ژیانە تازەکە لەسەر شێوەی ڕاستەقینەی خۆی ببینن...**

لەم ساڵانەی دواییدا و لە گۆڕەپانی گوتاری عەرەبیی ئیسلامییدا، دەستەواژەی (بێداریی ئیسلامیی) بڵاو بوویەوە. سەرەڕای پەیوەست بوونی ئەم دەستەواژەیە بەچەند ڕووداوێکی دیاریکراوەوە و لەسەرووی هەمووشیانەوە (شۆڕشی ئێرانیی) و دەرکەوتنی هەندێ ڕێکخراو و ڕێکخستن کە کاربۆ (بانگەواز) و جێبەجێ کردنی (سیستەمی ئیسلامیی) دەکەن لە بوارە جیاجیاکانی ژیانی سیاسیی و ئابوریی و کۆمەڵایەتییدا، سەرەڕای ئەمانەش هێشتا لەدیدی ئێمەدا دەستەواژەی (بێداریی)، هەر نامۆیە بە فەرهەنگی ئیسلامیی، یان لانی کەم ناگونجێت لەگەڵ: نە ئەوەدا کەئێستە هەیە و، نە لەگەڵ ئەوەشدا کە پێویستە ببێت.

چوونکە ناوبردن و پەسن و وەسفکردنی ئەوەی کە لەئێران ڕوویدا، یان ئەو ڕووداو و پێشهاتانەی کە هەندێ لەوڵاتە عەرەبیی و ئیسلامییەکان بەخۆیانەوە بینییان لە سەرهەڵدانی چەندین بزووتنەوە و تەفگەر کە کاریان دەکرد بۆ (بانگەواز) و جێبەجێ کردنی (سیستەمی ئیسلامیی)، ناونان و ناوبردن و وەسفکردنی ئەم حاڵەتانە بە (بێداریی ئیسلامیی)، ئەوە دەدات بە گوێ و زەینی مرۆڤدا کە پێش ئەم ڕووداوانە ئیسلام (لەخەودا بووبێت)، یان ئامادە نەبووبێت و بزر بووبێت لە گۆڕەپانەکەدا، لەکاتێکدا کە ئیسلام، چ وەك بیروباوەڕ و چ وەك شەریعەت و ڕێساش، یان وەك نموونە و بەهایەکی

باڵا بۆ ژیان، هەرگیز نە (خەوتووە) و، نە ڕۆژێکیش نادیار و بزر بووە، نە لەناخی موسڵمانان و نە لەڕەفتار و هەڵسوکەوتی زۆربەشیاندا.

ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە، لە دیدی ئێمەوە، وشەی (بێداریی)، بەس نییە و ناتوانێت لەئاستی ئەو خواست و داواکاریی و پێداویستیانەدا بێت کە لەم هەلومەرج و ژیانە هاوچەرخەدا بە هەموو دیاردە و ڕووکارە ئاڵۆزەکانیەوە ڕوبەڕووی موسڵمانان بووەتەوە. **(بێداریی) هەڵچوونە نەك کردار**، موسوڵمانانیش پێویستیان بە کردارە و خواستی کرداریان لەسەرە، نەك تەنها هەڵچوون، تەنانەت با هەڵچوونەکە بۆ دەربڕینی ئەوشتەش بێت کەلەدەروونندا ڕوودەدات. ئێمە بەدووری نازانین وشەی (بێداریی) ش، تەنها وەرگێڕانێك بێت بۆ وشەیەکی هاوشێوە لە زمانە ئەورووپییەکاندا. چوونکە ڕۆژنامە ڕۆژئاواییەکان، ئەو جووڵانەوە و بزاوتانەی کە هەندێ وڵاتانی عەرەبیی و ئیسلامیی (بەناوی ئیسلامەوە) بەخۆیانەوە بینییانن، بەدەستەواژەیەك ناویان بردن کە وەرگێڕانەکەی دەبێتە: (بێداریی ئیسلام - صَحوَةُ الإسلَام).

هەرچۆنێك بێت، ئێمە باوەڕمان وایە کە وشەی (بێداریی) چ لە داهێنانی هەنێك لە نووسەرە عەرەبە موسڵمانەکان بێت، یان وەرگێڕان بێت بۆ وشەیەك لە زمانێکی بیانییەوە، نامۆیە بە فەرهەنگی ئیسلامیی و جێی نابێتەوە تیایدا. کاتێك دەڵێین: (فەرهەنگی ئیسلامیی)، مەبەستمان ئەو چەمك و تێگەیشتنانەیە کە کەلەپووری عەرەبیی و ئیسلامیمان پێیان ڕازاوەیە و دەوڵەمەندە پێیان و بەباشترین شێوە ئەو ئەرکە ڕادەپەڕێنن کەدەخوازرێت لە وشەی (بێداریی) ڕایپەڕێنێت، لەسەروو هەموو چەمکە ئیسلامییەکانیشەوە چەمك و تێگەیشتنی (نوێکردنەوە - التَجْدِيد) دێت.

کاتێك بەراورد دەکەین لەنێوان هەردوو وشەی: (بێداریی) و (نوێکردنەوە) دا و بەکارهێنانی وشەی دووەم بەباش و پەسەندتر دەزانین تا یەکەم، تەنها لەبەر ئەوە نییە کە وشەی دووەم بنەڕەتییە و بوونی هەیە لە کەلەپوور و بیرماندا، یان لەبەر ئەوەبێت کە وشەی یەکەم لە زمانێکی ترەوە

گوێزراوەتەوە و لەوێشەوە پەیوەست بێت بە كەلەپورێكی ترەوە، نەخێر... بەڵكو بۆیە ئەوە دەكەین چوونكە ئەو **ڕەهەندانەی** كە هەریەك لەو وشانە بۆی دەڕۆن جیاوازن و یەك ڕەهەند و دوورایی نین:
بێداریی ئاماژەیە بەرەو هەلومەرجێكی كاتیی و ڕووكاریی. زۆربەی ئەوانەش كە وشەی (بێداریی ئیسلامیی) یان، بەكار هێناوە، كەسانی بیانیی بوون و مەبەستیان پێی وەسف و وێنای دیاردەیەكی كاتیی بووە لە هەلومەرجێكی دیاریكراودا. ئەگەر ئەو دیاردەیە لە هەلومەرجەكەی خۆی دابڕنرێت، بەردەوام لە ڕووكاری مێژوودا دێت و دەچێت، نەك لە قوڵایی مێژوودا.
بەڵام (نوێكردنەوە) بەپێچەوانەی وشەكەی ترەوە، ئاماژە بۆ كردار و پرۆسەیەكی دوورمەودا و دۆڵ و نشێوی زۆر و قووڵ دەكات كە پرۆسەكە بە هەموو قورسایی و كێشی خۆیەوە دەنیشێتە سەر داهاتوو و كاری لەسەر دەكات، وشەی (نوێكردنەوە) ش لە قووڵایی و كرۆكی مێژوودا كاردەكات و شانبەشانی گۆڕانكارییە سەرەمەرەكانی ناو مێژوو، ئاراستەی ڕووداوەكان دەكات و هەوڵی ڕامهێنان و لێخورین و ئاراستە كردنیان دەدات. بۆیە بەڕاستیی ئەوەی پێداویستیی موسڵمانانە لەم سەردەمەدا **(نوێكردنەوە)** یە، نەك تەنها (بێداریی). ئەو ئاڵەنگارییانەی ڕوبەڕووی جیهانی عەرەبیی و جیهانی ئیسلامیی دەبنەوە، دەخوازن موسڵمانان لەئاستیاندا كردار بنوێنن، نەك تەنها پەرچەكردار. كرداریش بەكورتیی و پوختیی لەم سەردەمەدا بریتییە لە كرداری عەقڵ و ژیریی. بەڵام كرداری زمان (گوتاردان و ئامۆژگاریی و ڕێنومایی...) و كرداری دەست و بازوو (شێوازیی هەرچۆن بێت و تواناشی هەرچەند بێت)، هیچكامیان بۆ ئەمڕۆ سوودیان نییە، چوونكە هەمووشتێكی ئەم سەردەمە بەندە بە كرداری ژیرانە و عەقڵمەندانەوە: بەندە بە خۆڕاگریی و ڕێكخستنی هەنگاوەكان و تادەكرێت تەسك كردنەوەی بازنەی چاوەڕوانییەكان و پشت نە بەستن بە پێشهاتە ڕێككەوت و ناكاوەكان... لەبەرانبەر ئەم دۆخە تازەیەشەوە، تەنها بێداربوونەوە سوودی

نابێت، تەنانەت ئەگەر (بێداریی فیکریی) ش بێت... بەڵکو تەنها (نوێکردنەوە) یە سوودی دەبێت.
لە دیدگای ئیسلامیشەوە (نوێکردنەوە)، بەشێکە لە ژیان، بەڵگەش بۆ ئەم ڕاستییە بریتییە لەو گێڕانەوە بەناوبانگەی کە دەڵێت: (خواوەند لەکۆتایی هەموو سەد ساڵێکەوە کەسێك بۆ ئەم ئوممەتە ساز دەکات تا ئایینەکەی بۆ تازە بکاتەوە... یان کاروباری ئایینەکەی بۆ تازە بکاتەوە). بەوپێیەش کە ئیسلام جیاکاریی ناکات لەنێوان ئایین و دونیادا، بەڵکو بەپێچەوانەوە، چاکبوونی کاروبارەکانی ئایین دەبەستێتەوە بە چاکبوونی کاروبارەکانی دونیاوە، بەشێوەیەك کە نوێکردنەوەی کاروبارەکانی ئایین، واتە: نوێکردنەوەی کاروبارەکانی دونیا. بەوپێیەش کە کاروبارەکانی دونیا لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر دەگۆڕێن و گۆڕانیان بەسەردا دێت، بۆیە دەبێت چەمك و تێگەیشتن پێویستییەکانی گۆڕانکارییش، بەپێی سەردەمەکان گۆڕانکارییان بەسەردا بێت. بۆیە ئەگەر هەندێ لەزانا دێرینەکان وا ڕاڤەی (نوێکردنەوەیان) کردبێت کە بریتییە لە: (تێکشکاندنی بیدعە و داتاشینی ناباش) و گێڕانەوەی موسوڵمانان بۆ سەر ڕەویەی پێشینانی ڕاساڵ، ئەوا نابێت ئێمەش لەم سەردەمەدا هەر لەسنوورەکانی ئەم مانایەدا بوەستین و چەق ببەستین تیایاندا، گوایا چاو لەوان دەکەین و پابەندی ئەو واتایە دەبین کە ئەوان کردوویانە بۆ (بیدعە و داتاشین)، لەکاتێکدا کە دەزانین ئەوان ئەو مانا و واتایانەیان لەپێدراوەکانی سەردەمەکەیان و ئەو هەلومەرجەوە وەرگرتووە کە تیایدا ژیاوون.
بینا لەسەر ئەوەی کە (بیدعە و داتاشین) لەفەرهەنگی ئیسلامییدا هەمیشە بێزاراو و نەخوازراو نییە و هەرگیزیش حەرام نییە، بۆیە پێشینان جیاکارییان کردووە لەنێوان چەشنەکانیدا، واتە: لە داهێنانە نوێکان و پێشهاتەکاندا، لەنێوان شتێکدا کە باش بێت و سوود و بەرژەوەندیی خەڵکی تێدا بێت، یان بۆ ڕەفتاریان باش بێت و، لەنێوان ئەم و شتێکیشدا کە نەخوازراو و بێزراو بێت و زیانی تێدا بێت بۆخەڵك، یان ڕەفتاریان تێك بدات. ئەمە

بێجگە ئەوەی کە زۆرێك لە فەقیهەکانی سەردەمی چەق بەستن و دارمان، لەجێبەجێ کردنی چەمك و تێگەیشتنی (بیدعە) دا بە مانا نەخوازراوەکەی، زۆر زیادەڕۆییان کردووە لە هەڵسەنگاندنی ئەو داهێنراوە تازانەدا کە بەهیچ شێوەیەك نەدەچوونە خانەی واتا و مانا نەخوازراوەکەی داتاشین و بیدعەوە و ئیسلامیش بەهیچ شێوەیەك ڕێگە بەو ڕادە لە زیادەڕۆیی نادات، بەمەرجێك کە زۆرێك لەو پێشهاتانە لەو چەشنە نوێگەریی و نوێکردنەوانە بوون کە پێداویستی ژیان بوون. هەندێ فیقهناسی سەردەمی چەقبەستن و دارمان، درووستکردنی قوتابخانەیان بە (بدعە) داناوە، گوایا زانست لەسەردەمی پێشیناندا لە مزگەوتەکاندا گوتراوەتەوە، هی وایشیان هەبوو دروسکردنی پردەبازی پەڕینەوەی بە (بیدعە) داناوە، گوایا نەبیسراوە لە هاوەڵان کەسیان پردی درووست کردبێت... تاد.

پێشەوا شاطبیی لێکۆڵەری ئەندەلوسیی کە لەساڵی ٧٩٠ ك، کۆچیی دوایی کردووە، وەڵام و بەرپەرچی ئەو چەشنە کەسانەی داوەتەوە و وەڵامەکەشی سەرنجی منی ڕاکێشا، چوونکە وەڵامێکی ئیسلامیی و عەقلانیی و مێژوویی ژیرانەیە. **داوای لێ کردن ڕامێنن و لەو گۆشەنیگایەوە سەیری (نوێکردنەوە) بکەن، کە ئایا بەرژەوەندیی تێدایە یان نا، نەك لە گۆشەنیگای ئەوەوە کە ئایا ئەو شتە لەسەردەمی هاوەڵاندا بووە و ئایا ئەو شتەیان کردووە یان نا.**

لەبارەی ئەو فیقهناسانەوە دەڵێت: (ئەگەر هەموو تازەداهاتووێك لە ڕیزی بیدعەدا دادەنێن، با بێن و هەموو ئەوشتانەش بەبیدعە دابنێن کەلەژیانی هاوەڵاندا نەبوون، وەك: خواردن و خواردنەوە و پۆشاك و شێوازی گفتوگۆ و هەموو ئەو پرسانەی کە تازە داهاتوون و لەو سەردەمەدا هاوەڵان نەیانکردوون و نەبوون. گەر واش بکەن کارێکی خراپ دەردەچێت. هەندێ داب و نەریت هەن بەردەوام دەگۆڕێن و بەپێی سەردەم و شوێنەکان و خەڵکەکە ئەوانیش دەگۆڕێن...). لێرەوە ئەلشاتبیی پێداگریی دەکات لەسەر ئەوەی کە جیاکاریی بکرێت لەنێوان ئەو بدعە داهێنراوانەدا کە لە بواری پەرستشدان، لەگەڵ ئەو بیدعە و داهێنراوانەدا کە لەبواری دابونەریت و ژیانی کۆمەڵایەتیدان و گەشەی ژیان دەیانخوازێت.

**هەرچیی سەرنەکێشێت و نەبێتە هۆی وازهێنان لەیەکێك لەو پەرستشانەی**

**کە ئیسلام بڕیاری لەسەرداون و نابنەهۆی داهێنانی پەرتشێك کە ئیسلام بڕیاری لەسەر نەدابێت، ئەوا ئەو شتە بەواتا نەخوازراوەکەی (بِدْعَة)، بیدعە نییە**. لەم سۆنگەیەوە بەرتەسکیی مەودای ئەو پێناسەیە ڕوون دەبێتەوە کە کراوە بۆ (نوێکردنەوە). ئەگەر کورتی بکەینەوە لە (تێکشکاندنی بیدعەدا)، وەك هەندێ لە فەقیهەکان دەڵێن، ئەوا هێندە مەودای کورت دەبێتەوە تا ڕادەی قەتیس کردنی پرۆسەی (نوێکردنەوە)، لە دژایەتیی و بەربەرەکانێ کردنی لادان لە پەرستشەکاندا، چ بە زیادکردن بۆیان یان کەمکردنەوە لێیان. ئەمەش ئەگەر لەسەردەمەکانی پێشتردا بەس بووبێت، ئەوا لەم سەردەمەدا نەبەسە و نە دەتوانێت وەك پێویستیش لەئاست پرۆسەی (نوێکردنەوە) دا بێت. دەکرێت ئەوە ناو بنرێت (بێداریی)، لەو حاڵەتەشدا واتای دەستەواژە باوەکەی ئەم سەردەمە (بێداریی ئیسلامیی)، دەچێت بەلای ئەو قەرەباڵغییەدا کە خەڵك ڕووی کردوەتە ئەنجامدانی دروشم و سرووتە ئاینییەکان و پابەند بوون بە هەندێ خەسڵەتی ڕووکاریی ڕەوشتییەوە. ئیتر کاروبارەکانی تری دونیا، لەچاوەڕوانیی نوێکردنەوەدا دەمێننەوە... ئای چەند زۆرن ئەو بوارانەش کە چاوەڕێی نوێکردنەوەن!. ڕاستە داوای جێبەجێ کردنی (سیستەمی ئیسلامیی) بەسەر هەموو بوارەکانی ژیاندا، یەکێکە لە دیاردەکانی ئەوەی کە پێی دەگوترێت (بێداریی ئیسلامیی) و لەزووەوە ئەم دروشم و داواکارییە، داواکاریی هەموو موسڵمانێك بووە و هەر وەك خۆشی ماوەتەوە و دەشمێنێتەوە. چوونکە (سیستەمێکی ئیسلامیی) دیاریکراو و ئامادەکراو و ڕوونوڕەوانمان بۆ هەموو بوارەکانی ژیان نییە، تەنها ئەو بوارانە نەبێت کە پەیوەستن بە سرووت و دروشمە ئاینییەکانەوە و بواری باری کەسییەتیی و هەندێ لە هەڵسوکەوت، کە دەقەکان ڕێکیان خستوون، ئیتر هیچی تر نییە، بۆ نموونە: لەبواری ئابووریی و سیاسەتدا، بێجگە چەند بنەمایەکی گشتیی کە بەشێوەیەك لەشێوەکان بڕیاری ئاکارە ڕەوشتیەکان دەدەن لەو بوارانەدا، بۆیە لێرەوە (سیستەمی ئیسلامیی) لەو بوارانەدا بەجێ هێڵراوە بۆ ئیجتیهاد و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون. کەواتە: **بێداریی ڕاستەقینە و**

**خوازراو و پێویســـت، یان نوێکردنەوەی ڕاســـتەقینە و داواکراو، بریتییە لە دۆزینەوە و پەیداکردنی چارەســـەری زانســـتیی بۆ ئەو پرســـانەی کە ســـەردەمەکەمان لەگەڵ خۆیدا دەیانهێنێت و لەڕابووودا نە بوون و نە زانیویشـمانن،** چارەسـەر گەلێك کە دەبێت ڕازێنرابنەوە بە ئاکارە ڕەوشـتییە ئیسـلامیەکان، بەڵام دەبێت لەهەمان کاتدا توانای ئەوەشـیان تێدا بێت لە ڕێگە و ڕێڕەوی بەرەو پێشەوەچوون و پێشکەوتنیشدا پێشمان بخەن، ڕێگە و ڕێڕەوی هاوشان ڕۆیشتن لەگەڵ سەردەم و بەشداریی کردن لە سەرکەوتن و دەسکەوتەکانیدا. کاتێك لەم گۆشە نیگایەوە سەیری پرسەکە دەکەین، تێ دەگەین کە ئیشـــەکە ئاســـان نییە و نەك تەنها پێویســـتی بە (بێداریی) و (داهێنانی باشـە - بِدْعَةٌ حَسَنَة) هەیە، بەڵکو پێویسـتیشـی بە نوێکردنەوەیەکی ڕیشـــەیی هەیە، **نوێکردنەوەیەك بە قوڵاییەکاندا بچێتە خوارەوە و لە قوڵاییەکانەوە دەس پێ بکات.** چوونکە ئەو ژیارە هاوچەرخەی کە ئێســـتە لەناویدا دەژیین، بمانەوێت و نەمانەوێت لەو چەشـــنە ژیارە نییە کە پێشـــینانمان بەخۆیانەوە بینیوە و درێژکراوەی ڕاســـتەوخۆی ئەو چەشـــنە ژیانەش نییە کە ئەوان تیایدا ژیاون، هەروەها ئەم ژیارە تازەیە بەرهەمی دەســـتی ئێمە نییە، بەڵکو بەرهەمی کەســـان و گەلانی ترە، ئێمە تەنها شـــوێنکەوتەیەکین بۆ ئەو داهێنانە لەهەموو بوارەکانی: زانســـت و تەکنەلۆجیا، ئابوریی و دابونەریت، بیر و ئایدیۆلۆجیا...، **دەبێت تێیش بگەین ئەو ئاڵنگارییانەی کە ئێستە ڕوبەڕوومان دەبنەوە، لەو چەشنە نین کە بشـێت ناویان بنێین (بِدْعَة) و داتاشـین و، نوێکردنەوەش ببەسـتینەوە بە (تێکشکاندنی بیدعە و داتاشینەوە)، لەو چەشنەش نین کە تەنها (بێداریی) بەس بێت بۆ ڕوبەڕوو بوونەوەیان و وابزانین ڕێگە ڕاستەکەمان گرتووەتەبەر و وا خەریکین بەرەو پێشەوە دەچین تیایدا، نەخێر... بەڵکو ئاڵنگارییەکان ئاڵنگاریی ژیارێکی تەواو تازەن و بۆ ڕوبەڕوو بوونەوەشیان پێویستمان بە بیر و ئامراز و هۆکارگەلێکی تەواو جیاواز هەیە...** ئەم داخوازیانەش زۆر گەورەتر و قوڵترن لەتەنها (بێداربوونەوە). ئیشـــەکە تا ئەندازەیەك ئاســـان دەبوو ئەگەر تەنها

گرفتمان بریتیی بوایە لە ڕوبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو بۆشـــاییەدا کە بوو بەهۆی ئەم نەهامەتییەی بەسـەرماندا هات لە چەقبەستن و دارمانی پێش بەئاگاهاتنەوەمان. چوونکە ئەو کەسەی کە شەو دەخەوێت بۆئەوەی بەیانی لەخەو هەسـتێت، دەتوانێت بەشـێوەیەکی ئاسـایی درێژە بەکاروانی ژیانی بدات... بەڵام هاوەڵانی ئەشـــکەوتەکە و هەرکەسـانێکی تریش لە پێگە و هەلومەرجی ئەواندا یان وەك ئەوان بن، تەنها بێداربوونەوە و لەخەوهەستان بەس نییە بۆیان تا بتوانن درێژە بەکاروانی ژیانیان بدەن... بەڵکو سـەرەتا پێویسـتیان بە نوێکردنەوەی ژیریی و عەقڵیان هەیە، تا بتوانن ژیانە تازەکە لەسـەر شـێوەی ڕاسـتەقینەی خۆی ببینن. ئێمەش هەرچەندە وەك ئەو گەلانەی کە پێیان دەگوترێت (گەلە سـەرەتاییەکان)، ناسـۆرەکانی ئەزموونی (هاوەڵانی ئەشـکەوت) مان نەچەشـتووە کە هەشـتەمیان سـەگەکەیان بوو، بەڵام ناسۆری ئەشکەوتەکەی ئەفلاتونمان چەشتووە و بەردەوامیش پێوەی دەتلێینەوە، ئەو ئەشـــکەوتەی کە نیشـتەجێکانی ناچارکراون ڕووبکەنە دیوارەکانی ئەشـــکەوتەکە تا ڕۆشـــنایی ڕۆژ نەبینن و تەنها ئەو خەیاڵ و تاریکاییە گومڕاکەر و ئەفسـانانە ببینن کە بەهۆی شـکانەوەی تیشـکی خۆرەکەوە لەسەر دیوارەکە دەنەخشێن و دەچنە خەیاڵدانیانەوە .

## ٢- ســـەلەفییەت و پێشـــینگەرایی... یان ئەزموونی مێژوویی ئوممەی ئیسلامیی؟

**...ئەزموونی مێژوویی ئوممەی عەرەبیی و ئەزموونی ئێستەشی لەگەڵ ژیاری هاوچەرخدا، تەنها ئەوەی بەس نییە کە ئیلهام وەربگرێت لە نموونەی (پێشینانی ڕاساڵ - السَلَفُ الصَالِح). چوونکە کاتێك ئەو تەنها نموونەیە بۆ ئێمە بەس بوو ئیلهامی لێوە وەربگرین کە مێژوو مێژووی خۆمان بوو، ئەو ڕۆژانە کە هەموو جیهان لەناو ماڵەکەی ئێمەدا بوو...**

لـەبیرمـە کاتێـك منـداڵ و مێرد منـداڵ بووین، لـە دەیـەی چلـەکان و ســەرەتای پەنجاکانی ســەدەی بیســتدا، پێکهێنەرە ســەرەکییەکانی وێنەی کەســی (ســەلەفیی) لە زەین و بیرکردنەوەماندا، بریتیی بوون لە: دژایەتیی کردنی داگیرکـەر، دژایـەتیی کردنی خورافـە و بیری ئـەفســـانـەیی پڕوپوچ، بەخراپزانینی ســـەردانی گۆڕســـتان، ڕەخنەگرتن و دوورەپەرێزیی کردن لە زۆرێك لەو دابونەریتە کۆمەڵایەتیی و گشـتیانەی کە لەو سـەردەمەدا پێیان دەگوترا: (نەریتیی و فۆلکلۆریی)، ئەمە ســـەرەڕای پەیڕەو کردنی خۆپارێزیی و پارێزگاریی لە ڕاپەڕاندنی ســـرووتە ئایینیەکاندا... تاد، بەکورتیی لەو ناوەندە ڕوناکبیریی و کۆمەڵایەتییەی ئەوکاتەدا کە ئێمە تیایدا دەژیاین و کاتێك لە کۆتایی دەیەی چل و ســـەرەتای دەیەی پەنجاکانی ســـەدەی بیســـتدا کە چاومان بە ڕووی دونیا و ژیاندا هەڵهێنا، **ســـەلەفیی، بریتیی بوو لە پیاوێکی نوێگەر و دژبەری دۆخی باو**، چ ئەو دۆخەی کە داگیرکەر خولقاندبووی و پەرەی پێ دەدا و، چ ئەو دۆخە نیشتیمانییە دواکەوتووە کەلەپووریەی پێش سەردەمی کۆلۆنیالیی و ئیسعمار و داگیرکاریش.

هیچ ناسـناو و لەقەبێك لە ناسـناوی **سـەلەفیی** بەرێزتر و پەسـەندتر نەبوو بەلای کەســـە ســـەلەفییەکە خۆیەوە، لەپێگە و ڕێزلێناندا **ســـەلەفیی** لە نیشـــتمان پەروەر بەرێزتر و گەورەتر بوو، **چوونکە نیشـــتیمان پەروەریش بەشـــێکی پێکهێنەر بوو لە بەشـــەکانی ســـەلەفییەت و ســـەلەفیی بوون**، لـەکاتێکدا کە سەلەفییەت، لانیکەم وەك ڕەفتارێکی ئایینیی و کۆمەڵایەتیی،

مەرجێکی پێکهێنەر نەبوو لە نیشتیمان پەروەرییدا. بەواتایەکی تر، **سەلەفیی نیشـــتیمان پەروەر و زیاتریش بوو...** ئێمە کاتێك منداڵ بووین وا ســـەیری **ســەلەفیمان دەکرد کە نیشـتیمان پەروەری دونیا و دوارۆژە**. لەڕاســتیشــدا هـەروابوو، چوونکە دڵســـۆزی هـەردووکیـان بوو و لـەخزمـەتی پرســـە پەیوەندیدارەکانی هەردووکیشیاندا بوو.

ئەمە لەو وڵاتەدا کە ئێمە بەمنداڵیی تیایدا دەژیاین - المَغرِبْ -، مەغربی چلەکانی ســەدەی بیســت، بێگومان لە دەیەی ســییەکان و بیســتەکانیشــدا مەغرب هەروا بووە... لەوکاتانە و پێشتریشدا لە وڵاتە عەرەبییەکانی تریشدا هەلومەرج و دۆخەکە هەروابووە.

بەڵام هەلومەرجەکە لە مەغرب لە خاڵێکی بنەڕەتیدا لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات جیاوازیی هەبوو، ئەویش بریتیی بوو لەوەی کە: **ســـەلەفییەت لەمەغرب بەرەو ئاراستەی نیشـتیمان پەروەریی ڕۆیشـت و دانی نا بە ئامانجەکانیدا و دواتریش توایەوە لەناویدا**، بەتایبەت ئەوکاتەی کە (المُستَعمِر) و داگیرکارەکان ئەو ڕێچکە و هێزانەی کە هەوادار و هاوکار و لایەنگریان بوون، بەکاریان هێنان لە دژایەتیی کردنی نیشـــتمانپەروەران و ســـەلەفییەکانیشـــدا پێکەوە، بـەڵکو دەتوانین بڵێین: **نیشـــتیمـانپـەروەریی و تێکۆشـــان لـە بنباخـەڵی سەلەفیەتەوە سەریان هەڵدا و زادەی ئەو بوون، هەروەك چۆن سەلەفییەت لەناو کۆمەڵگەدا بڵاو بوویەوە و سەرکەوت بەسەر ڕێچکەی سۆفیگەریدا، کە نەیار و ڕکابەری ئایینیان بوو، ئەم ســـەرکەوتنەش بەوە بەدەســـهات کە سەلەفییەکان لەگەڵ بزووتنەوەی نیشتیمانپەروەریدا یەکیان گرت و ئاڵای تێکۆشـــان و دژایەتیی داگیرکەر و هاوکاران و بەکرێ گیراوەکانیانی بەرز کردەوە.**

گومـانی تێـدا نییە کە ســـەلـەفییـەت لـە وڵاتـانی ڕۆژهـەڵاتی عـەرەبیـدا بەئاراســتەیەکی کەمێك جیاواز لەم ئاراســتەیەی مەغربدا ڕۆیشــت، ئەویش بەهۆی ئـەو هەلومەرج و نـەریتانەوە کە ئـەوساش و ئێستەش مەغرب خۆی ئـازاد کردووە لێیـان و نـابنـە کۆتوبـەنـد لـە بـەردەم پێشـــکـەوتنیـدا... لێرەدا

دەرفەتی ئەوەمان نییە بەوردیی قسـه لەسـەر ئەو هەلومەرج و نەریتانە بکەین. لەگەڵ ئەوەشـدا سـەلەفییەت لە هەڵسـەنگاندن و بیروباوەڕی سەلەفییەکان خۆیاندا و هەروەها لە دیدی زۆرێك لە جەماوەریشەوە بریتیی بوو لە: ڕێکیی ڕەفتار، نوێگەریی لە ئایینـدا، كاركردن بۆ ئاینده لەڕێگەی بانگەوازكردنەوە بۆ گەڕانەوە بۆلای (ڕەفتار و ڕێڕەوی پێشـینانی ڕاسـاڵ). سـەلەفییەت بەو واتایەی سـەرەوە، زادەی سـەدەی بیسـت یان سـەدەی نۆزدە نییە، بەڵکو هەموو هەڵسـوڕاو و هەوادارەكانی بزوتنەوە چاكسـازیی خوازەكانی ناو مێژووی ئیسـلام و ناو ئاینزای ئەهلی سـوننە، بەو واتایە، هەموویان سـەلەفیی بوون. هەرواش بووە و هەموو ئەو بزوتنەوانە وێنەی ئاینده و داهاتوویان لە بڕگەیەكی دیاریكراوی ناو (مێژوی ئیسـلامیی) ە وە وەرگرتووە، كە ئەویش بەگشـتیی بریتییە لە بڕگەی (پێشـینانی ڕاسـاڵ) كە هەندێكیان پێیان وایە ئەو بڕگەیە، بریتییە لەسـەردەمی هاوەڵان و شـوێنكەوتوانیان و بەتایبەتیش سـەردەمی جێنشـینە ڕاشـدەكان، هەندێكیشـیان پێیان وایە بەبێ پابەدبوون بەهیچ سـەردەم و بڕگەیەكی مێژووییەوە، هەموو ئەو حوكمڕان و فەرمانڕەوایانەش دەگرێتەوە كە شوێن پێی هاوەڵانیان هەڵگرتووە، وەك عومەری كوڕی عەبدولعەزیز و هەموو ئەوانەش كە لەسـەر ڕەویەی ئەوان ڕۆیشـتوون لە فەقیهەكان و زانایانی بواری ئایین. ئەم وابەسـتە بوونەش بە (ڕێڕەوی پێشـینانی ڕاساڵەوە)، لەلایەن كەسانێكەوە كە سەلەفییەت دەكەنە دروشمێك بۆ ڕەفتار و بیر و كردەوەی چاكە و چاكە خوازیی، دەكرێتە واتایەك بۆ سەلەفییەت.

*　　　*　　　*

بەمەبەســتەوە ویســتمان ئەم ڕووە درەوشــاوە و ڕاســتەقینەیەی کە هەم سەلەفیەت خۆی پێ دەناسێنێت و هەم مێژووی ئیسلامیش سەلــەفییەتی پێ دەناسێتەوە، بخەینە ڕوو، ئەمە نەك بانگـەواز و بانگـەشە کردن بێت بۆ لای ســەلەفییەتی کۆن و نوێ، بەڵکو لەپێناو خســتنەڕوو و بەدیار خســتنی ناواخنی مێژوویی و ئایینی دروشــمێك کە خەریکە واســەیر و مامەڵە بکرێت، وەك ئەوەی هاوشــێوە و هاوتای ئەو تەوژمانە بێت کە لە مێژوودا دەژین و کۆنەپەرســت و نەریت پارێزن و، چ وەك ئامراز و چ وەك بیریش، دژی نوێگەریی و نوێخوازیی و ڕۆشـنگەریی ونوێبوونەوە و سـوود وەرگرتنن لە هۆکارەکانی سەردەم.

ئەگەر قســەکردن لەســەر ســەلەفییەت قەتیس بێت لەســەر ئەو ڕووەی سەلەفییەت کە ئێمە خستمانە ڕوو و، چاو لە ڕوو و دیوەکانی تری بپۆشێت و پشتگوێیان بخات، ئەوا قسەکردن و تاوتوێ کردنەکە ناتەواو دەردەچێت. مەبەستیشمان لە وشەی (دیوەکانی تر)، هیچکام لەدیوە نەرێنییەکان یان ئەو دیوە ناتەواوانە نییە کە دەشــێ لەکۆن و نوێدا ســەلەفییەت، گرفتاریان بووبێت یان کاری لەسەر کردبن و بووبنە سیمای، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە کە سەلەفییەت، چ وەك بزووتنەوەیەکی چاکسازیی فیکریی و کۆمەڵایەتیی و سـیاسـیی و، چ وەك ئاراسـتەیەکی دیاریکراو لەسـەر ئاسـتی بیروباوەڕ و ڕەفتاری ئایینیش، لەدەرەوەی مێژووی عەرەبیی ئیســلامییەوە نییە، بەڵکو یەکێکە لە دیاردەکانی ئەزموونی ئوممە، یەکێك لە دیاردە چاکســازییەکانی، بەڵکو لەوەش زیاتر یەکێکە لە دیاردەکانی چاکســازیی لەناوخۆی ئوممە خۆیدا.

لەڕاســتیشــدا ئەگەر ســەیری هەموو ئەو بزووتنەوە ســەلەفیانە بکەین کە مێژووی ئیســلامیی بینیونی بەخۆیەوە، لەناوخۆی ئەو بوارە ژیارییەدا کە بە ژیاری عەرەبیی ئیسلامیی دەناسرێتەوە و لەو سەردەمەدا وەك ژیاری جیهان بووە، دەبینین هەموویان پێکەوە خوازیاری پرۆسەی گێڕانەوەی هاوسەنگیی

بوون بۆ ئەو ڕێڕەوەی کە مێژووی عەرەبیی، لەسەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامەوە گرتویەتەبەر.

بەواتایەکی تر، **سەلەفییەت هەمیشە ئەو بەشەبووە لە ئەزموونی مێژوویی ئیسلامی سونیدا، کە ئەو ئەزموونە بەهۆیەوە توانیویەتی بوون و مانەوە و بەردەوامیی خۆی دەست بخاتەوە، کاتێك لەئاکامی دەرهاویشتە ناوخۆییەکانیەوە هەڕەشەی لەبەریەك هەڵوەشانی لەسەر بووە. هەروەها سەلەفییەت چەشنێکە لە بەرەنگاریی ناوخۆیی بۆ ئەو نەخۆشیانەی کە لەناوخۆوە سەر هەڵدەدەن. لەکاتی خۆیدا و کاتێك ژیاری عەرەبیی ئیسلامیی، ژیاری جیهان بووە، مەبەستم لەژیاری جیهانییش، ئەوەیە لەهیچ لایەنێکەوە گێچەڵی پێ نەدەگێڕرا و هیچ هێزێکی هاوسەردەمی خۆیشی نەیدەتوانی جێی پێ لێژ کات...**

**ئاشکرایە ئەو ژیارە هاوچەرخەی کە ئێمە لەم سەردەمەدا لەگەڵیدا دەژین و بەزەبری بیر و تەکنەلۆجیا و چەك و کەرەستە، وەك ژیارێك بۆ ئەم سەردەمە بەگشتیی، خۆی سەپاندووە بەسەر ئێمە و خەڵکی تریشدا، بابەتێکی تەواو تازەیە و دەکەوێتە دەرەوەی ئەو ژیارە عەرەبییە ئیسلامییەوە کەتووشی پاشەکشە بووە و ژیارە تازەکەش ڕکابەرایەتیی و دژایەتیی دەکات و هەڕەشەیە لەسەری، چ لەدەرەوە و چ لە ناوجەرگەی خۆشیەوە... بۆیە، ئەزموونی مێژوویی ئوممەی عەرەبیی و ئەزموونی ئێستەشی لەگەڵ ژیاری هاوچەرخدا، تەنها ئەوەی بەس نییە کە ئیلهام وەربگرێت لە نموونەی (پێشینانی ڕاسال. السَلَفُ الصَالِح). چوونکە کاتێك ئەو تەنها نموونەیە بۆ ئێمە بەس بوو ئیلهامی لێوە وەربگرین کە مێژوو مێژووی خۆمان بوو، ئەو ڕۆژانە کە هەموو جیهان لەناو ماڵەکەی ئێمەدا بوو..** بەڵام ئەمڕۆ پێویستە باوەڕ بەخۆمان بهێنین - ئەگەر هێشتا هەندێکمان پێویستیان بە باوەڕپێهێنان بێت - کە تەنها خۆمان نین، وەدڵنیاین لانیکەم تا ئەو جێیەی کە هەستی پێ دەکەین لە داهاتووشدا تەنها نابین... **کەواتە: ئەو نموونەیەی کە پێویستە لەپێناو سەرلەنوێ بونیاد نانەوەی خۆماندا ئیلهامی لێوە وەربگرین، خۆمانین،** بۆیە دەبێت

خۆمان لە توانەوە و پەرش و بڵاوبوون و ڕفاندن بپارێزین، نابێت لەچەشنی (نموونەکەی پێشینان) بێت کە خۆی وەك جیهانێکی خۆبەخۆ دەخستە ڕوو کە تەنها خۆی بەس بێت بۆ خۆی، بەڵکو پێویستە ئەزموونمان کۆکەرەوەی ئەزموونی مێژوویی ئوممەتەکەی خۆمان بێت و سوود لە ئەزموونی ئەو گەلانەی تریش وەرگرێت کە وەك ئێمە لەپێناو دەستخستنی بوون و مانەوەیاندا خەبات دەکەن، دیسانەوە... بۆچی نا؟ لە ئەزموونی مێژوویی ئەو ئوممەتانەش سوود وەرگرین کەلەم سەردەمەدا ژیارەکەیان وەك ژیاری هەموو جیهان دەسەپێنن.
کاتێك تەنها خۆمان بووین و لەماڵێکدا بووین کە ماڵی ئێمە بوو و ماڵی خۆشمان بوو، ئەوکات و لەو دۆخەدا سەلەفییەت کاراو چالاك بوو و تەنها ئەویشمان بەس بوو بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانمان. بەڵام ئێستا کەبووینەتە بەشێك لەجەستە گشتییەکە، تاکە ڕێگە بۆ چەسپاندنی بوونی خۆمان و پاراستنی تایبەتمەندییەکانمان لەناو ئەو جەستە گشتییەدا، بریتییە لەهەڵسوکەوت کردن لەگەڵیدا بەهەمان لۆژیکی خۆی تا کاری تێ بکات، بەڵام لەپێگەکانی خۆمانەوە نەك لە پێگەی خەڵکی ترەوە.
ئەو لۆژیکە گشتییەی کەئەمڕۆ ئێمەش هەواداری ئەوین، مەبەستم لۆژیك و ژیاری هاوچەرخە، لەدوو بنەمادا کورت دەبێتەوە: **عەقڵانییەت و دیدی ڕەخنەگرانە.** عەقڵانییەت و ژیریی لە ئابوریی و سیاسەت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، **دیدی ڕەخنەگرانەش** لە هەموو شتێکدا لەژیاندا، لە سروشت و مێژوو و کۆمەڵگە و بیر و کەلتور و ڕۆشنبیریی و ئایدیۆلۆجیادا.
ئەمە لەکاتێکدایە کە لۆژیکی (ڕێڕەوی پێشینانی ڕاساڵ) کە وەك (شارە بەرێزەکە . المَدينَةُ الفَاضِلَة) وایە، لەئەزموونی مێژوویی ئوممەی ئیسلامیدا شتێکی ترە: لۆژیکێکە لەسەر ئەو بنەمایە بونیاد نراوە و وەستاوە کە پێی وایە: دونیا تەنها پردێکە بۆ پەڕینەوە بۆ ڕۆژی دوایی. ئەم تێگەیشتن و لۆژیکەش ئەوکاتەی کە ڕۆژ ڕۆژی تەنها باوەڕ و ئیمان بوو، ئەرکی خۆی ڕاپەڕاند، نەك ڕۆژی تەکنەلۆجیا و ئایدیۆلۆجیا.

ڕاســتە ئەم لۆژیك و مەنتیقی باوەڕە بۆ هەموو ســەردەم و ســەرزەمینێك و هەموو خەڵك بەگشتیی و، موسڵمانان بەتایبەتیی گونجاو و لەبارە چوونکە بەشێکە لە کەلەپووریان، بەڵام لەم سەردەمەدا تەنها وەك ئاکارێکی ڕەوشتیی و ئاراســتەکارێك بۆ ڕەفتاری مرۆڤ لە پەیوەندیی کردنیدا بە پەروەردگاریەوە و تێڕوانینەکانیدا بۆ ڕۆژی دوایی، گونجاوە. (سـیرة) و ڕێڕەو لێرەدا پێویســتە وەك ڕێڕەوی ڕەوشــتیی بمێنێتەوە، وەك ســەرچاوەیەك بۆ چاکەکاریی و پارێزکاریی و... تاد.، هەرچیش دوای ڕەوشت دێت، پێویستە پێگەیەکی تری بۆ بدۆزینەوە لەژیان خۆیدا، واتە: لەیاســای گەشــەکردنی ژیان و ڕێڕەوی ڕۆیشتنیدا و هاوسەنگیی هێزەکان تیایدا.

ئیسلام تەنها ژیاننامە و ڕێڕەوی پێشینان نییە ڕۆیشتبێت و بەسەر چوبێت... بەڵکو وەك هەموو موسڵمانێـك باوەڕی پێیەتی: ئیسلام گونجاوە بۆ هەموو ســەردەم و ســەرزەمینێك. ئەمە بێجگە ئەوەی کە دوپات کردنەوەی ئەم ڕاستییە بە قسە شتێکە و کردنیشی بەکردەوە شتێکی ترە... بەو پێیەی کە هەموو پەیڕەوانی ئایینەکان، لەکۆن و نوێدا، باوەڕیان وایە کە ئایینەکانیان گونجاوە و بۆ هەموو سەردەم و سەرزەمینێك دەشێت، بۆیە پابەندی دەبن و دەســتی پێوەدەگرن و وای دادەنێن کـە ئـاینـەکـەیـان ڕەنگـدانـەوە و ڕاگەیەنەری ڕاســتییە گەورەکەیە. ئەگەر هەواداارانی ئایینەکان بە بوزیی و جولەکە و نەســرانیەوە... تاد.، باوەڕیان وابوایە کە شــیاویەتی ئایینەکەیان بەندە بەکات و شــوێنێکی دیاریکراوەوە و شــیاویەتییەکەی کاتیی و ڕێژەییە، ئەوکات نەدەبوونە هەواداری و پابەندیشـی نەدەبوون، چوونکە باوەڕبوون و پابەندبوون بە هەر ئایینێکەوە، پێش هەموو شــتێك لە باوەڕێکی ڕەهاوە ســەرچاوە دەگرێت بەوەی کە ئایینەکەی گونجاوە بۆ هەموو کات و شوێنێك.

کەواتە پرســەکە ئەوە نییە کە ئاخۆ ئیســلام گونجاوە بۆ هەمووکات و شــوێنێك، چوونکە هەموو موســڵمانێك باوەڕی بەوە هەیە، هەرکات و هەرکەســێك باوەڕی لەق بوو **بەم پرســە ئایینییە**، ئیتر ئەوکەســە بە

موسڵمانیی نەماوەتەوە. بەڵام ئەو پرسەی کە لەئارادایە و پێویستیشە هەمیشە لەئارادا بێت، بریتییە لەوەی کە: **ئایا موسڵمانان گونجاو و شیاون بۆ سەردەمەکەی خۆیان، واتە توانای ئەوەیان هەیە کەبۆ سەردەمەکەی خۆیان بژین، ئەویش بەوەی سەرلەنوێ دەسبکەنەوە بەدارشتنەوەی (سیرة) و رێرەوێکی نوێ کە تەواوکاری رێرەوە کۆنەکەی (پێشینان) بێت و دۆخ و هەلومەرجێکی ئەوتۆ بخولقێنێت کە بشێت بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتوو ئیلهامی لێوە وەربگرن لەبونیادنانی رێرەوی ژیانی تایبەتی خۆیاندا...**

پێویستە ئەزموونی مێژوویی ئوممەت بەزیندوویی بهێڵرێتەوە و پارێزگاریی لێ بکرێت، ئەویش بە دەسپێکردنی برگەیەکی تازە لێی کە بتوانێت هانگاو هەڵگرێت بەرەو ئەم سەردەمە و بێتە ناویەوە، ئەم سەردەمەی کە هەمووشتێك تیایدا هاوار دەکات و پێداگریی دەکات لەسەر ئەوەی کە ئەم سەردەمە، سەردەمی نەوەکان (**الخَلَف**) ە، نەك سەردەمی پێشینان (**السَلَف**).

## ٣ . پەڕگیریی... بەڕاست و چەپدا

**...پەڕگیریی لەناو تەوژمی ســــەلەفیی لە بیری عەرەبیی هاوچەرخدا، چەند پاســـاوێك بۆ بوونی خۆی دەبینێتەوە، گرنگ ترینیان نەبوون یان بزربوونی دیموکراتییەتی سیاسیی و کۆمەڵایەتییە. یەکێکی تر لە پاساوەکانی بوونی ئەو تەوژمە بریتییە لەوەی کە ئەو تەوژمە تا ئێستا نەیتوانیوە هەستێت بە نوێ کردنەوەیەکی پێویست لە بیری ئیسلامیدا...**

کاتێك لە گوتاری سیاسیی و سەرچاوە هاوچەرخەکانەوە باس لە (ئیسلام یان ئیسلامییەکان) دەکرێت، زۆربەی کات ئەو کۆمەڵ و دەستە پەڕگیرانە دێنە زەین و خـەیاڵی وەرگرەوە کـە دروشـــمی (ئیســـلامیان) بـەرز کردوەتـەوە و بەشێوەیەك لەشێوەکان لەژێر پەردەی ئیسلامدا کاردەکەن. ئەمە یەکێکە لە هەڵە باوەکان کە دەکەوێتە سەر زاری خەڵك .

تەوژمیی ئیسلامیی، یان ئەوەی کەهەندێ جار بە (ئیسلامی سیاسیی) ش ناو دەبرێت و بەشـــێکی زۆری ڕای گشـــتیی عەرەبیی هاوچەرخ دەگرێتەوە کە لەناوەندی چەپەوە دەس پێ دەکات تا ئەوپەڕی ڕاست، کە مۆڵگەی کۆمەڵە ئـاییینیـە پـەڕگیرەکـانـە، ڕێـك وەك تـەوژمیی نوێخوازیی لـەگۆڕەپانی بیری عەرەبییدا، کە ئەویش لە ناوەندی ڕاســـتەوە دەس پێ دەکات تا ئەوپەڕی چەپ کە مۆڵگەی هێزە چەپگەرا پەڕگیرەکانە.

کاتێك لێرەدا بەجووتە ناوی (ڕاســت/چەپ) پێکەوە دەبەین، تـەنها لـەبەر ناســینەوەی چەشــنی ئەرکەکەی ســەرشــانیانە نەك هیچی تر، تەنها وەك ئامرازێك بۆ ناساندنیان ئەو ناوانە بەکار دەهێنین.

ئەو نـاواخنە ئـایدیۆلۆجییەش کـە ئـەم جووتـە نـاوە لـەڕۆژئـاوادا لـەخۆیانی دەگرن و مەبەستیان لە (ڕاست)، هێزە سەرمایەدار و لیبراڵ و دواکەوتووەکانە و، مەبەســتیشـیان لە (چەپ)، هێزە ســوشـیالیسـتە پێشـکەوتنخوازەکانە، ئەم چەشنە پۆلێن کردنە ناچێتە خانەی گرنگیی پێدانی ئێمەوە و بێجگە لەوەش ڕێك نایەتەوە لەگەڵ ئەو هەلومەرجەدا کە لە جیهانی عەرەبیدا هەیە، چوونکە مـەرج نییـە هـەرکـەس لـەڕیزی تـەوژمی نوێخوازیـدا بوو ئیتر

سوشیالیست و پێشکەوتن خواز بێت، وەك چۆن مەرجیش نییە هەرکەس لەڕیزی تەوژمی ئیسلامیدا بوو سەرمایەدار و کۆنەپارێز بێت. ئێمە لێرەدا کە ئەو جووتە ناوە بەکاردەهێنین، تەنها لەبەر دەسنیشان کردنی پێگەی کۆمەڵ و تاقمە پەڕگیرەکانە، کە دوو دەستە و پۆلن: پۆلێکیان دەخەینە ئەمپەڕی شوێنێکەوە و ناوی دەنێین (چەپ)، پۆلێکیشیان دەخەینە ئەوپەڕی شوێنێکەوە و ناوی دەنێین (ڕاست).

ئەو پرسیارەش کە دەمانەوێت لێرەدا بیخەینە ڕوو بریتییە لە: **ئەو پەڕگیرییەی کە لەو پەڕی چەپەوەیە دژی کێ هەڵدەسێت و، ئەو پەڕگیرییەش کە لەم پەڕی ڕاستەوەیە دژی کێ هەڵدەسێت؟**

ئەگەر ئەم پرسیارە نەکەین، هەندێ جار مرۆڤ خۆنەویستانە دەکەوێتە گەل دەسەڵاتی ئەو هەڵە باوانەوە کەدەخرێنە سەر زاری خەڵك و واتێدەگات کە نەیار و ڕکابەری پەڕگیریی لەم سەری چەپەوە، بریتییە لەوەی کە لەو پەڕی ڕاستەوەیە. ئەمەش بیرکردنەوە و باوەڕێکی هەڵەیە و مێژووی سەرهەڵدانی پەڕگیریی لە هەریەك لەو لایانەوە و هەڵوێست و پێش نیهادەکانی پەڕگیرەکان لەهەردولاوە، بەدرۆی دەخەنەوە .

**لەڕاستیدا پەڕگیریی لای چەپ لەبنەڕەتەوە دژی چەپ ئاراستەکراوە، هەروەها پەڕگیریی لای ڕاستیش دژی ڕاست ئاراستە کراوە**، زۆربەی کات دوژمنی پلەیەك و سەرسەختی پەڕگیرەکان لە هەرکام لەو لایانەوە بریتین لە نزیکترینی ئەوکەسانەی کە لەملاولای خۆیانەوەن. پەڕگیریی لەلای چەپەکانی ئەم سەردەمەوە لە ئەوروپا لە نیوەی دووەمی شەستەکانەوە سەری هەڵدا، لەوێ و لەشوێنانی تریش لەکۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا پەڕگیریی چەپ گەشتە چڵەپۆپە و چەند کۆمەڵێکی چەپگەرا پێك هاتن و دەستیان دایە خۆنواندن و چەسپاندنی خۆیان وەك جێگرەوەیەکی تازە، نەك دژی ڕاسترەو و لایەنی ڕاست، بەڵکو بۆ چەپ خۆی، تاکار گەشتە ئەوەی کە حزبە شیوعییە کلاسیکییەکان و سۆشیالیستەکانیان بەگشتیی بە نەیاری خۆیان دانا، ئەو کۆمەڵە

چەپگەرایانە دەستیان نەدایە (خەبات) دژی لایەنی ڕاست یان ڕاسترەوەکانی ناو ڕاســـت، بەڵکو بەهەموو هێزیانەوە ڕوویان کردە چەپ خۆی، کە لەلای ڕاستی خۆیانەوە دایان نابوو.

لەلای ڕاســتیش بەهەمان شــێوە، کۆمەڵە پەڕگیرەکانی ناو تەوژمی ڕاســت، نەیاریی و ڕەخنەیان لە خۆیان هەبوو، نەك دژی چەپ.

**کۆمەڵە ئیسلامییە پەڕگیرەکانیش ڕەخنە و گازندە و دژبەرییەکانیان هەمووی ئاراســتەی تەوژمی ئیســلامیی (میانڕەو) دەکرد، هەروەك چۆن (خەوارجەکان) لەسەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامەوە وایان کرد.**

عەلی کوڕی ئەبوتالب نوێنەرایەتی ئاراستە ئایینییەکەی دەکرد و موعاویەش نوێنەرایەتیی ئاراســـتە دونیاییەکەی دەکرد، ئەمەش لەناوخۆی ئیســـلامدا دەکرا، نەك لەدەرەوەی، ئەو پەڕگیرییەی کە دژی عەلی ســـەری هەڵدا و هەواداره‌کانی ئەو تەوژمە پەڕگیرە ناونران (خەوارج)، لەبنەڕەتەوە لە دژی عـەلی دامـەزرا، بۆیـە نـاویش نران خـەوارج، چوونکە لـەفـەرمـانی عـەلی دەرچوون و دژی وەستانەوە.

ڕاســـتە خـەوارج دژی مـوعـاویـەش بوون، بـەڵام هـەڵگـەڕانـەوەکـەیان هیچ زیـانێکی نـەبوو بۆ ئـەو، بـەڵکو بـەپێچـەوانـەوە لـەبـەرژەوەنـدیی ئـەودا بوو. لەوەش زیاتر، کاتێکیش لە عەلی هەڵگەڕانەوە بەبیانووی ئەوەی کە ڕازیی بووە بە ناوبژیوانی لەگەڵ موعاویەدا، ڕاســـتەوخۆ نەچوون بۆ شـــەڕ دژی موعاویە، بەڵکو بەشـــەڕهاتن لەگەڵ عەلی و هاوەڵەکانیدا، دواتریش هیچ پیلانێکیان دانەڕشت بۆ لەناوبردنی موعاویە بەجیا، بەڵکو ویستیان عەلی و موعاویە پێکەوە لەناو ببەن، لەکوشـــتن و لەناوبردنی عەلیدا ســـەرکەوتوو بوون، بەڵام دەســـیان بە موعاویە نەگەشـــت. ئەگەر پێش ڕاپەڕاندنی پیلانەکانیاندا باش بیریان بکردایەتەوە تێ دەگەشـــتن کە کوشـــتنی عەلی ئاســـانە، چوونکە دەورووبەری خۆی بە پاســـەوان و پارێزەر قایم نەدەکرد، هەروەها تێ دەگـــەشتن کە ئەگـــەر زۆرە هەوڵەکانیان شکست بخوات لە

پیلانی کوشـــتنی موعاویەدا، چوونکە هەمیشـــە پاســـەوانی هەبوو و بە بەردەوامیی پارێزگاریی لێ دەکرا.

**پەڕگیریی و توندڕەویی خاوەنەکەی کوێر دەکات و ڕاستییە بابەتییەکانیشی لێ پەردەپۆش دەکات، وای لێ دەکات بەچاوێکی ئەفســوناویەوە سـەیری دونیا بکات.**

کۆمەڵە پەڕگیر و توندڕەوەکانیش بەهەموو چەشـنەکانیانەوە، وەك (خەوارج) وان، چوونکە ئەمانیش هەرچەندە - زۆربەی کات - دژی ســازشــکاریی و نەرموونیانیی و میانڕەویی لایەنەکەی خۆیان لەگەڵ لایەنی بەرانبەریاندا (لەفەرمان دەردەچن) و هەڵدەگەڕێنەوە، یان (شۆڕش) بەرپا دەکەن (چەپگەراکان شـۆڕش دەکەن دژی چەپ لەبەر ئەوەی لەگەڵ لایەنی ڕاسترۆدا سازاوە، پەڕگیرەکانی لای ڕاسیش شـۆڕش دەکەن بەسەر ڕاستدا گوایا ملی داوە بە میانڕەویی)، لەزۆربەی حاڵەتەکانیشــدا ئاکام بریتیی دەبێت لە وەشــاندنی گورزێك لەو لایەنەی کە لێی هـەڵدەگەڕێنەوە و وەشـــاندنی گورزەکـەش لـەبـەرژەوەنـدیی لاکـەی بەرانبەر دەردەچێت.

**ئەمەش دواجار دەبێتە هۆی کەنارکەوتنی کۆمەڵە پەڕگیرەکان بەچەپ و ڕاسیانەوە، لەوێوە و لەو کەنارەوە بەردەوام ئەزموونی پەڕگیرییەکەی خۆیان دوبارە دەکەنەوە لەگەڵ خۆیاندا، کەرت و پەرت دەبن بۆ چەندین کۆمەڵەی تر و دەســـت دەدەنە دژایەتیی یەکتر، هەریەکەیان ئەوانی تر بە (کافر) دادەنێت. دوژمن و ڕکابەری پلەیەکی هـەریەکـەیان بریتییە لە نزیکترین دراوســـێی، بەوشـــێوە بزاوتە پەڕگیرەکان بە کەرت و پەرت بوون و توانەوە کۆتاییان دێت.**

ئەوەی پێویســـتە لێرەدا جەختی لەســـەر بکەینەوە ئەوەیە کە هەرگیز ڕووی نەداوە و واش نازانم ڕۆژێك لەڕۆژان ئـەوە ڕوودبدات کـە کۆمەڵێکی پـــەڕگیر چ لەملا بێت یان لەولا، هەلومەرجێکی گۆڕی بێت یان ســـەروەرییەکی مێژوویی تۆمار کردبێت. **زۆربەی کات مێژوو لەلایەن ئەو هێزە ڕکابەرانەوە تۆماری دەکرێت کە ناوەڕاســـت دەگرن.** هەموو شـــۆڕشـــەکانیش تەنانەت

ئەگەر پەڕگیرەکانیش بەشـــداریيان تێدابکەن، دواجار بە یەك ئاکام دەگەن، ئەویش بریتییە لەوەی کە پاش ســـەرکەوتن، ئەو (میانڕەو و نەرمڕەوانە) دەسەڵاتەکە دەگرنە دەست کە لە (ناوەڕاستان)، یان نزیکن لە ناوەڕاستەوە.
ئەمە ڕاســـتییەکە پەڕگیرەکان دەیزانن، بۆیە زۆربەی کات دروشـــمیان گرتنەدەســـتی دەســـەڵات نییە، بەڵکو گیان بەخت کردن و (شـــەهید بوون) ە لەپێناو (پرسەکەدا). بەڵام ئیتر چەشنی ئەو پرسە و گونجانی جێبەجێ کردنی و ئامرازەکانی خزمەتکردنی بەشـــێوەیەکی کرداریی و مێژوویی، ئەمانە لەو شتانەن کە لە پەڕگیریی و توندڕەوییدا بیریان لێ ناکرێتەوە و ناتوانێت بیریان لێ بکاتـەوە. پـەڕگیریی لـەم حـاڵـەتـانـەدا دەبێتـە چـەشـــنـە تێڕوانینێکی ئەفسـونـاویی بۆ جیهان، مۆرکی ڕاکردن بەرەو پێشـەوە لەخۆ دەگرێت. **بۆیە سـەیرنابێت ئەگەر کەسێکی پەڕگیر و توندڕەو ببینی لەمپەڕی ڕاسـتەوە باز بدات بۆ ئەوپەڕی چەپ، یان بەپێچەوانەوە، ڕاکردنیش بەرەو پێشەوە مۆرکی (کۆچکردن) بەرەو وڵاتانێك لەخۆ بگرێت کە لەبنەڕەتدا نەیار و ڕکابەربوون و کەسە پەڕگیرەکە لەوێ بمێنێتە و (خزمەتکاریی و دەرگاوانیی) خەڵکی ئەو وڵاتە بکات و بە نانەســکیی و (بێهودەیی و بێ ئامانجی) ڕازیبێت...** (تەنیا خۆی ڕەخنە دەگرێت و کێبەرکێ دەکات). ئەمە چەشـــنە ئاگاییەکی ســـاختەیە کە مرۆڤ لەگەڵیدا ڕاســـتیی بوون و پێگەی خۆی لەبیر دەچێتەوە و هیچ نابینێت بێجگە لەوەی کەخۆی باوەڕی پێیەتی.
پەڕگیریی چەندین چەشـــن و شـــێوەی هەیە... پەڕگیریی لەنـــاو تەوژمی ســـەلەفیی لە بیری عەرەبیی هاوچەرخدا، چەند پاســـاوێك بۆ بوونی خۆی دەبینێتەوە، گرنگ ترینیان نەبوون یان بزر بوونی دیموکراتییەتی سیـاسیی و کۆمەڵایەتییە. یەکێکی تر لە پاســـاوەکانی بوونی **ئەو تەوژمە بریتییە لەوەی کە ئەو تەوژمە تا ئێستا نەیتوانیوە هەستێت بە نوێ کردنەوەیەکی پێویست لە بیری ئیســـلامیدا**، نوێ کردنەوەیەك وای لێ بکات بتوانێت هاوشـــانی گەشەسەندن بڕوات و لەواقعیش دانەبڕێت، ڕێك وەك ئەوەی کە پەڕگیریی و توندڕەوی لە چەپدا لە کۆتاییەکانی دەیەی شـــەســـتەکان و ســـەرەتای

حەفتاکانی ســـەدەی بیســـدا گەشـــتە چڵەپۆپەی و پاســـاوی بوونی خۆی لەلایەکەوە لە نەبوونی دیموکراتیی و لەلایەکی تریشـــەوە لەو چەقبەســـتنە فیکرییەدا دەبینییەوە کە بەگشتیی تووشی (چەپ) بووبوو.
پاش ئەم تاوتوێکردنە ماوەتەوە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە **پەرگیریی لەئاییندا هەمیشە شوێن پێی سیاسەت هەڵدەگرێت. کاتێك سیاسەت لەئاییندا لەسەر ئاســـتی بیروباوەڕ پیادە بکرێت، ئـەوا پـەرگیریی لـە بواری بیروباوەڕدا ڕوودەدات، کاتێکیش ســیاســەت لەئاییندا لەســەر ئاستی شــەریعەت پیادە بکرێت ئەوا پەرگیریی و توندڕەویی لەبواری شەریعەتدا ڕوودەدات.**
ئەمە ســـەرنج و تێبینییەکە لە لێکۆڵینەوەی داهاتوودا بەدرێژیی قســـەی لەسەر دەکەین.

## ٤ . پەڕگیریی و توندڕەویی لەنێوان بیروباوەڕ و شەریعەتدا

**...پرۆســـەکانی بەراوردکاریی و پێکهاتنی ڕووکاریی و ســـەرکێڵ کردن، سەردەمیان بەسەرچووە، لەو پرۆسانە دەچن کە زانستی کەلام لەسەرەتای سەرهەڵدانیە بەخۆیەوە بینینی. ئەوەی خواستی ئەم سەردەمەیە لە گۆڕەپانی شەریعەتدا، بریتیە لەوەی هاوشێوەی ئەوکارە بکەین کە پیتۆل و فەیلەسوفە ئەشـــعەریەکان لەبواری بیروباوەڕدا کردیان (فەخرەدینی ڕازیی... بەنموونە)، مەبەستم سەرلەنوێ بونیادناوەی مەنهەجییەت و پرۆگرامی بیرکردنەوەیە لە شەریعەتدا، بە هەنگاو هەڵگرتن لە چەند دەسپێکێکی تازە و ئامانجگەلێگی تازەی هاوچەرخەوە - مَقَاصِد مُعَاصِرَة - بەواتایەکی تر، خواست و داوای ئەم سەردەمە، نوێ کردنەوەیەك، نەك سەرلەنوێ لێکۆڵینەوە و ئیجتیهاد کردن لە بابەتە ورد و لاوەکییەکانەوە هەنگاو هەڵبگرێت، بەڵکو پێویســـتە ئەو نوێکردنـەوەیـە هـەنگـاو هـەڵبگرێـت بۆ ســـەرلـەنوێ دارِشـــتنـەوە و بردنەوەسەربنەوانی بنەماکان - تَأصِيلُ الأُصُوْل - و سەرلەنوێ بونیاد نانەوە و دارِشتنەوەیان...**

مێژووی ئیسـلامیی لەسـەرەتاکانی سـەدەی یەکەمی کۆچییەوە چەندین چەشن لە پەڕگیریی و زۆر ڕۆچوونی بەخۆیەوە بینی، تائێستاش بەشێوەیەك لە شـــێوەکان شـــوێنەواری هەندێکیان بەســـەر گۆڕەپانی فیکری ئایینیی عەرەبیی هاوچەرخەوە ماونەتەوە، ئەگەر چاوێك بخشێنینەوە بە بزووتنەوە پەڕگیرەکانی ناو ئیســـلامدا هەر لەســـەردەمی ئاژاوەگەورەکەوە تائێســـتا، دەبینین بـەبێ جیـاوازیی، هـەموویـان پـەیوەنـدییـەکی ڕاســـتـەوخۆ، یان ناڕاســـتەوخۆیان هەبووە بە ســـیاســـەتەوە، بەڕادەیەك کە دەتوانین بڵێین: پەڕگیریی لەئیسـلامدا هەمیشـە چەشـنێك بووە لە دەربڕینی هەڵوێسـتێکی دیاریکراو. ئەگەر پەیوەندیی ئایین بەسیاسـەتەوە و پەیوەندیی سیاسـەتیش بەئاییـنەوە لە ئەزموونی ژیاری ئیســـلامیدا لەبەرچاو بگرین، تێگەیشـــتن و بەئاسـایی وەرگرتنی ئەم پرسـە بەلامانەوە شـتێکی ئاسـان دەبێت. چوونکە لەو ژیارەدا سیاسـەت بەناوی ئایینەوە پیادە دەکرا و لەئایینیشـەوە ڕەوایەتیی

وەردەگرت، ئەمە وای کرد ململانێ سیاسییەکان زۆربەی کات لەژێر چەتر و سایەی ئاییندا بەڕێوەدەبران.
پێویستمان بەوە نییە بزووتنەوە توندئاژوو و پەڕگیرەکانی ناو ئیسلام و شێوازی کاری سیاسیی و هەڵوێست و بەرنامەکانیان بیر بێنینەوە، چوونکە ئەوان ناسراون: (خەوارج، غولوکارەکان، بزووتنەوە ناوەکییەکان - البَاطِنيَّة -... تاد.)، بەڵکو لێرەدا دەمانەوێت ئەوە بخەینەڕوو، کە بزووتنەوە ئیسلامییە پەڕگیرەکان جیا دەکاتەوە لە هاوشێوەکانیان لە سەردەمە ڕابوردووەکاندا.
**بزووتنەوە باڵادەستە توندئاژوو و پەڕگیرەکان لەسەر ئاست و لەبواری بیروباوەڕدا پەڕگیریی و توند ئاژووییان دەکرد، بەڵام بزووتنەوە پەڕگیر و توند ئاژووەکانی ئەم سەردەمە لەسەر ئاست و لەبواری شەریعەتدا توندئاژوویی و سەختگیریی دەکەن.**
نە خەوارج و نەهیچکام لە بزووتنەوە باتنییەکان بە هەموو تەوژم و ئاراستەکانیانەوە پرسی (جێبەجێ کردنی شەریعەت) یان نەوەك داوا و نەوەك دروشم بەرز نەکردوەتەوە، بەڵکو هەموو دروشمەکانیان لەسەر ئاستی (بیروباوەڕ) دا بوون وەك: (پەیوەندیی نێوان خواوەند و ئاکارەکانی، ناچارکردن و سەرپشك بوونی مرۆڤ، دادگەریی خوایی، چۆنیەتی سەرەتای دروسکردنی گەردوون و و بەدیی هێنانی و... تاد.). ڕاستە ئەو پرسە ناوەندییەی کە زانستی (کەلام) ی لێوە کەوتەوە بریتیی بوو لە دۆزی (پێشەوایەتیی و ئیمامەت)، ئەو پرسەی کە بەبناغەی ناکۆکییەکانی ناو ئیسلام دادەنرێت، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە ئەم دۆزە، واتە: دۆزی (پێشەوایەتیی و جێنشینیی) لەسەر ئاست و لەڕووی بیروباوەڕەوە دەخرایە ڕوو، نەك لەسەر ئاست و لەڕووی شەریعەتەوە.
**ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە سیاسەت لەسەر ئاستی بیروباوەڕ پەیڕەو دەکرا لە ئاییندا، نەك لەسەر ئاستی شەریعەت.**
بەڵام لەم سەردەمەدا بابەتەکە ڕێك پێچەوانەی سەردەمی ڕابوردووە: بزووتنەوە پەڕگیر و توند ئاژووەکان، ناکۆکییان هەیە لەگەڵ ئاراستەکانی تری سەلەفییەتدا لەسەر چەند پرسێکی پەیوەندیدار بە شەریعەتەوە، نەك

بە بیروباوەڕەوە، **ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە لە ئەمڕۆدا سیاسەت لەئاییندا لەسەر ئاستی شەریعەت پەیڕەو و پیادە دەكرێت، نەك لەسەرئاستی بیروباوەڕ.** لێرەدا بۆئەوەی لەو بوارە تێ بگەین كە سیاسەتی تێدا پیادە دەكرێت، تەنها ئەوەندە بەسە ئەو دروشمە بیر بهێنینەوە كە بزووتنەوە پەڕگیرەكان بەرزی دەكەنەوە، دروشمی: (جێبەجێ كردنی شەریعەت). لەبری پرسەكانی: جەبر و ئیختیار و كوفر و باوەڕ و تەنزیهو تەشبیهو... تاد.، كەپێشتر كێشمەكێش و دەمەقاڵێكان بەدەوری ئەم بابەتانەدا دەخولانەوە و موتەكەلمەكانیش لەبارەی ئەم چەمك و بابەتانەوە دابەش دەبوون بەسەر میانڕەو و توندڕەو و پەڕگیردا، ئەمڕۆ دەبینین چەن پرس و دۆز و بابەتێكی تر كە پەیوەندیدارن بە شەریعەت و فیقهەوە، وەك: بڕینی دەستی دز و خواردنی سوو و داپۆشینی جەستەو...تاد. بوونەتە جێگەی مشتومڕ و قسەیان لەبارەوە دەكرێت و ناكۆكیی خەڵك لەبارەی چۆنیەتیی جێبەجێ كردنیانەوە سەر هەڵ دەدات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە لەم سەردەمەدا سیاسەت لە ئیسلامدا لەسەر ئاستی شەریعەت پەیڕەو و پیادە دەكرێت، نەك لەسەر ئاستی بیروباوەڕ، وەك لەڕابوردوودا باوبوو.

**ئەم وەرچەرخانە بۆ؟ بۆچی موسوڵمانان لەڕابوردوودا سیاسەتیان لەسەر ئاستی بیروباوەڕ پیادە و پەیڕەو دەكرد و لەڕووی سیاسیەوە ناكۆكیان تێ نەدەكەوت لە پرسە شەرعییەكاندا، بۆ ناكۆكیەكانی نێوانیان لەم سەردەمەدا لەسەر ئاستی شەریعەتە نەك لەسەر ئاستی بیروباوەڕ.** وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستە لە مێژوو داوا بكرێت، واتە: لەسیاسەت، نەك لە ئایین خۆی. مێژوو پێمان دەڵێت: ناكۆكیی لەسەر ئاستی بیروباوەڕ بەدوو قۆناغدا تێ پەڕیوە: **قۆناغی سەرهەڵدانی سەرەتا**، دۆزی ناوەندیی و سەرەكیی لەم قۆناغەدا وەك گوتمان، بریتیی بووە لە پرسی پێشەوایەتیی و ئیمامەت، ئەمەش لەبنەڕەتدا دۆزێكی ناوخۆیی بوو: **قۆناغی چەسپاندن و خۆنواندن،** ئەمەش كاتێك دەركەوت كە ئیسلام ڕووبەڕوو بویەوە لەگەڵ بیروباوەڕ و ئایینەكانی ئەو گەلانەدا كە موسڵمان بووبوون، لە سەرەتاوە ناكۆكییەكە

مۆرکێکی سیاسیی کۆمەڵایەتیی بەخۆوە گرت، دواتر پەرەی سەند تا بووبە ناکۆکییەکی فیکریی (پاڵفتەکراو) و لە شێوەی ڕوبەڕوو بوونەوە و پێکدا پژانێك لە نێوان سیستەمی بیروباوەڕی ئیسلامیی و سیستەمە بیروباوەڕییە فیکرییە بۆماوەکاندا کە لە ژیارەکانی پێش ئیسلامدا وەدەرکەوتن. **ناکۆکییەك لەسەر ئاستی (بیروباوەڕ) لە ئارادا بوو، چوونکە چەندین سیستەمی فیکریی ئایینیی ئامادەبوون. بەڵام لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیی یەك سیستەمی کۆمەڵایەتیی لەسەر یەك ئاستی گەشەسەندن لەئارادا بوو،** ئەمەش ئەوشتەبوو کە نەدەبووە مایەی سەرهەڵدانی ناکۆکیی لەسەر ئاستی شەریعەتدا (ئەگەر ڕوویشیی بدایە لەسەر ئاستی چەن پرسێکی زۆر لاوەکیدا ڕووی دەدا، وەك ئەو وردە جیاوازیانەی کە لەنێوان مەزەب و ئاینزاکانی حەنەفیی و مالکیدا ڕوویان دەدا، کە حەنەفیی مەزەبی خەڵکی عێراق بوو، تاڕادەیەك لە ئاستێکی گەشەسەندوودا بوون، مەزەبی مالکیش کە مەزەبی خەڵکی مەدینە بوو، ئەمانیش لەئاستێکی تری گەشەسەندندا بوون، جیاوازییەکە لە پلەبەندیدا بوو، نەك لە چەشنی جیاوازیدا). بەهەمان شێوە دەکرێت بگوترێت، بەڵکو بەکرداریش ڕووی داوە، کە تەوژمی سەلەفیی هاوچەرخیش هەر لە ناوخۆوە سەریهەڵداوە، لەسەرەتای سەرهەڵدانیشیەوە دۆزی سەرەکیی بەلایەوە بریتیی بوو لە دۆز و بابەتی ئەو بیدعە و داهێنراوانەی کە لەناوخۆی کۆمەڵگەی ئیسلامییەوە سەریان هەڵدابوو، وەك: (سەردانی گۆڕستان و ڕێچکە سۆفیی گەرییەکان). **پاشان ئەم تەوژمە چووە قۆناغی دوەمیەوە کەبریتیی بوو لە چەسپاندنی بوونی خۆی و خۆنواندن لەڕێگەی ڕوبەڕوو بوونەوەی کۆمەڵگەی ئیسلامییەوە لەگەڵ سیستەمە ئابوریی و سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی ژیاری ئەورووپیی تازەدا.** لێرەش ڕوبەڕوو بوونەوەکە لەسەرەتاوە مۆرکێکی سیاسیی لەخۆ گرتبوو (واتە: لەلایەکەوە بەرەنگاربوونەوەی بڵاوبوونەوەی داگیرکاریی ئەورووپیی و لەلایەکی تریشەوە دژایەتیی کردن یان پەیوەندیی بەستن لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیی)، پاشان کارەکە پەرەی سەند تا وای لێهات ناکۆکییەکە لەسەر ئاستی سیستەمی کۆمەڵایەتیی مۆرکێکی مەزەبیی وەرگرت (واتە: سیستەمی ئیسلامیی و شەریعەتی ئیسلامیی لەبەرانبەر سیستەمی سەرمایەداریی و سیستەمی

سوشیالیستیەوە...تاد). وەك چۆن توندڕۆكان لەكۆندا لەسەر ئاستی بیروباوەڕ و دژیی بۆچوونە میانڕەوەكان هەوڵی خۆ نواندنیاندا، لەم سەردەمەشدا پەڕگیریی هەوڵی خۆدەرخستن و خۆ نواندن دەدات لەسەر ئاستی شەریعەت و دژی بۆچوون و مەزهەبە میانڕەوەكان، هەروەك چۆن لەڕابوردوودا پرس و بابەتەكانی شەریعەت بە بابەتی لاوەكیی دادەنران (ناكۆكیی نێوان مەزهەبە فیقهییەكان نەدەگەیشتە ئاستی توندڕەویی و پەڕگیریی)، لەم سەردەمەشدا ئەو ناكۆكیی و ڕاجیایەنەی كە سەربە بواری بیروباوەڕن (سوننە، شیعە، ئەشعەریی، حەنبەلیی... تاد.) بەناكۆكیی لاوەكیی دادەنرێن، لەوێشەوە جەخت لەسەر ئاستی شەریعەت دەكرێتەوە و دروشمی جێبەجێكردنی بەرز دەكرێتەوە.

ئەوئاكامەی لەم بەراوردكارییانەدا دەمانەوێت پێی بگەین بریتییە لەوەی كە: **دیاردەی ناكۆكیی و ڕاجیایی لە ئیسلامدا، لە ناویشیاندا دیاردەكانی توندڕەویی و پەڕگیریی، ئەگەر لە دیدگایەكی مێژووییەوە سەیر بكرێن، بریتین لە: پرۆسەیەكی گونجاندن و شیاندن لەگەڵ ئەو سیستەمە فیكرییانەدا كە هاتوونەتە ناو كۆمەڵگەكانەوە**، كاتێك مەزهەب و ئاییزای ئەشعەریی توانیی خۆی بسەپێنێت لە **ناوەندی سوننیدا** (نموونەی مەزهەبی ئەشعەریی ڕێك وەك مەزهەبی دوانزە ئیمامی وایە لە ناوەندی شیعیدا) بەسەرلەنوێ دارشتنەوەی زانستەكانی: **بیروباوەڕ، كەلام، بەسوود وەرگرتن لە چەمك و تێگەیشتنە (هاوچەرخەكانی) ئەوكاتە و، پرۆگرامی لۆژیك و تێگەیشتن و چەمكەكانی فەلسەفە**، (كەلامیش) لەبیروباوەڕدا، لەبری ملدان بە ژێریی زانستییانە (مەبەستم سیاسەتە)، قەتیسمان لە ژێریی (پەتیی) دا، دواجار كایەكە بە لەبەریەك هەڵوەشاندنی تەوژمە پەڕگیرەكان كۆتایی هات. لەم سەردەمەشدا وادیارە (ئەوەی كەدێت) بەراورد بەڕابوردوو، وەك دەگوترێت: (لەئاو دەچێت لە ئاودا)، مەبەسمان ئەوەیە: تەوژمە ئیسلامییە پەڕگیرەكان دەكشێنەوە كە بینییان لە ناوجەرگەی سەلەفیەتەوە كەسانێك بەسوود وەرگرتنێكی زانستیی و ڕاستودروست لە چەمك و تێگەیشتنە هاوچەرخەكان، شان دەدەنە ژێر

ئەرکی سەرلەنوێ دارشتنەوەی زانستی شەریعە (فِقْه)، پرۆگرامەکانی زانستەکانی ئابوریی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی کە لەئاکامی گەشەی زانین و کۆمەڵگەدا پێکەوە، هاتوونەتە کایەوە. پرۆسەکانی پێکهاتنی ڕووکاریی و سەرکێڵ کردن، سەردەمیان بەسەرچووە، لەو پرۆسانە دەچن کە زانستی کەلام لەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە بەخۆیەوە بینینی. ئەوەی خواستی ئەم سەردەمەیە لە گۆڕەپانی شەریعەتدا بریتیە لەوەی هاوشێوەی ئەوکارە بکەین کە پیتۆڵ و فەیلەسوفە ئەشعەریەکان لەبواری بیروباوەڕدا کردیان (فەخرەدینی ڕازیی... بەنموونە)، مەبەستم سەرلەنوێ بونیادناوەی مەنهەجییەت و پرۆگرامی بیرکردنەوەیە لە شەریعەتدا، بە هەنگاوهەڵگرتن لەچەند دەسپێکێکی تازە و ئامانجگەلێگی تازەی هاوچەرخەوە - مَقَاصِدُ مُعَاصِرة - **بەواتایەکی تر، خواست و داوای ئەم سەردەمە، نوێکردنەوەیەك، نەك سەرلەنوێ لە لێکۆڵینەوە و ئیجتیهاد کرد لە بابەتە ورد و لاوەکییەکانەوە هەنگاو هەڵبگرێت، بەڵکو پێویستە ئەو نوێ کردنەوەیە هەنگاو هەڵگرێت بۆ سەرلەنوێ دارشتنەوە و بردنەوەسەر بنەوانی بنەماکان - تأصیلُ الاصُول - و سەرلەنوێ بونیاد نانەوە و دارشتنەوەیان**. خاڵی دەسپێك لەم سەردەمەی ئێمەدا پێویستە بریتیی بێت لە سەرلەنوێ شیاندنەوە و ڕاهێنان بۆ ژیریی لێکۆڵەر و موجتەهدەکان - إعَادَةُ تَأهِیلُ عَقلِ المُجْتَهِدِ -، بەسەرلەنوێ بونیاد نان و شیاندنەوەی، چوونکە بەبێ ژیریی و عەقڵێکی تازە ئەستەمە بەدواداچوون و ئیجتیهادی تازە بکرێت.

## ٥ - لەپێناو ئیجتیهاد و لێکۆڵینەوەیەکی هاوشـــان لەگەڵ سەردەمدا

**... لێرەوە ڕوون دەبێتەوە کە هانا هەڵبڕین و داواکردنی (ئیجتیهاد) و کردنەوەی دەرگای لێکۆڵینەوە، گەر کردنەوەی دەرگای ئەو (فام و ژیرییەی) لێ نەکەوێتەوە کە ئەرکی لێکۆڵینەوە و ئیجتیهادەکەی دەکەوێتە ئەســتۆ، داواکاریی و قسەیەکی بێواتا و هەوایی دەبێت... چوونکە دەرگای لێکۆڵینەوە و ئیجتیهاد لەبنەڕەتەوە دانەخراوە، بەڵکو هەرکات ئەو فام و عەقڵ و ژیریەی کە پێویستە لەو چوارچێوە ژیارییەدا کە تیایدا دەژیی لێکۆڵینەوە و ئیجتیهاد بکات، داخرا و لە جوڵە و گەشەکردن کەوت، دەرگای ئیجتیهادیش لەگەڵیدا دادەخرێت...**

لەو کاتەوە کە بێداریی عەرەبیی هاوچەرخ ســەریهەڵداوە، بەتایبەتیش لەکۆتایی ســەدەی ڕابوردوووەوە ، دروشــمی (کردنەوەی دەرگای لێکۆڵینەوە و ئیجتیهاد) لەلایەن ئەو هێز و تەوژم و دەستانەوە دەخرێتەڕوو کە دژیی (ژیاری ڕۆژئاوا) دەوەســتنەوە و لە چوارچێوەی بیری عەرەبیی ئیســلامیدا داوای (نوێکردنەوە) دەکەن، وەك چارەســەرێك بۆ ئەو گرفت و ئاڵنگاریە تازانەی کە ڕوبەڕووی ئیســلام بوونەتەوە، وەك ســیســتەمێك بۆ ژیان و چێوەیەك بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە تایبەت و گشتییەکان.

بێجگە هەندێك لەو هەولانەی کە بیریارە ئیســلامییەکان پێی هەســتان و زۆربەشیان مۆرکی ئایدیۆلۆجیی و بگرەوبەردە زاڵ بوو بەسەریاندا و ئەوەش بوویە هۆی ئەوەی کاڵوکرچ و ســەرپێیی دەربچن و بازبدەن بەســەر کرۆکی گرفتەکاندا، ســەرەڕای ئەم هەولانەش، هێشــتا بانگەواز و داوای کردنەوەی (دەرگای ئیجتیهاد و لێکۆڵینەوە) هەر تەنها وەك بانگەوازێك ماوەتەوە، بەڵکو وەك دروشــمێکی خۆجێیی و لەژێر فشــاری چەند ئاڵنگارییەکی کاتییدا بەرز دەکرێتەوە بۆ ئەوەی جارێکی تر بێدەنگەی لێ بکرێتەوە و ســەرلەنوێ ژیان درێژەبداتەوە بە ڕێڕەوە ئاساییەکەی و گرفتەکانیش هێندەی تر قووڵ ببنەوە و پانتایی دابڕانی نێوان فیقهزانە دێرینەکان و فیقهو ئیجتیهادەکانیشــیان، لەگەڵ دۆخی ئێستەی ژیان و ئاڵۆزبوونی گرفتەکانیدا، زیاتر ببێت.

گومانی تێدا نییە كە هۆكاری ئەم دۆخەش بۆ دەرنەكەوتنی چەند لێكۆڵەر و موجتەهدێك دەگەڕێتەوە كە مەرجە پێویستەكانی ئیجتیهاد و لێكۆڵینەوە كردنێكی ئەوتۆیان تێدابێت، لەئاست گرفتەكانی سەردەم و ئاڵنگارییەكانیدا بێت: مەبەستمان بەتایبەت مەرجە فیكرییە مەنهەجییەكانە.

لەبنەڕەتەوە ئیجتیهاد و لێكۆڵینەوە بۆ یاساسازیی بوو لە ئیسلامدا، ئەوكات وەك دەقەكانی قورئان و سوننەت و پێشینە مێژوویەكانیش نییە كە ڕاستاندن و ڕەوایەتیی ئایینیان هەیە، وەك ئەوانەی كە دەچنە خانەی (كۆدەنگیی هاوەڵان) و (كرداری خەڵكی مەدینە) - بەلای پێشەوا ئەحمەدەوە - و هاوشێوەكانیان... بەڵكو پێش هەموو شتێك پرۆگرامێكە یان بەگوتەی بنەما ناسەكان - ألأصولیّن - ئیجتیهاد و لێكۆڵینەوە بریتییە لە: خستنەگەڕ و بەكاربردنی تەواوی تێكۆشان و توانا و لێهاتنەكانی لێكۆڵەر، لە هەڵگۆزین و هەڵێنجاندنی حوكمە شەرعیەكان لە بەڵگەكانیانەوە. مەبەست لە تێكۆشان و توانا و لێهاتنەكانیش، توانا و لێهاتنە فیكرییەكانە، بەڵگە بنەڕەتیی و سەرەكییەكانی حوكمەكانیش ئاشكرایە كە بریتین لە: قورئان و سوننەت و ئەوشتانەش كە كۆدەنگیان لەسەر بووە.

كەواتە ئیجتیهاد، پێش هەموو شتێك تێكۆشانێكی فیكریی و هزرییە. ڕوون و ئاشكراشە ئەو تێكۆشان و توانا هزرییەش كە پێویستە لەهەر بوارێدا بخرێتە گەڕ، چەشنی توانا هزرییەكە و شێوازی خستنەگەڕیی و ئامرازەكانی و مەنهەج و پێڕەوی خستنەگەڕەكەش بەپێی گۆڕان و جیاوازیی ئەو گرفتانەی كە چارەسەریان پێویستە و ئەو پرسانەی كە لێكۆڵەر - مُجتَهِد - بەنیازە چارەسەریان بكات، ئەمانیش دەگۆڕێن و جیاوازدەبن.

بەوپێیەش كە گرفتەكانی ئەم سەردەمەمان لەڕووی چۆنایەتیی و چەشنایەتییەوە جیاوازن لە گرفتەكانی ڕابوردوو، پێویستە تێكۆشان و توانای هزریی پێویست بۆ لێكۆڵەر و موجتەهیدی ئەم سەردەمەش لەڕووی چۆنایەتییەوە جیاواز بێت لە تێكۆشان و توانا هزرییەكانی لێكۆڵەر لەسەردەمە پێشووەكاندا.

بۆئەوەی لە چوارچێوەی گشـــتگیریدا قەتیس نەبین، با چاوێك بخشـــێنین بەسـەر چەشـنی ئەو توانا و تێكۆشـانە هزرییانەدا كە پێویسـت و بەس بوون بۆ لێكۆڵینـەوە و ئیجتیهـاد كردن لـە ڕابوردوودا، تـا بەشـــكوم بەو هۆیەوە تێبگەین لە چەشـنی پێداویسـتیی و توانای هزریی پێویسـت بۆ لێكۆڵەر و موجتەهد لەم سەردەمەدا.

سـەرەتا گەر سـەرنج بدەین ژیانی ئێمەی عەرەب و موسـڵمانان لەسـەرەتای سـەرهەڵدانی ئیسـلامەوە تا كۆتایی سـەدەی نۆزدە و سـەرەتای سـەدەی بیست، لەسەر یەك ڕەواڵ و شێواز ڕۆیشتووە، واتە: لە چوارچێوەی چەند پێدراو و دەرهاویشـــتەی ژیاریی، ئابوریی و كۆمەڵایەتیی و سـیاسـیی و دامەزراوەییەوە، بەڕێوە چووە، كە تا ئێسـتاش لەسـروشـت و كرۆك و گەوهەریاندا هەر ئەوانەن كە هەن و بوون. لە ڕابوردوودا چەندین پێشهاتی تازە و زۆر ڕوبەڕووی موسـڵمانان دەبوونە، هەر ئەم پێشـهاتانە پاڵنەر و هانـدەر بوون بۆ چالاكیی لێكۆڵینـەوە و ئیجتیهـاد و فراوان بوونی بازنـەی لێكۆڵینەوەكان و سـەرهەڵدانی ئەوەی كە پێیان دەگوت: (فیقهی تیۆریی) كە بەمەودایەكی زۆر بازنەی فیقهی كرداریی و پراكتیكیی بەجێ هێشـت و چەندین چارەسـەری ئیسـلامیی داهێنا بۆ چەندین گرفتی كرداریی. بەڵام هەرچەندە سـروشـتی پێشـهات و ڕووداوە (تازەكان) كە لە چەند سـەدەی ڕابوردووەوە و لەناوخۆی ژیاری عەرەبیی ئیسـلامییەوە دەخرێنەڕوو لەبارەی بەریەك كەوتنمانەوە بۆ ژیاری ڕۆژئاوایی هاوچەرخ و پەیوەسـت بوونمانەوە پێـوەی و گواستنـەوەی بەرهەموو دامەزراوەكانیەوە بۆلامان، هەموویان لە چەشـن و توخمی ئەو پێشـهاتە (كۆنانەن) كە سـەردەمی پێغەمبەرایەتیی و سـەردەمی هـاوەڵان چارەسـەریان كردن. بۆیە ڕەویـەی پەیڕەو كراو لـە لێكۆڵینـەوە و ئیجتیهاددا، پشت بە بەراورد و (قیاس) دەبەستێت: بەراوردی وردەكارییەكان بە هاوشـێوەكانیان، بەراوردی ئەو شـتانەی كە دەقیان لەبارەوە نەهاتووە بەو شـتانەی كە لەبارەی حوكمەكەیانەوە دەقێك هاتووە، بـەراوردی ئـەو پێشـهـات و ڕووداو و گرفتـە تـازانـەی كـە دێنـە پێش بـە

(نموونەیەکی پێشــتر)، واتە: بەنموونەیەك لەو ڕووداو و پێشــهاتانەی کە لەبارەیانەوە یان بە پشتبەستن بە دەقێك یان بە پشتبەستن بە کۆدەنگیی یان بە پشــتبەســتن بە لێکۆڵینەوە و ئیجتیهادی لێکۆڵەرانی ســەردەمە پێشووەکان، بە حوکمێك بڕیاریان لەبارەوە دراوە.
لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و زۆربوونی لێکۆڵەراندا، شتێکی سروشتیی بوو ئەو لێهاتنانەی کە ئەم چەشــنە بەراوردکردن و ئیجتیهادە هەیبوو و پێی دابین دەکرا، تەواو ببن و لەبن بێن: وردەکاریی و بابەتە وردەکانی ڕابوردوو کە بریتیی بوون لە بابەتە لێکچوو و هاوڕەگەزەکان، دیاریکراو بوون، یان دەکرا دیاریی و دەســنیشــان بکرێن، دەقە شــەرعییەکانیش هەر دیاریکراو و دەســنیشــانکراو بوون، هەوڵدان و ئیجتیهادیش بۆ تێگەیشــتن لەواتا و ئاماژەکانی دەقەکان و ... تاد.، دەبوو بگەنە ئاستێك کە زیاتریان پێ نەبێت... ئەوکات و بەو هۆیەوە ئاکامی کۆتایی (داخســتن) ی دەرگای لێکۆڵینەوە و ئیجتیهاد بوو لەلایەن ئەوانەوە و ســەبارەت بەخۆیان، نەك وەك دەگوترێت (داخران) ی هەمیشەیی و بۆ هەمووکات و هەمووکەس.
لەڕاستیشدا لەئیسلامدا و بەپێیی ڕێنماییەکانی ئایینەکە، کەس دەسەڵاتی ئەوەی نییە دەرگای لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون و ئیجتیهاد بۆ هەتاهەتایی (دابخات)، نە حوکمڕانەکان و نە فەقیهەکان و نە هیچ کەســی تریش، لە ئیسلامدا نە کڵێسا و نە هیچ دامەزراوەیەکی تری وا نییە کە بە خۆسەریی مافی داخســتن و کردنەوەی دەرگای لێکۆڵینەوە و بەدوادا چوونی ببێت.
چوونکە ئیجتیهاد و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بنەمایەکە لە بنەماکانی یاســازیی و تەشریع، وەك پێشتریش گوتمان بریتییە لە خستنەگەڕی تواناو لێهاتویی هزریی بۆ دەســخســتن و بەدەســهێنانی زانیاریی لەبارەی حوکمە شــەرعییەکانەوە، ئەمەش مافی هەر موســڵمانێکە کە ئەو مەرجە مەعرفیانەی تێدا بن و یارمەتیدەری بن بۆ کاری لێکۆڵینەوە و ئیجتیهادەکەی.

کەواتە کاتێك دەرگای ئیجتیهاد داخرا کە ئیتر لەو چوارچێوە ژیارییەدا کە ئەوکات موسـڵمانان تیایدا دەژیان، بوار نەمابوویەوە لەبەردەم لێکۆڵینەوەی زیاتردا. کاتێکیش کە وەڵام و پێڕاگەیشـتن کرا بۆ هەموو ئەو گرفتانەی کە خرانەڕوو یان بۆیان هەبوو لە هەمان چێوەی ژیارییدا بخرێنە ڕوو، هەموو ئەو لێهاتنانەش خرانەگەڕ کە دەقەکان لەڕووی پەیوەندیی دەربڕین بەمانا و واتاوە، ڕێگەیان پێ دەدان و هەموو ئەو کردارە پێشـینانەش خرانە گەڕ کە دەکرا بکرێـنە پێوەر و پێشهات و ڕووداوی تـازەیان پێ بـەراورد بکرێت... تـاد.، بۆیـە دەبوو دەرگای لێکۆڵـنەوە و بـەدوادا چوون خۆی دابخرێـت و خـەڵکیش ڕووبکـەنـە چـاولێکـەریی و تـەقلیـد، مـەزەب و ئـایینزاکانیش، چواردانەی سـەرەکییان مانەوە و خەڵکیش قەتیس بوون لە خۆڕادەسـکرن بە پێشـەوایانی ئەو چوار مەزەبەدا و دەسـیان دایە بەرپاکردنی چەندین چەشـن لەکایەی کێبەرکێ و بێنەوبەرە لەنێوان خۆیاندا کە دواتر ئەم دۆخە بە (مشتومڕ و بێنەوبەرە و ناکۆکیی) ناو دەبرا...

لەگەڵ هەموو ئەمەشدا نابێ بگوترێت ئیجتیهاد و لێکۆڵینەوە بەشێوەیەکی یەکجارەکی وەسـتاوە، بەڵکو بەیناوبەین زاناگەلێك دەرکەوتوون و هانایان بـەرز کردووەتـەوە و داوای دوورکـەوتنـەوە لـە تـەقلیـد و چـاولێکـەریی و ڕزگارکردنی بیری فیقهییان کردووە لەو دۆخی چەقبەستنەی کەتێی کەوتووە لەناو بازنەی ناکۆکیی و داخراندا. گومانی تێدا نییە ئەو هانایانە و ئەو هەوڵانەش کە لەگەڵیاندا بوون، هەڵقوڵاوی ئەو ئاگایی و هەسـتکردنە بوون بەو بۆشاییەی کە خەریك بوو دەکەوتە نێوان ڕووداوە دێرینەکان و ڕووداوە تازە داهاتووەکانەوە، نێوان سـروشـتی ئەوان و چۆنایەتی ئەمانەوە. ئەم هەسـتکردنە لە ئەندەلوسـەوە دەسـتی پێکرد، بەتایبەت کاتێك چەند هۆکارێکی مێژوویی و هزریی و سیاسیی پێکەوە کۆبوونەوە و بوونە هۆکار بۆ دوورخسـتنەوە و قوڵکردنەوەی مەودای نێوان (نموونە و پێوەرە)، واتە: نێوان پێشـینە دێرینەکان و پێشـهاتە تازەداهاتووەکان لەیەکتر و بەبەراورد لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی عەرەبیدا، قوڵتر کردنەوەیان. بەو هۆیەوە ئاگایی سـەرەتا لەوێوە و

لە ئەندەلوسەوە دەرکەوت و پێویستی بە پرۆگرامێك هەبوو لە لێکۆڵینەوە و ئیجتیهاددا کە پشت بەقیاس نەبەستێت، واتە: پشت بەبەراوردی تازەداهاتوێك لەگەڵ نموونەیەکی کۆن کە پێشتر ڕووی دابێت، نەبەستێت، یان بەراوردی وردەکارییەکان بەوردەکارییەکانی ڕابوردوو نەکات، بەڵکو پێویستی بەپرۆگرامێکی بەهێزتر لەوە هەبوو تا بتوانێت وەڵامی ئەو پرس و دۆزە تازانە بداتەوە کە گەشەی ژیاریی دەیانخاتە ڕوو. **شاطبي** دیارترین نوێکەرەوە بوو لەو بوارەدا، بواری مەنهەجییەت و پرۆگرامی لێکۆڵینەوە و ئیجتیهاد.

**شاطبي** بەقوڵیی لەوە تێگەیشتبوو کە ئیجتیهاد و لێکۆڵینەوە بە شێوازە کۆنەکەی، باوی نەماوە و هەموو توانا و لێهاتنەکانی،کۆتاییان هاتووە، هەروەها تێگەشتبوو **کە (کرانەوەی) دەرگای ئیجتیهاد وەك - خۆی دەیگوت - پێویستی بە بردنەوەسەربنەوانی بنەماکان هەیە - تَأصِيلُ الأُصُول -، ئەوەش بە پشت بەستن بە گشتگیرییەکانی شەریعەت و مەبەست و ئامانجەکانی، لەباتی خۆخەریك کردن بە واتای دەقەکان و هەڵێنجانی حوکمەکان لێیانەوە، یان بەراورد کردنی ڕووداوێك بەڕووداوێکی تر، لەو شتانەدا کە دەقیان لەبارەوە نەهاتووە.**

هەر بەوشێوەیە ئەگەر بێین بەدواداچوونێك بکەین بۆ هەموو ئەو وردەکارییانەی کە حوکمێکی شەرعییان تێدا هاتووە و ئاکامەکانی ئەو بەدواداچوونەمان بڕێژینە ناو گشتگیرە گشتییەکانەوە - الكُلِّيَّات العَامَّة -، لەوحاڵەتەدا چەند بنەمایەکی گشتیمان دەسدەکەوێت کە دەتوانین جێبەجێیان بکەین بەسەر ئەو وردەکارییانەدا کە ڕووبەڕوومان دەبنەوە. بۆ نموونە: ئەگەر لەوەوە هەنگاو هەڵگرین کە مەبەست و ئامانجەکانی شەریعەت هەموویان دواجار دەڕژێنە ناو بەرژەوەندیی گشتییەوە و تیایدا دەتوێنەوە، دەقە شەرعییەکانیش ئامانجیان پارێزگاریی کردنی بەرژەوەندیی گشتییە، کەواتە: بەرژەوەندیی گشتیی دەبێتە ئەو بنەمایەی کە پێویستە زاڵ بکرێت بەسەر هەمووشتێکی تردا. هەندێك لەوانەی کە لەژێر

کاریگەریی شاتبیدا بوون، لەسەر ڕێڕەوی ئەم بیرۆکەیەی ڕۆشتن تاگەشتنە ئەوەی دەیانگوت: ئەگەر دەقێکی شـــەرعیی لەگەڵ بەرژەوەندییەکی گشـتیدا تێگیرا، کار بەبەرژەوەندییە گشـتییەکە دەکرێت، چوونکە دەقەکە لەبنەڕەتەوە بۆ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکە هاتووە. هەرچۆنێك بێت ئەوەی کە قســـە و بێنەوبەرە هەڵناگرێت ئەوەیە کە: بەرژەوەندیی گشـــتیی ڕەنگی هەلومەرجەکان و دەرهاویشتە و پێدراوە ژیارییەکان و گەشەسەندنە مێژووییەکان دەگرێت، لەوێشەوە ئەو ئیجتیهاد و لێکۆڵینەوەیەی کە پشت بەبەرژەوەندیی گشـتیی دەبەسـتێت و هەنگاوی لێوە هەڵ دەگرێت، مانا و واتـا و پێویسـتبوونی خۆی لـەدەسـت دەدات ئـەگـەر ئیجتیهـاد و لێکۆڵینەوەیەکی بزواو و نوێگەر و نوێکەرەوە نەبێت. لێرەوە ڕوون دەبێتەوە کە داواکردنی (ئیجتیهاد) و کردنەوەی دەرگای لێکۆڵینەوە، گەر کردنەوەی دەرگـای ئـەو (فـام و ژیرییـەی) لێنـەکـەوێتـەوە کـە ئـەرکی لێکۆڵینـەوە و ئیجتیهادەکەی دەکەوێتە ئەسـتۆ، داواکاریی و قسـەیەکی بێواتا و هەوایی دەبێت... چوونکە دەرگای لێکۆڵینەوە و ئیجتیهاد لەبنەڕەتەوە دانەخراوە، بەڵکو هەرکات ئەو بیر و فام و عەقڵ و ژیریەی پێویسـتە لەو چوارچێوە ژیارییەدا کە تیایدا دەژیی لێکۆڵینەوە و ئیجتیهاد بکات ، داخرا و لە جوڵە و گەشـەکردن کەوت، دەرگای ئیجتیهادیش لەگەڵیدا دادەخرێت.کەواتە چار نییە بێجگە لە کرانەوەیەکی تازە بۆ عەقڵ و ژیریی عەرەبیی ئیسـلامیی تا بتوانێت مامەڵەی ئەو کرانەوە ژیارییە بکات کە هاتوەتە پێش و ڕووی داوە. بەبێ ئەمە هیچ لێکۆڵینەوە و ئیجتیهادێك ڕوو نادات کە لەئاسـت پێشـهاتە هاوچەرخەکاندا بێت.کرانەوەی فام و ژیریی مرۆڤیش بەکرانەوەی دەبێت بەڕووی ژیاندا، بەڕووی ئەو پێدراوە تازانەدا کە ژیان هەڵیان دەگرێت لەگەڵ خۆیدا و ئەو یاسـایانەدا کە جڵەوی گەشـەکردنەکەی دەگرنە دەسـت. ئیجتیهاد و لێکۆڵینەوە لە ڕابوردوودا تەنها ئاگاداربوون و شـارەزایی زمانی عەرەبیی و ڕێزمان و نەحو و ڕەوانبێژیی و زانسـتە ئایینییەکانی وەك تەفسـیر و فیقهی بەس بوو. چوونکە ژیانی کۆمەڵایەتیی و ئابوریی و سـیاسـیی،

لەڕووی ســـروشـــتییەوە هیچ نەگۆڕابوو، مەبەســـتم ئەوەیە ســـەردەمی موجتەهد و لێکۆڵەرەکە جیاوازیی نەبوو لەگەڵ ســـەردەمە پێشـــووەکاندا، بۆیە نموونەی (بەرژەوەندیی گشـــتیش)، وەك نموونەی ئەو وردەکارییانە وابوو کەلە ڕابوردوودا و لەبەراورد کردندا پشتیان پێ دەبەسرا، لەیەك ڕەگەز بوون و شروشتیشیان یەك بوو، تەنها ئەزموونی ڕۆژانە بەس بوو بۆ زانین و شارەزا بوون لێیان. بەڵام ئەمڕۆ و لەم سەردەمەدا مەسەلە و پرسەکە جیاوازە. ئەو گۆڕانە زۆر و گەورەیەی کە ڕوویدا لەگەڵ ژیاری پیشەســازیدا و ئەوەش کە ئەمڕۆ و لەسەردەمی (شۆڕشی زانستیی)، لەزانستی گەردوون ناسیی و ئەتۆم و زیندەوەرزانیی و زانســـتەکانی ئابوریی و کۆمەڵایەتیی...تاد. ڕوودەدات، **وادەکات کە کرانەوە بەڕووی ئەو زانســـتانەدا و بەتایبەتیش کرانەوە بەڕووی بنەما مەعریفییەکان و ئاکامەکانیاندا لەسەر ئاستی مرۆڤایەتیی بەگشتیی، ببێتە یەکێك لە پێداویستییەکانی شیاو بوون، بۆ لێکۆڵینەوە و ئیجتیهاد کردن. پێویستیی شارەزابوون لەم بوارە، هیچی کەمتر نییە لە پێویســتیی شـــارەزابوون لە زانســـتەکانی زمان و زانســـتە ئاینییەکان، چوونکە تەنها بەم کرانەوەیە بەڕووی بیر و هزری هاوچەرخدا، لێکۆڵینەوە و ئیجتیهادەکە دەبێتە هاوشـــانی ژیان و گەشـــەکردنەکانی...** ئەوەی کەزۆرینەی زۆری زانایانی ئیسـلام لەم سـەردەمەدا پێویسـتیان پێیەتی، بریتیە لە لێهاتوویی لە ئیجتیهاد کرنێکدا کە هاوشـان و لەئاسـتی ژیانی ئەمڕۆدا بێت. ئەو ئیجتیهادەش کە ژیان بەجێی هێشـــتووە، هیچ ســـوودێکی نییە بۆ ئەمڕۆمان و ڕابوردووش پێویســـتی پێی نەماوە. کەواتە ئێستا پێویستیی زۆرمان بەوەیە کە دەسبدەینە (پرۆسەکی تازەی نووسینەوە و تۆمار کردن - التَّدْوِيْن) لە بواری لێکۆڵینەوە و ئیجتیهاددا، پرۆســـەیەکی ئەوتۆ کە هەنگاوی یەکەم و دەسپێکی بریتی بێت لە: لێکۆڵینەوە و ئیجتیهادی هاوشان لەگەڵ سـەردەمدا، هاوشـان بوون لەگەڵ ژیانی هاوچەرخدا، پێش هەموو شـتێك پرسـەکە پرسی پرۆگرام و مەنهەجە... پرسی ڕێڕەوی فام و ژیرییە.

## ٦- پەســـەند بوونی حوکمە شـــەرعییەکان لەڕووی فام و ژیرییەوە

**...بونیاد نانی پەسـەند بوونی حوکمی شـەرعیی لەڕووی ژیرییەوە، لەسـەر (هۆکارەکانی دابەزین) و لەچوار چێوەی ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیدا، بوار دەدات بە بونیاد نانی پەسـەند بوونی تریش کاتێك پرسـەکە پەیوەست دەبێت بە (هۆکاری دابەزین) ی ترەوە، واتە: بە هەلومەرج و دۆخی تازەوە. بەوهۆیەوە و لەو ڕێگەیەشەوە، ژیان تازە دەبێتەوە لە فیقهدا و، ئیجتیهاد و لێکۆڵینەوەش ڕۆحی دەکرێتەوە بەبەردا و شەریعەتیش شیاو و شایستەی جێبەجێ کردن دەبێت، لەهەموو سەردەم و سەرزەمینێکدا...**

لەلاپەڕەکانی ڕابوردوودا و لە چوارچێوەی قسـەوباسـمانەدا لەبارەی سەرلەنوێ بونیادنانەوەی بیری ئیسلامییدا، جەختمان لەسەر ئەوە کردەوە کە پێویستیی و خواستی ئەم سەردەمە بریتییە لە: سەرلەنوێ بونیادنانەوەی پرۆگرامی بیرکردنەوە لەشـەریعەتدا، ئەویش بە هەنگاو هەڵگرتن لە چەن دەسـپێکێکی تازە و چەن مەبەسـت و ئامانج - مَقَاصِـد - ێکی تازە و هاوچەرخەوە. بەواتایەکی تر، خواسـت و داواکاریی ئەم سـەردەمە بریتییە لە: نوێکردنەوەیەك کە، لە بردنەوەسـەربنەوانی بنەماکان و سـەرلەنوێ بونیادنانەوەیانەوە هەنگاو هەڵبگرێت، نەك لە دەسـپێکردنەوەی ئیجتیهاد و لێکۆڵینەوە لە وردەکاریی و لق و پۆپەکانەوە.

سـەرلەنوێ (بردنەوەسـەربنەوانی بنەماکان)... ئەوە پرۆژەی پێشـەوا **شاطبي** بوو، فیقهزانی مالکیی ئەندەلوسـیی کە لە سـاڵی ٧٩٠ ی کۆچیدا، کۆچی دوایی کردووە و خاوەنی کتێبی (المُوافَقَات) ە، ئەو کتێبەی کە هەوڵی تێدا داوە، سـەرلەنوێ پرۆگرامی بنەماگەریی - المَنهَجُ الأُصُـولِي - لەسـەر بنەمای ڕەچاوکردنی مەبەسـت و ئامانجەکان - المَقَاصِـد - بونیاد بنێتەوە، مەبەسـتەکانی شـەرع، دوای ئەوەی کە لەسـەردەمی شـافعییەوە لەسـەر (بەرهەمهێنانی گوتەکان ـ إستثمار الألفاظ) و (هەڵێنجانی هۆکارەکان ـ إستِنبَاطُ العِلَل) و پشـت بەسـتن بە بەراورد و قیاس، مایەوە. ئەگەر بیرۆکەی ڕەچاوکردن و

لەبەرچاوگرتنی (بنەماكان - ألأُصُــول) دێرینە و هاوتەمەنی ڕێســاســازیی و تەشــریعی ئیســلامییە، ئەوا جیاوازیی زۆر و بەرفراوان هەیە لەنێوان دووكەســدا، كە **یەكەمیان**: بیركردنەوە و لێكۆڵینەوەكانی لەســەر بەراورد و قیاس بونیاد بنێت، بەراورد كردنی لقێك بە بنەما و بنەڕەتێك، بەهۆی بوونی خاڵی هاوبەش لە نێوانیاندا و ناوی بنێت (مەلامەت - العِلَّة)، لەوێشــەوە گوێ نەدات و ســەیری مەبەســت و مەرامەكەی شــەرع و بەرژەوەندیش نەكات، مەگەر كاتێك كە (مەلامەت و علەتەكەی) دەسنەكەوێت، لەوكاتەدا بەرژەوەندییەكە بەعلەتێكی گونجاو دابنێت (وەك چۆن غەزالیی وای دەكرد... وەك نموونە)، جیاوازییەكی زۆر هەیە لەنێوان كەسێكدا كە ئەم ڕێچكەیە بگرێتە بەر، لەگەڵ كەسێكی تردا كە بریتییە لە كەسی **دووەم**: كە بناغەی بیركردنەوە و لێكۆڵینەوە و ئیجتیهادەكەی بریتیی بێت لە ڕەچاوكردن و لەبەرچاوگرتنی بنەماكان و لەهەموو شــتەكانی تر بە (هۆكار و عللەت و بەرهەمهێنانی گوتەكان... تاد.)، تەنها ســوود وەربگرێت و وەك ڕەگەزی یارمەتیدەر سەیریان بكات.

ڕاســتە لەكۆتایی شــیكاریەكەدا، لۆژیك و مەنتیقەكە هەریەك لۆژیكە و لەو بیرۆكەیەوە سەرچاوە دەگرێت كە حوكمە شەرعییەكان، واتە: ئەو فەرمان و ڕێگریانەی كە لەقورئان و سوننەتدا هاتوون، بێهودە و بێبنەما نین كە پشت بە هیچ لۆژیكێك نەبەســتن، بەڵكو كۆمەڵە حوكمێكن دانایی و ئاوەز و پەسەندكردنیان لەلایەن عەقڵەوە لێ دەتكێت. بەڵام ڕێساساز - الشَّارِع - بەدەقێكی ڕاشــكاو لایەنی پەســەندكردنی ژیریی و دانایی لە زۆربەی حوكمەكاندا ڕوون نەكردووەتەوە (بۆنموونە: هۆكاری حەرامكردنی مەی و حەرامكردنی زینای بەدەقێك ڕۆشــن نەكردوەتەوە... تاد)، یان ئەو حوكمانەی كە لەپەڕاو و ســوننەتدا هاتوون، ئەو هەموو وردەكاریی و پێشــهات و ڕووداو و حاڵەتانە ناگرنەوە كە بەهۆی گەشەسەندنەوە پەیدادەبن و دێنە پێشەوە، بۆیە (جێبەجێ كردنی شەریعەت) لە لێكۆڵەر دەخوازێت لەو پرۆسەی جێبەجێ كردنەدا چەند بنەمایەك دابنێت و پشــتیان پێ ببەســتێت، چەند بنەمایەك

كە ئەركیان بریتیی بێت لە: دارشــتنی پەســەندیەتیی لەڕووی ژیریی و عەقڵەوە، بۆ ئەو حوكمانەی كە لەبارەی پێشــهات و تازەداهاتووەكانەوە دەریان دەكات. ڕوونیشــە كە ئەو پەســەندیەتەی كە داواكراوە لێرەدا، تەنها پەسەندییەتی ڕووت و پەتیی نییە - وەك یاسای دانراوی دەستی مرۆڤ - بەڵكو پێویســتە ئەو پەســەندییەتە لەســەر ئەوە بونیاد بنرێت، كە حوكمە شــەرعییەكانی ناو پەڕاو و ســوننەتی لەســەر بونیاد نراوە. بەو پێیەش كە ئەمەی كۆتایی (پێشــهاتە نوێیەكان)، وەك گوتمان لەزۆربەی كاتدا دەقیان لەبارەوە نییە، بۆیە هیچ ڕێگەیەك لەبەردەمی لێكۆڵەر و موجتەهددا نییە بێجگە لەوەی كە دەســبداتە بونیاد نان و بردنەوەی بۆســەر بنەوانەكان - تَأصِــيِلُها - و بویاد نانی لەســەر چەند بنەما و دەســپێكێك كە بگەڕێتەوە سەریان.

دووڕێگەكە لێرەدا لێك جیا دەبنەوە: **ڕێگەیەك** كە پشــت بە بەراورد و مەڵامەت و هۆكار و خستنەگەڕ و بەرهەمهێنانی گوتەكان (القياسُ و التَعليل / إســتثمارُ الألفاظ) دەبەســتێت، ڕێبازێكیش كە بانگەواز بۆ لەبەرچاوگرتنی مەبەســت و ئامانجەكان دەكات و دەیانكاتە بناغە و پێگەی هەنگاو هەڵگرتنی خۆی.

**ڕێگەی یەكەم**، ڕوولە لەهەر حوكمێك بەجیا دەكات و بەدوای هۆكارێكدا دەگەڕێت كە بۆنی ئەوەی لێبێت ڕێســاســاز - الشَّــارِع - لەبەرچاوی گرتبێت لەدەركردنی حوكمەكەدا، پاشان كاردەكات لەسەر شوێن كەوتنی ئەو حوكمە و خستنە گەڕی، واتە: بۆ گشــتاندنی ئەو حوكمە بەســەر هەر حاڵەتێكدا كە ئەو هۆكارەی تێدا بێت. نموونەی باو و ئاســان لەم بوار و جێگەیەدا، بریتییە لە نموونەی حەرامكردنی مەی. دەقێكی قورئانیمان هەیە مەی حەرام دەكات، بەڵام مەڵامەت و عللەتی ئەو حەرامكردنە ڕۆشــن ناكاتەوە، بۆیە لێكۆڵەر دێت و پەسەندبوونی ئەو حەرامكردنە لەڕووی ژیرییەوە لەسەر ئەو هۆكار و عللەتە بونیاد دەنێت كەوای بۆدەچێت حوكمەكە بەوەوە بەسراوەتەوە، كە بریتییە لە (سەرخۆش بوون) واتە: سەرمەست بوونێك كە

پەردەبکێشێت بەسەر ژیریدا و تەکلیف لەسەر مرۆڤ هەڵگرێت... ، پاشان حوکمی حەرام کردنەکە بەهەمان هۆوە کە سەرخۆشیی و مەست بوونە، دەگشتێنێت بەسەر هەموو گیراوە و خواردنەوە کحولییەکاندا کە دەبنە هۆی سەرخۆشیی و مەستیی. ئەمە بەراورد و - قیاس - کردنە، بەراوردی گیراوە - النَّبِيذ - ،کە لقێکە لە مەستکەرەکان، لەگەڵ مەیدا، مەی بنەماییە (چوونکە دەقی لەبارەوە هەیە). ئەم ڕێگەیە ئاسان و خۆشدەستە، واتە: بەسوودیشە و ئاسانیش جێبەجێ دەکرێت، بەڵام تەنها کاتێك ئاسانە کە پرسەکە پەیوەست دەبێت بە هەمان چەشن و ڕەگەزەوە و لەبارەی یەکێکیانەوە دەقێك ببێت. بەڵام کاتێك ڕوبەڕووی چەند وردەکارییەك دەبێتەوە کە سەربە یەك چەشن و ڕەگەز نین، یان ڕوبەڕووی چەند پێشهاتێك دەبێتەوە کە حوکمێك لەبارەی هیچکامیانەوە نییە لەبەردەسدا، ئەوکات ئیشەکە ئاڵۆز دەبێت و هۆکار و پاساوهێنانەوە دەبێتە لاوازیی و زۆرلەخۆکردن، لەوانەیە موجتەهد و لێکۆڵەرەکەش والێبکات کە دەس لە لێکۆڵینەوە هەڵگرێت و دەس بداتە تەقلید و چاولێگەریی، چوونکە ئەو بازنەیەی ئەو تیایدا دێت و دەچێت، بازنەی بەدوای هۆکاردا گەڕان و بەراورد و خستنەگەڕ و وەبەرهێنانی گوتەکان، بازنەیەکی تەنگ و کورتمەودایە و ڕێگە نادات بە درێژەدان بە کاروانی بێکۆتایی لێکۆڵینەوە و ئجتیهاد.

**ڕێگەی دووەمیش**، پێشنیاری ئەوە دەکات لەپرۆسەی دامەزراندن و داڕشتنی پەسەندییەتی و مەعقول بوونی حوکمەکاندا، هەنگاو لە مەبەستەکانەوە هەڵبگریرێت، مەبەستەکانی شەریعەت، ئەمەش کردە و پرۆسەیەکە بەبێ بوونی جێبەجێ کردنی شەریعەت بەسەر پێشهات و داهاتە تازەکان و هەل ومەرج و دۆخە هەمەچەشنەکاندا، ئەستەم دەبێت. مادام مەبەستی ئەوەڵ و ئاخری ڕێساساز - المُشَرِع - بەرژەوەندیی خەڵك بێت، ئیتر لەبەرچاوگرتن و حساب کردن بۆ بەرژوەندیی، دەبێتە دامەزرێنەر و داڕێژەری پەسەندییەتی ژیریی حوکمە شەرعییەکان، لەوێشەوە دەبێتە بنەمای سەرەکیی بۆ هەموو

بنەمەکان. ئاشـــکرایە، ئەم ڕێگە و ڕێبازە لە بازنەیەکی فراوانی بێکۆتاییدا دێت و دەچێت و جوڵە دەکات، بازنەی بەرژەوەندییەکان، لەوێشـــەوە وادەکات لێکۆڵینەوە و ئیجتیهاد لەهەموو حاڵەتێکدا ئەگەری ڕوودان و ئەنجامدانی هەبێت.

بۆســـنووردار بوونی ڕێگەی **یەکەم** و، بەرفراوان بوون و بێســـنوور بوونی ڕێگەی **دووەم**، تەنها ئەوە بەســـە کە بڵێین: خاوەنی ڕێگەی یەکەم، کاتێك چاوەدگێڕێت بۆ مەڵامەت و (عِلَّة) ی حوکمێك، بەهەموو گرنگیپێدانیەوە ڕوو لەو شتە دەکات کەبەگومانی خۆی دەشێ ئەوە هۆکاربێت کە یاساساز لەو حوکمەدا لەبەرچاوی گرتووە. بۆ زیاتر ڕۆشـــن کردنەوەی بابەتەکە دەڵێین: ئەگەر ڕستەکە گونجاو بێت دەڵێم: **لەم حاڵەتەدا، وەك چۆن مرۆڤ ســەیری دەمی حاکم و قازیی دەکات، لێکۆڵەر و موجتەهدەکەش ســەیری یاســاساز (کە خواوەندە) دەکات و هەوڵ دەدات لە نیاز و مەبەستەکانی تێ بگات**: تا بزانێت بۆ حوکمی بەمە کردووە و بەوەیانی نەکردووە... هەوڵدان بۆ زانینی نیاز و مەرامەکانیش، کردەیەکە پشـــت بە خەمڵاندن و گومان دەبەســـتێت و هەرگیز دڵنیایی تێدا نییە، ســـنوورەکانی گومانیش بۆ هەڵبژاردنی شـتێك بەسـەر شـتێکی تردا زۆر تەسـك و کەمدەرەتانن... **بەڵام خاوەنی ڕێگەی دووەم، لە بنەڕەتەوە لە دەســـپێکێکی پەســـەندی ژیریی - مَعْقُول - ە وە هەنگاو هەڵدەگرێت، ئەویش بریتییە لەوەی: مەڵامەت و علله‌تێکی پلەیەك هەیە کە هەموو حوکمە شەرعییەکان دادەڕێژێت، پێویستە پرۆسـەی جێبەجێ کردنی شـەریعەتیش لەهەموو سـەردەم و سـەرزەمینێکدا لەســـەر ئەو هۆکارە ســـەرەکییە بونیات بنرێن و دابڕێژرێن، کە ئەویش لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی گشـتییە.** دوای ئەو بنەما بنەڕەتیی و سـەرەکیی و گشـــتییە، کاتی ئەوەیە بەرژەوەندیی لەهەر پێشـــهات و تازەداهاتوێکدا و لەهەر حوکمێکدا، دیاریی و دەســـنیشـــان بکەین، ئەوەش کارێکی ئاســـانە، چوونکە بوار و گۆڕەپانێکی مرۆڤییە، گۆڕەپانی ژیانی تایبەتیی، نەك مەیدانی (نیاز و نییەت و مەرامەکان) کە کەس ڕاســـتیی و حەقیقەتیان نازانێت،

خاوەنەکەیان نەبێت. ئەمە بێجگە لەوەی **کە ئەم ڕێگەیە هەمیشـــە دەرگا بەکراوەیی دەهێڵێتەوە لەبەردەم نوێکردنەوە و لێکۆڵینەوەدا، چوونکە بەو چاوەوە ســـەیری بەرژەوەندیی دەکات کە بەردەوام لەگەشـــەدایە بەهۆی گەشـــەی بەرژەوەندییەکان و گەشـــەی هەلومەرج و دۆخەکان و گۆڕانی بەردەوامیانەوە.**
جیاوازییەکی تریش هەیە، ئەویش ئەوەیە کە خاوەنی ڕێگەی بەراورد و بەدوای هۆکارداگەڕان، واتە: ڕێگەی یەکەم، خاوەنەکەی دەبەســـتێتەوە بە زمان و گوتەوە (واتە: دەقی حوکمەکە)، ئەوکات زمان دەبێتە یارمەتیدەر لە ڕێســـاســـازیدا. چوونکە لەزۆربەی حاڵەتەکاندا (دۆزینەوەی) هۆکارەکە بەچەشنێك لە چەشنەکان، بەندە بە چەشنی ئەو پەیوەندییەی کە لێکۆڵەر بەرقەراری دەکات لەنێوان گوتە و واتادا: بۆنموونە ئەگەر دەقەکە خواردنەوەی مەی حەرام کرد، ئەوکات ڕێگە و شـــێوازی (مەڵامەتگەرایی) و (بەراوردکاریی)، خاوەنەکەی ناچاردەکات و ڕایدەکێشـێت بەرەو دەسنیشان کردنی واتای وشەی (مەی - الخَمْر) لە زمانی عەرەب و سەردەمی پێغەمبەردا و سەرنجدان لە داڕشتەی ئەو فەرمانەی کە حوکمەکە لەبارەیەوە دەرچووە، کە بریتییە لە وشەی (لێی دورکەونەوە و وازی لێ بێنن - إجْتَنِبُوُه)، ئایا فەرمانێکی ناچارکارە یا ناچارکار نییە (لەپەڕاو و ســوننەتدا چەند داڕشــتەیەکی فەرمان هەن کە ناچارکار نین، یان لانی کەم توانا و هێزی ڕێساسازییان نییە، وەك: بڵاو ببنەوە، بخۆن و بخۆنەوە - إنتَشِـرُوا، كُلُوا واشْـرَبُوا - ... )، هەروەها پێویســـتە لێکۆڵەر بابەتێك یەکلایی بکاتەوە کە یەکلاکردنەوەی ئاســان نییە، ئەویش بریتییە لەوەی کە ئایا مەبەست لە گوتەکە تایبەتە، واتە: بۆ حاڵەتێکی تایبەت داڕێژراوە و لەو زیاتر هیچی تر ناگرێتەوە، یان گشـــتییە، هەندێ جاریش بەپێچەوانەوە دەبێت... یەکلایی کردنەوەی ئەم چەشـــنە بابەتە قورســـانەش پشـــت بە گومان دەبەســـتێت نەك دڵنیایی، بۆیە ئەو فیقهەی کە لەســـەر ئەم ڕێگەیە بونیاد نراوە، هەمووی گوماناوییە و گومان دەبەخشێت. بۆ دەرباز بوون لەم حاڵەتی (گومانە) و لەپێناو بونیاد نانی حوکمەکان لەســـەر (یەکلاییەتیی -

القَطْعَّة) کەئەم وشەیەش لە ڕێساسازیدا، هاوتایە لەگەڵ وشەی (دڵنیایی) لە بابەتە عەقڵییەکاندا هیچ ڕێگەیەکمان لەبەردەمدا نییە بێجگە لەبەرچاوگرتنی مەبەست و ئامانجەکان و بەرژەوەندییەکان وەك بناغەیەك لە ڕێساسازیدا. چوونکە لەم حاڵەتەدا لێکۆڵەر بەهەموو بیرکردنەوەیەوە ڕوودەکاتە هۆکارەکانی دابەزین، نەك گوتەکان بە (ڕاستیی، مەجازیی،خوازراو، تایبەت، گشتیی...) ە کانیانەوە، **کە ئەمەش دەرگایەکی گەورە و فراوانە و دەرفەت واڵا دەکات بۆ ڕاکێشانی پەردەی پەسەندبوون لەڕووی ژیریەوە، بەسەر حوکمەکاندا، بەشێوەیەك کە ئیجتهادکردن لە جێبەجێ کردنیاندا و هەمەچەشن کردنی جێبەجێ کردنەکەش بەپێی جیاوازیی هەلومەرجەکە و گۆڕانی دۆخەکان، دەبێتە کارێکی ئاسان.**

بۆئەوەی زەینی خوێنەری ئاسایی و ناپسپۆڕ بەهەڵواسراوی لەناو ئەم بابەتە بەربڵاوانەدا بەجێ نەهێڵین، هەرچەندە بەلای کەسی پسپۆڕی بواری بنەماکانەوە ئەم باسە وەك ڕۆژی ڕووناك وایە، بەڵام بابەتەکە بە نموونەی (بڕینی دەستی دز) ڕۆشنتر دەکەینەوە، وەك ئاشکرایە حوکمێکە بەدەقێکی ڕاشکاوی قورئان باسی لێوە کراوە، ماوەتەوە بپرسین: ڕووی پەسەندبوونی ئەم حوکمەوە بەلای ژیرییەوە چۆن دادەڕێژرێت؟

**ڕێبازی یەکەم**، کە پشت بە بەراورد (قِیَاس) و هەڵسوکەوت و وەبەرهێنان و خستنەگەڕی گوتەکانی دەقەکە دەبەستێت، بەو پرۆگرامەی کە پابەندیەتی و پەیڕەویی لێ دەکات، تەواو دەسەوسانە لەئاست داڕشتن و بونیاد نانی ڕووی پەسەند بوونی ئەم حوکمە بەلای ژیریی و عەقڵەوە، بۆیە هیچ ڕێگەیەکی لەبەردەمدا نییە بێجگە ئەوەی بڵێت: حوکمی بڕینی دەستی دز، بەرژوەندیی تێدا ڕەچاو و لەبەرچاوگیراوە (پاراستنی سەروەت و سامان)، ئەم ڕێگەیەش پەنا دەباتەوە بەر مەبەست و ئامانجە شەرعییەکان و پاراستنی بەرژەوەندییەکان تا بیانکاتە مەلامەت و عللەتی حوکمەکە. خاوەنی ئەم ڕێگایە هەرچەندە هەموو هەوڵێکی دەخاتەگەڕ بۆ دۆزینەوەی عللەتێك، بەڵام دەبینین لەم ئاستەدا دەوەستێت: پاراستنی ماڵ وسامان یەکێکە لە

پێویســـتییەكانی ژیانی كۆمەڵایەتیی و مرۆڤایەتیی، كەواتە: حوكمی حەرام كردنی دزیی كردن بـەزەبری پـاراســـتنی بـەرژەوەنـدیی دەســـەپێنرێت، حوكمەكەش بەو هۆكارەوە دەبەســـرێتەوە و ئاو بێنەو دەس بشـــۆ... بەڵام ئەگەر كەســـێك بپرســـێت: بۆچیی حوكمی دزیی كردن بە (بڕینی دەســـت هاتووە و بۆ بەزینданی كردن یـان قامچی لێدان... تاد. نەهاتوو؟ دەمڕاسانی ئەم ڕێگەیە، وەڵامێكیان پێ نابێت، ئەگەر هەوڵیش بدەن و ســـەربكەنە گریمانە و هێنانەوەی نموونەی جۆراوجۆر، ئەوا ســـەردەكێشـــن بۆ لای گریمانە و قسەی بێ مانا و بەتەواوەتیی سڕینەوەی پەسەندبوونی حوكمەكە لەڕووی ژیرییەوە. لەو نموونانەی كە دەیهێننەوە: هۆكاری (دەسبڕینەكە) وەك گریمانەیەك، ئەوەیە كە لەوانەیە بەو دەســـتە دزییەكەی كردبێت، بۆیە پێویســـتە ئەو دەستە ببڕێتەوە. بەو پێیەی كە ئەم ڕێگەیە پشـت بە بەراورد دەبەســـتێت، لەوانەیە ڕەخنە گرێك ڕەخنە بگرێت و میكانیزمی بەراورد كردنیش پشـــتی بگرێت و بۆ نموونە بڵێت: ئەی بۆ حوكمی زینا كردنیش بڕینی ئەندامی زاوزێ نەبێت كە زیناكەی پێ ئەنجام دەدرێت، یان لانیكەم بەپەنا بردن بۆ بڕینی گونی، بەبەراورد بە ســزای (دزیی كردن)؟ بەم شـێوەیە خـاوەنی بـەراورد كرن ملـدەنێ بـەرەو جیهـانی گریمـانـە و گریمـانـە كاریی و نموونەی بێسەروبەر و تادێت دوورتر دەكەوێتەوە لەپەسەندییەتیی ژیریی و پەسەند بوونی حوكمە شەرعییەكان بەلای ژیریی و عەقڵەوە.

**هەرچی ڕێبازی دووەمیشــە**، ناكەوێتە ناو ئەو چەشـــنە ســـەرلێشـــێوان و ڕێهەڵەكردنەوە، چوونكە لە بنەڕەتەوە پشـــت بە مەبەســـت و ئامانجەكان - المَقَاصِــد - دەبەســـتێت، واتە: دەبێت حوكمەكە لە دۆخ و هەلومەرجێكی دیاریكراودا هۆكار و پاســاوی خۆی هەبێت و لەڕووی ژیرییشـــەوە پەســـەند بێت. بەم شـــێوەیە ئازاد دەبین لە هەژموونی بەراوردكردن و پابەندبوونمان بە گوتە و وشـــە و ڕســـتەكانەوە و، لەباتی هەموو ئەمانە بەدوای هۆكاری دابەزینی حوكمەكەدا دەگەڕێین، كە بریتییە لەو هەلومەرجی ژیانەی كە وای خواســـتووە بەشـــێوەیەك لەشـــێوەكان و بەڕێگەیەكی دیاریكرا و ڕەچاوی

بەرژەوەندیی بکات، ئەوکات دەبینین (بڕینی دەستی دز) ڕێوشوێنێکە و لەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەدا گیراوەتەبەر. بەم شێوەیە و بە گەڕانەوە بۆ سەردەمی بەپێغەمبەربوونی محەممەد و سەرنجدان لە حوکمە شەرعییەکان لە چوارچێوەی ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەی ئەو سەردەمەدا، ڕێمان لەم پێدراوانەی خوارەوە دەکەوێت :

**یەکەم**: بڕینی دەستی دز لە دورگەی عەرەبیدا، پێش هاتنی ئیسلامیش هەر بووە و کاری پێکراوە.

**دووەم**: لەکۆمەڵگەیەکی خێڵەکیی و دەوارنشیندا کە بەهۆی دەسخستنی لەوەڕی ئاژەڵەکانیانەوە، هەر دەمەو لەجێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی تر گواستویانەتەوە و هەواریان خستووە، نەگونجاو بووە بەزیندانی کردن سزای دز بدەن، چوونکە نە زیندان و نەدیوار و نەدەسەڵاتێکیش بۆ پاسەوانیی و بەخێوکردن و دابینکردنی پێداویستییەکانی بەندکراوەکە لەئارادا نەبووە... تاد. کەواتە: تاکە ڕێگەچارە سزادانی جەستەیی بووە. بەوپێیەش کە مەترسیی ئەوە لەئارادا بووە ئەگەر لە کۆمەڵگەیەکی لەو چەشنەدا دزیکردن پەرە بسێنێت، دەبێتە هۆی لەبەریەك هەڵوەشان و تەفروتونابوونی قەوارەی کۆمەڵگەکە، چوونکە نەسنوور و نە شوورا و نە کۆگا و نە خەزێنەکردن و نە هیچی لەم بابەتە لەئارادا نەبووە، بۆیە پەنا بردنە بەر سزای جەستەیی، دووئامانجی پێکاوە: یەکخستنی هەتاهەتایی دزەکە لەئەگەری دووبارەکردنەوەی تاوانەکەدا و، دانانی هێمایەکیش لەسەر دزەکە تا بناسرێت و خەڵك خۆیانی لێ بپارێزن، گومانی تێدا نییە کە بڕینی دەستی دزەکە ئەم دوو ئامانجە پێکەوە دەهێنێتە دی. کەواتە: **بڕینی دەستی دز ڕێوشوێنێکی تەواو گونجاو بووە بۆ کۆمەڵگەیەکی خێڵەکیی و بیابان نشین کە خەڵکەکەی لەهۆبە و دەواردا ژیاون و بەردەوام لە گواستنەوە و هاتوچۆدا بوون.**

کە ئیسلامیش هات و هەلومەرجی ژیان و بیناسازیی و کۆمەڵایەتیی، جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو لەگەڵ پێشی خۆیدا، لەگەڵ هێشتنەوەی

زۆرێك لەو دابونەریت و سـرووتانەی کە لە کۆمەڵگەی عەرەبیی ئەوکاتەدا باو و پەیڕەوکراو بوون، لەگەڵ تۆمارکردنیدا لەڕیزی ئاکارە ئیسـلامییەکاندا، سزای دزیی کردنیشی وەك خۆی هێشتەوە کە بریتیی بوو لەبڕینی دەستی دزەکە، ئەو ئاکارە ڕەوشـتییەی کە ڕێوشـوێنێك لەنەریتەوە، دەکاتە حوکمێکی شـەرعیی (دەکرێت قسـە لەبارەی ئەو مەرجانەشـەوە بکەین کە فیقهزانەکان دایان ناون بۆ چەسـپاندنی کرداری زینا. ئەو هەموو مەرجانەی دایان ناوە کە بوون و هاتنەدییان ڕێی تێ دەچێت بێنە دیی لەکۆمەڵگەیەکی دەوارنشین و بیابان نشیندا کە نە دیوار و نە شـوراو نە حەوشـە و نەژوور و نە ... تاد. تێدا نەبووە، بۆیە دەکرێت شاهدەکە هەموو وردەکارییەکی کردارەکە ببینێت. ئایا ژیریی ڕێگە دەدات لەم چەشنە مەرجانە دابنرێت لە هەلومەرجێکی شـارسـتانیی هاوچەرخدا؟ گەر کار بەم مەرجانە بکرێت، واتە: چەسپاندنی تاوانەکە ئەستەم دەبێت).

**بونیاد نانی پەسـەند بوونی حوکمی شـەرعیی لەڕووی ژیرییەوە، لەسـەر (هۆکارەکانی دابەزین) و لەچوار چێوەی ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیدا، بوار دەدات بە بونیاد نانی پەسـەند بوونی تریش کاتێك پرسـەکە پەیوەسـت دەبێت بە (هۆکاری دابەزین) ی ترەوە، واتە: بە هەلومەرج و دۆخی تازەوە. بەوهۆیەوە و لەو ڕێگەیەشەوە، ژیان تازە دەبێتەوە لە فیقهدا و، ئیجتیهاد و لێکۆڵینەوەش ڕۆحی دەکرێتەوە بەبەردا و شەریعەتیش شیاو و شایستەی جێبەجێ کردن دەبێت، لەهەموو سەردەم و سەرزەمینێکدا.**

ئەوەی لەمەوپێش باسـمان کرد، پرسـێکی بنەمایی - أصُولِيّ - گرنگ دەخاتە ڕوو، پرسی: ئایا حوکمی شەرعیی لەگەڵ مەلامەت و عللەتەکەیدا دەگەڕێت و دەگۆڕێت، یان لەگەڵ بەرژەوەندیدا؟ لە برگەی داهاتوودا ئەم بابەتە تاوتوێ دەکەین.

## ٧. حوکمەکان و... گەڕان و هاتن و چوونیان

**...سەبارەت بە گەڕان و هاتن و چوونی حوکمەکانیش لەگەڵ بەرژەوەندیدا، ئەوە شتێکە خۆی دەسەپێنێت مادام ئێمە دان بەوەدا دەنێین کە بەرژەوەندیی بنەڕەتی هەموو شتێکە لە ڕێساسازیی و تەشریعدا، پێشم وایە هەر ئەم بنەمایە بوو کە جێنشینی دووەم فارووق عومەری کوڕی خەتاب، لێیەوە ڕوانیی و توانی ئەو هەنگاو و بڕیارانە بدات.**

**کەواتە: ئیجتیهاد و لێکۆڵینەوەش پێویستە لەوەدا نەبێت کە ئایا ئەم بنەمایە پەسەند دەکات یان پەسەندی ناکات، بەڵکو دەبێت لە داماڵینی مۆرکی میکانیکیی بووندا بێت لە چەمك و تێگەیشتنی (هاتن و چوون و گەڕانەکەدا) و کارکردن بێت بۆ بەرز کردنەوەی بیرۆکەی بەرژەوەندییەکان بۆ ئاستی بەرژەوەندیی گشتیی ڕاستەقینە لە ڕوانگەی ئاکاری ڕەوشتیی ئیسلامییەوە. بەبێ ئەم چەشنە نوێکردنەوەیە هەموو ئیجتیهاد و هەوڵێك لە چێوەی بنەما بنەڕەتییە کۆنەکاندا دەمێنێتەوە و دەبێتە لێکۆڵینەوەی چاولێکەریی، نەك لێکۆڵینەوەی نوێگەریی - إِجْتِهَادُ تَقْلِيدٍ لَا إِجْتِهَادُ تَجْدِيدٍ - ...**

لەم دواییانەدا و لە وڵاتی میسر و بەهۆی فەتوایەکی موفتیی ئەو وڵاتەوە، بێنەو بەرە و گفتوگۆیەکی دوورودرێژ و پانوبەرین ڕوویدا، موفتی لەفەتواکەیدا سەری کێشابوو بۆ ئەوەی حوکمی ڕەوایەتیی و ڕێگە پێدانی دابوو لەسەر ئەو سوودانەی کە بەهۆی سەودا داراییەکانەوە لە بانکەکاندا ئەنجام دەدرێن، لەچەشنی بڕوانامەکانی وەبەرهێنان و قەواڵەی بانکەکان، لەم فەتوایەشیدا پشتی بەوە بەستبوو کە هیچ ناچارکردن و ڕووگیرکردن و فرسەت لێ هێنانێك نییە لەم چەشنە سەودایانەدا. چوونکە ئاشکرایە کە ڕێگەگرتن لە فرسەت هێنان لە هەژاریی هەژاران، حیکمەت و دانایی و هۆکارە بۆ حەرامکردنی سوو. الرِّبى. ن.

لەو کاردانەوانەی کە دەس من کەوتن، وەڵامی یەکێك لە گەورە پیاوانی بواری یاسا بوو لە میسردا و لەو کەسانەیە کە لەڕیزی تەوژمی ئیسلامیدا دێنە ئەژمار و پیاوێکە دەستی باڵای هەیە لەو بوارەدا، دژایەتی خۆی

دەربڕیبوو بۆ فەتواکە بەهۆی چەند بەڵگەیەکەوە، لەوانە: حوکمە شەرعییەکان لەگەڵ هۆکار و مەڵامەتەکانیاندا دەگەڕێن و دەخولێنەوە، نەك لەگەڵ دانایی و حکمەتەکانیاندا.
جیاوازیی نێوان دانایی و مەڵامەتیش - الحِكمَةُ و العِلَّة - بەلای زانایانەوە ئەوەیە کە: عللەتەکە ناساندن وەسفێکە لەناو شتەکە خۆیدا، نەك لەگەڵ دانایی و حکمەتەکەدا، بەبەڵگەی ئەوەی کە دانایی و حکمەتەکە بۆی هەیە نادیار و شاراوەبێت، لەکاتێکدا کە یەکێك لە مەرجەکانی مەڵامەت و عللەت ئەوەیە کە ناساندن و وەسفێکی ئاشکرا و سەروبن گیراوە، بەڵام دەگونجێت دانایی و حیکمەت، هەندێ جار بگەڕێتەوە سەر مەزەندەی خەڵك، ئاشکراشە کە خەڵك لە هەڵسەنگاندن و دەستنیشان کردنی بەرژەوەندییەکانیاندا جیاوازییان هەیە، دانایی وحیکەتی ڕۆژوونەگرتن بۆ ڕێبوار و نەخۆش لەڕەمەزاندا بریتییە لە لادانی نارەحەتیی و زەحمەت لەسەری، ئەگەر وادابنێین کە حوکم لەگەڵ نارەحەتی و زەحمەتدا بە بوون و نەبوون دەگەڕێت، ئەوا دەکەوینە ناکۆکییەکی گەورەوە لەسەر دەسنیشان کردنی قەبارە و بڕی ئەو نارەحەتیی و زەحمەتەوە کە ڕۆژوو نەگرتنی پێ ڕەوا دەبێت یان نا، ئەمەش دەمانبات بەرەو ئەوەی کە ڕۆژوونەگرتن لە نارەحەتی تریشدا و بەدەر لە نەخۆشیی و ڕێبواریش ڕێگە پێدراو بێت، وەك نارەحەتیی ئیشکردن لەکارگە و شوێنەکانی تردا. بۆ بەجێ هێشتن و وەلاخستنی هەموو ئەمانە گوتیان: حوکم لەگەڵ هۆکار و عللەتەکەیدا دەگەڕێت و دەگۆڕێت، نەك لەگەڵ دانایی و حکمەتەکانیدا، چوونکە وەك گوتمان: هۆکار و عللەت - لەزمانی ئەوانەوە - ناساندن و وەسفێکی ئاشکرا و سەروبن گیراوە و حوکمەکەی لەسەر دادەڕێژرێت و پێیشیەوە پەیوەست دەبێت بەبوون و نەبوونەوە، گونجاویش دەبێت لەگەڵ دانایی و حکمەتەکەیدا، بەو واتایەی کە بونیاد نان و دارشتنی حوکمەکەش لەسەر هۆکارەکە دەتوانێت حکمەتەکەشی جێبەجێ بکات.

گومانی تێدا نییە، ئەم چەشـــنە لە بەڵگەهێنانەوە و بەڵگەکاریە، پاســـاوی تەواوی خۆی هەیە و بەلای ژێرییەوە پەســـەندە و لەناو ســـیســـتەمێکی مەعریفیی و بەڵگەکارییەدا و لەســـەر ئەو بنەڕەتە بنەمایانەی کە فەقیهە دێرینەکانمان دایان ڕشتوون بونیاد نراوە، لەو بنەڕەتانە، بنەڕەتەکانی تایبەت بە هۆکارهێنانەوە و بەراورد و گەڕان و هاتن و چوونی حوکمەکان و هی تری لەم بابەتە، **بەڵام ئەم بنەڕەتە بنەماییانە لەوانە نین کە شـــەرع بەدەقێك بڕیاری لەســـەر داون، نە لەپەڕاو و نە لە ســـوننەتدا، بەڵکو دانراوی دەســـتی بنەماوانەکانە - ألأصُـــوُلِيين -. چەند بنەمایەك بۆ تێڕامان و وردبوونەوە، بنەماگەلێکی مەنهەجیی، هیچ شـــتێکیش ڕێگر نییە بۆ گرتنەبەری چەند بنەمایەکی مەنهەجیی تر ئەگەر لەبارياندا هەبوو لەسەردەمێکی دیاریکراودا و بەڕێگە و شێوازێکی باشتر دانایی و حکمەتی ڕێساسازیی و تەشریع فەراهەم بکەن و بیهێننە دی.**

لێکۆڵەر و موجتەهدەکانیش تەنها لەبەر ئەوە لێکۆڵەر بوون و ئەو ناوەیان لێنراوە و لەخەڵکی ئاســـایی جیا کراونەتەوە کە چەن بنەما و بناغەیەکیان داناوە و پابەند بوون پێیانەوە، ئەو بنەمایانەش زۆر و کەم جیاوازییان هەبووە لە لێکۆڵەرێکەوە بۆ لێکۆڵەرێکی تر. ئاینزا و مەزەبەکانیش، بە حەنەفیی و شافعیی و مالکیی و حەنبەلیی و زاهریی و هی تریشەوە، تەنها جیاوازییەکەیان ئەوە بووە کە هەریەکەیان چەن بنەمایەکی پرۆگرامیی تایبەت بەخۆی هەبووە کە لانی کەم لە چەند ڕوویەکەوە جیاواز بوون لەو بنەمایانەی کە ئاینزا و مەزەبەکانی تر پشـــتیان پێ دەبەســـن و پەیڕەوییان لێ کردوون: هەیانە پشـــت بە مەلامەتگەرایی - التَعْلِيل - دەبەســـتێت و، هەیشـــیانە وەلای دەخات و ڕەدی دەکاتەوە. هیکەشـــیان هەیە کار بەبەراوردکردن - القِيَاس - دەکات و، هەشـــە بەخراپی دادەنێت و کاری پێ ناکات. هەیە باوەڕی بە گەڕان و هاتن و چوونی حوکمەکان هەیە لەگەڵ عللەتەکانیاندا و، هەشە باوەڕبوون بەو گەڕان و هاتن و چوونە ڕەد دەکاتەوە (وەك حەنەفییەکان).

هەیشـــە باوەڕی وایە، ئەو گەڕانە دەبێتە هۆی دڵنیا بوون و دامرکانی دڵ (وەك موعتەزلەکان)، لەبەرانبەر ئەم دەسـتەیەشـەوە دەسـتەی تر هەیە، پێی وایە: ئەو گەڕان و هاتن و چوونی حوکمانە تەنها گومان دەبەخشـێت (وەك ئەشـعەریەکان بەگشـتیی)، کەس و دەسـتەی تریش هەن پێیان وایە گەڕانی حوکمەکان لەگەڵ هۆکارەکانیاندا، مەرجە بۆ ڕاس بوونی مەڵامەت و عللەتەکە، بەڵام بەڵگە نییە لەسەر ڕاست بوونی... تاد.

کەواتە ئەو قسـەیەی کە دەڵێت: حوکمەکان تەنها لەگەڵ عللەتەکانیاندا دەگەڕێن نەك لەگەڵ حکمەتەکانیاندا، قسـەیەکی بێمانایە و تەنها مەگەر لای ئەو کەسـانە مانای هەبێت کە باوەڕیان بە مەڵامەتگەرایی – التَّعْلِيل - و گەڕانی حوکمەکانیش لەگەڵ هۆکارەکانیاندا ببێت. بەڵام ئەو کەسـەی کە هیچکام لەم قسانە ناکات و لەگەڵیشـیاندا نییە، هیچکام لەو قسانە بەڵگە نین لەسـەری و مەرج نییە پابەندیان بێت. ئێمەش کاتێك ئەم پرسـە، لە چێوەی بانگەوازماندا بۆ سـەرلەنوێ دارشـتنەوە و بردنەوەسـەربنەوانی بنەماکان، دەخەینە ڕوو، بۆ سـەرلەنوێ برنەوەیان بۆ سـەر بنەڕەتی سـەرەکیی، تەنها دەمانەوێت ئاراسـتەی بیرکردنەوەی ئەو لێکۆڵەر و موجتەهدانەی کە حەزیان لێیە و بەڕاستیی مەبەستیانە نوێکردنەوە بکەن و هەستیان بە پێویستیی ئەو نوێکردنەوەیە کردووە، مەبەستمانە ئاراستەی بیرکردنەوەیان ببەین بەرەو بنەما بنەڕەتییەکان، بەرەو سـەرلەنوێ دارشـتنەوەیان بە ئامانجی بەرهەمهێنانی پرۆگرام و مەنهەجییەتێکی تازە کە بتوانێت شـان بەشـانی ئەم گەشـەسـەندنەی کە ڕووی داوە هەنگاو هەڵ بگرێت، چ لەسەر ئاستی دارشتنی پرۆگرام و ڕێگە و شێوازەکانی بیرکردنەوە و بەڵگە هێنانەوە و چ لەسـەر ئاسـتی ژیانی کۆمەڵایەتیی و ئەو هەڵسـوکەوتانەی کە ڕۆژانە ڕوودەدەن تیایدا و پێشـهات و تازەداهاتووە هاوچەرخەکان و پێداویستییەکانیان دەیانسەپێنن... تاد.

ئەو بنەما بنەوانیانەی - القَوَاعِدُ الأُصُـولِيَّة - کە تا ئێسـتا فیقهی ئیسـلامییان لەسەر دارێژراوە، دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی نووسینەوە و تۆمار کردن - عَصْرُ

التَدْوِین -، سـەردەمی یەکەمی عەباسـیەکان، زۆریشـیان بۆ سـەردەمی دواتر دەگەڕێنەوە. بەڵام پێش ئەو ســـەردەمی نووســـینەوە و تۆمار کردنە، هیچ بنەمایەکی دارێژراو لەئارادا نەبوو تا هەســـتێت بە دارشـــتنی چوارچێوەی بیرکردنەوەی ئیجتیهادیی وەك دواتر ڕوویدا. ئەو فەقیهانەش کە هەســـتان بەدارشـــتنی ئەو بنەمایانە، بەو کردارەیان توانییان ببنە پێشـــەنگی ئەو سیستەمە مەعریفییەی کە لەسەردەمەکەی خۆیاندا باو و پەیرەو کراو بوو، هەروەها وەڵامدانەوەی ئەو پێداویستیی و خواست و بەرژەوەندییانەش کە لەو ســـەردەمەدا خۆیان ســـەپاندبوو بەســـەر ژیاندا. بەو پێیەی کە ئەم ســـەردەمەی ئێمەش جیاوازییەکی ڕیشـــەیی هەیە لەگەڵ ئەو ســـەردەمی نووسـینەوە و تۆمار کردنەدا، چ لەسـەر ئاسـتی پرۆگرام و چ لەسـەر ئاسـتی بەرژەوەندیش، بۆیە زۆر پێویســـتە ڕەچاوی ئەو جیاوازییە بکرێت و کاریش بکەین بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پێداویستیانەی سەردەمەکەمان سەپاندونی و دەیانخوازێت.

ئەگەر عومەری کوڕی خەتاب لەپرســـێکدا کە دەقی لەبارەوە هەبوو، کاری کرد بە لێکۆڵینەوە و ئیجتیهادی خۆی و ڕاوســـەرنجی ئەو هاوەڵانەش کە ڕاوێژی پێدەکردن، لەبری دابەش کردنیان بەسەر جەنگاوەر و سەربازەکانیدا، باجی خســـتە ســـەر ئەو زەوییە کشـــتوکاڵیانەی بە جەنگ دەســـتی گرتن بەســـەردا، بەم کارەی بەرژەوەندیی ڕەچاو و لەبەرچاو گرت، بەرژەوەندیی ئێســـتاو داهاتوو، هەروەها کە لەدابەش کردنی داهاتەکاندا وەك پێغەمبەر (سڵاوی لەسەر) و ئەبوبەکر بەیەکسانیی دابەشی نەکردن و وای بۆ چوو کە دادگەریی دەخوازێت دەسـکەوت و داهاتەکان لەســـەر بنەمای پێشـــینەی خزمەت و موســـڵمان بوون و نزیکیی لەپێغەمبەرەوە دابەش بکرێن، **ئەگەر عومەری کوڕی خەتاب - وەك یەکەم پرۆژە دوای پەراو و ســـوننەت - ڕەچاوی بەرژەوەندیی و مەبەســـت و ئامانجەکانی کردبێت و پشـــتی پێبەســـتبن و لەســـەروی هەموو شـــتێکەوە داینابن، بۆچی لێکۆڵەر و نوێکەرەوەکانی ئەمڕۆش لەباتی چاولێکەریی و شـــوێن کەوتنی فیقهزانەکانی ســـەردەمی**

**نووسینەوە و تۆمارکردن و ڕەنگرێژکردن، بۆچی چاو لەو ناکەن و بەوچەشنە ئیجتیهاد و بیرکردنەوەیەی ئەو ئیجتیهاد ناکەن...** بۆچی زۆر لەخۆمان بکەین لێكۆڵینەوە و بیركردنەوەكانیشـــمان قەتیس و زیندان بكەین لە چەند بنەمایەكدا كە ئەگەر لەســەردەمی خۆیاندا كەم و زۆر وەڵامی بەرژەوەندیی و ئامانج و مەبەســتەكانیان دابێتەوە، ئەوا لەم ســەردەمەدا ناتوانن هەمان ڕۆڵ بگێڕن، كە ناتوانن وەڵامی خواستەكانی ئەم سەردەمە بدەنەوە، بۆچی ئێمە هەر قەتیس بین لەواندا؟ بەهەر حاڵ چەند بنەمایەكن لەســەر بۆچوون و گومانی لێكۆڵەر و موجتەهد دارێژراون، بە شاهدیی و دانپێدانانی هــەوادارەكــانی خۆشــیان، هیچ چــەشـــنــە یــەكلاكردنــەوە و دڵنیــایی بەخشینێكیشیان تێدا نییە.

ســەبارەت بە گەڕان و هاتن و چوونی حوكمەكانیش لەگەڵ بەرژەوەندیدا، ئــەوە شـــتێكە خۆی دەســـەپێنێت مادام ئێمە دان بەوەدا دەنێین كە بەرژەوەندیی بنەڕەتی هەموو شتێكە لە ڕێساسازیی و تەشریعدا، پێشم وایە هەر ئەم بنەمایە بوو كە جێنشــینی دووەم فارووق عومەری كوڕی خەتاب، لێیەوە ڕەوانیی و توانی ئەو هەنگاو و بڕیارانە بدات.

كەواتە: ئیجتیهاد و لێكۆڵینەوەش پێویستە لەوەدا نەبێت كە ئایا ئەم بنەمایە پەســەند دەكات یان پەســەندی ناكات، بەڵكو دەبێت لە داماڵینی مۆركی میكانیكیی بووندا بێت لە چەمك و تێگەیشـــتنی (هاتن و چوون و گەڕانەكەدا) و، كاركردن بێت بۆ بەرز كردنەوەی بیرۆكەی بەرژەوەندییەكان بۆ ئاســـتی بەرژەوەندیی گشتیی ڕاستەقینە لە ڕوانگەی ئاكاری ڕەوشتیی ئیسلامییەوە. بەبێ ئەم چەشـــنە نوێكردنەوەیە هەموو ئیجتیهاد و هەوڵێك لە چێوەی بنەما بنەڕەتییە كۆنەكاندا دەمێنێتەوە و دەبێتە لێكۆڵینەوەی چاولێكەریی، نەك لێكۆڵینەوەی نوێگەریی - إجتهادُ تَقليدٍ لا إجتِهادُ تَجدِيد -، تەنانەت ئەگەر چەن فەتوایەكی تازەشـــی لێوە بەرهەم بێت، یان ئەگەر دەرچەی لەو چەشـــنەش بەرهەم بهێنێت كە فەقیهە پێشـــینەكان پێیان گوتوون حیلە شــەرع - الحِيَلُ الفِقْهِيَّة -. ئەوگەشـــەســـەندنەی كە تایبەتمەندیی ئەم

سـەردەمەمانە ئەو چەشـنە حیلە شـەرعانە هەرچەن بەهێزیش بن، دادی نادەن، چوونکە گەشـــەســـەندنێکە لەژیانی کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و سیاسیدا، چ لەسەر ئاستی وڵاتان و چ لەسەر ئاستی جیهان، هیچ شتێك دادی نادات و ناتوانێت لەخۆی بگرێت، بێجگە لە بیرکردنەوەیەك کە بتوانێت ئاستی ئیجتهاد و لێکۆڵینـــەوە و نوێکردنەوە بەرز بکاتەوە بۆئاستی گەشـــەســـەندنەکە. **تەوژمی ئیســـلامیی لەبیری عەرەبیی هاوچەرخدا داوالێکراوە بەوەی کە هەستێت بە سەرلەنوێ بونیاد نانەوە لەم ئاراستە و ئاسۆیەدا، لەسەر ئەو بناغەیەش ئەگەر دەیەوێت ئەو دروشمبازییە گشتییەی وەك (ئیسلام چارەسـەرە) تێپەڕێنێت و هەنگاو هەڵبگرێت بەرەو چارەسـەری کرداریی بۆ ئەو گرفت و دژوارییە کرداریيانەی کە ژیانی هاوچەرخ هێناونیەتە کایەوە، چارەســەری ئیســـلامیی کرداریی، بەڵام دیســـانەوە دەیڵێینەوە چارەسەری هاوچەرخانە.**

## ٨ . هەموو سەردەمێك خواستە گرنگەکانی خۆی هەیە

**...کاتێك سەرکەوتوو بووین لەوەدا کە خواستە گرنگەکانی سەردەمەکەمان بکەینە بەشێك لە مەبەست و ئامانجەکانی شەریعەتەکەمان، ئەوکات توانیومانە نەك تەنها کار لەسەر کردنەوەی دەرگای لێکۆڵینەوە و ئیجتیهاد بکەین بەرووی پێشهاتەکانی سەردەمە تازە و گەشە سەنووەکەماندا، بەڵکو لەلایەکی تریشەوە دەسمان داوەتە سەرلەنوێ بردنەوەسەر بنەوانی بنەما شەرعییەکان خۆیشیان، بەشێوەیەك کە وەڵامدانەوەی زیندوو و کاریگەریی زیندوویان بۆ دەستەبەر بکات بۆ سەر هەر گۆڕانکارییەك کە تازە ڕوودەدات و دێتە ئاراوە...**

قسەی تێدا نییە کە دیارترین سیماکانی ژیانی هاوچەرخ، گۆڕانکاریی و جێگۆڕکێیە. ئیتر خەڵك واسەیری ئەو گۆڕانکارییە بکەن کە ڕوویداوە و ڕوودەدات، پێشکەوتن و سەرکەتنە بە پێ پلیکانەی ژیاریی و بەرەوپێشەوە چووندا، یان واسەیری بکەن کە گومڕایی و گەڕانەوە بەرەو پاشەوەی هێناوە بەسەر مرۆڤایەتیدا و (بەها مرۆڤییە بەرێزەکانی) پێشێل و پۆخڵە کردووە، جیاوازیی نییە. ئەو دۆخەی کە هەردەبێت دانی پێدا بنێین ئەوەیە کە پێشهات و تازەداهاتووەکان لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا، ڕۆژانە و کەمتر لەڕۆژانەش یەك لەدوای یەك دێنە ناو ژیانمانەوە، ئەمە ئەو ڕاستییەیە کە بەردەوام دەسەپێت بەسەر خەڵکدا، مەبەست ئەو خەڵکەیە کە هاوشان لەگەڵ پێشهات و پێشکەوتنەکاندا ئەوانیش پێش دەکەون و گەشە دەکەن و، بەردەوام بەو یاساو ڕێسایانەدا دەچنەوە کە بۆ خۆیان دایان دەرێژن یان ئەو ڕێسایانەی کە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیی و تاکەکەسییانی پێ ڕێك دەخەن. ئەگەر کرداری پێداچوونەوە مەرج نەبێت تەنها واتای ئەوە بێت کە فلانە یاسا لاببەیت یان لەکاری بخەیت، یان ئەو بنەما ڕەفتاریە یان یەکێکی تر دەسکاریی بکەیت، ئەوا واتای ئەوەیە کە چاوخشاندنەوە بکرێت بە ڕیزبەندییەکان و ڕێکخستنەوە و پاش و پێش کردن بە پێداویستیی

و خواســـتەکاندا، لەوانەیە ئەو پێداچوونەوەیەش ئەوەی لێ بکەوێتەوە کە چەن ڕیزبەندییەك یان چەند بەشێك زیاد بکەیت بۆ هەریەك لە خشتەکان.
ئێمە لەجیهانی ئیسـلامیدا، لەگەڵ ئەو گۆڕانەدا دەژین کە تایبەتمەندیی ئەم ســـەردەمەیە، لەناو میراتێکی زیندووی هەمەچەشـــندا کە لەســـەردەمە ڕابوردووەکانەوە بۆمان ماوەتەوە، زۆرجار لەو ڕاســـتییە بێئاگا دەبین و، هەڵدەســـین داوای نوێکردنەوە دەکەین و دەپرســـین: ئایا دەبێت چی لەو میراتەمان بەدەســـتەوە بگرین و، چیش لەیاســـاکانی ســـەردەمەکەمان وەربگرین؟ مەبەســـتم لەیاســـاکانی ئەو وڵاتانەیە کە ژیاری ســـەردەم بونیاد دەنێن و ڕێســاو یاســاشـی بۆ دادەڕێژن، لەم پرســیـــاركردنەماندا لەبیرمان دەچێـت یـان لـەبیرمـان دەبرێتـەوە کـە چیی لـەژیـانمـان قـەومـاوە و چ گۆڕانکارییەکی قوڵ و فراوان هێنراوە بەســـەرماندا، ئەو گۆڕانکارییەش سـەرەمڕە و بەردەوامە و یەك لەدوای یەك دێت و خسـتوینییەتە دۆخێکەوە کە پێویســتە هەســتین بە چارەســەری بەپێداچوونەوەی قوڵ بەو پێوەرانەدا کە پشـــتیان پێ دەبەســـتین و بەو بنەما بنەڕەتیانەدا کە هەنگاویان لێوە هەڵدەگرین، نەك تەنها پرســیارکردن یان بیرکردنەوە لەوەی کە ئاخۆ دەبێت چی لـەملا وەربگرین و چی لـەولا وەربگرین، وەك بڵێی ژیـان لـەدۆخی بەســـتندایە و لە حاڵەتێکی دیاریکراودا وەســـتاوە، یان وەك بڵێی کاروانی گەشـــەکردن و پێشـــکەوتن وەســـتاوە و چاوەڕێی ئێمەیە تا بڕیار بدەین و هەڵبژێرین.
نەخێر، تازە ناتوانین لەنێوان نە ئەم و نەئەوەیشـــدا هیچ هەڵبژێرین، واش دەزانم بەدرێژایی مێژوو، ژیانی مرۆڤایەتیی لەســـەر ئەم چەشـــنە هەڵبژاردنە نەڕۆیشـــتبێت، ئەگەر درووســـت نەبێ توانای دەســـوەردان لە ڕووداوەکان لەمرۆڤ زەوت بکرێت، هەرواش دروست و ڕەوا نییە سروشتی ڕێژەیی ئەو توانـایـەش نـادیـدە بگیرێـت و پشـــتگوێ بخرێت: توانـای مرۆڤـەکـان لـە دەســـوەردان لەڕێڕەوی ڕوداوەکان، هـەروەهـا توانایان لە هـەڵبژاردنی ئـەو پێداویســـتیـانـەدا کـە وادەزانن ئـازادن لـە پیـادە و پـەیڕەو کردنی کردەی

هەڵبژاردن تیایاندا. ئەوەی خەڵك دەیكات و ئەوەش كە تیایدا ســەركەوتوو دەبن یان تێك دەشـكێن تیایدا، لەڕاسـتیدا ئەوە بریتییە لە گونجان و ڕاهاتن لەگەڵ تازەداهاتووەكاندا، ئیتر چ ئەو تازەداهاتووانە بێت كە خۆشــیان دەســتیان هەیە لە بەرهەم هێنانیاندا یان ئەوانەیان كە دەردەكەون و دێنە لایان بەبێ ئەوەی ئەمان مەبەسـتیان بێت یان ئاگایان لێیان بێت. گونجان و خۆگونجاندنیش واتە: سازان و لەبار بوون: سازانی خۆیی، تاكەكەسیی بێت یان جەماوەریی و دەســتەجەمعیی، ســازان و گونجان لەگەڵ ڕووداوە تازەكاندا، بەڵام نەك بەمەبەســتی مل كەچ بوون و خۆبەدەســتەوەدان لەبەردەمیاندا، بەڵكو بۆ دەسخستنەوەی توانای هەستانەوە و بەشێوەیەك لە شێوەكان گرتنەوەدەستی جڵەوی بەڕێوەبردنی ڕووداو و پێشهاتە تازەكان. بەپێی ڕادەی قوڵی بەئاگا بوون لە چەشنی ئەو گەشەكردنەی كە ڕووی داوە و بەئەندازەی بەردەست بوونی پێداویستییەكان لەبەردەستی كەسەكەدا بۆ پارێزگاریی لە ســەربەخۆیی و ڕەســەنایەتیی خۆی و بۆ دەســتەبەر كردنی بەردەوامیی بنەماكانی و پێداچوونەوەیان لەڕێگەی ئەوكردەی خۆســازاندانە پێویستەوە كە لەچەن ڕەهەند و ڕوێكی قوڵەوە پەل دەهاوێت و، سەرلەنوێ دارشتنەوەی واقع و بردنەوەسەر بنەوانی بنەماكان پێكەوە كۆ دەكاتەوە.

ئێمە كاتێك ئەمە دەڵێین كە بیردەكەینەوە، یان ڕاســتر بڵێم بەشــدار دەبین لەبیركردنەوەدا، لەگەڵ زۆرێك لەوانەدا كە وادەزانن ئەگەری ســەركەوتن ئاســانە بەســەر ئەو كێشــە و ئاســتەنگانەدا كە ژیانی هاوچەرخ دەیانهێنێت بەســەرماندا بە بەرپاكردنی چەشــنێك لە ڕێكخســتن و تەواوكاریی لە نێوان ئەوەدا كە ســەردەم دەیســەپێنێت و ئەوەدا كە كەلەپورمان پێشــكەشمانی دەكات، لەبەهای ڕەوشـتیی و یاسا و ڕێسای واكەبەشـێك لە كەسایەتیی و شــوناســی ژیارییمان پێك دەهێنێت. دەمانەوێدا جەخت لەســەر ئەوە بكـەینـەوە، كـە بـانگـەواز بۆلای جێبـەجێ كردنی ڕەســـەنـایـەتیی و هاوچەرخایەتیی پێكەوە، كە ئەمە بانگەوازێكە و زیاتر لەســەدەیەكە بەبێ پچڕان لەســەر زارمانە، بەنووســینەكانمانەوە دیارە، بەبێ ئەوەی هیچ

ســـوودێکی ببێـت و هیچ دادێکی دابین، هـەرواش وەك بـانگـەوازێـك دەمێنێتەوە و شـــەپۆلەکانی ئەو گۆڕان و جێگۆڕکێیەی کەباســـمان کرد و گوتمان خۆی دەســەپێنێت بەســەر ژیاندا، دەیهێنن و دەیبەن و دەیکێشــن بەمبــەر و ئەوبــەردا، گەر ئەم بانگەوازە بەرز نەکرێتەوە بۆ ئاستێك وای لێ بکرێت ببێتە بانگەوازێك بۆ بەئاگاهاتن و خۆگونجاندن و ســـازانێکی ئاگایانە لەگەڵ تازەداهاتووەکاندا بەمەبەستی ڕامهێنان و ڕاگەیشتن بەسەریاندا، ئەوا بەدڵنیاییەوە چارەنووسی لەئێستەی باشتر نابێت، ئەو پرۆسەی خۆسازدانە بەئاگایانەیەش تەنها بە بردنەوەســـەر بنەوانێکی تازە دەبێت بۆ بنەماکان - تَأصِـيلُ ألأُصُـوُل -. لەخوارەوە چەند ســەرنجێك دەخەینەڕوو کە پێمان وایە یارمەتیدەر دەبن بۆ قووڵکردنەوەی ئاگایی بەهەندێك لایەن و دژواریی و گرفتەکەی بەردەستمان.

کاتێك هەندێك لەو بنەماگەرە فیقهزانانەی - الأصـــوليينَ الفُقَهَاء - کە دوای (داخرانی) دەرگای لێکۆڵینەوە و ئیجتیهاد، ڕوویان کردە ئاراســتەی نوێگەرایی و نوێکردنەوە و، بیریان لە بردنەوەســـەربنەوانی بنەماکانی فیقە کردەوە، بەمەبەســـتی بونیادنان و دارشـــتنیان لەســـەر مەبەســـت و ئامانجەکانی شـــەریعەت لەباتیی خۆقەتیس کردن لە لێکۆڵینەوە لە بەراورد و قیاســـدا، بەراوردی ئەو وردەکاریانەی کە دەقیان لەبارەوە نییە بەو وردەکاریانەی کە دەقێکیان لەبارەوە هاتووە، لەو بنەمایەوە هەنگاویان هەڵگرت کە بریتیی بوو لەوەی کە: (شـــەریعەت لەپێناو بەرژەوەندییە کۆن و نوێکانی خەڵکدا دارێژراوە لەئێستە و داهاتوودا)، بەپشت بەستن بەم بنەمایە، ئامانج و مەبەستەکانیشی لەم سێ دانەیە تێ ناپەڕن: خواســتە گرنگەکان، پێداویســتییە ئاســاییەکان، جوانکاریی و تەواوکارییەکانی ژیان. (الضَرورِيَات، الحَاجِيَات، التَحْسِينْيَات).

خواســـتە گرنگەکانیان لەپێنج دانەدا خڕکردووەتەوە، بەپێی ڕیزبەندییەکەیان ئەمانەی خوارەوەن: ئایین، نەفس، ژیریی، ڕەچەڵەك و وەچە، ســـەروەت و سامان (هەندێکیان نەفس لەپێش ئایینەوە دادەنێن)، پێداویستییە ئاساییەکانیش: هەموو ئەوشـــتانە دەگرێتەوە کە بۆ لادانی تەنگوچەڵەمەی ژیان و لادانی

گێچەڵ پێگێڕان پێویستن، وەك ڕێگەدان بە نەگرتن و شکاندنی ڕۆژوو بۆ ڕێبوار و نەخۆش، ڕێگەدان بەچێژبردن لەشتە چاك و خۆشە حەڵاڵەكان لە هەموو بوارێكدا... تاد.، جوانكاریی و تەواوكارییەكانی ژیانیش بریتین لە: سوود وەرگرتن لە هەموو ئەو شتانەی كە ژیریی مرۆڤ بەباش و چاك و جوانیان دادەنێت لە هەڵسوكەوت و تازەداهاتووەكان و دووركەوتنەوە لەهەموو ئەو شتانەش كە ژیریی مرۆڤ بەناباش و ناپەسەندیان دادەنێت، جیاوازیی نییە ئەوشتانە لەبواری خواستە گرنگەكاندا بن یان لەبواری پێداویستییە ئاساییەكاندا بن. پاشان بۆ هەریەك لەو بەشانەش هەرچیی پێویست بوو بۆ تەواوكردنیان بۆیان زیاد كردن، بەشێوەیەك ئەو زیاد كردنە سەرنەكێشێت بۆ پوچەڵكردنەوەی یەكێك لە بنەماكان، ئامانج و خواستە گرنگەكانیان، كردنە بناغە بۆ پێداویستییە ئاساییەكان و جوانكاریی و تەواوكارییەكان، بەو پێیەی كە (بەرژەوەندییەكانی ئایین و ژین لەسەر ئەو پێنج شتە دارێژراون)، واتە: پاراستنی ئایین و نەفس و ژیریی و ڕەچەڵەك و سامان. گوتوشیانە ئەم پێنج شتەیان لەڕێگەی سەرنجدان و خوێندنەوەی هەلومەرجی ژیانەوە لەلا گەلاڵ بووە و چەسپاوە، نەك تەنها لەئایینی ئیسلامدا، بەڵكو بەسەرنجدان (لە هەلومەرجی ژیان و دابونەریتی گەل و شەریعەتەكانی تریش).

ئەگەر لەئەركی ئێمە نەبێت بچینە گۆڕەپانی زانستی بنەماوانییەوە - عِلمُ الأُصُول -، ئەوا هیچ ڕێگرێكیش نییە لەبەردەمماندا بۆ سەرنجدان لە خواستە گرنگەكان و جوانكاریی و تەواوكارییەكان، تا بەتێڕوانینێكی مێژووییەوە، بەڵكو بە تێڕوانینێكی مێژووگەراییانەوە، چاوێكیان بەسەردا بخشێنینەوە.

وەك باسمان كرد فیقهزانە دێرینەكان لەڕێگە خوێندنەوە و سەرنجدانیانەوە بۆ هەلومەرجی ژیان لەو دەمەدا، هەستان بەدەسنیشان كردنی خواستە گرنگەكان و ئەوانی تریش، واتە: لەلایەكەوە بە پشت بەستن بە پێدراوەكانی سەردەمەكەیان و لەلایەكی تریشەوە بە پێداگریی لەسەر فەرمان و ڕێگرییەكانی شەرع، **خواستە گرنگەكانیان لە پارێزگاریی لە: ئایین و نەفس و**

**ژیریی و وەچە و ســـاماندا، خڕکردنەوە.** بەزۆریی لە ڕوانگەی ناوخۆی ئەو کۆمەڵگە ئیســـلامییەوە بیریان لەم پێنج بابەتە کردووەتەوە کە لەو ســـەردەمەدا جیهانێکی لەســـەر پێی خۆڕاوەســـتاوی ســـەربەخۆ بووە لەو کۆمەڵگانەی تر کە کاریگەریی و قورسـاییەکی ئەوتۆیان نەبووە کە شـایەنی باس بێت، چوونکە هەموو کاریگەرییەکە لەدەســـتی جیهانی عەرەبیی ئیسـلامیدا بووە کە ژیارێك بووە بۆ جیهان بە گشـتیی. بەڵام ئەمڕۆ کە ئێمە لەســەردەمێکی تردا دەژین و پێشـەنگیمان لەدەسـداوە و بووینەتە پاشـکۆ، جیهانێك کەهەموو شتەکانی تێدا گۆڕاوە و ئەرك و مافەکان تیایدا گەشـەیان کردووە و کێبەرکێ و هەڕەشـــەش زۆر بووە تیایدا، بۆیە دەبێت هەرکەس کە بـەڕاســـتیی بیر لـە (نوێکردنـەوە) و (کردنـەوەی) دەرگـای لێکۆڵینـەوە و پێکەوەگرێدانی ڕەســـەنایەتیی و هاوچەرخایەتی دەکاتەوە، پێویســـتە بچێتە ناو ئەو گۆڕانکارییانەوە کە تازە ڕوویانداوە، کە ڕووداو و گۆڕانکاریگەلێکی تەواو زۆر و قوڵن. ڕاســـتە ئەوەی فیقهزانە دێرینەکانمان کردوویانە لە خڕکردنەوەی (خواســـتە گرنگەکاندا) لەو پێنج شـــتە باش و پێویســـتەدا کە بۆ ئەوکاتە و ئێستەش و دواتریش پێویستن، واتە: ئەو مەبەست و ئامانجانەی کە ئامانجی بنەڕەتین بۆ هەر ڕێســـا و یاســـایەك کە بیەوێت خزمەت بە (بەرژەوەندییەکانی خەڵك) بکات. بەڵام (بەرژەوەندییەکانی خەڵك) لەم ســـەردەمەدا قەتیس نین لە: پارێزگاریی لە: ئایین و نەفس و ژیریی و وەچە و ســـاماندا، بەڵکو زیاد لەو پێنج شـــتە چەندین بابەت و بواری تریش هەن کە پێمان وایە پێویســـتە زیاد بکرێن بۆیان، وەك: **مافی ڕادەربڕین و ئازادیی هەواداریی سیاسیی و مافی هەڵبژاردنی حوکمڕانەکان و گۆڕینیان، هەروەها مافی دەسخستنی کار و نان و پۆشاك و شوێنی نیشتەجێبوون، مافی خوێندن و چارەســەر و... تادەگاتە ســەر مافە ســیاســییەکانی هاونیشـتیمانییان لە کۆمەڵگەی پێشـکەوتوودا.** سـەبارەت بە پێداویسـتییە ئاسـاییەکانیش، زیاد لەوانەی کە فیقهزانە دێرینەکانمان باســیان کردوون، چەندین پێداویســتیی تـازەش پـەیـدا بوون، وەك: پێـداویســـتیی تـەنـدروســـتیی و دابین کردنی

خۆپارێزیی لە نەخۆشـــییە درم و گوازراوەكان و دابین كردنی نـاوەنـدی تەندرووستیی پێویست و چەندین پێداویستیی تریش، هەروەها پێداویستیی خەڵك بۆ ئەو پێداویســـتییەی كە هیچی تر جێگەی ناگرێتەوە و بریتییە لە پێداویســـتیی چالاك كردنی داهێنانی فیكریی لە هەموو بوارە زانســـتیی و تەكنیكیی و تیۆرییەكاندا و پێداویســـتی دەســـخســـتنی زابین و مەعرفەی ڕاســـت و درووســـت، لەبارەی ڕووداو و پێشـهاتەكانەوە... ئیتر لەبارەی ئەو پێداویستییانەشـەوە كە خواستی ئەم سـەردەمەی خۆمانن، وەك گوتراوە: بەدڵی خۆت و بێترس بژمێرە و كێشـــەت نەبێت. ئەمە بێجگە ئەوەی كە ئەمەی گوترا هەمووی تەنها یەك ڕووی خواسـتە گرنگەكان و پێداویسـتییە ئاساییەكان و جوانكاریی و تەواوكارییەكانی ژیانێكن كە لەئاست خواستەكانی ئەم سـەردەمەماندا بێت، ئەو ڕووەی وەك گوتمان: **پەیوەسـتە بە مافەكانی هاو وڵاتیی و پێداویسـتییەكانیەوە لە كۆمەڵگەیەكی هاوچەرخدا، ڕووەكەی تریيشـــی پەیوەســـتە بە خواســـتە گرنگ و پێداویســـتییە ئاســـاییەكان و تەواوكارییەكانی ژیانەوە بۆ هەموو ئوممە بەشـێوەیەكی گشـتیی**. وانازانین كەسێك هەبێت مشتومڕمان لەگەڵدا بكات لەبارەی ئەوەوە كە، یەكێك لە خواسـتە گرنگەكانی ئوممەی عەرەبیی بۆ پاراسـتنی بوون و مانەوەی خۆی وەك نەتەوە لەم ســـەردەمەدا، بریتیی بێت لە بەرقەرار كردنی لانی كەمی یەكێتیی لە نێوان وڵاتەكانیدا كە كار و ئەركی ئەم یەكێتییە ئەوەبێت، هەســـتێت بە دارِشـــتنی نەخشـــەرێگەی هاوبەش و پلاندانان و هاوكاریی كرداریی و بەدەمەوەبوونی ڕاسـتەقینە، تا بگات بە یەكگرتنێكی گشـتگیر بۆ یەكپارچەیی یان پێكهێنانی سـیسـتەمێكی فیدراڵیی... گومانیش لەوەدا نییە هەموو عەرەب، دان بەوەدا دەنێن كە یەكێك لە خواستە گرنگەكانی بنەجێ بوونی ئاسایشی عەرەبیی و جێبەجێ بوونی لانیكەمی ئەو یەكگرتنە، بریتییە لە، ئازاد كردنی فەلەســـتین و یارمەتیدانی خەڵكەكەی بۆ ئەوەی خۆیان چارەنووســـی خۆیان دیاریی بكەن... ئەم بابەتە لەمە زیاتر ورد ناكەینەوە، وەگەرنا كەســـی واش هەیە قســـە دەكات لەســـەر ئەوەی كە: خواســـتی

پەرەپێدان و پێشکەوتن لە نیشتمانی عەرەبیی و لەم سەردەمەدا، دەخوازێت دارشتن و درووست کردنی دەسەلات لەسەر بنەما دیموکراتییەکان بێت و، بونیاد نان و دارشـــتنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش لەهەر وڵاتێك لە وڵاتەکانیدا، لەسەر دادگەریی کۆمەڵایەتیی بێت. پێویستییە ئاساییەکانیش هێندە زۆرن نایەنە ئەژمار: بریتین لە پێداویســتییەکانی پەرەپێدان و بەدەس هێنانی ئازادیی و پێداویســـتییەکانی هێز و بەرگریی... تاد. جوانکاریی و تەواوکارییەکان، ئەوانیش لەسەر ئەو ئاستە لەژمارە نایەن. بەڵام سەبارەت بەو شتانەی کە، خواستە گرنگەکان و پێداویستییە رۆژانەکان و تەواوکارییەکان لەسەر ئەو ئاستە تەواو دەکەن، دەکرێت وەك هەمیشـــە چەند نموونەیەك ناو ببەین: پارێزگاریی لە ناوبانگی ئوممە، بەدوور کەوتنەوە لە هەرشـــتێك کە لە نرخ و بەهای رەوشـــتیی کەم بکاتەوە، هەروەك چۆن دەکرێت گرنگیی بڵاوکردنەوەی تیشکی بەها پرشنگدارەکانیش یەکێکی تر بێت لەو نموونانە، هەروەها دەســـخستنی لایەنگر و هاوپەیمان لەهەموولایەکەوە و لەســـەر هەموو ئاستێك بۆ دۆزە چارەنووس ســـازەکانی. ئەمە خواســـتە گرنگەکان و داخوازییە ئاســـاییەکان و جوانکاریی و تەواوکارییەکان بوون کە ســـەردەمەکەمان دەیانخاتە روو، وەك نموونە هەندێکیانمان باســـکردن. بێگومان ئەو نموونانەی هێنامانەوە، نە ئەوانەی کە پێشتر لەلایەن فەقیهەکانەوە لەو پێنج شتەدا خراونەتە روو هەڵدەوەشێننەوە و نە جێگەی ئەوانیش دەگرنەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە تەواوکاری ئەوانن، لەوەش زیاتر هەلومەرجی پێویست و لەبار دەسازێنن بۆ پاراستنی ئەوان لە ژیانی هاوچەرخدا. بۆئەوەی کۆتایی بەم تاوتوێیەمان بێنین، دەڵێین: ئەگەر چەن خواســـتێکی گرنگی گشـــتیی و نەمری وەك ئەوانەی کە فەقیهەکان پێشـــتر ژماردویانن هەبن، ئەوا هەموو ســـەردەمێك خواســـتی گرنگ و پێداویســـتیی ئاســـایی و تەواوکاریی تایبەت بەخۆی هەیە. کاتێك ســـەرکەوتوو بووین لەوەدا کە خواســـتە گرنگەکانی ســـەردەمەکەمان بکەینە بەشـــێك لە مەبەســـت و ئامانجەکانی شـــەریعەتەکەمان، ئەوکات توانیومانە نەك تەنها کار لەســـەر کردنەوەی دەرگای لێکۆڵینەوە و ئیجتیهاد بکەین بەرووی پێشـــهاتەکانی ســـەردەمە تازە و گەشـــە سەنووەکەماندا، بەڵکو لەلایەکی تریشـەوە دەسمان داوەتە سەرلەنوێ بردنەوەسەر بنەوانی بنەما شـــەرعییەکان خۆیشـــیان، بەشـــێوەیەك کە وەڵامدانەوەی زیندوو و کاریگەریی زیندوویان بۆ دەستەبەر بکات بۆ سەر هەر گۆڕانکارییەك کە تازە روودەدات و دێتە ئاراوە.

## ٩ . بە شوبهە و ناڕوونییەکان سنوورەکان لادەن

**... (چەندە دەتوانن ســـزای ســـنوورەکان لابدەن لەموســـڵمانان، ئەگەر دەرچەیەکتان دەسکەوت بۆ دەربازکردنی موسڵمان، وازی لێ بێنن و دەست مەهێننە سەر ڕێگەی، ئەگەر پێشەوا بەهەڵە کەسێك ببەخشێت، باشترە تا بە هەڵە کەسێك سزا بدات) ...  - فەرموودە -**

لەکاتی دەســـپێکی ئەو بەئاگاهاتنەوە هاوچەرخەی عەرەبەوە کە زۆری نەخایاند لەگەڵ سـەرهەڵدانی جەمالەدینی ئەفغانیی و محەممەد عەبدەدا، شـنەباکەی هەڵی کرد بەسـەر کۆی جیهانی ئیسـلامیدا، دروشـمی (جێبەجێ کردنی شـەریعەتی ئیسـلامیی) ش یەکێك بوو لەو دروشـمانەی کە جەماوەری موسڵمان دەیخستنـــە ڕوو و هیوایـــان پێی هەبوو لە بەدیهێنانی ژیانێکی ئازادی شەرافەتمەندانەدا.

لەهەر لایەکی ئەم جیهانەوە بیگری دەبینیت هەموو تاکەکانی جەماوەری موســڵمان، چاوەڕێی ئەو ڕۆژەن کە شــەریعەتی ئیســلامیی تێدا جێبەجێ بکرێت، بەشـێوەیەك کە هەرچیی سـتەمی کۆمەڵایەتیی و سـیاسـیی هەیە هەمووی ڕامالٌرێت و ئازادیی و کەرامەت بۆ هەموو تاکێکی مرۆڤایەتیی دەستەبەر ببێت و بوار بدرێت بە کردەوەی چاکە و ڕەوشتی پەسەند و باش، تا ببنە بناغە بۆ ژیان لە کۆمەڵگەی ئیســـلامییدا، بەڵکو لەهەموو کۆمەڵگە مرۆڤییەکاندا.

لە دونیابینیی و تێگەیشـــتنی ئوممەی ئیســـلامیی و زۆرێك لە بیریارانی موسڵماندا، جێبەجێ بوون و هاتنەدیی ژیانی شەرافەتمەندانەی ئیسلامیی، بەجێبەجێ بوونێکی تەواو و ڕەها، لەکۆتایی کاروانی ژیانی مرۆڤایەتیدا لەســـەر گۆی زەویی و لە هەلومەرجێکی دەرەوەی توانای مرۆڤدا نەبێت نـایـەتـەدی، چوونکە جێبـەجێ کردنی شـــەریعـەت و فـەراهـەم بوونی دادپەروەریی بەتەواویی و بەشێوەی گشتیی و گشتگیر، پەیوەست کراوە بە هاتنی (مەهدی چاوەڕوانکراو) ە وە!.

ئەم بیرۆکەی (مەهدی چاوەڕوانکراو) ە ش ئاماژەیەکی قووڵی هەیە: هێمایەکە بۆ ئەوەی کە جێبەجێ کردنی شەریعەت، واتە: هاتنەدیی شاری باشترینە ئیسلامییەکان (شاری خەونەکان - المَدِينَةُ الفَاضِلَة)، لەسەردەمی کار و هەوڵی مرۆڤیی و سیستەمە مرقییەکاندا هەر بەرێژەیی دەمێنێتەوە و بەهاتنی (مەهدی چاوەڕوانکراو) نەبێت، بەتەواویی کامڵ نابێت، مەهدیش کاتێك دێت، بەشێوەیەکی گشتگیر و ڕاستەوخۆ ویستی خواوەند بەرجەستە دەکات.
باوەڕم وایە هەر ئەم بیرۆکەیە بووە لەسەردەمی پێغەمبەرەوە تائێستاش، پیاوانی بڕیاربەدەست (أَهْلُ الحَلِّ وَالعَقْد) ی، بەخەلیفە و پاشا و فەقیهو هەموو ئەوانەشەوە کە زۆر و کەم ڕۆڵیان هەبووە لە جێبەجێ کردنی شەریعەتدا، ئاراستە کردووە. پێم وایە هەموویان وای بۆ چوون کە: جێبەجێ کردنی شەریعەت لەلایەن مرۆڤەوە بەسەر مرۆڤدا - کەمرۆڤیش سەرچاوەی ناتەواوییە - هەر ڕێژەیی دەردەچێت، هەر ئەو ڕێژەیی بوونەشە کە مانا و واتایەك دەبەخشێت بە ژیانی ئیسلامیی، چوونکە ئەگەر تەواو و کامڵ ببێت، ئیتر واتایەك بۆ ژیان و ڕێساسازیی و تەشریع نامێنێتەوە.
کەواتە: بەدرێژایی مێژوو و لەسەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلام خۆیشیەوە، ڕێژەیی بوون، مۆرکی جێبەجێ کردنی شەریعەتی ئیسلامیی بووە. دەبینین ئەو قورئانەی کە بنەماکانی شەریعەتەکە و حوکمەکانی لەخۆ دەگرێت، بەیەك جار و یەکپارچە نەهاتووە، بەڵکو بە پارچە پارچە و دابەشکراویی و لەماوەی بیست و سێ ساڵدا تەواو بووە، لەم سۆنگەیەوە جێبەجێ کردنی حوکمەکانی شەریعەتیش بەو واتایە و تەنانەت لەسەردەمی پێغەمبەریشدا، ڕێژەیی بووە، واتە: مۆرکی پلەبەندیی لەخۆ گرتووە. خۆیشی پلەبەندیی و چەشنێك لە قۆناغ بەندیی پێوە دیاربوو: سەرەتا بەدەقێك باسی لە حوکمێکەوە دەکرد، دواتر حوکمێکی تر دەهات و ئەو حوکمەی تەواو دەکرد یان هەمواری دەکرد، وەك ئەوەی حوکمی یەکەم ڕێگەخۆشکەر بێت بۆ دەرکردنی حوکمی کۆتایی.

لەكاتی كۆچی دوایی پێغەمبەرەوە تا ئێســـتا، ڕێژەیی بوون بووە بە مۆركی جێبەجێ كردنی شـەریعەت لەلایەن جێنشین و حوكمڕان و فەقیهو كەسانی تریشـەوە. سـروشـتیشـە كە ئەم ڕێژەیی بوونە لێرە و لەوێ جیاوازیی و كەم وزۆریشـــی تێدا هەبووە. ئەگەر جێبەجێ كردنی شــەریعەت لە ســەردەمی جێنشــینانی ڕاشــدیندا بەرز بووبێتەوە بۆ ئاســتی هەشــتا لەســەد و نەوەد لەسەد، یان زیاتریش، ئەوا دوای ئەو سەردەمە دابەزینی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە، تا گەشـــتە ئەوەی كە تەنها ســـەدەیەك تێپەڕیی بەســـەر هاتنی ئیســـلامدا، وای لێ هات خەڵك وا هەســـتی دەكرد كە ئیتر شـــەریعەت جێبەجێ ناكرێت، بۆیە خـەڵـك لەو بارەیەوە هاواری لێ بەرز بوویەوە، لەهەمان كاتدا بەلای ئەو بەرپرس و كاربەدەســـتانەوە كە هەســـتی ئایین پەروەریی ڕاســـتەقینەیان هەبوو و خاوەنی ڕەوشـــتی بەرز بوون هەســـتێك درووست بوو و پێی وابوو جێبەجێ كردنی شـەریعەت دیسان پێویستی بە پلەبەندیی هەیە، وەك ئەوەی ئیسلام لەسەرەتای سەرهەڵدانیدا بێت.

ئەوەش بەهۆی ئەو دەربڕینەوە بوو كە (پێنجەمین) جێنشـــینی چاكەكار: عومەری كوڕی عەبدولعەزیز ڕایگەیاند. ڕۆژێك عەبدولمەلیكی كوڕی پێی گوت: (بۆچی ئیش وكارەكان ڕاناپەڕێنیت؟، ســـوێند بەخوا ئەگەر لەســـەر حەق و دادپەروەریی، من وتۆ لەیەك مەنجەڵدا پێكەوە بكوڵێنن گوێم لێ نییە!). بەزمانی ئەم ســـەردەمە پێی گوت: بۆچی دەســـنادەیتە جێبەجێ كردنێكی تـەواوی شــەریعەت و هەرچی دەبێت بابێت. عومەریش لەوەڵامدا پێی گوت: **(كوڕم پەلە مەكە، سەرنج بدە خواوەند دووجار سەرەكۆنەی مەی خواردنەوەی كرد و لەجاری سێیەمدا حەرامی كرد. منیش ترسی ئەوەم هەیە ئەگەر بەیەك پارچە و پێكەوە حەق و ڕاستی بسەپێنم بەسەر خەڵكدا، ئەوانیش بەیەكپارچەیی و پێكەوە هەمووی بدەنەوە دوا و ڕەدی بكەنەوە، لەو حاڵەتەشدا ئاژاوە و سەرلێشێوان سەرهەڵدەدات).**

ئەمە هەمووی بەلایەك.

پرســەكە لایەنێكی تریشــی هەیە، ئەویش بریتیە لەوەی كە جێبەجێ كردنی شــەریعەت تەنها بریتیی نییە لە ڕاپەڕاندنی ســزا و ســنوورەكانی وەك: بڕینی دەســتی دز. بەڵكو چەندین بنەما و حوكمی تر هەن پێویســتـــە جێبەجێ

بکرێن، وەك: بنەمای (ڕاوێژ و ڕاوێژ پێکردن) لە ژیانی سیاسییدا، هەروەها بنەمای (خەریك بوو فەقیرییش ببێتە کوفر - کادَ الفَقرُ و أن یَکونَ کُفراً) لە ژیانی کۆمەڵایەتیی و ئابورییدا، وە بنەمای [ئایا ئەوانەی کە دەزانن هاوشانی ئەوانەن کە نازانن - هَلْ یَسْتَوِی الَّذِینَ یَعْلَمُونَ وَالَّذِینَ لَا یَعْلَمُونَ] (١) لە ژیانی بیر و هزردا، وە بنەمای (خەڵك وەك دەنکەکانی شانە وان) لەهەموو بوارەکانی ژیاندا... تاد.، باوەڕم وایە جێبەجێ کردنی ئەم بنەمایانە دەبێت پێش بخرێت بەسەر ڕاپەڕاندنی هەندێك لەسنوورەکاندا، بەتایبەت سنوور و سزای دزیی کردن، چوونکە ڕامالین و لادانی ئەو هۆکارە بابەتیيانەی کە دەبنە پاڵنەر بۆ دزیی کردن، مەرجێکی پێویست و گرنگە، بۆ ئەوەی بەرپرسیارییەتی بەتەنها بخرێتە ئەستۆی کەسە بکەرەکەوە کە هەڵدەستێت بەکرداری دزیی کردنەکە. چوونکە لای هەموان ڕوون و ئاشکرایە کە ڕاپەڕاندنی سنوور و سزاکان خۆیان لەخۆیاندا ئامانج نین، بەڵکو تەنها ئامرازێکن بۆ تەمێ کردن و شکاندنی پاڵنەرە تاکەکەسییە ڕوخێنەرەکان، واتە: ئەوانەی کە زیان لە بەرژەوەندیی کۆمەڵ و ئوممە دەدەن.

نەك تەنها ئەوە، بەڵکو ڕاپەڕاندنی سزا و سنوورەکانی وەك: بڕینی دەستی دز، ئەو فەرموودەی پێغەمبەر ڕێکی دەخات و حوکمی لەبارەوە دەدات کە دەڵێت: (چەندە دەتوانن سزای سنوورەکان لابدەن لەموسڵمانان، ئەگەر دەرچەیەکتان دەسکەوت بۆ دەرباز کردنی موسڵمان، وازی لێ بێنن و دەست مەهێننە سەر ڕێگەی، ئەگەر پێشەوا بەهەڵە کەسێك ببەخشێت، باشترە تا بە هەڵە کەسێك سزا بدات). وەك پێڕاگەیشتنێك لەلایەن فیقهزانەکانەوە بۆ ئەم فەرموودەیە، بوار و چێوەی ئەو بەرچاو ناڕوونیی و لێ تێکەڵ بوون و گومان (الشُبْهَةُ) یان فراوان کردووە کە دەبێتە هۆی لەکار خستنی سزا و سنوورەکان تابگات بەوەی کە گوتوویانە: تەنها بوونی لێ تێکەڵ بوون و گومان لە شوێنی بوونیدا و لەو کەسانەدا کە تاوانێکی شایستە بە سزادانیان ئەنجام داوە، ڕاستەوخۆ بوونی (شُبْهَةُ) کە، حوکمی سزاکە لەکار دەخات بەبێ ئەوەی چەسپاندنی پێویست بێت.

ئیشەکە لەم ئاستەدا ناوەستێت، بەڵکو زاناکانمان، بەتایبەتیش پێشەوا گەورەکانیان، چەن گەرێکی لێکۆڵینەوە و ئیجتیهادیان هەبووە لە بارەی پرس و بواری سنورەکانەوە، لێرەدا تەنها باسی ئەوانەیان دەکەین کە لەبارەی دزیی کردنەوەن:

بەمەرجیان گرتووە کە شتە دزراوەکە گەشتبێتە رێژە و ئاستێکی دیاریکراو تا بەهۆی دزینیەوە دەستی کەسە دزیکەرەکە ببڕرێت، هەندێکیان ئەو رێژە و ئاستە دیاریکراوەی بە سێ درهەم دەسنیشان کردووە (پێشەوا مالك و فیقهزانەکانی حیجاز)، کەچی هەندێکی تریان بە دە درهەم دیاریيان کردووە (فیقهزانەکانی عێراق). ناکۆکیی و ڕاجیایی لەم خاڵەدا، دەگەرێتەوە بۆ جیاوازیی خەرجیی، چوونکە هەریەکەیان، بەپێی نرخی ئەو شتەی کە لەسەردەمی پێغەمبەردا دەستی لەسەر براوە، لەوڵاتەکەی خۆیدا برەکەی دیاریی کردووە. وە گوتوشیانە ئەگەر چەند کەسێك ماڵ و سەروەتێك یان شتێکیان دزیی کە نرخی بەشی هەریەکەیان لە شتە دزراوەکە، نەگەشتبێتە ئەو ئاست و رێژەیەی کە دەستی لەپێناودا ببڕێتەوە، دەستی هیچکامیان نابڕرێتەوە، بەکارکردن بە بنەمای (چەند دەستێك نابڕرێنەوە لەبریی شتێکدا کە شەرع بڕینی یەك دەستی تێدا واجب کردبێت). لە ماڵ و شتە دزراوەکەشدا ئەوەیان بەمەرج گرتووە کە دەبێ بەجوانیی و بەپێی بایەخی شتەکە لەلایەن خاوەنەکەیەوە لەجێگەی شیاوی خۆیدا پێچرابێتەوە و پارێزراو بێت، بەشێوەیەك کە بردن و دزینی ئاسان نەبێت. لەم بۆچوونەشدا پشتیان بە قسەو گێڕانەوەیەکی پێغەمبەر بەستووە کە گوتوویەتی: (بەهۆی بردنی بەروبوومی سەر درەختەکان و ئەوەش کە لە ناو لەوەڕگەی شاخەکاندایە، دەس نابڕرێتەوە)، واتە: هەرکەس بەروبوومی سەردرەختەکان و ناو ڕەز و باخەکانی لێ کردەوە، یان لەو مەڕومالات و ئاژەڵانەی برد کە خاوەنەکەیان لە شاخ دەیان لەوەڕێنێت، واتە: لە شوێنێکی کراوەدا، دەستی نابڕرێت، چوونکە پاراستن و پەنهان کردنیان وەك پێویست بۆ نەکراوە. لەچەشنی ئەو شوێنەشدا کە تیایدا دادەنرێت ڕای جیاوازوازیان هەیە، پێکهاتوون لەسەر

ئەوەی كە دەرگای ماڵ و داخستنی، واتای ئەوەیە كە خاوەن ماڵ ماڵی خۆی قایم كردووە - الحِرْز-.
هەروەها پێك هاتوون لەسەر ئەوەی كە ئەگەر كەسێك دزیی كرد لەماڵێك كە لە لەڕووی نیشتەجێبوونەوە لەخانوێكی ناهاوبەشدا بوو، ئەوا دەستی نابڕرێت تا لەخانووەكە دەردەچێت، بەڵام لە خانووی هاوبەشدا ڕای جیاوازیان هەیە، هەندێكیان دەڵێن: دەستی دز دەبڕرێت ئەگەر كەسەكە لە نیشتەجێبوانی خانووەكەبوو، بەو مەرجەی بەشتە دزراوەكەوە لە ماڵەكە دەرچێتە دەرەوە، هەندێكی تریشیان دەڵێن: دەستی نابڕرێت مەگەر تەنها لەو حاڵەتەدا نەبێت كە خانووەكە بەجێ بهێڵێت.* ڕای پێشەوا مالكیش وایە: دەستی ئەوكەسە نابڕرێتەوە، ئەوشتانە دەبات كەبەسەر منداڵەوەن لەخشڵ و جوانكاریی و یاریی... تاد.، چوونكە منداڵ توانای پاراستنی ئەو شتانەی نییە. هەموو پێشەوایانی سەرمەزەبەكان و فیقهزانە شوێنكەوتوەكانیشیان كاریان كردووە بە بنەمای (سنور و سزاكان لادەن بە گومان و لێ تێكەڵ بوون - إِدْرَأُوا الحُدُودَ بِالشُّبُهَاتِ)، گوتویانە: گومانی موڵكایەتیی بەهێزە و سزا و سنوور لادەدات، بۆیە بڕیاریان داوە كە ئەگەر كۆیلە لەماڵی ئاغاكەی دزیی كرد دەستی نابڕێت، هەروەها ئەگەر یەكێك لە هاوسەران دزیی لە هاوسەرەكەی كرد دەسی نابڕرێت، وە بەلای پێشەوا مالكەوە، ئەگەر باوكێك دزیی لەماڵی كوڕەكەی كرد دەستی نابڕرێتەوە. شافعیش گوتویەتی: ستونی ڕەچەڵەك چ بەرەو ژوور بێت یان بەرەو خوار، دەستی نابڕرێتەوە، واتە: ئەگەر كەسێك لە ماڵی باوكی یان باپیری یان باپیری باپیرەی... تاد.، دزیی كرد دەستی نابڕرێتەوە، یان ماڵی منداڵی خۆی یان منداڵی منداڵەكەی یان نەوەی كوڕەكەی... تاد.، دەستی نابڕرێتەوە. ئەبوحەنیفەش ئەمەی گشتاندووە بەسەر پەیوەندیی خزمایەتی و

---

* بۆ تێگەیشتن لە وردەكاریی ئەم ڕاوبۆچوونە جیاوازانە، پێویستە خوێنەر سەرنجی هەردوو وشە و ناوی: (خانوو) و (ماڵ)، بدات و جیاوازیی بكات لەنێوانیاندا، خانوو بینا و باڵەخانەكەیە و ماڵیش پەناگا و شوێنی دڵبەستەی خێزانەكەیە. (وەرگێڕ).

مەحرەمەکاندا و دایك و خوشکیشی... تاد.، هێناوەتە ناو باسەکەوە، واتە: هەموو ئەو کەسانەی کە بەهۆی خزمایەتیی و نزیکایەتییەوە درووس نەبێت هاوسەرگیریی لەگەڵ یەکتر بکەن، ئەگەر دزیان لەیەکتر کرد دەسیان نابڕێتەوە. ناکۆك و ڕاجیاوازیشن لەبارەی ئەو کەسەوە کە دزیی لە بەیتولماڵ و خەزێنەی گشتیی و دەسکەوتەکان دەکات، هەندێکیان دەڵێن: دەستی نابڕێتەوە. وە کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کە ئەگەر کەسێك شتێکی دزیی، دەستی دەبڕێتەوە، بەڵام ئەگەر هەر ئەوکەسە ئەوشتەی جارێکی تر دزییەوە، دەستی لەسەری نابڕێتەوە. بۆ چەسپاندنی دزیی کردنیش هەموویان شایەتیی دانی دوو کەسی دادگەر، یان دانپێدانانی دزەکە خۆیان بەمەرج گرتووە، ئەمە ئەگەر دزەکە ئازادە بێت، بەڵام ئەگەر کۆیلە بێت، ڕای جیاوازیان هەیە لەسەری کە ئاخۆ دان پێدانانەکەی حسابی بۆ دەکرێت یان نا. سروشتییشە کە لەکارکەوتنی حەد و سنوری سزا، واتە: نەبڕینەوەی دەست بەهۆی سەرهەڵدانی گومان و تێکەڵ بوونێکەوە، ئەوە ناگەیەنێت کە تۆمەتبارەکە ئوتوماتیکی بکرێتە بێ تاوان. لەکارکەوتنی سنوری سزا جا ئیتر لە دزیکردندا بێت یان لە زینادا یان لە خواردنەوەی مەی یان لە تۆمەت هەڵبەستندا بێت، واتە: کەوتنی چەشنی ئەو سزایەی کە دەقی لەبارەوە هاتووە (بڕینی دەست، شیلاق لێدان... تاد.) ئەمەش پێیان گوتووە: مافی خواوەند. پاش ئەمە دەمێنێتەوە ئەو مافە گشتییەی کە سزای تری لەسەر واجب دەبێت، وەك زیندانیی کردن بەنموونە: بۆ ئەو تۆمەتبارەی ساغ نابێتەوە کە بێتاوانە، ئەوەش بۆ تەمێ کردن و چاوشکێن کردنی... ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کۆی ئەو حوکمانەی فیقهزانەکان لەدێرزەمانەوە دەریان کردوون و ئەو حوکمانەش کە ئێستە دادگاکانی وڵاتە موسڵمان نشینەکان دەریان دەکەن، هەموویان حوکمی ئیسلامین و شەریعەتیان وەك: تەمێ کردن و چاوترسێن کردن، تێیدا جێبەجێ کراوە... واتە: جێبەجێ کردنێکی ڕێژەیی. بەڵام جێبەجێ کردنی تەواوەتیی بە پیادەکردن و ڕاپەڕاندنی ئەو سنوری سزایەی کە بە دەق سەلمێنراوە، باوەڕم وایە کە کارکردن بە بنەمای

(إدرأوا الحدود بالشـــبهات) هـەموو قازیی و دادوەرێکی پاك و چاك، ناچار دەکات پێش بڕیاردان بەوردیی ڕابمێنێت. هـەندێ جار ناچاریش دەبێت تەنها بە تەمێ کردن و زیندانیی کردن ســـزا بدات، بەتایبەت لەبواری دزیی کردندا، کە کۆمەڵگەی ئیسـلامیی دادپەروەر بەو شـێوەی کە مرۆڤ تیایدا ناچار نەبێت لەژێر زەبری نەبوونیدا دەس بۆ دزیی کردن ببات، لە ئارادا نییە. هەموان دەزانن کە عومەری کوڕی خەتاب لە ساڵی برسییەتیدا سزای بڕینی دەستی دزی ڕاگرت. ئەگەر ئەوەش بۆ بابەتەکە زیاد بکەین کە گومان و شـــوبهەکانی ئەم ســـەردەمەمان بەهۆی ئاڵۆز بوونی ژیانی هاوچەرخەوە زۆر و پەلوپۆدارن، هەمەچەشـــنی پاڵنەرەکانیش تیایاندا وادەکات بتوانین بڵێین: تەنها سزادان بە سزا تەمێکارییەکانی وەك: زیندان و پێبژاردن، بوونەتە پێداویسـتیی و خواستی سـەردەم. بەڵام ئەگەر ئەو گومان و شـوبهانەی کە دەگەڕێنەوە بۆلای سـیاسـەت، زیاد بکەین بۆ باسـەکە، ئەوکات سـنوری سـزاکان و پرۆسـەی جێبەجێ کردنیان، بەرگێکی مەرام و پاڵنەری سـیاسـیی بـەخۆیـەوە دەگرێـت، کـەئـەوەش گومـان و شـــوبهـەیـەکـە... بـەڵام چ شوبهەیەك!

## ١٠ . لەبارەی (جێبەجێ کردنی تەواوەتیی شەریعەتەوە)

**...خوێنەری خۆشەویست، ئایا تۆش وانازانی، زۆرێك لە پرس و بابەت هەن سـەرقاڵمان دەکەن و جیایی و دووبەرەکیی دەخەنە نێوانمانەوە و ڕامان دەکێشن بۆ ناکۆکیی و ڕقەبەرایەتیی و دژایەتیی کردنی یەکتر و لەوانەیە ڕامان بکێشـن بۆ تانە و تەشـەردان لەیەکتریش... لەڕاسـتیدا ئەوانە پرس و بابەتگەلێکن لەدەرەوەی بابەتەکەی ئێمەوە... دۆز و پرسگەلێك سەرقاڵمان دەکەن لە بابەتە گرنگەکانیش، تابگات بە گرنگترینەکان...**

لەکۆتایی هاوینی ڕابوردوودا(٢) لە وڵاتی میسـر، تاوتوێکردنێکی گەرموگوڕ بەرپا کرا لەبارەی ڕادەی جێبەجێ کردنی شـەریعەتی ئیسلامییەوە لە سـەردەمانی ڕابوردووی مێژووی ئیسـلامیدا. ڕۆژنامەوانی عەرەبی ناسـراو (أحمد بهاءالدین) لەرۆژنامەی ئەلئەهرام دا وتارێکی نووسـیبوو و لەوتارەکەدا هاتبوو کە شـەریعەتی ئیسـلامیی بەدرێژایی هەموو قۆناغەکانی مێژووی ئیسـلامیی، جێبەجێ نەکراوە. ئەم وتارەی بەڕێز بەهادین کاردانەوە و پەرچەکرداری زۆری لێ کەوتەوە لەلایەن ئەو نووسـەر و بیریارانەوە کە گرنگیی دەدەن بە دۆز و پرسەکانی ئیسلام و بیری ئیسلامیی، کاردانەوەکان لەچەن ڕۆژنامەیەکدا بڵاو کرانەوە، بەشـێوازێك کە بەڕێز بەهادین ناچاربوو بە پشـت بەسـتن بە ڕاوبۆچوونی ژمارەیەك لە مامۆسـتایان و دەرچوانی زانکۆی ئەلئەزهەر وەڵامی ئەو کاردانەوانە بداتەوە، ئەو مامۆسـتا و دەرچووانەی ئەلئەزهەر دەیسەلمێنن کە شـەریعەتی ئیسلامیی بەتەواوەتی لە هەموو قۆناغەکانی مێژووی ئیسـلامیدا جێبەجێ نەکراوە، بەڵکو تەنها لە سـەردەمێکی دیاریکراودا کە بریتییە لەسـەردەمی پێغەمبەر و جێنشـینانی ڕاشدین، بەتەواوی جێبەجێ کراوە.

گومانی تێدا نییە کە بەڕێز بەهادین هەسـتی بە خۆشـحاڵیی کرد، ئەگەر نەڵێم (لەتەنگەبەرییەکە دەرچوو)، کاتێك چەند مامۆستایەکی (پایەدار) ی بینی لەباتەکەدا، مەبەسـتم (بەڕێزان) ئەو مامۆسـتا ئایینیانەیە کەلە ئەلئەزهەرەوە دەرچوون و جەختیان لەوە دەکردەوە کە تەنها لە سـەردەمی سـەرەتای

سەرهەڵدانی ئیسلامیدا کە سەردەمی پێغەمبەر و جێنشینانی ڕاشدینە بەتەواوەتی شەریعەتی ئیسلامیی جێبەجێ کراوە و دواتر چەن سەردەم و قۆناغێك هاتوون کە شەریعەت تیایاندا بە تەواوی جێبەجێ نەکراوە.
لەوکاتەوە کە نووسینەکەی بەڕێز بەهادین و نووسینی ئەوانەش کە بەرپەرچیان دابوویەوە و ئەوەش کە بەهادین لەوەڵامی وەڵامەکانی ئەواندا نووسیبویەوە، خوێندنمەوە، لە قوڵایی دەروونمەوە هەستم کرد ئەم دژواریی و گرفتە کە وروژێنراوە، لەبنەڕەتەوە یەکێکە لەدژوارییە (ساختەکان)، مەبەستم ئەو دژواریی و کێشانەیە کە بێ بنەمان و وروژاندنیشیان هیچ سوودێکی نییە. چوونکە ئەو بایەخ پێدان و مەترسییەی کە درابوو بە بابەتەکە، لەدیدی منەوە ئەوەی نەدەهێنا و هیچ پاساوی بوونیشی نییە لەکەشێکی ئاڵۆسکاو، گەرنەڵێم (ژەهراوبوو) دا نەبێت، کەش و دۆخێکی ئەوتۆ کە سۆز و هەڵچوون هەڵ دەکشێت بەسەر ژیریی و بیرکردنەوە و لێکدانەوەدا، لەکەمیندابوون و هەوڵدان بۆ دەسپێشخەریی لە (ڕوبەڕووبوونەوەی) نەیارەکەیدا بەمەبەستی بەزاندن و چەوساندنەوەی، پێش ئەوەی قسەکانی تەواو بکات و هەموو بۆچوونەکانی بخاتە ڕوو.
بەشانازییەوە و بەسوپاسی خواوەندەوە، لەبەردەم خوێنەردا دان دەنێم بەوەدا کە هەست دەکەم من تاڕادەیەکی زۆر ئازادم لەو دۆخ و حاڵەتە ویژدانییەی کە خاوەنەکەی دەخاتە بەرگریی و لاوازییەوە، تەنانەت ئەگەر هیچ شتێکیش نەبێت ئەوە بخوازێت. من هەست بە هیچ ڕووگیرییەك ناکەم، نە لە ئایین و نە لە ویژدانمدا و نەلە عەقڵ و ژیرییشمدا، ئەگەر بڵێم: شەریعەتی ئیسلامیی هەرگیز و ڕژێك لەڕۆژان (بەتەواویی) جێبەجێ نەکراوە.
ئەمە دەڵێم و هەموو وشە و ڕستەیەکیش واتای تایبەتی خۆی دەدەمێ، بەتایبەت وشەی (بەتەواویی) کە لەنێوان دوو کەوانەدا دایدەنێم، بۆئەوەی جوان دیار بێت و جەختیشی لەسەر دەکەمەوە، چوونکە کرۆکی پرسەکەیە، ناڵێم (کێشەکە) چوونکە بابەتەکە هەمووی ڕوونە و لە دیدی منەوە نە گرفتی تێدایەو نە دژواریی. لەخواریشەوە ڕوونی دەکەمەوە:

١ - شـــەریعەتی ئیســـلامیی لەســـەردەمی پێغەمبەردا (بەتەواوی) جێبەجێ نەکرا، بەهۆی هۆکارێکی ســـادەوە کە هەموو ئەوانەی زانیارییان هەیە لەبارەی ژیاننامەی پێغەمبەرەوە دەیزانن، ئەویش بریتییە لەوەی کە ئەو شـــەریعەتە بەیەك جار و بەیەك گوژم نەهاتە خوارەوە، بەڵکو دابەزینی ئەوەی کە لێی دابەزیی و بڕیاردانی ئەوەشـــی کە بڕیاری لەســـەر درا، هەموو ژیانی پێغەمبەرایەتیی پێغەمبەری لە یەکەم ڕۆژی بەپێغەمبەر بوونیەوە تا دوا هەناسەکانی ژیانی خایاند. بەهۆی ئەوەشەوە کە قورئان یەکەم بناغەی شەریعەتە، بەتەواوی تەواو نەکرا تا ئەو ڕۆژەی کە ئایەتە بەناوبانگە دابەزیی [الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِـــيتُ لَكُمُ الْإِسْـــلَامَ دِينًا](٣). دەگوترێت پێغەمبەر (ســـڵاوی لەســـەر) دوای دابەزینی ئەم ئایەتە تەنها هەشتاو یەك ڕۆژ ژیاوە، (دەشگونجێت لەو ماوەیەدا چەند ئایەتێکی تریش دابەزیی بن. کۆتا بڕگەی قورئانیش چی بووە کە دابەزیوە وەك ئاشـــکرایە جێگەی ناکۆکیی و ڕاجیاییە).

سەرچاوەی دووەمی شەریعەتی ئیسلامیش، کە ڕوونکەرەوەی سەرچاوەی یەکەمە و وردکەرەوەی ئەوەیە کە بەگشـــتیی هاتووە، بریتییە لە ســـوننەتی پێغەمبەر، واتە: هەرچی لە پێغەمبەرەوە دەرچووە لە قســـە و کردار و هەرچیش کە لەسەر بڕیاری ئەو چەسپێنراوە، ئاشکرا و زانراوە کە ئەم بناغە دووەمە تەواو نەکراوە تا ئەو چرکەساتەی کە پێغەمبەر لەقسە و کردار کردن کەوتووە، چرکە ســـاتی کۆچی دوایی.کەواتە پێش کۆتایی هاتنی دابەزینی قورئان و پێش کۆچی دوایی پێغەمبەریش، شەریعەتی ئیسلامیی (بە تەواوی) جێبەجێ نەکراوە، بەهۆی هۆکارێکی ئاســـاییەوە کە بریتییە لەوەی، تا پێش ئەو کاتە تەواو نەکرابوو. واتای ئەوەش ئەوەیە کە ئەوەی جێبەجێ کراوە لە شـــەریعەت لە هەموو قۆناغەکانی دابەزینیدا بریتیی بووە لەوەی لێی دابەزیوە، کە بەشێکە لێی نەك هەمووی.

٢ - لەسەردەمی جێنشینانی ڕاشدینیشدا شەریعەتی ئیسلامیی جێبەجێ نەکراوە، دیســـانەوە بەهۆی هۆکارێکی ئاســـاییەوە، ئەویش ئەوەبوو کە

هاوەڵان ڕوبەڕووی چەن کێشـە و ئاسـتەنگێك بوونەتەوە کە لەسـەردەمی پێغەمبەردا بوونیان نەبوو، بۆیە پێویســـت بوو هاوەڵان لێکۆڵینەوە و ئیجتیهادیان تێدا بکەن، بۆ ئەو مەبەستەش پێویست بوو ڕاوێژ بکەن لەگەڵ یەکتردا، پێویسـت بوو تاوتوێی بابەتەکان بکەن و گفتوگۆ بکەن لەسـەریان، ڕاجیایی سـەرهەڵ بدات و دواتر پێك بێن لەسـەر ڕایەك، لەهەموو حاڵەتەکاندا دەبوو یان هەنگاو لەسـەر لێکۆڵینەوە و ئیجتهاد هەڵگرن یان لەسـەر کۆدەنگیی و پێکهاتن. وەك هەموان دەزانین، کۆدەنگیی و ئیجتهاد، بنەمای سـێیەم و چوارەمن لە بنەماکانی ڕێسـاسـازیی لە ئیسـلامیدا. ئاشـکراشـە کەشـەریعەت بە تەواو بوونی بنەماکانی تەواو دەبێت (تاوتوێی بەڵگەبوونی کۆدەنگیی و ئیجتهاد لێرەدا بەپێویست نازانین، هەموان - بێجگە لە شیعە - یەك دەنگن و پێکهاتوون لەسـەر بەڵگەبوونی کۆدەنگیی هاوەڵان و ئیجتهادیان، ئەو ناکۆکیی و ڕاجیاییەش کە هەیە لەبارەی ئەووەیە، دوای ئەوان هاتووە). کەواتە قسەکردن لەبارەی (جێبەجیٚ کردنی شەریعەتەوە بەتەواویی) لەڕووی بنەماییەوە دروسـت و ڕاسـت دەرناچێت، بێجگە لە حاڵەتێکدا نەبێت کە هەرچوار پایەکەی چەسـپیبن، ئەمەش ڕووی نەداوە کاتێك نەبێت کە ئەو قۆناغ و سەردەمە بەسەرچوو کە هاوەڵان تیایدا خەڵکی گویٚ لێگراو و قسەڕۆشتوو بوون - أهلُ الحَلِّ و العَقَد - ، قۆناغی جێنشینانی ڕاشدین.

٣ - بینا لەسـەر ئەوەی کە شـەریعەتی ئیسـلامیی تەنها لەوە پێك نەهاتووە کە دەقی قورئان و سـوننەتی لەسـەر بێت، یان ئەوەی کە کۆدەنگیی هاوەڵان و ئیجتهادەکانیان دانی پێدا ناوە، بەڵکو ئەوەش دەگرێتەوە کە فەقیهە موجتەهدەکان لە هەموو سـەردەمەکاندا بڕیاریان لەسـەرداوە، هەروەها ئەوەش کە بۆ لەمەودوا ئـەو فیقهزانە موجتەهدانە بڕیاری لەسەر دەدەن کە سـەردەمە داهاتووەکان دەیانبینن بە خۆیانەوە. کەواتە مادام شەریعەتی ئیسلامی لەسەرەتای بەپێغەمبەربوونی محەممەدەوە دەستی پیٚ کردوە و بنەماو بناغە سـەرەکییەکانی لە سـەردەمی پێغەمبەردا و بەهۆی (پەڕاو و سـوننەت) ەوە تەواو بوون و زۆر لایەنی ڕۆشـن بوونەوە و بە

ئیجتیهادی هاوەڵانیش دەوڵەمەند كراوە و بەردەوامیش و لەڕابوردوو و داهاتووشدا بە ئیجتیهادی فیقهزانەكان دەوڵەمەند دەكرێت، بۆیە ئەو قسەیەی كە دەڵێت: شەریعەتی ئیسلامیی (بەتەواویی) لە فلانە سەردەم یان فیسارە سەردەمدا جێبەجێ كراوە، مانایەكی نییە، چوونكە شەریعەتی ئیسلامیی، بەوپێیەی كە شەریعەتی هەموو سەردەمەكانە، ئەركی سەرشانی موجتەهد و لێكۆڵەرەكانیەتی چەندین چارەسەر و ڕێگەچارە بدۆزنەوە بۆ هەموو ئەو تازەداهاتو و پێشهاتانەی كە لە پاشەڕۆشدا ڕوو دەدەن و دێنە كایەوە، منیش دەڵێم بەو پێیەی كە شەریعەتی ئیسلامیی بەو شێوەیە كە باسمان كرد، ئیتر ئەو قسەیە مانا و واتای نییە كە دەڵێت: (بەتەواویی جێبەجێ كراوە، بەڵكو قسەی ڕاس ئەوەیە بگوترێت: بەردەوام لەتەواو بووندایە (یان پێویستە بەردەوام لەتەواوبووندا بێت).

ڕاستە دەگوترێت: مەبەست لە وشەی (بەتەواویی) ئەوە نییە، بەڵكو مەبەست ئەوەیە كە هەرچیی شەریعەت لەسەردەمی پێغەمبەر و جێنشینانی ڕاشدیندا هەبووە، بەگشتیی هەمووی جێبەجێ كراوە. ئەمەش بۆچوونێكە و دەكرێت لەم لایەنانەی لای خوارەوە ڕەخنەی لێ بگیرێت:

- شەریعەت لەسەردەمی پێغەمبەردا لەسەر هەردوو ئاستی: دەقی قورئانیی و سوننەتی پێغەمبەردا، بە گەشە سەندوویی زانراو و ناسراو بوو، گەشەكردنێك وای لێكردبوو، كردبووی بە شەریعەتێكی زیندوو، نەك شەریعەتێكی چەق بەستوو، گەشەكردنێك كە بەڕوونی لە بوونی (ناسخ و مەنسوخ) دا ڕەنگی دەدایەوە. ئەو پرسیارەی كە دەكرێت لێرەدا بكرێت، ئەمەی خوارەوەیە: ئایا ئەو حوكمانەی كە كاریان پێ دەكرا، پاشان گۆڕدران بە (لەخۆیان باشتر یان هاو وێنەیان - بخيرٍ مِنْهَا أو مِثلِهَا)(٤)، دەچنە بازنەی (تەواویی - كمال) ی جێبەجێ كردنی شەریعەتەوە یان نا؟ وە ئایا (تەواویەتەكە) بۆ لابەرەكە نییە، نەك بۆ لابراوەكە (أوَ لَيسَ الكَمَالُ لِلنَّاسِخِ لَا لِلمَنْسُوُخِ)؟ پاشان ئایا هەموو ئەوانەی كە لە سەردەمی پێغەمبەردا موسڵمان بوون، هەڵدەسان بەو حوكمانەی كە بڕیاریان لەسەر درابوو، ئایا تەنها بە موسڵمان

بوونیان، هەموویان نوێژیان دەکرد و زەکاتیـــــان دەدا و کەســـی زیناکاریان بەردباران یان قامچیی کاریی دەکرد و دەســـتی دزیان دەبڕیی؟ مەگەر پێغەمبەر (سـڵاوی لەسـەر) تەنها بە ڕاگەیاندنی موسـڵمان بوون (الشَّـهَادَة) لە شـــاندەکانی هۆزەکان و لەقۆناغەکانی دواتردا (فێرکردنی کاروباری ئایینەکەیان) بەهۆی کەسـانێکەوە کە بۆ ئەو مەبەسـتە دەیناردنە ناویان، ڕازیی نەدەبوو؟ پاشـان ئایا زۆرێك لەو عەرەبە دەشـتەکیانەی کە موسـڵمان دەبوون [وَلَمَّا يَدْخُلْ الْإِيمَانُ فِي قُلُوبِكُمْ](٥) تەنها خەریکی ئەوە نەدەبوون کە لەبەردەسـتیاندا بوو لە شـەریعەت و پێغەمبەریش بە وەزعەکە ئاگادار بوو؟ ئایا دەکرێت ئەم دوو دەســـتەیە بخرێنە ئەو خانەیەوە کە شـــەریعەت یان ئەوەی کەلە بەردەســـتیاندا بووە لە شـــەریعەت، لەســـەردەمی پێغەمبەردا بەتەواویی جێبەجێ کراوە بەسەر خەڵکدا، مەبەستم ئـــەو خەڵکـانەیە کە موسڵمان بوونی خۆیان ڕاگەیاندبوو؟

- هەمان قســـە دەکرێت لەبارەی ســـەردەمی هاوەڵانیشـــەوە، ســـەردەمی دەسبـــــەسەرا گرتن و فتوحاتەکان. ئەو خەڵکانەی لەسەردەمی ئەبوبەکر و عومەر و عوسماندا و لە کاتی دەسبەسەراگرتن و سەردەمەکانی دواتریشدا موسڵمان دەبوون، شەریعەتیان جێبەجێ نەکردووە، یان ڕاستتر وایە بڵێین: تەنها بەڕاگەیاندنی موســـڵمان بوونیان، بەزۆر بووبێت یان بەخوایشـــت، شـەریعەت بەتەواوەتیی جێبەجێ نەکراوە بەسـەریاندا، بەڵکو پێویسـتیان بە کاتێك هەبووە تیایدا فێری ئایینەکەیان بکرێن یان ببن، هەروەها پێویسـتیان بە جێگیربوونی بارودۆخـەکـەیان هـەبووە تـا قـازیی و حوکمڕان و قورئـان خوێن و... تاد. بەسەرەوە دیاریی و دەسیشان بکرێت، واتە: کاتێك پێویست بوو تێ بپەڕێت بەســـەریاندا بەبێ ئەوەی شـــەریعەت بەتەواویی جێبەجێ بکرێت بەسەریاندا، لەکاتێکدا کە موسڵمانیش بووبوون.

- قسە لەبارەی ئیجتیهادەکانی جێنیشینانی ڕاشدینیشەوە بەهەمان شێوەیە کە لە کردار و بڕیارەکانیاندا شـــتێك هەیە ئەویش لە (النَّاسِـــخ و المَنْسُـــوخ) دەچێت: ئاشـــکرایە کە ئەبوبەکر بە چەند پێوەر و پێوادنگێکی تایبەت

دەســـکەوت و داهاتەکانی دابەش کرد، کاتێکیش عومەر دەســـەڵاتی گرتە دەســـت، لەو پێوەر و پێودانگانە لایدا و چەند پێوەر و پێودانگێکی تازەی پێڕەوکرد لە بواری داراییدا، جێنشـینی سـێیەم عوسـمانی کوڕی عەفانیش، ئاشـــکرایە لەزۆربەی بوارەکاندا ڕێبازێکی جیا لە ڕێبازەکانی ئەبوبەکر و عومەری گرتەبەر، واز لەوەش دێنین لەساڵەکانی کۆتایی دەسەڵاتەکەیدا چ ڕەخنە و گازندەیەکی لەســـەرە. ڕوو لەکام جێبەجێ کردنی (تەواوەتیی) شەریعەت بکەین: ڕوو لە ڕێبازەکەی ئەبوبەکر بکەین کە ڕێبازەکەی عومەر سڕییەوە و لایدا، یان ئەو چۆنایەتیی و ڕێوشوێنانەی کە عوسمان گرتنیەبەر؟ پێویستە ئێمەش هەر ئەوە بڵێینەوە کە فیقهزانەکان گوتیان: ئەوان ئیجتیهاد و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونیان کرد و هەموو لێکۆڵەرێکیش پێکاویەتی و دەی پێکێت. بەڵام ئایا هەموو ئیجتیهاد و لێکۆڵینەوەیەك دەچێتە بازنەی (تەواویەتی - کمال) ی شەریعەتەوە؟

- بابگوێزینەوە بۆ ســـەردەمی خۆمان و ئەو ســـەردەمانەی تریش کە دوای سەردەمی ئێمە دێن، باقسە لەبارەی بازنەی شەریعەتی ئیسلامییەوە بکەین کاتێك کە جێبەجێ دەکرێت بەســـەر موســـڵماناندا و ئەوان لەحاڵی خۆ ڕێکخســـتندان بۆ ســـەفەر و کاروان کردن بەرەو مانگ، یان بەرە و گەشـتێك بەناو بۆشایی ئاسماندا، یان سەرقاڵی هەڵوێست وەرگرتنن لەبارەی بارداریی - حَمْل - ی دەسـکرد لەڕێگەی پیتاندنەوە لەناو بۆریی شـوشـەدا، کە ئەمە بازنەیەکی زۆر فراوانترە لەو بازنەیەی کە ئەمڕۆ شـــەریعەتی تێدا جێبەجێ دەکرێت، یان ئەوەی کە لە ڕابوردوودا تیایدا جێبەجێ کراوە. ئایا مەیل و هەوادارێی شـــەریعەت بەرەو نزیك کەوتنەوە لە تەواوبوون و کامڵ بوونی لەم ســـەردەمەدا لەهەموو ســـەردەمەکانی پێشـــتر زیاتر نییە؟ ئەوەی دەمانەوێت لەڕێگەی ئەم پرسیار و گریمانانەوە پێی بگەین ئەوەیە کە بگەینە ئەو ڕاســـتییە ئەزەلییەی لای خوارەوە: تەواوکاریی و کامڵ بوون لەبواری جێبەجێ کردنی شـــەریعەتەکانیشـــدا وەك هەر بوارێکی تر، بریتییە لە تەواوکاریی و کامڵ بوون - کَمال - ی ڕێژەیی، ئیتر جیاوازیی نییە دۆزەکە

پەیوەست بێت بە پێغەمبەرانەوە، یان سەردەمی حەواریی و هاوەڵەکانیانەوە، یان بەو سەردەمانەوە کە هاتوون و دێن بەسەر مرۆڤایەتیدا. ئەمە بێجگە ئەوەی کە لەبنەڕەتەوە تەواکاریی تەواو، نە لە بواری جێبەجێ کردنی شەریعەت و نە هیچ بوارێکی تردا، بوونی نییە لەم دونیایەدا.

پاشان، خوێنەری خۆشەویست، ئایا تۆش وانازانی، زۆرێك لە پرس و بابەت هەن سەرقاڵمان دەکەن و جیایی و دووبەرەکیی دەخەنە نێوانمانەوە و رامان دەکێشن بۆ ناکۆکیی و ڕقەبەرایەتیی و دژایەتیی کردنی یەکتر و لەوانەیە ڕامان بکێشن بۆ تانە و تەشەردان لە یەکتریش... لەڕاستیدا ئەوانە پرس و بابەتگەلێکن لەدەرەوەی بابەتەکەی ئێمەوە... دۆز و پرسگەلێك سەرقاڵمان دەکەن لە بابەتە گرنگەکانیش، تابگات بە گرنگترینەکان. گرنگ و گرنگتر هەمیشە پەیوەستن بە داهاتووەوە. با بە تێڕوانینێکی مێژوویەوە سەیرێکی ڕابوردوومان بکەین، تێڕوانینێك پشت ببەستێ بە (هۆکارەکانی دابەزین - أسباب النزول)، با لەبوارە گشتگیرییەکەیدا وەری بگرین و وەك مێژوویەك بۆ ئیسلام و موسڵمانان دانیشی پێدا بنێین، مێژووی هێز و لاوازییشیان، مێژووی ڕاستیی و هەڵەکانیشیان، بەهەمان تێڕوانینیشەوە سەرنجێکی ئایندە و داهاتوویش بدەین، ئەو تێڕوانینە مێژووییەی تەواوکاریی و کامڵ بوون وەك گۆڕانی سەرەمرە - الصَیرُوَرَة - دەبینێت، نەك پێدراو و سەلمێنراێکی ئامادەکراو و بەستوو و لە قتونراو.

## پەراوێزەکانی بەشی دووەم...

(١) قورئانی پیرۆز، سورەتی الزمر، ئایەتی ٩.
(٢) ئەم گوتارە لە رێکەوتی ١٩٨٧/١٠/٥، نووسراوە و بڵاو کراوەتەوە.
(٣) قورئانی پیرۆز، سورەتی المائدە، ئایەتی ٣.
(٤) قورئانی پیرۆز، سورەتی البقرە، ئایەتی ١٠٦.
(٥) قورئانی پیرۆز، سورەتی الحجرات، ئایەتی ١٤.